# هەنار

حکومەتی
هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی

ژمارە ٢٣
سالّی دووەم
دیسەمبەری ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەری، روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلّاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات



خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلّاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوللّا
سەرپەرشتیاری هونەری
رێبین مەجید
rebene@gmail.com

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدولا
نەورۆز جەمال
هەلّە چن
ئاریان کامیل
تایپیست
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

مۆتیڤ
ئاریان ئەبوبەکر
لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان، سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
– بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلّاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن
٣١٨٠٩٩٤

Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەروتار | محەمەد کوردۆ | ٣ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| پۆستمۆدێرنیزم: خودێکی ئائامادە یان | هەندرێن | ٦ |
| محەمەدی دڵشوشەو عەشقی ئیفلاتوونیی | مەجید عەزیز | ٢٥ |
| ئەخشەکانی(انا الحق) لەشیعرەکانی مەحوی-دا | بوشرا کەسنەزانی | ٦٣ |
| **دەق** | | |
| من خەڵکی دڵەشکاوەکانی دونیام | حسێن ئەحمەد | ٧٥ |
| سلێمانی | تەیب جەبار | ٧٩ |
| دوا مەنزڵی ئەم کۆچەمان ئەگاتە کوێ | حەسەن هەڵەبجەیی | ٨٣ |
| لەو دیوی میحرابەوە تا بەرماڵ | فەیسەڵ هەمەوەندی | ٨٦ |
| بیستوسێی پێنجی دووهەزارو حەوت | محەمەد ئاکام | ٨٩ |
| **دیدار خوێندنەوە** | | |
| دیدار لەگەڵ یوسف عیزەدینا | ئیدریس عەلی | ١٠٥ |
| ژیان و بوونی ساختەو ئامۆی کاراکتەری | دلێر محەمەد | ١٢٨ |
| سەرەکیی ڕۆمانی کۆتر | | |
| **وەرگێران** | | |
| شانۆگەرییە سیاسییەکانی جان پۆل سارتەر | سامان عەلی | ١٣٧ |
| کارڵ پۆپەر لەیەکەمین سەدساڵەی یادکردنەوەیدا | هوشیاری شێخ ئەنوەر | ١٤٥ |
| گەورە تراژیدی نووسان | حەمەکەریم عارف | ١٥٢ |
| **هونەر** | | |
| هانا بێژەن کامکار: ناتوانم تەنیا لەیەك | چنور محەمەد | ١٦٣ |
| بواری هونەرییدا کاربکەم | | |
| عەلی لەتیف: لەشاری سلێمانیدا هۆڵێکی | ڕێبواری ئازادی | ١٦٧ |
| شێوەکاریی نییە پێی بڵێین گەلەری | | |
| دەرهێنەری کورد مانۆ خەلیل دەربارەی | بژار | ١٧٣ |
| دیدار لەگەڵ ئالان فەتاح | زانا ڕەسوڵ | ١٧٨ |

*سەروتار:*

# وەکچۆن ناشیرینی زۆرە، جوانییش زۆرە

محەمەد کوردۆ

لەدوو ژمارەی پێشوودا باسی یەك دوانێك لەو دیاردانەمان کرد کە لەنێوەندی رووناکبیریی ئێمەدا هەن‌و مرۆ نیگەران‌و خەمبار دەکەن.

ئەمجارە ئاماژە بەسێ حاڵەت دەکەین کە مرۆ خۆشحاڵ‌و کامەران دەکەن. من هەر لەژیانی رۆژانەشدا هەمیشە بڕوام وابووە کە وەکچۆن ناشیرینی زۆرە، جوانییش زۆرە، وەکچۆن خەڵکی خراپ زۆرن، خەڵکی باشیش نەك هەر زۆرن، بگرە زۆرتریشن، ئەگینا مرۆ نەیدەتوانی درێژە بەژیان بدات، وەلێ بەداخەوە هەمیشە خراپەکان دیارترو لەبەرچاوترن. لەنێوەندی رووناکبیرییشدا وەکچۆن دیاردەو حاڵەتی خەمهێن زۆرن، دیاردەو حاڵەتی دڵخۆشکەریش زۆرن، ئەگینا ئەو نێوەندەش نەیدەتوانی درێژە بەژیانی خۆی بدات.

من دەمەوێت لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بەسێ حاڵەت بکەم کە من بۆ خۆم دڵم پێیان خۆش بوو، هەستمکرد سێ حاڵەتی جوانن.

یەکەم: هەندرێن، لەئیمێڵێکدا بۆی نووسیووم: ((ئەم وتارەت بۆ دەنێرم کە سەعات چوارو نیوی سەر لەبەیانی لەنووسینی بوومەتەوە)).

چەند جوانە مرۆیەکی هەڵهاتوو لەدۆزەخێك کە ناوی ئاسیایە، دوای گەیشتنی بەبەهەشتێك کە ناوی ئەورووپایە، لەبری ئەوەی وەکو زۆرینەی ئەو خەڵکانەی دی کە لەهەمان دۆزەخی ئەوەوە بەو بەهەشتە گەیشتوون‌و سەرقاڵی بەدەستهێنانی ئەو سامان‌و خۆشی‌و لەزەتانەن کە لەوڵاتی خۆیاندا بۆیان بەدەستنەهێنراوە، لەبری ئەوە تا سەعات چوارو نیوی سەر لەبەیانی بەدیار نوسینێکەوە دابنیشێت‌و وەك دایکێك کە بەقووڵی لەخەمی ئەوەدایە جێگەیەکی باش بۆ منداڵەکەی دابین بکات، لەخەمی ئەوەدا بێت جێگەی راستەقینەی وشەکانی بدۆزێتەوەو لەشوێنەکانیان دڵنیابێت‌و پاشان بەئاسوودەیی لێی بنووێت؟.

ئەم روحەو ئەم پەرۆشییە بۆ نووسین وا دەکات مرۆڤ نووسینی خۆشبوێتو وەکو یەکێك لەکارە گەورەو گرنگەکانی مرۆڤایەتی تەماشای بکات.

دووەم: دلاوەر قەرەداخی–ش لەئیمێڵێکدا بۆی نووسیووم: ((من هەمیشە وەك ئەو دایکەی کە تا بەردەمی ژووری عەمەلیات بەدوای منداڵەکەیدا دەڕوات، بەدوای شیعرەکانمەوەم)). چەند جوانە شاعیر بەو شێوەیە شیعرەکانی خۆی خۆشبوێتو خەمیان بخوات؟

من پێموایە وەکچۆن ئەگەر دایکەکان بەو رادەیەی کە هەیە دڵسۆزو خەمخۆری منداڵەکانیان نەبوونایە، گەورەکردنی منداڵ جۆرێك دەبوو لەمەحاڵ، بەهەمانشێوە هەر شاعیرێك بەرادەی دایکێك بۆ شیعرەکانی دڵسۆزو خەمخۆر نەبێت، گەورەکردنو لەخەمڕەخساندنی شیعرەکانی جۆرێك دەبێت لەمەحاڵ. بەبێ هەبوونی ئەم عەشقە جوانە دەقی جوان چۆن لەدایك دەبێت؟

سێیەم: لەو ماوانەی پێشوو لەگەڵ سەباح رەنجدەردا مشتومڕێکمان بوو، کەسمان لەقسەکانی ئەوی دیکەمان رازی نەبووین، بەڵام من نایشارمەوە یەکێك لەو رستانەی لەو مشتومڕەدا بەمنی وت زۆر خۆشحاڵی کردمو هەستمکرد ئەوە ئاکارێکی بەرزو جوانو راستگۆییەکی راستەقینەیە لەگەڵ شیعرو نووسیندا. ئەو وتی ((من هەرچی لەسەر شیعری کوردی بەدەستم بکەوێت دەیخوێنمەوە)). چەند جوانە شاعیرێك بەو رادەیە شیعری نەتەوەکەی خۆی خۆشبوێت، هەرچی لەبارەوە بەدەست بگات بیخوێنێتەوە؟ هەر شاعیرێك ئەم کارە نەکات چۆن دەتوانێت دەقێکی جیاواز لەوانەی کە هەن بەرهەمبێنێت؟ جوانی ئەم کارەی رەنجدەر لەوەدایە کە ئەو لەکاتێکدا ئەمە دەکات زۆرێك لەشاعیرەکانی هاوسەردەمی ئەو جگە لەو شتانەی لەسەر شیعرەکانی خۆیان دەنووسرێن، هیچ شتێکی دی لەسەر هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد ناخوێننەوە.



پەیڤین لەوانیتر، پەیڤینە لەخۆت!

هەندرێن



محەمەدی دڵشووشەو
عەشقی ئیفلاتوونیی

مەجید عەزیز

نەخشەکانی(انا الحق)
لەشیعرەکانی مەحوی-دا

بوشرا کەسنەزانی

# لێکۆڵینەوە

# پەیڤین لەوانیتر، پەیڤینە لەخۆت!

## لەپەراوێزی زمانەوانیی (زانستی)و (تێنەگەیشتن)ی

## مەسعود محەممەددا لەمارکسیزم



هەندرێن/ ستۆکهۆڵم

دیارە یەکێك لەو ئاکارە سەرەکیانەی کە مرۆ لەئاخاوتن و نووسینی نووسەرو پسپۆڕی ئەکادیمی چاوەڕوانی دەکات، رەهەندی دەستپێوەگرتنی ئێتیك، جوامێریی، راستبێژیی، جوانبێژییە. بەڵێ، ئاخاوتنێکی جوامێرانە مانای بوونی ژیانێکی جوامێرانەی ئاخێوەریشە. پێڕۆکردنی ئەو ئاکارە لەژیاندا، واقیعاندنی ژیانێکی جوامێرانەشە. ئەگەر نووسەر، بگرە هەموو مرۆڤایەتی وەك خدووگرتنێك خولیای چاندنی ئاکاری چاکە بێت، ئەوکاتە ژیانێك لەجوامێری دێتەکایەوە. لەو روانگەیەوە جوامێری شێوازێکە لەکردەی ژیان. ئەو ژیانە جوامێرییەش تەواو دابڕاوە لەمەیلە ماددیی یان خۆویستییەکانی نووسەرو مرۆڤ، بەڵام لەیادمان نەچێت کە جوامێری نەریتێکە لەڕۆحی مرۆڤدا دەژی، ئەرکی نووسەریش ئەوەیە کە ئەو نەریتە پەروەردە بکات و لەژیانیشیدا پێڕۆی بکات. کاتی خۆی ئەریستۆش دەیگوت کە مرۆڤ ئەو جوامێرییەی لەسروشتەوە پێدەخشرێت، لێ تاکو ئەو جوامێرییە بەرەو رەفتارێکی جوامێرانە بفراژێ، دەبێت نووسەر یان مرۆڤ بەگشتی خۆی بەو جوامێرییە پەروەردە بکات، فرچکی پێوە بگرێ و لەقانوون و نەریتەکاندا بیچێنێت.

بەمجۆرە کە نووسەر شتێك دەبێژێ، دیارە دەخوازێت واتایەك لەسەر بەرانبەرەکەی خۆی رابگەیەنێت. نووسەر کە بەشێوەیەکی جوامێرانە وێنای نووسەرێکی دیکە دەکات،

واتا نووسەر لەخۆی دەپەیڤێت، خۆی رادەگەیەنێت. ئیتر لێرەوە مەیل و ئامانجی نووسەر بەرەو ئەو ئاقارە جوامێرییە رێدەکات. هاوکاتیش ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگا هەڵگری ئەو ئامانجی جوامێرییە بوون، ئیتر ئەو ئاکارە جوامێرییە پانتاییەکی کاراو خەملێو وەردەگرێ و کۆمەڵگاش بەختەوەرتر دەبێت.

لێرەوە ئەمڕۆ وەك چۆن لەبواری سیاسیی و جڤاکیدا پێوانەکان لینگەوقووچ بوونەتەوە: گەندەڵکارە زەبەلاحەکان باس لەتیۆرییەکانی چارەسەری گەندەڵیی، دیموکراتیی، ئەخلاق و کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن، بەرپرسە حیزبپەرستت، حیزب سالارەکان و واسیتە داهێنەرەکان ماف و ئەرکی هاووڵاتییە بێدەسەڵاتەکان دیاریدەکەن، کۆنە هەڵەپاس، کۆنە سەرۆك جاش و کۆنە حەربا ئاساکانی رژێمی سەدام بوونەتە دەمڕاستی ئەنفال، پێشمەرگەکانی دوێنێ و خوێنتاڵکراوەکانی ئەمڕۆ و رۆڵی ئەکتەری "شۆڕگێڕ و پاڵەوان" دەگێڕن، بەهەمانشێوەش، لەبواری رۆشنبیرییدا زۆرێك لە"ئاکادیمی"، "رووناکبیر" و رۆمانووس و شاعیرە قسەناسك و گەوهەر کلۆڵەکانی ئەمڕۆ خۆیان بەتاکە "داهێنەری مەزن"، پسپۆڕی "ئاکادیمی" و موجیزەساز نمایشدەکەن. بەمجۆرە ئەو دەمڕاستە مشەخۆرو مۆرانگەلە لەپرۆسەی ئەو داڕمانەی بەهاکاندا، بەڕۆژی رووناك ئەرك و قوربانی مرۆڤە شۆڕگێڕو پێشمەرگەی بەڕاستیی و نووسەرە ماندوونەناسەکانی دوێنێ سووك و بێبەها دەکەن. لەوەش خەمهێنەرتر، خەریکە پرۆسەی ئەو ئەخلاقە داڕماوەی کە وەك مۆدەی مۆبایل لەژیانی درێدۆنگی کورددا بازاڕی بەهەرمێنە، جێگەی بەهاکانی پێشتر بگرنەوەو ببێتە بەهاو نۆرمێکی رەوا.

هەرچۆنێك بێت، لێرەدا بواری ئەوە نییە زیاتر لەهەژەندی ئەو دۆخە بوودەڵەیەو گرفتی ئاوابوونی بەهای جوامێریی بدوێین. لێ ئەوەی کە من لێرەدا دەخوازم هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم، وێناندنە لەنێوەڕۆك وێکچوو و لەشێوە جیاوازەکانی ئەمیری حەسەن پوورو جەمال نەبەزە سەبارەت بەزانستیی و پرسی زمان و روانگە رۆشنبیرییەکانی مەسعود محەمەد. هەڵبەتە ئەو نووسینە نەداکۆکیکردنە لەئاستی کارامەیی زامانزانیی و هاوئاهەنگی هەڵوێستە سیاسییەکانی مەسعود محەمەد، نە کەمکردنەوەیە لەخولیای "زانستاندن"ی زمان و مارکسایەتی ئەمیری حەسەن پوورو نە فەرامۆشکردنی توانای زمانەوانیی و رۆشنبیرییەکانی جەمال نەبەزیشە. وەلێ ئەوەی کە

لێرەدا لەکنە من مایەی سەرنجدانە، تەنیا ئاوڕدانەوەیەکە لەو هەوڵۆیستە پەرادۆکس، لێکناکۆکانەی هەردوو ئاکادیمیستی هێژامان کە لە ئاخاوتنەکانیاندا لەهەمبەر ئەزموونی مەسعود محەمەددا سەرەتاتکێ دەکەن.

دەبا لێرەشدا ئەوەش بێژم، کە بەڕای من، یەکێك لەو هۆکردانەی کە هەتا ئێستاش نووسەرو ئەکادیمیستی کورد، وەك هێزێکی بەرهەمدارو بگۆڕ، لەجەم حیزب و جڤاکی کوردییدا حیسابیان بۆ ناکرێت، یان ناتوانن ببنە وزەیەکی بەرهەمهێنەر لەژیانی کورددا، ئاستەنگی ئەو پەرادۆکسەی ئەوانە لەنێوان بانگەشەکردن و کردەی نووسیندا. نووسەرو ئەکادیمیستی کورد لەوکاتەی کە خۆیان بەدەمڕاستی زانست، دادپەروەریی، راستبێژیی و ژیانێکی رازاوە دەزانن، کەچی هاوکاتیش کاتێك لەبەرانبەر هزرو کەسە جیاوازەکانی بەرانبەر خۆیاندا ئاوەڵا دەکەنەوە، دێنە گۆ، وەك هەر دەسەڵاتدارێکی تاکڕەو یان کەسانێکی خۆویست خۆیان بەتاکە راستبێژ و چاوگەی چاوگەکانی زانین دەنوێنن و هەوڵەکانی ئەوانیدیکەش رەشدەکەنەوە.

لێرەوە ئەگەر نووسەرو ئاکادیمی کورد ئەو هەموو بەرهەم و پەرۆشخۆریانەی مەسعود محەمەد بۆ زمان، مێژوو، سیاسی، چاندی کوردی بەگشتی بەهەند وەرنەگرن، لەبری کردنیان بەچاوگەو راڤەکردنەوەو رەخنە گرتن لێیان، بێبایەخ و فەرامۆشیان بکەن، ئەدی یادەوەریی رۆشنبیریی کوردی چ بەهایەکی بۆ ئەمڕۆو ئایندە هەیە؟ ئەگەر ئێمە تەنیا "زانست"ێك لەبەر چاو بگرین، کەواتە نەك هەر نەوەی مەسعود محەمەد "زانست"ی نەبوو، بەڵکو نەوەی پێشیش زانستی نەبووە؟ ئەگەر وایە، ئەدی ئەزموونی پێشوومان چ بەهایەکی هەیە؟ ئایا کاتێك حەسەن پوور لەماوەی دەیان ساڵدا لەدیدارە رۆژنامەوانییەکانییدا سەرپێیانە بەرهەمە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد بە"نازانستی" و رەخنەکانیشی لەمارکسایەتی بە"بەد حاڵیبوون" بزانێت، مەتەڵاندنی "زانست" و خەمساردی نییە بەرانبەر ئەوانیدیکە؟ ئاخۆ کاتێك جەمال نەبەز، بێئەوەی وشەیەك لەمەڕ بەهای زمانە کوردییەکەیی و خزمەتەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد لە"کۆڕی زانیاری کورد" بێژێ، زمانە عەرەبییەکەی پەسندەدا، کاڵکردنەوەی خودی ناونیشانی بەرسڤەکەی خۆی و دواجاریش جەختکردنەوەی قسەکانی ئەمیری حەسەن پوور نییە؟

لەدەسپێکدا وتمان، کە نووسەر لەسەر ئەویدیکە دەپەیڤێ، خۆی رادەگەیەنێت. کەواتە نووسەر دەبێت خۆی و خوێنەر بەئاکاری جوامێری فرچکبدا. مەسعودێك، وێڕای مافی ئەو بەڕێزانە بەرەخنەگرتن لەکارەکانی، لێ ئەو یەکێك بوو لەو نووسەرە دەگمەنە هەناسە قووڵ و پڕ بەرهەمە نایابانەی هاودەمی خۆی، بۆیە ناکرێت هاوزمانەکەی، وێڕای روانگە جیاوازەکانی لەگەڵ ئەودا، ئامادەیی شکۆمەندانەی ئەو لەزمانی کوردییدا نەبینێت.

لێرەدا جەختکردنەوەی من لەو ئاکارە، بێبەرییە لەمەیلی ئامۆژگاریی و خوتبەدان. لێبەڵێ ئەوەی کە هانیدام لەو دیدگەیەوە بێمە گۆ، ئەو دوو هەڵوێستە لەشێوە جیاوازو لەنێوەڕۆك لێکچووەی ئەمیری حەسەن پوورو جەمال نەبەز بوو. حەسەن پوور لەهەڤپەیڤینەکەی لەگەڵ هەفتەنامەی "میدیا"دا، کە لەژمارە ٣٠٤ی گەلاوێژی ٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە، لەچەند رستەی ئاسانگۆیدا بەمجۆرە هەوڵە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد پێناسە دەکات: "سەبارەت بەزمان پێموایە بۆچوونی باشی هەبوو، دژی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نەبوو...". گەرەکە مرۆی هۆشیار دیقەت لەو کۆپلەی دوایی دەربڕینەکەی ئەمیر بدات کە هەڵگری خەمێکی ئیدیۆلۆجی مارکسیزمییە نەك خەمی زانستی زمانەوانی. مرۆی ئەکادیمی دەبێ بێلایەنانە یان "زانست"ی سەیری زمان بکات. چۆمسکی چەپڕۆیە، لێ روانگە زمانەوانییەکانی، ئەگەر مارکسییانە بهەزرین، وێڕای دەستپێوەگرتن بەپێناسەکەمان لەو چەمکانە، جۆرێك لەداروینیزمی و بگرە نازیزمیشی تێدایە. چۆمسکی توانستی زمان لای مرۆڤ "لە نێوان لێهاتوویی (کۆمپێتێنس) و نمایشکردن (پێرفۆرمانس) جیادەکاتەوە، هەرچەندە ئەو واتای لێهاتوویی کەمبەیاخ دەبینێت. ئامانجی چۆمسکی لەلێهاتوویی ئیدیالی، خۆرسکی زانینی ئاخێوەر/بیسەرە (intrinsic knowledge) لەمەڕ زمانەکەیدا، کەچی نمایش مانیفستێکگەلێکە لەزانینی مرۆڤێکی نێر یان مێ لەکرداریکی کۆنکرێتدا. لێهاتوویی زانینێکی بوونایەتییە، بەمجۆرە کە ئەوە بەچەشنە سنووردارییەکی کاتیی و سنووربەندی (بۆ نموونە ئەوەی کە پەیوەندی بەتوانستی یادەوەریی یان بێکاتییەوە هەیە) بێزار نابێت کە هەمیشە کەم تا زۆر نمایشکردن رادەگرێت."[1] بەکورتی چۆمسکی ئەو لێهاتووە خۆڕسکییە بەتوانستی

تاکەکەسێکی ئیدیالی دەناسێ. کەواتە ئەو پۆلێنکردنەی مرۆڤ لەئاستی زمان و ئیدیۆلۆگییە مارکسییەکەی، جیاوازییان هەیە.

لێ دەکرێ بپرسین: گەلۆ زمان چییە؟ ئاخۆ دەکرێ لەتاکە شێوەیەکدا، تەنانەت فرە رەهەندی زمانی سروشتیش لەبەر چاونەگرین، زمان پێناسە بکەین؟ دیارە دەکرێ هەر یەك لەئێمە لەڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی زمان بکات، کە دواجار هیچێك لەو روانگانە ناتوانن دوا پێناسە بن بۆ زمان، چونکە وێڕای ئەوەی کە زمان وەك خودی بوونی مرۆڤ چەمکێکی بزۆکە، لەپێناسەیەکدا بەرجەستە نابێتەوە، لێ لەبواری زانست، فەلسەفە، جڤاکیی و مێژووییەوە، تیۆریی و پێناسەگەلی جیاواز لەمەڕ زمان هەن. بەڵێ، لێرەدا ئێمە مەبەستمان نییە لەبری "زمانزانە ئەکادیمییەکان"ی کورد لەکۆی ئەو تیۆریی و روانگانەی زمان بدوێین، لێ لەسادەترین پێناسەدا زمان هەندێکجار بریتییە لەشێوەگەلی میکانیکی نامۆ، کە ئەو شێوانەش ناتوانن گشت پێشهاتەکانی ژیان و ئەزموونەکانی مرۆڤ دەرببڕن. لەوەش بترازێین، مرۆڤ چالاکییەکانی بەڕێگای زمانەوە دەردەبڕێ. بەمجۆرە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین ئەو چالاکییە بزۆکانەی مرۆڤ بسڕینەوەو تەنیا شێوەکانی دەربڕینی زمان لەبەر چاو بگرین، کەواتە ناوەڕۆکە زیندووەکانی ئەو چالاکییانەی مرۆڤیش دەسڕینەوە. لێرەوە زمان بریتییە لەبوون و ژیانی مرۆڤ، واتا هەبوون و زمان پێکڤە یەکاتییەك پێکدەهێنن.

لەوەش بترازێین، ئەدی زانستی زمان چییە، کە ئەمڕۆ لەکن "ئەکادیمی"یەکانی کورد بۆتە مۆدەو لەدیدارەکانیاندا، نەك لێکۆڵینەوە"ئەکادیمی"یەکان دەیڵێنەوە؟ گەلۆ ئەو "زانستی زمان"ە چۆن ئەو کێشە مرۆڤایەتییە چارەسەر دەکات؟ بەڵێ، وەك وتم، لێرەدا نیازم نییە لەبری زامانزانە"ئەکادیمی"یەکانی کورد ئەو پرسیارانە راڤە بکەم. لێ لەزمانە رۆژئاواییەکاندا ساڵانە لەڕوانگەی تیۆرییەوە بەسەدان توێژینەوەو وتار لەسەر ئەو بابەتەوە دەنووسرێن، کە مخابن رەنگە زۆرینەی خوێنەری کوردستان لەبەر هۆکاری زمانەوە لەخوێندنەوەی ئەو هەموو توێژینەوەو وتارە هەمەڕەهەندانە بێبەش بن. هەر چۆنێك بێت، لەبواری زانستی زمانەوانیدا تاکە پێناسەیەکی "زانستیی" بۆ زمان نییە، کە مامۆستا حەسەن پوور لەهەموو هەڤپەیڤینە رۆژنامەوانەکانیدا دووبارەی دەکاتەوە،

بێئەوەی ئەوە بەئەرکی خۆی بزانێت کە ئەو روانگەو پێناسە جیاوازانەی کە لەسەر زمان هەن بەخوێنەری کوردی بناسێنێت.

لەو روانگەیەوە ئەرکی زانستی زمانەوانی ئەوەیە کە ئەو پێناسەو تێۆریبانە لەسەر زماندا هەیە راڤە بکات. لێرەوە دەکرێت هەوڵە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد لەو رەهەندەوە سەیر بکەین، کە ئەو لەکاتی خۆیدا بەشێك لەو پێناسەو تیۆرییانەی راڤەکرد. ئەمرۆ ئەرکی ئەو زمانزانە "ئەکادیمی"یە نوێیانەی وەك حەسەن پوورە کە بەپێناسەو تیۆرییە نوێیەکانەوە ئەو کێشانەی زمانی کوردی چارەسەر بکات. بۆیە پێناسەکردنی بەرهەمە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد بەرِستەیەکی نیوەچڵی وەك "مەسعود محەمەد شارەزاییەکی ئەوتۆی لەزمانەوانی نەبووە" نەك هەر دەربڕینێکی "زانستی" نییە، بەڵکو ئیتیکیش نییە، چونکە وێڕای ئەوەی کە بابەتە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد زانستین، ئێمە نازانین ئەو "ئەوتۆ"یە چ مانایەکی هەیە. ئاخۆ ئەو "ئەوتۆ"یەی حەسەن پوور، مانای ئەوەیە کە بابەتە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد گرفتی زانستییان هەیە؟ یان چونکە مەسعود محەمەد بەو "زانست"ە نوێیەی نەنووسیوە کە حەسەن پوور بەتاکە "راستی" دەزانێت؟ ئەگەر وایە، کەواتە بۆ نموونە، دەبێت زمانناسەکانی ئێستای رۆژئاوا ئەو تیۆریی و پێناسانەی کە بەسەر سێ ئاراستە دابەشکراوە: زمانەوانی لەسەردەمی گرێکی کۆن، کلاسیکی و مۆدێرن بەزانستی نەزانن و رەتیبکەنەوە؟ چونکە، بەواتای حەسەن پوور، ئەو هەولانەی پێشتر "زانستی" نەبوونە، بەڵام ئەوەی ئاگای لەبواری زمانناسی ئەمرۆ بێت، دەزانێت کە زمانزانەکانی ئێستای رۆژئاوا قسەی لەو تەرزەی حەسەن پوور لەسەر هەوڵەکانی پێش خۆیان ناکەن. دیارە ئەو تیۆرییە نوێیانەی ئەمرۆی زمانناسە رۆژئاواییەکان خەریکی ئەوەن کە بۆشایی و گرفتەکانی ئەو رێزمان و شێوە نووسینەی کە لەتیۆریی و پێناسەکانی پێشتردا پێشکەشکراون چارەسەر بکەن.

بۆ نموونە، ئەمرۆ بەهۆی بەهەرِمێن بوونی تەکنیك و دەرکەوتنی کۆمپیوتەرەوە بواری توێژینەوەی زمانەوانی سەرگەرمی تیۆریی و پێناسەی نوێن بۆ زمان، کە پێشتر ئەو بوارە لەئارادا نەبوو. جێگەی سەرنجە، کە مەسعود محەمەد لەنەوەدەکاندا، کە ئەوکات لەکوردستاندا هێشتا کۆمپیوتەر وەك ئێستا نەبوو، لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ شوکور مستەفادا ئاماژە بەو ئەرکە نوێیە دەکات کە تەکنیك دروستی کردووە.

سەبارەت بەکۆمپیوتەر، زمانزانی سویدی Anna Sågvall Hein، دەبێژێ: "لەگەڵ هاتنی کۆمپیوتەر بۆ بواری زانستی زماندا، پێویستی نوێش هاتە ئاراوە، مرۆ پێویستە بتوانێ لەمەڕ زماندا زانیاری بەمۆدیلەکانی زمانی کۆمپیوتەر پێشکەش بکات. هاوکاتیش ئەرکی پێناسەکانی زمان هەم لەناوەڕۆك و هەمیش لەشێوەدا گۆڕانیان بەسەردا هات."[٢]

بەهەمە حاڵ، ئەرکی ئەم وتارە نمایشکردنی کۆی ئەو پێناسەو تیۆرییە جیاوازانە نییە کە لەکۆن و ئێستادا لەسەر زماندا نووسراون، هاوکاتیش بوارمان نییە باسی روانگەی فەلسەفەی زمانیش بکەین، کە خۆی بەشێکە لە"زانست"ی زمانەوانی. لێ پێویستە بزانین، کە "زانست" مەتەڵێك نییە کە "زانستوان" هەڵی بهێنێت. زمانناسیش، وەك هەر بوارێکی دیکە پرۆسەیەکەو لەهەر قۆناغێکدا، بەگوێرەی پێویستییەکانی مرۆڤی سەردەم و سروشتی زمانەوە، خوازیاری پێناسەو تیۆری نوێیە. مەسعود محەمەدیش لەسەردەمی خۆیدا، وەك چۆن هاوتەمەن و ئەوانیدیکەی پێش خۆی، بەکتێبە بەهادارەکەی، "زاراوەسازی پێوانە" و دەیان وتاری زامانەوای دیکەوە، بەواتای "زانستی" زمانی کورد راڤەکرد، مشتوماڵکردو هەڵکۆڵی. ئەمڕۆش ئەوە ئەرکی ئەکادیمیگەلێکی زمانناسی وەك حەسەن پوورە کە بەپێناسەو تیۆرییە نوێیەکانەوە گرفتەکانی زمانی کوردی چارەسەر بکەن و گەشەی پێبدەن، تاکو زمانی کوردی بتوانێت ئەزموون و پێشهاتەکانی ئەمڕۆی مرۆی کورد نمایشبکات.

هاوکاتیش ئەوە ئەرکی چەپڕۆی نوێی وەك حەسەن پوورە، کە لێکۆڵینەوەو راڤەمان لەسەر ئەو چەشنە مارکسیزم و سۆسیالیزمە پێشکەش بکەن، کە گوایە مەسعود محەمەد "تێنەگەیشتووە".

هەر چۆنێك بێت، پەسندانەکەی حەسەن پوور لەمەسعود محەمەد کە دژی وشەی عارەبی نەبووە، بەندە بەئیدیۆلۆگییە مارکسییەکەی نەك زانستییەکەی. لێ مامۆستا حەسەن پوور دوای ئەو رستە ئیدیۆلۆگییە، بەرستەیەکی "ئەکادیمی" ناساندنەکەی لەمەسعود محەمەد خەتم دەکات و دەبێژێت: "دیارە مامۆستا مەسعود محەمەمەد زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبووە..." هەروا حەسەن پوور مەسعود بەکەسێکی "کۆنسەرڤاتیف" پێناسە دەکات، ئەویش چونکە، بەگوێرەی چەپڕۆییەکەی

حەسەن پوور، ئەو پێیوابووە کە "لە کورستاندا دەرەبەگایەتی تێدا نییەو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە دەرەبەگەکان برا گەورەی برا بچووکەکانن..." بەوەندە وێناکردنەکەی ئەمیری حەسەن پوور لەتوانای زمان و هزری مەسعود محەممەد تەواو دەبێت، ئیتر ئاوێ بێنەو دەستان بشۆن.

دیارە ئەو یەکەمجار نییە کە خوێنەرو ڕۆژنامەڤانان پرسیاریان لەهۆی بێدەنگی حەسەن پوور لەکتێبەکەی مامۆستا مەسعود محەمەد، "بۆ ئەمیری حەسەن پوور لەهەر کوێیەك بێت" کرد بێت. لێ وەڵامەکانی ئەوجارەو پێشووی ئەمیری حەسەن پوور هەمیشە ئەوە بووە، کە "کات"ی نییە. دیارە ئەوەی کتێبەکەی "بۆ ئەمیری حەسەن پوور"ی خوێندبێتەوە، دەزانێ کە ئەوکاتیش حەسەن پوور هەمان ڕەخنەی لەمەسعود محەمەد گرتبوو، بۆیە ئەویش بۆ ئەوەی بڕوایەکانی لەمەڕ "زانست"، مارکسیزم و دەربەگایەتی لەکوردستاندا راشکاوتر باس بکات و بواریش بۆ حەسەن پوور ئاوەڵا بکاتەوە بیربکاتەوە، ئەو کتێبە دەنووسێت. بەمجۆرە حەسەن پوور ئەو هەموو ساڵە لەبری لێکۆڵینەوەیەکی "ئەکادیمی" لەسەر "زانستی" زمان و "دەربەگ"ی کورد بۆ خوێنەری کورد بنووسێت، کەچی واز لەوتنەوەی ئەو حیکایەتەی "زانستی" و "کۆنسەرڤاتیڤ"ە، ناهێنێت. لەوەش گەڕێین، ئەگەرچی، وەك حەسەن پوور خۆی دەڵێت، یەکێك لەحەزەکانی نووسینە لەمەڕ "دەرەبەگ"ی کوردستان، دەبوو بەلێکۆڵینەوەیەکی "زانستی" بۆشایی ڕوانگەکانی مەسعود محەمەد لەمەڕ ئەو بابەتە تاوتوێ بکات، کە ئەو یەکەم نووسەری کوردە کە زیاتر بەر لەبیست ساڵ ئەو بابەتەی ورووژاندووە.

لێ جێگەی تێڕامانە، کە ئەمڕۆ تۆ پرسیار لەهەر ئاکادیمیستێکی کورد بکەیت، کە بۆ نموونە، بۆچی لەسەر کێشەکانی ئەمڕۆی کورد نانووسێت، کەچی بەرسڤی هەمیشەیان پاساوی بێکاتییە، کەچی هاوکاتیش بەشی زۆری ئەو ئەکادیمیستە هێژایانە، بۆ سازدانی وتوێژی بینراو و داوەتکردن بۆ ئەو شوێنانەی کە چێژی دەسەڵاتی تێدایە، هەمان پاساویان نییە. هەڵبەتە ئەو دیاردەی بێ-کاتییە کە ئەمڕۆ لەجەم نووسەری کورد بەگشتیی و ئاکادیمییەکانیشیدا بەتایبەتی بۆتە مۆدە، پەیوەندی بەو ڕەوشە ئابووری —سیاسییەی کوردستان، کایەکانی جیهانگریی و ڕەهەندە جڤاکییەکانی کوردییەوە هەیە،

چونکە بەهۆی ئەو ڕەوشە ئابووری-سیاسیی و جیهانگرییەی کە کورد تێیدا دەژی، ئەکادیمیبوون بۆتە شتێکی کەشخە. لێرەوە کەسی ئەکادیمی هەوڵدەدات شۆرەتە ئەکادیمییەکەی وەك هێمایەك لەسەرووی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا پۆلێن بکات. بەمجۆرە بەشێك لەمۆدەی وەك بۆینباخپۆشین، لەقەبی "د. دکتۆر" و مینا ئەو ناونیشانانە لەکۆمەڵگادا بوونەتە هێمای بەهەڕمێن. بەهەمە حاڵ لێرەدا بوارمان نییە بەدوای ئەو باسە خۆشەوە بچین.

بەدیوێکی دیکەوە، بێگومان ئێستا حەسەن پوور کەسێکی ئەکادیمییە. لێ کاتێك خوێنەر لەهەموو دیدارێکدا بەو پرسیارە بەرۆکی ئەو دەگرن، کە ئەو بەکتێبەکەی مەسعود محەمەدەوە ناسراوە نەك پایە ئەکادیمیی و نووسینەکانییەوە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە ئەو پرسیارە مجگێزی ئەو شێلو بکات، بەڵام ئەوجارە حەسەن پوور بەنەوایەکی ئاکادیمییەوە لەچەند ڕستەیەکی وەك، ئەو جۆرە تێگەیشتنەی مەسعود "لە چەپی کورد تێگەیشتووە پێموایە باش تێنەگەیشتووە" و "زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبوو"، دەخوازێت، لەڕووی دەروونناسییەوە ئەو هەستی کەمایەسییە لەبەرانبەر خوێنەرو مەسعود محەمەددا لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، هاوکاتیش بەو ئاوازە مەیلەو "ئاکادیمی"یانەوە زەینی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشێت، کە مەسعود محەمەد "ئەکادیمی" نەبوو، بۆیە، وەك ئەو، لەزمان و مارکسیزم باش حاڵی نەبووە. بەمجۆرە دەخوازێ بێژێ، کە تەنیا "ئەکادیمی"یەکانن دەتوانن لەو چشتانە تێبگەن. لێرەوە دەسەڵاتە "ئەکادیمی"ەکەی حەسەن پوور ئاشکرا دەبێت و هاوکاتیش ئەرکە ئێتیکییەکەی دەکەوێتە کێشەوە، چونکە حەسەن پوور بەو بەرسڤە سەرپێیەوە بۆمان ناسەلمێنێت، کە بۆ مەسعود محەمەد "زمانناس" نەبوو؟ چما بە"باشی" لەمارکسیزم "تێنەگەیشتووە"؟ خوێنەر نازانێت پێناسەو پێگەی ئەو چەپی کوردی و مارکسیزمە چییەو لەکوێیە کە حەسەن پوور تێگەیشتووە؟! ئێمە نازانین ئەو چەپ و مارکسیزمەی حەسەن پوور چۆن و کەی ئەو کۆمەڵگا بێ چین و دەسەڵاتە ساغلەمە لەجیهان و کوردستاندا دەسازێنێت؟! مخابن خوێنەر لەوەڵامەکانی حەسەن پووردا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارانە دەست ناکەوێت. کەواتە: گەلۆ حەسەن پوور لەکام کتێبدا ئەو چەپ و مارکسیزمەی شیکردووەتەوە، کە مەسعود محەمەد تێنگەیشتووە؟ ئەوەی کە حەسەن

پــوور پێیوایــە مەســعود محەمـــەد مارکـــسیزمی لەحیزبــە شــیوعییە باوەکانـــەوە کورتکردووەتەوە، وتنێکی "ئاکادیمی" و "ئێتێکی" نییە، چونکە ئەگەر ئەو "بۆ ئـەمیری حەسەن پوور لەهەر کوێیەك بێت"، هەرسی بەرگی "مرۆڤ و دەوروبەر"، "لەپەرۆشـەکانی ژیان"، "پـەرژینی بێدەنگی"، کتێبـە عارەبییـە قەبەکـەی، "بـۆ گورباچۆڤ؟"، کـە دوای رووخـانی سـۆڤییەت نووسـیوویەتی، بخوێندبایـەوە، رەنگـە ناچـار نـەدەبوو ئـەو قـسە نائێتیکییانە بکات. مەسعود محەمەد لەو کتێبانەدا هەوڵیداوە رەخنە یان راڤەیەکی ئازادو دڵـسۆزانە لەچـەمکە گرنگـەکانی مارکـسیزم، واتـا "مـاددە"، "ململانێـی چـینایەتی"، "ئابووری" و... هتـد بگرێـت. لێرەوە، وەك لـەوتاری "مەسـعود محەمـەد، ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد"دا، باسمکردووەو لێرەش بـەیادی خوێنـەرانی ئـەو بابەتـە دەهێنمەوە، کە مەسعود محەمەد هاوکات لەگـەڵ روونـاکبیرە مارکسیـستە رۆژئاواییـەکان مینـا ئالتوسـێر یـان هزرڤانـەکانی "قوتابخانـەی فرانکفۆرت"، لـەکاتێکی زوودا رەخنـەی لەچـەمکە سـەرەکییەکانی مارکـسیزم گرتـووە، نـەك هـەر "حیزبـە شـیوعییەکانی لای خۆمان". بەڕای من ئەو کارەی مەسعود جێگەی سـەرنجەو پێشموایە مەسـعود مـەیلێکی ئازادانـەی بـۆ بەشـێکی لەبیرۆکـەکانی مارکـسیزم هـەبووە، نـەك، وەك جـەمال نەبـەزو حەسەن پوور، کە پێیانوایە ئەو تەواو دژی مارکسیزم بووە. ئەوەی کە "گەشتی ژیانم" و کتێبەکانی مەسعود محەمەدی خوێندبێتەوە هەست بەو مەیل یان سەرنجکێشەی ئـەو بـۆ جیهانبینی مارکسیزم دەکات. یان دەکرێت مـرۆ بپرسـێت: ئەگـەر نووسـەرێك بیرۆکەیـەك، تیۆرییەك باڵکێشی نەکات، دەتوانێت چەندان وتار و کتێبی لەبارەیەوە بنووسێت؟ لەبۆیە رەخنەگرتن لەتیۆریی و چەشنە بیرکردنەوەیەك، واتای رق و دژایەتی کـردن نییـە، بـەڵکو دەکرێـت وەك تـەرزە گفتوگـۆ، بەشـداریکردن و هـەڵکۆڵین بیخوێنینـەوە. بـەڵێ، مـن، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان، بـەمجۆرە لەبەشـێك لەبۆچـوونەکانی مەسـعود محەمـەد لەمـەڕ مارکـسایەتیی و سۆسـیالیزم دەخوێنمـەوە. ئەگـەر خوێنـەر، بـۆ نموونـە، "بـۆ ئـەمیری حەسەن پوور لەهەر کوێیەك بێت"ی خوێندبێتـەوە، دەبێـت ئـەوە تێبگـات، کـە مەسـعود محەمـەد لـەگفتوگۆکردن لەگـەڵ کەسـێکی جیـاوازدا بـەو شـێوازە غـەدار، رووخێنـەرو رەتکەرەوە ناپەیڤێ کە نەریتێکە لەزمانی کوردییدا، هـەروەك خوێنـەر درك بـەوە دەکـات کە ئەو لەو قۆناغە زووەدا کۆمەڵێك رەخنەی لەمارکسیزم و حیزبە کۆمۆنیستەکان گـرت،

کە ئەوکات نەك هەر لەکوردستاندا، بەڵکو لەجیهانی ئیسلامیی و جیهانەکانی دیکەش ئاسان نەبوو. بەمجۆرە بەر لەوەی ئەو ماڵئاوایی لەژیان و زمانەکەی بکات، ئاکامی ئەزموونەکانی پیادەکردنی مارکسایەتی، بۆچوونەکانی ئەویان سەلماند.

بەهەمەحاڵ، ئەوە ئەرکی نووسەرو خوێنەری ئەمڕۆی وەك نموونەی حەسەن پوورە کە بۆ دڵنیابوون و هەڵوەستەکردن لەو پرسانە کتێبەکانی مەسعود محەمەد بخوێننەوەو کەموکورتییەکانی شیبکەنەوە، تاکو نەوەی ئەمڕۆ سوود لەو ئەزموونە تیۆریی سیاسییەی مارکسیزم وەربگرن و نەریتی رەخنەی زیندوو فراژووتر بێت.

لێرەوە ئەو رامانە ئۆتۆپییەی حەسەن پوورو بگرە جەمال نەبەزیش لەمارکسیزم یان سۆسیالیزم، هەژەندی مرۆڤایەتی بەرهەمدەهێنێ. راستییەکەی تراژیدی/کۆمیدییەکان، دیکتاتۆرەکان، نازیزم، فاشیزم و بلۆکی سۆسیالیزم، بەرهەمی ئەو ئۆتۆپیایەی مرۆڤ و ئاکادیمییەکان بوون. ئەوە نووسەرگەل و ئاکادیمیگەلێکی وەك حەسەن پوور بوون کە نزیکەی هەشتا ساڵ خەڵکیان بەو ئۆتۆپییە سۆسیالیزم و کۆمەڵگایە بێ چینە فریو دەدا. کەواتە تۆ بڵێی مەبەستی حەسەن پوور لەو "چەپی کوردی"یە سەر مۆرە، ئەو حیزبە کۆمۆنیستە عەنتیکانە بێت، کە نموونەی مەنسووری حیکمەت چاوگەو پەیامبەریانە؟ دوای هەشتا ساڵ دەستخەڕۆدانی خەڵك بەبلۆکی سۆڤییەت، کە گوایە بەلەناوبردنی "ململانێی چینایەتی" مرۆڤایەتیی و کوردی بێبەشیش لەمافە نەتەوایەتییەکان رزگار دەکا، ئێستا نۆرەی ئەوەیە حەسەن پوور بەو تەرزە مارکسیزم و چەپڕۆییە تازە بابەتەوە مەستمان بکات. راستە مارکسیزم، وەك تیۆرو هزر نەك ئیدیۆلۆگی، هەڵگری بەهای مرۆڤایەتیی و جوانییە، لێ راستییەکەی ئەو تیۆرو هزرەش، وەك هەر هزرێکی بەهاداری دیکە، تەنیا لەئاستی تیۆرییدا ئیدیالییە، لێ هەر کاتێك پیادەکرا، لەو ئەزموونە باشتر نابێت کە لەبلۆکی سۆڤیەت، چین و... بینیمان، چونکە بەبڕوای من هیچ هزرێکی ئیدیالی، گەردوونی لەگەڵ واقیعی ژیانی مرۆڤدا ناگونجێت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆویست و لێکجیاوازە، خولیای دەسەڵات و کوشتەی خاوەنداریەتییە. لەبۆیە یەکسانی و نەمانی جیاوازی لەنێوان مرۆڤدا، تەنیا لەوکاتەدایە کە لەخەباتدایە یان بێدەسەڵاتە.

هەر بۆیە ئەو سۆسیالیزمەی کە هێژا حەسەن پوورو جەمال نەبەز بەشێوەی جودا بڕوایان پێیە، راستییەکەی، وێڕای هاوسۆزیم بۆ ئەو بیرۆکەیەش، کەچی لەدواجاردا ئەو

سیستمە لەئاستی فەلسەفیی و سیاسییدا، لەسیستمی کۆیلایەتیی زۆر نزیکە: سۆسیالیزم پێیوایە لەکۆمەڵگایەکی بێ چینایەتیدا، دەسەڵات هاووڵاتیان لەخەمە ئابوورییەکاندا ئازاد دەکەن، لەبەرانبەر ئەمەشدا ئەوان نابێت بیر لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بکەنەوە. لەو سۆسیالیزمەدا تەنیا توێژێکی دەسەڵاتدار مافی خاوەندارییەتی ئابوورییان هەیە، کەچی هاووڵاتیان ئەو مافەیان نییە. ئەمەش کتومت لەسیستمی کۆیلەداری دەچێت. لەوێدا کۆیلەدارەکان مەرجیان ئەوەبوو کە کۆیلە ئیشیان بۆ بکەن، لەبەرانبەریشدا ئەوان بەخێویان دەکەن. خزمایەتی نێوان سۆسیالیزم و کۆیلەداریی لەو رەهەندە ئابوورییەش قوولترە: سۆسیالیستەکان بەخۆکردنە سەرچاوەی ئابوورییەوە بانگەشە بۆ دادپەروەریی و یەکسانی دەکەن. هەڵبەت لەئاستی ئەخلاقییەوە نابێت هاووڵاتیان ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیستییە، خاوەن ئابوورییە بخاتە ژێر پرسیارەوە، کۆیلەدارەکانیش هەمان ئەخلاقیان هەبوو، کە کۆیلە نەدەبوو سەردارەکەی کە خاوەن هەموو مافێکی ئابوورییە، بخاتە ژێر پرسیاری ئەخلاقییەوە. لێرەدا بوارمان نییە زیاتر لەوێکچوونەکانی نێوان ئەو سۆسیالیزمە ئۆتۆپییەو بگرە هزری ناسیزم و ئیسلامی سیاسیش بدوێین. لێ گریمان کێشەی چینایەتی کۆتایی پێهات، وەلێ چۆن کێشەی جیاوازیی مرۆڤ کۆتایی پێدێت؟

بە دیوێکی دیکەوە، ئەو بۆچوونانەی حەسەن پوورو جەمال نەبەز، کتێبەکەی تۆماس مۆر، "ئۆتۆپیا"، بەیاد دێننەوە، چونکە تاوگێریی ئەو "سۆسیالیست"ییە ئۆتۆپییەی هەردوو هێژامان لە"ئۆتۆپیا"کەی مۆر دەچن. کاتێك ئینگلستان لەسەرەتای کۆتایی سەدەی شانزەو سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا لەناو تەنگژەی شەڕی نێوخۆیی، ئابووری و سیاسی سەرگەردان بوو، مۆر بەسازاندنی ئەو کۆمەڵگایە ئۆتۆپییەوە هەوڵدەدات کۆمەڵگاکەی لەو تەنگژەیە رزگار بکات و بەمەش سیستمێکی کۆمۆنیستی رابگەیەنێت. هەر بۆیە ئەو کتێبە بەخەیاڵاندنێکی کۆمۆنیستانە دەزانرێت.

لێرەوە، بەڕای من، ئەو ئاوێزانبوونەی مرۆی کورد بەئیدیۆلۆگییەکی ئۆتۆپی وەك مارکسیزم و ئایین، پەیوەندی بەبێئومێد بوون لەرزگار بوونی کۆمەڵگای کوردیی و کەوتنە ژێر کاریگەری کەلتووری نەتەوە باڵادەستەکانەوە هەیە. لەم روانگەیەوە، کورد بۆ ئەوەی بتوانێت رێگایەك بۆ رزگار بوون لەو تێکشکاندنە رۆحیی و دەروونییەی کە لەبندەستی

داگیرکاران و ستەمی کۆمەڵایەتیدا دەیچێژێت بدۆزێتەوە، هاوکاتیش دڵدانەوەیەك بۆ ئەو دۆخە نەریتگرو وابەستەییە رۆشنبیریی و سیاسییەی خۆی مەیسەر بکات، ئەوە سۆسیالیزم و ئایین دەبنە دوو فریادڕەسی ئۆتۆپیی، دوو دێوجامەی شێوە جوودا و نێوەڕۆك لێکچوو.

لێ لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر بەگشتیی و حەسەن پوورو هاوڕاکانیشی بەتایبەتی لەگەوهەریی ئەو رژێمە هەمگیرییەی سۆسیالیزمی ئەڵمانیای رۆژهەڵات تێبگەن، کە نموونەیەکە لەسۆسیالیزمی رۆژئاوایی نەك رۆژهەڵاتی، سەیری فیلمەکەی Van Donnersmarck، بەناوی "ژیانی ئەوانیدیکە- Des Lebn der Andesen" بکەن، کە لە٢٠٠٦ سازکراوە. ئەو فیلمە ئەوەمان نیشاندەدا کە چۆن ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیزمە بەکامێرای شاراوەو تۆڕەکانی چاودێریکردنەوە ژیانی هاووڵاتیانی تەنیبووەوە. بەمجۆرە ئەو سۆسیالیزمە بەسەدان نووسەر، هونەرمەندو... هتد، کە بێئەوەی بەدژی ئەو رژێمە بووبن، تەفروتوونا کرد.

لەوەش زیاتر، کورتکردنەوەی بۆچوونەکانی مەسعود محەمەد لەمەڕ "فیودالیزم"ی کورد، بەو مانایەی کە "دەرەبەگەکان برا گەورەی برا بچووکەکانن" لەلایەن حەسەن پوورەوە، تێگەیشتنێکی سادەیە. بەکورتی ئەوەی من لە مەسعود تێگەیشتبم، کە ئەو لەڕوانگەیەکی ئاوەزگەرییەوە سەیری کۆمەڵگای کوردو ئامانجەکانی دەکات. لەکن مەسعود محەمەددا کێشەی ئێستای کورد چینایەتی نەبووە، بەڵکو نەتەوایەتی بووە. هاوکاتیش مەسعود محەمەد مەبەستی نەبووە کە دەربەگ برا گەورەی برا بچووك بێت، بەڵکو ئەو مەبەستی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بووە. مرۆ کە کتێبەکانی مەسعودی خوێندبێتەوە، ناکرێت ئەوە فەرامۆشبکات، کە ئەو کەسەیە کە حەسەن پوورو جەمال نەبەز باسی دەکەن.

لەوەش بترازێین، ئەگەرچی جەمال نەبەز، لەو بەشەی کە لەهەوڵی ئەوەدایە لەسەر مەسعود محەمەد بکاتەوەو قسەکانی حەسەن پوور رەتبکاتەوە، کەچی دواجار بەئاکامگیرییەك لەئاخاوتنەکانیدا، وەك ئەمیر حەسەن پوور، لێ بەشێوەیەکی دیکە، لەتواناکانی مامۆستا مەسعود محەمەد کەمدەکاتەوەو بەمەش وێنایەکی هەڵبزرکاو لەو بۆ خوێنەر نمایشدەکات.

دوای ئەوە هێرشا جەمال نەبەز لەوتارێك، "تۆمەتی ناڕەواو بوختان، لەپشت پەرژینی پەسندانەوە"دا، کە لەهەمان هەفتەنامە، ژمارە ٣٠٧ی گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، بەرسڤی ئەو بۆچوونە "ناڕەوا"یانەی حەسەن پوور، کە لەهەمان وتوێژدا لەمەڕ بیری نەتەوایەتی ئەو کردبوونی. جەمال نەبەز لەبەشێکی ئەو بەرسڤەیدا لۆمەی حەسەن پوور دەکات بەوەی کە بەغەداری باسی مەسعود محەمەدی کردووە، چونکە مەسعود محەمەد عەرەبیزانێکی باش بووەو کاتی خۆشی کۆمەکی حەسەن پووری کردووە. لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە جەمال نەبەز یەك پەیڤ لەسەر زمانە کوردییەکەی مەسعود محەمەد گۆ ناکات! ئەگەر خوێنەرێك ئاگای لەکتێب و وتارگەلە دانسقە کوردییەکانی ئەو نەبێت، وا دەزانێت کە مەسعود نووسەرێکی کوردی عارەبینووسە. هەڵبەت بەهۆی ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییە عەنتیکەیەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا قەڵەمڕەوە، رەنگە گەنجلاوێکی فرە ئاشنای کتێبەکانی مەسعود محەممەد نەبن. لەوەش زیاتر، جەمال نەبەز لەدرێژەی بۆچوونەکانی لەسەر مەسعود محەمەددا، بابەتێك دەورووژێنێت، کە بێئەوەی پەیوەندی بەکرۆکی باسەکەی نێوان خۆیی و حەسەن پوورەوە هەبێت، ئەویش چۆنییەتی ئیشکردنی مەسعود محەمەدە لە"کۆڕی زانیاریی کورد" و دواجاریش نهێنی نەهاتنەوەی ئەوە لەبەغداوە بۆ هەولێر. لێرەوە دەکرێت خوێنەر لە جەمال نەبەز بپرسێت: ئەو باسەی حەسەن پوور چ پەیوەندییەکی بەبابەتی ئیشکردنی مەسعود محەمەد لە"کۆڕی زانیاریی کورد" و... هەیە؟ ئەگەر مانەوەی مەسعود محەمەد لەبەغدا خەوشێك بێ بۆ ئەو و سوودیشی بۆ زمان و رۆشنبیریی کوردی نەبووە، بۆ ئەو هەتا ئەمڕۆ وتارێکی تایبەتی لەسەر نەنووسیوە، تاکو خوێنەر لەراستی کێشەکان و بەهای "کۆڕی زانیاریی کورد" تێبگات؟ ئەگەر مەسعود محەمەد مەرجی هاتنەوەی بۆ کوردستان و کارکردنی لە"کۆڕی زانیاریی کورد" لەهەولێر ئەوە بووە، کە "پلەی سەرۆك وەزیران بەخۆیی و پلەی وەزریش بەهاوکارەکانی" بدرێت، دەکرێت خوێنەر بزانێت ئەو بەڵگانە لەکوێن؟ گەلۆ جەمال نەبەز بۆ وەك خەوشێك ئەو داوایەی مەسعود محەمەد وێنا دەکات؟ ئاخۆ مافی مەسعود محەمەد نییە ئەو خواستەی هەبێت؟ ئەگەر مەسعود محەمەد دەمڕاستی "کۆڕی زانیاری" لەهەولێر بووایە باشتر نەبوو لەزۆرێك لەوانەی کە ئەگەر حیزبایەتی نەبێت، هیچ پەیوەندییەکیان بەو کۆڕەوە نییە؟

وێڕای ئەمەش، ئەوەی من بیزانم، هۆی کار نەکردنی مەسعود محەمەد لەبەر ئەوەبوو کە ئەو داوای کردبوو دەبێت ئەو "کۆڕی زانیاری کوردستان"ە بێلایەن بێت و هەموو پسپۆڕانی شارەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت نەك تەنیا هەولێر. لێ ئەوکات بەهۆی شەڕی نێوان ئەو دوو زلحیزبەی کوردستانەوە، کە "کۆڕی زانیاری کوردستان" لەهەولێر لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوو، بۆیە پارتی ئەو مەرجانەی مەسعود محەمەدی قەبووڵ نەکرد. دواجاریش مەسعود محەمەد ئەو ئەرکەی لەئەستۆی خۆی نەگرت. دیارە لەکوردستاندا، چونکە ئاوەڵایی نییەو هەموو پێشهاتەکان حیزبێنراون، بۆیە ئاسان نییە کە مرۆ لەکرۆکی راستییەکان تێبگات. لێرەوە کاتێك جەمال نەبەز ئەو باسە دەورووژێنێت، منی خوێنەر تووشی بەرانبەر بەبۆچوونێکی لەو تەرزەی ئەودا توشی گومان دەبێت. بەمجۆرە هەموو راستییەکان لەئاستی دەنگۆو مەزەندە دەمێننەوەو بەڵگەدار نین. لێرەوە، بەرای من، ئەرکی کەسێکی وەك جەمال نەبەزە کە ئەو بابەتە رۆشنبیرییانە بۆ مێژوو تۆمار بکات. بەمجۆرە ئەگەر ئەو کەین و بەینە رۆشنبیرییانەش وەك کەین و بەینە سیاسییەکانمان تەنیا لەئاستی قسەی سەرپێی و نەسەلمێنراوانە مانەوە، ئیتر نەوەی داهاتووش هەر بەو رێگەی هات و نەهاتەوە فرچکدەگرێت، کە کورد خدووی پێیەوە گرتووە. جەمال لەپشت بۆچوونەکانیڕا دیارە کە هەوڵە رۆشنبیریی و زمانەوانەکانی مەسعود محەمەدو رۆڵەکەی لە"کۆڕی زانیاریی کورد" بەگرنگ نەزانێت. لێ ئەگەر وایە، مرۆ دەکرێت لەو بپرسێت: باشە ئاستی بەرهەم و خزمەتە رۆشنبیرییەکانی "کۆڕی زانیاریی کورد" و مەسعود تۆکمەتر بوون، یان ئەو "کۆڕی زانیاریی کورد" و ئەکادیمای کوردی"ییەی ئێستای هەولێر، کە هەتا ئێرۆ لەپارە خواردنێکی "پەنجا بەپنجا" بترازێت هیچ سوودێکی دیکەی نەبووە؟ یان بۆچی ئەو "ئینستوتی کوردی"ییەی کە لەنەوەدەکاندا لەپاریس دەردەچوو، وێڕای کۆمەکی ماددیی باش و بوونی ئەو هەموو "دکتۆر"ە چەپڕۆ و راستڕۆیانەی کوردیش لەڕۆژئاوادا، نەیتوانی لەو"کۆڕی زانیاریی کورد"ییەی، کە بەواتای تۆ، مەسعود محەمەد و "چەند کۆنە سۆڤییەتچی" بەڕێوەیان دەبرد، کاراتر بێ و زووش ئاڤا نەبێ؟ دواجاریش ئایا جیاوازی ئەو کێشمەکێشەی کە لەنێوان بەڕێوەبەرانی ئەو "کوردۆلۆژی"یەی کە لەئەلمانیادا دامەزراوە، لەگەڵ ئەو "ئەکادیمای کوردی"یە "فیفتی فیفتی"یەی کە لەهەولێرە چییە؟

بە دیوێکی دیکەش، من هاوڕای جەمال نەبەزم کە دوا لە حەسەن پوور دەکات بە"بەڵگە"وە قسە بکات. لێ بەڵگەی جەمال نەبەز چییە، کە مەسعود محەمەد بە"پشتیوانی تەواوی زیاد ئاغا گەیشتە حکومەت"؟ مرۆ لەو وێناکردنەی مەسعود محەمەددا، دانانی زۆرێك لەو ئەندام حیزبیانەی لەپەرلەمانی ئێستای کوردستاندا دێتەوە پێش چاو. بەمجۆرە هەروەك مەسعود کەسێك بێت کە خۆی کەس نەیناسیووەو توانایەکیشی نەبووە بگاتە پەرلەمان. ئەگەر خوێنەرێك بخوازێ "گەشتی ژیانم"ی مەسعود محەمەد بخوێنێتەوە، لەوێدا دەبینێت ئەو پیاوە خاوەن چتۆ ئەزموونێکی رۆشنبیری و سیاسیی بووەو چۆنیش بەزرینگی خۆیەوە گەیشتە پەرلەمان و وەك دیپلۆماسییەکی کارا خەباتی کردووە. مخابن مرۆ چاوەڕێی ئەو تەرزە بۆچوونانە لەکەسێکی پسپۆڕو راستبێژی وەك جەمال نەبەز ناکات! لەبۆیە دەکرێت بپرسین: گەلۆ هەر ئەو دووبەرەکییە لاوەکییانەی نێوان نووسەرو پسپۆڕانی کورد نییە، کە وایکردووە وابەستەی حیزب بن و خاوەن ویستی هاودەنگییەك نەبن؟

لەوەش بترازێین، جەمال نەبەز دوای جەختکردنەوە لەوەی، کە ئەو پێش مەسعود زانیوویەتی کە رژێمی سۆڤییەت دژ بەئازادییە، هاوکاتیش، وەك حەسەن پوور، لایەنگیری سۆسیالیزم بووەو بڕواشی وایە کە "نەتەوەیەکی یەکگرتوو کاتێك دروست دەبێت کە جیاوازیی چینایەتی تێدا نەمێنێ". مخابن ئەو تەرزە ئۆتۆپییە، نەتەوە بێ چینایەتییەی کە جەمال نەبەز وێنای دەکا، نە لەمێژووی رابردووی جیهاندا وێنەی هەبووەو نە لەمێژووی داهاتووشدا مەیسەر دەبێت. کەواتە، ئەگەر لەو روانگەی جەمال نەبەزەوە سەیری دۆخی نەتەوەکان بکەین، دیارە هیچ نەتەوەیەك لەجیهاندا نییە کە "یەکگرتوو" بێت، چونکە هیچ نەتەوەیەك نییە کە "جیاوازی چینایەتی" بنەبڕ کردبێت". ئەو "هەویرە زۆر ئاودەکێشێ"، لێرەدا ئەرکی ئێمە سەلماندنی ئەو جیاوازییە نییە.

بەمجۆرە دەکرێ بێژین، کە بۆچوونەکانی حەسەن پوورو جەمال نەبەز لەپایەی زمان و هزری مەسعود محەمەددا لەدوو شێوە گوتنی جیاوازدا یەك ئاکامگیریی هەیە، ئەویش ئەوەیە: کە مەسعود زمانی زانستی نەزانیووە، دژی چینی کارێکار بووە، هزرو رۆشنبیرییەکەشی هی ئەوە نین بەهایەکی "زانستی"یان هەبێت. کەواتە ئەوان هەردووکیان خۆیان لەو بەزانستی تر، ئازادیخوازترو ترەکانی دیکە دەزانن.

لێرەوە من پێموایە، ئەو تەرزە وێناندنە لەئەویدیکە، کە دیاردەیەکی باڵادەستە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، بۆیە ئاخاوتنەکانی ئەو دوو هێژایە تژی لەناکۆکییە، چونکە راستییەکەی ناکۆکی هەردووکیان لەگەڵ مەسعوددا هێندەی جیاوازی کەسایەتیی و ئیدیۆلۆگییە، ئەوەندە جیاوازی "زانستی" و "چینایەتی" نییە. هەڵبەت ئەگەر کێشەی چینایەتیش نەمێنێت، لێ کێشەی جیاوازی مەیل و ویستی مرۆڤ هەر قووڵتر دەبێتەوە. مخابن لێرەدا بوارمان نییە فرەتر لەمەڕ ئەو بابەتەو کۆی بیرۆکەکانی دیکەوە بدوێین، ئەگینا هەقە زێتریان لەسەر بگوترێت.

لێ جێگەی سەرنجە، کە مەسعود محەمەد لەبەرایی کتێبەکەی "ئەمیری حەسەن پوور لەهەر کوێیەک بێت"دا پێشبینی ئەو روحە عەنتیکە کوردییەی کردبوو، کە هاوزمانەکانی وەك خۆی نەیخوێننەوەو بەکەیفی خۆیان پێناسەی بکەن. لەوێدا دەبێژێت: "هەڵبەت من کە لەساڵی ١٩٧٢ دەستمدایە نووسین ئەم راستیە یەکجار گرنگەم لێ روونبوو، هێندەش بەلامەوە راستییەکانی بنجی رەگ داکوتاو بوو، دڵی خۆم بەوە دابینکردبوو کە لەئاستی نووسینە نەسەلمێنەکانی خۆمدا بەتەمای دۆست و برادەرو یاریدەرو پشتیوان نەبم لەو رووەوە کە دەمزانی کوردەواری خۆمان جێی بیروڕایەکی تێدا نابێتەوە ئەگەر لەسەر تەلی ماددی تەقلیدی لێنەدات."

Handren_u@yahoo.se

پاییزی ٢٠٠٧ستۆکهۆلم

ژێدەر:

(١) Bengt Molander red، ”Språktets speglingar، Carlsson Bokförlag، Stockholm، ١٩٩٣، P. ٣٤_٣٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٥٩

هەڵبەتە کتێبی ناوبراو کۆوتارێکە بەزمانی سوێدی لەروانگەی جیاوازەوە رەهەندەکانی زمان راڤە دەکا.

بەشی یەكەم

# محەمەدی دڵشووشەو عەشقی ئیفلاتوونیی

مەجید عەزیز

## پێشەكی

عەشقی محەمەدی دڵشووشە لەڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا، وەكو نووسەر دەڵێت"عەشقێكی ئیفلاتوونییە"، ئەمە بەلای ئێمەوە رەنگە سەرەكیترین خاسیەتی قسەكردن بێت لەسەر ئەم كاراكتەرە، كە دیارە ئەمەش بۆ خۆی قسەكردنە لەنهێنیبوونی هەلومەرجی جیهانی ئەم كاراكتەرە بەجۆرێك لەجۆرەكان، چونكە عەشق بۆ دڵشووشە ئەگەر مانای بوونی راستەقینەی ئەم بێت لەناوجیهاندا، هاوكاتیش وەكو بیری بچێت ئەوانی دیكەش لەگەڵخۆیدا پابەند دەكات.

دەتوانم بڵێم: بەختیار عەلی لەڕۆمانەكەیدا، ئەو (نیوە دێڕە)مان بەگوێدا دەدات بۆ مەزەندەكردنی ئەو وەكو عاشقێكی ئاوا، دیارە لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت كلیلێكمان بداتە دەست بۆ چوونە ناو ماڵی نهێنییەكانی ئەم كاراكتەرەوە بۆخۆی. بۆنموونە، دەڵێت، "هاوارێكی نادیار لەدڵی محەمەدی دڵشووشەدا سەر هەڵدەدات كە پێیدەڵێت: (ئەم ئێوارەیە ئێوارەی خۆشەویستییە)، دەستدەبات و یەكێك لەكلیلەكانی دەردێنێت، یەكێك لەكلیلەكانی كلیلی عەشقە... كلیلی خۆشەویستییە ناكامەكانێتی"، لەوە دەگەین، كە خۆشەویستیەكەی بەدەستی ئەنقەست نییە، بەڵكو دەتوانین بڵێین، شتێكە روودەدات یان رێكەوتی سروشت خۆیەتی، یان بەسوودفە شتێك وادەكات ئەمە رووبدات، بەلام روودانی دەبێتە گرنگی و زەرورەتێك بۆ روودان. یان گرنگی رووداوەكە بۆخۆی لەناو نهێنیەكدایە وەكو ئەعجووبەیەك وایە لەناو سروشتدا، بەلام ئەوەی لێی دڵنیاین، ئەوەیە خۆشەویستییەكی سەیرو ناكام و تراجیدیە.

كەواتە ئەم خۆشەویستییە، خۆشەویستییەكی ناكامە، هەروەها بەنیگەرانییەوە" بەترسەوە ئەو دەرگایە دەكاتەوە" (ل، ١٦) واتە دەرگای عەشق. كە دەرگایەك

بکرێتـەوە، کەواتـە چـوونە ژوورەوە بەرهەمـدەهێنێت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەزانێـت چوونەژوورەوەیەکی ناکامیشە بەوشێوەیە. لێرەوە محەمـەدی دڵشووشە دەرگـا لەسـەر مـەرگی خـۆی دەکاتـەوە بەڕاسـتی، چـونکە چـیدی هاوکێـشەی نزیکـی هـەردووک چـەمك لێرەوە دەست پێدەکـەن، ئـەوانیش چـەمکی عەشـق و چـەمکی مەرگـە. چـیدی لێـرەوە رۆمانتیکیەتی ئەم کاراکتەرە دروستدەبێت، گرێدانی یان هاوپەیوەستی بیرۆکـەی عەشـقە بـەو مەرگـەوە. لەبـەر ئەمەیـە ئـەم کاراکتـەرە ئینتیرێستەی زۆری هەیـە بۆخوێندنـەوەو هەروەها زۆر سەرنجڕاکێشە، چـونکە بەچـەندین دیودا دەمانبـات و دەتوانێـت خۆراکمـان بداتێ بۆ بیرکردنەوەی بەردەوام. بەتایبەتی لەئاست جیهانبینیە فەلسەفیەکەیەوە، وەکـو عاشقێکی ئیفلاتوونی کەئامازەی بۆکراوە لەلایەن نووسەرەوە. دیارە، بێگومان مەبەسـتم لەنهێنی جیهانی عەشقی ئەم کاراکتەرەیە لەبەرجەستەبوونەوەیدا وەکو هەڵگری گیـانێکی ئیفلاتوونیانـە، کـە بەرجەسـتەبوونەوەیەکی قـووڵی رۆحییـە بەهـەموو شـیوازێك، کـە قووڵبوونەوەی رۆحی بتوانێت مانای ئەدەبی ببەخشێت. تەنانەت دەتوانم بڵێم، تێگەیشتن لەعەشقی ئەم کاراکتـەرە، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان تێگەیشتنیـشە لەتـەواوی جیهـانی ئـەم کاراکتەرە بۆخۆی، ئەمەش وەکو قسەکردنی تەواوی ئێمەبێت لەسەر ئەم کاراکتـەرە لـەم باسەماندا وایە.

بەو هەسـتەی کـە بتـوانین لەڕەگـەزەکانی عەشـقی ئـەم کاراکتـەرە تێبگـەین، کەواتـە هەوڵـدەدەین، لەکاردانـەوە زۆر سـایکۆلۆژییەکانی کاراکتەرەکـەش تێبگـەین بەمانایـەك لـەماناکان. کـە لەڕاسـتیدا چـەندین وێنـەی بـۆ دروسـتکراوە بـەوجۆرەی دەمانـەوێت بیخوێنینەوەو لێیتێبگەین.

نووسەر دەڵێت: محەمەدی دڵشووشە"عاشقێکی ئیفلاتوونیـە"، ئـەم دەربڕینـە ئەگـەر چـی کـەم یـان زۆر، ئاشـنایە بەگوێچکەمان، بـەڵام دەتـوانین بڵـێین، ئایـا لەپـشت ئـەم بڕگەیەوە چیتر هەیەو ئایا چیتر دەیەوێت خۆیبڵێت و زیاتر خۆی ئاشکرابکات بۆ خوێنەر؟ بەکورتی ئەم بڕگەیە دەیەوێت چی بەخوێنەر بڵێت؟ ئەمەیە کەمن دەمەوێت قسەی لەسەر بکـەم لـەم تـەوەرەدا بـەپێی پێویـست و چـەند بتـوانم. قـسەکردن لەسـەر "محەمـەدی دڵشووشەی" ناسکترین کاراکتەری ناو رۆمـانی دواهـەمین هـەناری دونیـا، کـە" گـەنجێکـە تەنیا ماوەیەکی کەمە ژیـانێکی بـۆ خـۆی دروسـتکردووە لەشووشـە، ژیانێـك تـەنیا خـۆی

دەزانێت چەند ناسکەو چەند خێرا دەشکێت، بەڵام بێباکە دەڕوات و گۆرانی دەڵێت:" (ل، ١٤) دڵشووشە، جۆرە بونەوەرێکی بێباکـە لـەوەی دەمرێـت کەواتـە، بەمەاوکێشەیە بێـت دڵشووشە بوونەوەرێکی نەهیلیستیە، چونکە دەزانێت کە مردن کۆتاییە نەك هەر بۆ ئـەو، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤێکی زیندوو. چیدی بێبـاکی وەکـو هەسـتێکی نەهیلّیـستی هـەڵگری جۆرە رۆشنییەکی ئێکزێستنسالە بەلامانەوە.

ئایـا ئـەم کاراکتــەرە زۆر سـۆزاوییە (کەخەڵتانـە لـەناو خـوێنی سـۆزدا)چـیدەکات و چیدەوێت لەبوون و جیهان؟ بۆچی ژیانێك لەشووشە بەو شێوە زۆر تراژیدییە؟ یان باشـتر بڵێم، ئەم کاراکتەرە بۆچی دەبێت وابژی؟ بۆچی دەبێت بەوشێوە زۆر تراژیدییـە بمرێـت؟ بۆچـی ئـەم حوکمـە سەرسـەختە بەعەشـقێکی ئـاوا ئەبـەدی و رەهـا؟ یـان بۆچـی ئـەم دەسەڵاتی ئازارو عەزابە دەبێت وابێت؟ نابێت بەشێوەو رێچکەیەکی دیکەدا بڕوات؟ بۆچی شێوازێکی دی و فۆڕمێکی تری نەبێت؟ بەڵام بیرمـان نەچـێت، ئـەم کاراکتـەرە (سـۆزێکی ئیگۆییانەشی هەیە) و عاشقێکی ئیفلاتوونیانەیە، ئەمە وایلێدەکات هـەڵگری نهێنییـەکانی عەشقکردن بێت لەخۆیدا، جـۆرە عەشـقێك کـە نائاسـاییە. بۆنموونـە" چـەند سـاڵێك بـەر لەئێستا، ئێوارەیەك (محەمەدی دڵشووشە) کە ئارەزووی دۆزینەوەی نهێنییەکانی هەبوو" (ل، ١٣) وەك وتیشمان، رەنگە لێرەولـەوێ، ئـەم دەربڕینـەمان بـەرگوێ کـەوتبێت، واتـە چەمکی"عەشقی ئیفلاتوونی"، بەڵام ئەم چـەمکە بۆخـۆی هـەڵگری تەمومژییـە بەڕاسـتی، بەتایبەتی لەناو ئەم رۆمانەدا، چونکە ئەم کاراکتەرە چەند دیوێکی هەیەو هەروەها چـەند دیدگاو دیدێکی دەوێت بۆ خوێندنەوەو لێتێگەیشتنی بەو شێوەیەی هەیە.

ئەمەش بەرجەسـتەکردنەوەی خـودی جیهـانی رەهاگـەری ئیفلاتوونیزمـە بـۆ شـتەکان بەلامانــەوە. بــەڕۆمانتیککردنی خــودی بیرۆکەکــە، بەنامــەعقووڵکردنێتی بەشــێوەیەك لەشێوەکان. گەمەی خوێنەر تەنیا پێشکەشکردنی جیهـانی دڵشووشە نییـە کـە خوێنـەر ئاگاداری بێت، بەڵکو پێشکەشکردنی رێگایەکی داخراویشە لەبەردەم عەشقکردنی ئاوادا.

ئەم فەلسەفەی ئیفلاتوونییەیـە، لـەڕێگای مکیـاجکردنی کاراکتـەرێکی ئیفلاتوونییـەوە مونافەسەدەکرێت لەڕۆمانەکەدا (هیچ نەبێت بەلای منەوە)!! پێموایە نەك هـەر رۆمانەکـە مونافەســەی ئــەو جۆرەدیـدگاو جیهانبینییــە دەکـات لەبیرکردنــەوەدا، بــەڵکو خــوودی محەمەدی دڵشووشە لەلایەن رۆماننووسەوە وەکو کاراکتـەرێك، شـتێکی بـەو شـێوەیەمان

پێشکەشدەکات. ئەویش ئەوەیە، دەیەوێت لەڕێگای دڵشوشەوە تەحەدای ئیفلاتوونیزم بکرێت، لەهەمانکاتیشدا جۆرە بەخشینێکی ڕۆمانتیکی لەبۆی. چونکە "عەشقی ئیفلاتوونی"، واتە میتۆدێك یان شێوەیەك دونیادیدی بۆ عەشقکردن لەناو دونیادا کە فەیلەسووفانەیە، لەبەرئەمەیە، لۆگۆس تەواوی پانتایی عەقلانییەتی ئیفلاتوون داگیردەکات لەناو کۆی دایەلۆگەکانیدا بەگشتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە عەشقەی سەرتاپای ڕۆح لەعەقڵ هەڵدەکێشێت، بەڵام بیرمان نەچێت دڵشووشە، تەنیا هەڵگری ڕستەکەیە وەکو (لەیبل). ئەم لۆگۆسە، عەقڵەکە دەپشکنێت و دەپرسێت و تاقیدەکاتەوە، ئەمجۆرە هەوڵدان و بیرکردنەوەیە وەکو خۆشەویستی وایە بۆ جیهانیش، بەڵام جیهان بۆخۆی لەناو مووغامەرەیەکی ئایدیاییانەدا بەرجەستەیە لێرەدا، کە تەنیا فەیلەسووف پێیدەوێرێت، خۆشەویستی وەکو ببێتە خوودی لۆگۆس بەمشێوەیە، خۆشەویستی حیکمەت.

هەرچەندە ئیفلاتوون وەکو (ج. ر. ف. فەراری)، دەڵێت "تیۆرییەکی بەرفراوانی بۆ خۆشەویستی نییە. تەنیا ئەوە نەبێت، کە هەندێك بیروبۆچوونی وەرگیراو هەڵدەگێڕێتەوە بۆ مەبەستە زۆر تایبەتە فەلسەفییەکانی خۆی"[1].

ئەمە ڕاستە لەئاست تەماشاکردنی بابەتگەلی دیکەشەوە لەبۆ چوێناندنی ئیفلاتوونیزم وەکو جیهانێکی میتافیزیکی و ناحەز بەجیهانی مەتریالیزم.

هاوکاتیش ئەگەر ڕۆمانتیکەکان بەرگێکی ئیستاتیکیان کردبێتەبەری چەمکی خۆشەویستی و عەشقکردن، ئەوا ئەمجۆرە ڕۆمانتیکییەتە هەرگیز لەدەرەوەی تەمومژە ئایدۆلۆژییەکەیشیدا نییە بەڕاستی. بیریشمان نەچێت، ئەم ئایدۆلۆژییەتە نووقمی بیرۆکەی جەوهەرگەراییە لەناو بیرمەندان و فەیلەسووفانی پیاودا بەتەنیا. بەم هاوکێشەیە بێت، دەرخستنی وێنەی ئەو بەئیفلاتوونیبوونەیە لەناو جیهاندا، لەبەرجەستەبوونەوەی پێشکەشکردنی جۆرێك لەعەشقکردن لەناوخۆیدا، ئەمەش وەکو ڕاستەقینەیی مرۆڤ لەناو جەوهەردا بەرجەستە دەبێتەوە، کە بەڕادیکاڵیزمی ئیپیستیمۆلۆجیانەی ئیفلاتوونی کۆتایی پێدێت لەئاست زانیندا. پرسیاری ئێمە دەبێتە ئەمە، ئایا بوون یان جەوهەر، ئایا ئایدیا یان ئەزموون، ئایا فەیلەسووف یان فەلسەفە. بەکورتی عەشق ڕۆح ڕەهایی دەکات بەسەر جەستەوە، پەراوێزی دەکات، لەبەرئەوەی ڕۆح پاکژو بێگەردترە لەجەستە،

هەرچەندە ئیفلاتوون بەدوای فۆڕمدا دەگەڕێت، کە ئەم فۆڕمەش باڵاترینە، بەڵام بوونی فۆڕم بوونێکی مەتریالییانەشە بەمشێوەیە، بەڵام بوونی ئیمپراتۆرییەتی"ئایدیا" جیهانی نائایدیا داگیردەکات.

کەوابێت عەشقێکی جۆرە زگماکی و ئەزەلیانەیە بۆ فەلسەفەو زانین لەناو جیهانبینی ئیفلاتووندا، لەبۆ مانای عەشقکردن بەشێوە هەرە زۆر قووڵ و پڕ ئەندێشەکەی. بەکورتی، واتە عەشقکردنی مەعریفەت بۆ ئەم دونیایە، وەکو جۆرێك لەجیهانبینی ئایینی لێدێت، "سۆفیزم"، ئەگەر بتوانین وابڵێین.

ئەوەی منیش لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەربکەم، دیارە خودی کاراکتەرەکەیە لەناو ڕۆمانەکەدا، دوایش کاریگەری ئەو بڕگەیەیە، گوایا محەمەدی دڵشووشە هەڵگری جۆرە"عەشقێکی ئەفلاتونی دژوارە" بەپێی پێویست.

دژوار: واتە عەشقێکی نائاسایی بەڕاستی، بەتایبەتی کە دەیبینین بەو جۆرەی کە دەمرێت، ئەمەش وەکو کاردانەوەیەك لەسەر ژیانی عاشقێتی خۆی کە ئەنجامێکی زۆر تراژیدییە بۆکۆی وێناندنەوەی کاراکتەرەکە بەو شێوەیە، چونکە مەرگی کاراکتەرەکە، بەلای منەوە سەیرترین مەرگە کە ڕۆمانەکە پێشکەشمانی دەکات، سەیرترین مەرگە کە مرۆڤی ئاسایی لەژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕووی مەرگی بەوشێوەیە ببێتەوە؟ بێگومان نائاساییبوون لەبەردەم عەشقدا، بۆخۆی ناکۆکیبوونە لەناو جیهانیشدا، "دژواربوونیشە"، بەڵام ئەم دەربڕینەی دووەمینیانمان هەڵگری فۆڕمێکی پۆزەتیڤیشە بۆ عەشقکردن بەو شێوەیە. بەلای منەوە نائاساییبوونی ئەمجۆرە عەشقە، دیارە ئاماژەکردنە بەحاڵەتە نێگەتیڤەکەی لێرەدا، نەك بەشتێکی دی.

نیگەتیڤیش بەو هەستەی کەجیهانێك لەناوخۆیدا بەرجەستەیە، سەربەخۆیە، بۆخۆیەتی، وەلەپێناوی خۆیدا دروستیدەکات، هەروەها هەڵگری چەمکی جۆرێك لەخودابوونە، یان هەڵگری هەستێکی نەمرییە ئەگەر وابڵێین. بۆ نموونە" کەخۆی مردنی خۆی لەخەونـدا دەبینێت"، هەروەها، "مردنێك ڕۆژ دوای ڕۆژ دەیگێڕێتەوەو قسەی لێدەکات... خەونی بەربوونەوەی دڵی و شکانی و پارچەپارچەبوونی وەك هەریەك لەو توحفە شووشانەی لەناو دۆڵاب و لەسەر ڕەفە بەرزو درێژەکانیماڵەوە ڕیزیکردبوون" (ل، ١٣).

شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و سوپەرناتورال دێتەبەرگوێ، یەکێك مەرگی خۆی لەخەونی خۆیدا ببینێتەوە؟ هەروەها بەخەیاڵیشیدا نەیەت، ئەمەشتێکی سەیرە بۆخۆی، چونکە شتی ترمان پێدەڵێت، چونکە خۆشەویستی هەڵگری ئیمکانییەتی جیهانی خاپوورکردنە لێرەدا، یان ئیمکانییەتی پیشاندانی کایەی کاراکتەرە وەکو خۆی بەشێوە خۆڕسکەکەی. دڵشووشە، دێتە بوونەوە بۆ ئەوەی خاپوور ببێت، وەکو ئەوەیە کە چۆن بیرۆکەی هاتنی "عیسا" لەپێناوی لەخاچدانەکەیدایەتی. تەنانەت لەئاستە زۆر قووڵەکەیدا بۆ مانای عەشقکردن، وایلدێتەوە کە هێزی ئەمجۆرە عەشقکردنە بەهێزی مانای مردنەکەی یەکسان بێتەوە. تەنانەت رەنگدانەوەی رووداوی عەشقەکە بەو شێوە زۆر نهێنییە لەکەسایەتیدا رەنگدەداتەوە، بەوێنەیەکی گەورە تریشەوە، " ئەو شەوە کە گەیشتە ژوورەکەی خۆی تۆفانێکی سامناك لەهەناویدا بوو، لافاوێکی نادیار گەلەك سەیرترو توندتر لەو لافاوە گەورەیەی ئێوارە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بەڵام لافاوێك پڕبوو لەنیگارو خەونی سەیر" زووتریش دەڵێت، ئەمە هەر هەمووی کاردانەوەی" عەشقە... من دڵنیام عەشقە" (ل، ١٩) عەشق وێران دەکات، بەڵام عەشق بەهەمانشێوەی سیمبولیزمی هاتن و لەدایکبوونی هەموو شتەکانیشە.

ئەمە وایلێدەکات کەسایەتییەکی نائاسایی بێت. بۆنموونە، ئەو لافاوەی لەدەرەوە ڕوودەدات و گەورەترین کارەساتی ناوەتەوە، وادەکات رووداوێکی بچووکترو کەمتربێت لەو "لافاوەی لەناخیدا هەیە"، یان لەناوناخیدا ڕوودەدات؟ گێڕەرەوەی حیکایەتەکە، دەیەوێت پێمانبڵێت، کە جیهانی ناو کەسایەتی دڵشووشە بەجۆرێك لەجۆرەکان وەکو خۆی، زیاترە لەدەرەوەی خۆی، ئەگەر ئەمە بشێت، دەزانین کە نووسەر وەکو میتافۆڕ ئەمە بەکار دەهێنێت. تەنانەت زیاتریشە لەدەرەوەیی لافاوەکە وەکو دیاردەیەك، لافاوی ناخ.

ئەمەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکە لەبەردەم پرسیارکردنی نێوان خودو بابەتدا، یان تاك و کۆدا بەوشێوەیە، یان دەرەوەو ناوەوەدا. هەروەها گرنگی ناوەوەی کەسێك زیاتر لەدەرەوەی خۆی، وەکو روداو، پیشاندانی هەلوومەرجی بوونیشە، چونکە خوودگەرایی لەبەرزترین لوتکەدا خۆیدەبینێتەوەو وێناکراوەتەوە، ترانسێنتداڵ کراوە. بەهەرحاڵ، گومانمان لەنائاساییبوونی ئەم کاراکتەرە نییە بەمشێوەیە، چونکە ئەم شتانەی

روودەدەن لە"چەند ساڵێك بەر لەئێستا، ئێوارەیەك محەمەدی دڵشوشە کەئارەزووی دۆزینەوەی نهێنییەکانی هەبوو، دەچێت بۆ دیدەنی توحفەفرۆشێك. دیدەنییەك وەکو هەر دیدەنییەکی دی نا کەمرۆڤ لەڕێگایەوە مرۆڤ یەکێکی دی دەبینێت، بەڵکو دیدەنییەکی گرنگ، سەردانێك دەشێت نهێنی تەلیسمێکی بۆ شیبکاتەوە" (ل، ١٣).

ئەم نائاساییەییش هونەری پێشکەشکردنی شتێکی زیاترە لەنووسینی ئاسایی بۆخوێنەر لەلایەن نووسەر خۆیەوە، قووڵبوونەوەو کردنەوەی پەنجەرەکانی چێژ وەرگرتنە بۆ خوێندنەوەو هەروەها خەیاڵکردنەوەش بەسەر زمان و بیرۆکەکاندا. کردنی فینۆمینۆی نهێنی وەکو پانتاییەکی غەریب لێرەدا، تەنیا دەوڵەمەندکردنی جیهانی وێنەکێشانی ئەو ئەتمۆسفێرە نییە بۆ خوێنەر لەناو جۆرە تەماشاکردنێکی سینەماییانەدا، بەڵکو جۆرە ڕووبەڕووبونەوەیەکیشە کە لەبەردەم جیهانی ئەتمۆسفێری ئایدیاکاندا دایماندەنێت. یان دەتوانین وا بەو شێوەیە تەماشای بکەین، کەبوونی فینۆمینۆکان لەناو جۆرە نهێنی و پیرۆزییەکدا وێنابکرێنەوە یان هەبن و ڕووبدەن، ئەمەش لەپێناوی زیاتر چڕبوونەوەو دەوڵەمەندکردنی تێڕوانینەکانی خۆمان، هەروەها ئەم ئەتمۆسفێرە جۆرە جەنگێکیش نەبێت لەنێوان باوەڕبوون و ئیلحادبووندا بەشێوەیەك لەشێوەکان. تەنانەت، وەکو جۆرە جیهانبینییەکی پان–پییزم، دێتە بەرگوێ. یان تەنیا ئەوەنەبێت کەخودی فینۆمینۆکە بەو شێوەیە نرخ و بەهای زیاتر بێت، بەڵکو زیاتر سەرنجڕاکێش و سیحراویتریش بێت لەوەی هەیەو هەستیپێدەکرێت.

بەهەرحاڵ، لێرەوە هەوڵدەدەم لەڕێگای قسەکردن لەسەر ئەم کاراکتەرە زۆر (ناسك و شوشەییەوە)، یان لەڕێگای ئەم بوونەوەرە زۆر (خۆرهەڵاتی)و بێئەندازە (ڕۆحییەوە) ئەگەر بتوانم وابڵێم، کەم یان زۆر، قسە لەسەر عەشقی ئیفلاتوونییش بکەم، بەڵام لەبەردەم ئەو دیدگایەدا، کە بەدوای ئەو جۆرە تێزەدا بڕوات بۆ عەشق و خۆشەویستی. واتە ئەوەی کەئاینزاکان زیاتر جەختیان لەسەرکردووەتەوەو تەنانەت بووەتە ستراکتۆری جیهانبینی پاش ئیفلاتوون و هەروەها باوکانی کڵێساو تەنانەت شاعیرو نووسەرو ئەدیب و بیرمەندە ڕۆمانتیکەکانیش بەگشتی.

هەروەها خوێندنەوەی ئەم کاراکتەرە لەهەندێك دەروازەی تریشەوە ببینمەوەو تەماشابکەم، بۆ ئەوەی زیاتر وێناکردنەکان دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام بەئاستێکی

جیاوازتر لەفەزا رەشبینی و ئیفلاتوونییەکەی، ئەمەش لەبەر خاتری خوێندنەوەی جیاوازی ئەدەبیدا وەکو خوێنەرێك، چونکە لەبەردەم ئەم کاراکتەرەدا، رووبەڕوبونەوەیەکی قووڵ هەیە بۆ چەند دیوێکی زیاتر لەیەکدیوی و یەك لایەنی لەبۆ خوێندنەوە.

(١)

گێڕەرەوەی رۆمانەکە پێماندەڵێت، محەمەدی دڵشووشە عاشقێکی وایە، واتە عەشقی محەمەدی دڵشووشە بەرامبەر بوونی جیهانی عاشقێتیبوونن: لەئاست خوشکەسپییەکاندا (لاولاوی سپی)، بەوشێوەیە تەفسیرکراوەو بەوشێوەیە دێتە بەرگوێ لەخوێندنەوەی رۆمانەکەدا، ئەویش، کە عاشقێکی ئیفلاتوونییانەیە.

ئەگەر وابێت، ئایا خودی کاراکتەرەکەی رۆماننوس بەجۆرێك لەجۆرەکان کاراکتەرێکی ئیفلاتوونییە یان نا؟ چونکە زۆر ئاشکرا نییە بەڕاستی؟ یان تەنیا عەشقەکی عەشقێکی ئیفلاتوونییانەیە؟ هەرچەندە، ئەم عەشقکردنەی دەبێتە تەواوی مامەڵەکردنی ژیان و بوونی ئەم کاراکتەرە لەناو جیهاندا، واتە وەکو هەموو شتێك بێت لەبۆ ئەو وایە، بەملێکدانەوەیە، کاراکتەرەکەیەتی. عەشق هێزێکە دەیبەستێتەوە بەجیهانەوە، بەبێ عەشق ناتوانێت لەناو ئەم جیهانەدا بژی، بەڵام هێزی مردنیش هەرهەمان کاریگەری دەبێت لەم روانگەیەوەیە.

یان ئایا رۆماننووس ئەمە لەپێناوی شتێکی دیکەدا دەکات، ئەویش وەکو جۆرە دامەزراندنێك و جۆرە ئارگیومێنێك بێت؟ من پێموایە عاشقبوون بەو جۆرە، دیارە عاشقبوونە لەناو کایەی ژیان و جیهاندا بەشێوە زۆر رەهایەکەی بۆ تێزی عەشقکردن، ئەمەش دابڕاو نییە لەبەستنەوەی بەچەمکی مردنەوە.

ئەمە بۆخۆی هەڵگری قووڵبوونەوەی زیاترە بەڕاستی، بەوشێوەیەی (دڵشووشە) هەڵسووکەوت دەکات و دەژی و دەمرێت لەپێناوی عەشقدا، دیوێکی سۆزاوی و زۆر بەرزی هەستیاریی زاڵدەکات بەسەر تەواوی لایەنەکانی تردا، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر بێسنووریش بوونی یان سەپاندنی مەرگ ئەو بێسنورییەیە.

بەڵام، دڵشووشە لەسۆزو هەستدا نەزیف لێیدەدات، کە ئەمەش زیاتر رەنگدانەوەی جیهانە هەستیارەکەیە زیاتر، ئەزموونکردنی جیهانە بەو شێوە زۆر غەریبە، بەرزترین

پلەی هەستکردن بەعەشق دەیخاتە بەردەم حەقیقەتێکی زاتی خۆی، کەزووتر هەبووە یان بۆی نووسراوەتەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان.

ئەم عەشقەشی، وەکو نووسەر دەڵێت (هێزێکی نادیارو دەسەڵاتێکی زیاتر لەدەسەڵاتی مرۆڤ) بەسەریدا زاڵە، من ئەم گرێ نهێنیگەراییەی نووسەر لەخەیاڵیدایەتی، دەتوانم بە"بەخت، یان فەیت و چارەنووس" ببینمەوە. یان وەکو یەکێك لەفەیلەسووفەکانی پێش زەمەنی سوکراتی، کە بوون و جیهان لەناو هێزی خۆشەویستیدا فۆڕموولە دەکاتەوە، ئەویش بریتییە لەئیمپیدیکلس.

بەم کارەش، ئەوەی دەسەلمێنێت، چونکە کاراکتەرێکی ئیفلاتوونییە، بەڵام نووسەر لەلایەکەوە بەئیفلاتوونی ناویدەبات، لەلایەکی تریشەوە نهێنی عەشقکە بەخودی نهێنی هاتنی لافاوەکەوە گرێدراوەتەوە؟ هەرچەندە، هەردووك دەربڕین دەتوانن یەك ئەنجامگیریشیان هەبێت لەهەمانکاتدا، بەڵام لەدەربڕینی دووەمدا، کەزیاتر جێگای سەرنجدانی بابەتەکەمانە، رەنگە هیچ مەرجێکیش نەبێت کە کاراکتەرەکە بکاتە کاراکتەرێکی ئیفلاتوونی بەو شێوەیەی کەجیهانی ئەو بەهەموو شێوەیەك لەدەرەوەی هەستە زەمینییەکەیدا بێت؟

بەڵام بیریشیمان نەچێت، رۆماننوس تەنیا یەك رەهەندو یەك دیدو یەك لایەنی ئەم رووبەڕووبوونەوەیە پێشکەش ناکات، بەڵکو ئەم کاراکتەرەی، بەڕای ئێمە، بەچەندین بیرۆکەو شتی ترەوە بەستووەتەوە، یان ئێمە وایدەخوێنینەوە.

یان باشتربڵێم، کاراکتەرەکە لەبەردەم دەوڵەمەندی رویاو بیرکردنەوەو هەستەکاندا بەرامبەر ئەو دیدە جیاوازانەدا دەئافرێنێت، لەپێناوی دەوڵەمەندکردنی جیهانی بیرکردنەوەی خوێنەرو هەروەها جێژلێوەرگرتنی.

دوایی باس لەدیوە جیاوازەکانی ئەم کاراکتەرە دەکەم، چەند بتوانم بەپێی پێویست. تەنانەت هەندێکجار لەوەدەچێت، نووسەر بەئەنقەست (بیەوێت ئەم کاراکتەرەی خۆی) بکات بەجۆرە کاراکتەرێکی ئیفلاتوونی سەرسەخت بەو شێوەیە، ئەمەش لەپێناوی بەرجەستەکردن و دیتنی وێنەی ئاڵۆزی عەشق و ئایدیا عەشق و دواییش موستەحیلییەتی عەشق لەناو جیهاندا بەو شیوەیە.

یان دەتوانین ئەم دەربڕینە بەمشێوەیەی خوارەوە سازبدەینەوە: کردنە ئیفلاتوونی کاراکتەری "دڵشووشە"، لەپێناوی نائیفلاتوونییەتی بیرکردنەوەی خوودی ڕۆمانووس خۆیدا بەرجەستەبێتەوە؟ بەهەرحاڵ، دواجار ڕۆمان هەرچیەك بێت دیارە هەمیشە مانیفسێتکردنەوەی فەزاو خولیاکانی (کەسە/خوودە)، دیارە ئەمەش لەهەستە زۆر مۆدێرنەکەیدا بۆ فراوانکردنەوەی جیهانی خوود لەجیهانبینییە زۆر فراوانەکەیدا بۆچەمکی خوودگەرایی. دیارە، ئەمجۆرە هزراندنە لەدیدە هاوچەرخەکەیەوە بۆ نووسین، تۆخکردنەوەی جیهانی نووسەرە وەکو بابەت، کەهەمیشە گرێدراوەتەوە بەخودی ڕۆماننوسەوە لێرەدا، وەکو بەرهەمهێنی بەرهەمەکەو هەروەها کاریگەری خوودو ژیانی خۆی بەسەر بەرهەمەکەوە، یان ڕەنگدانەوەی کەسیی ڕۆماننوسەوە، وەکو کەسێك کەنووسەرەکەیە. نووسینیش وەکو چالاکییەکی هونەری لێدێت لێرەدا، لەناو جیهاندا بۆ بەرهەمهێنانەوە لەئاست پێشکەشکردنی خودێکدا بۆ دەرەوەی خۆی. هەرکاتێك، هەرچیەکیش دەنووسێت، هەمیشە خۆی لەخەیاڵدایە. تەنانەت، ئەگەر باسیش لەخوودی خۆشی نەکات، وەکو میلان کۆندێرا دەڵێت" ڕۆمان، پەخشانێکی مەزنە کەنووسەر تیایدا بەناویدا دەگەڕێت، لەمەبەستی ئەزموونگەرایی کەسەکاندا (کاراکتەرەکاندا)، کەبابەت و مەغزای بوونە" (٢).

بابەت و مەغزای بوون، هەرگیز لەدەرەوەی جیهانی نووسەریشدا نییە بەڕاستی، یان هیچ نەبێت بەشێکە لەو جیهانەی نووسەر.

نەوەك هەرئەمەیش، بەڵکو نووسەری ڕۆمانەکە، لەڕێگای مەرگی کاراکتەرەکەیەوە، ڕەنگە بیەوێت بانگەوازی جۆرە مەرگێك بکات بۆتەواوی بیرکردنەوەی ئیفلاتوونیزمیانەش تەنانەت؟ سادەترین بەڵگە بۆ ئەم قسەیەی سەرەوەمان، پێمانوایە، خودی مەرگی (کاراکتەرەکەیەتی)لەشێوە زۆر نائاساییەکەیدا، کەڕۆمانتیکییەتێك دەبێتە ئامانجی بەجێهێشتنی تەواوی جیهانیش، ئایا ئەمە وەکو بەرزترین پلەکانی هەستێکی تراژیدی نییە بۆ خۆی؟ هێزی مەرگ یەکسان دەبێت بەهێزی ئەو عەشقەی تووشی بووە. ئەمەش ئەوەیە، کەچیدی کاراکتەرەکە ناتوانێت لەناو دونیایەکدا بژی کەمانای تیادا نامێنێت لەدوای پشتگوێخستنی دڵدارەکەیەوە بۆئەو، بەبێ بوونی ئەو عەشقە ناتوانێت هەڵبکات کەخۆی وەکو (مۆدێلی خۆی=پارادایمی عەشق) دەیخوازێت و دەیبینێتەوە. ئەمەش

ڕەهاگەرییـەکی بێئەندازەیـە، کـە دەبێتـە جۆرێـك لەتونـدڕەوی لـەناو ژیـان و جیهانـدا بەجۆرێك لەجۆرەکان!!

ڕەنگیشە ئیستاتیکای ئیگۆی کاراکتەرەکە بێت لـەبۆ عەشـقکردن بەوشـێوەیە، بـەڵام خوودگـەرایی نووسـەر لەئاسـتە ئیـستاتیکییەکەیدایەتی، بـەدیوێکی تریـشیدا بانگـەوازی جـەنگێکی گـەورە دەکـات دژی جۆرێـك لەفەلـسەفەکردن لـەناو بـوون و جیهانـدا. کەواتـە دروستکردنی دڵشووشە وەکو کاراکتەرێك، هەرچییەك بێت بەرهەمی دەسـتی خەیاڵـەکانی نووسەرە، هەروەها خوێندنەوەی ئێمەشە لەکاریگەرییەکانیدا وەکو خوێنەر.

بەرگەنـەگرتنی دڵـشووشە لەناوجیهانـدا، پێمانوایـە (فۆرمێکـە)لـەبوونی توندووتیـژی لەناوجیهانـدابۆخۆی، بـەڵام لەهەسـتە (زۆر سـۆزداریە ئیگۆیزمییەکەیـدا) بەمـشێوەیە، ئەمەش لەهەستە ئایدۆلۆجیەکەیەوە مەبەستمانە کەنایەوێت نێوەنـدو مۆڵەتـەکان ببینێـت یـان تاقیبکاتــەوە لــەناو جیهانــدا، چــونکە جــۆرە خۆکوژییەکــە لەناوجیهانێکــدا، کەمامەڵــەکردنی پێکدادانــە ڕۆحییەکەیــەتی بەرامبــەر شــتەکان، هــەروەها فــەزای مەتریالیزمییــەتی بــوونی دوو جیهــان بەرجەســتەدەکاتەوە لەیەککاتــدا. جیهانێــك کــە بەتەواوەتی ڕووتکردنەوەی ڕۆحە، جیهانێك کەدابینکەری شتەکان و هـەروەها نێوەندێکە بـۆ ئـەزموونکردن، چـونکە ئـەزموونی دڵـشووشە زۆر تاقانـەو زۆر جیـاوازوەو هـەروەها نهێنیگـەراو ڕۆحانیانەشـە بۆخـۆی، ئەمــەش بــەدیوە زۆر خاپوورکەرەکەیـدا بـۆ خـود لەناوجیهاندا. بەمانایـەکیتر، دڵشووشە، کاراکتەرێکـە بـەدڵ دەژی، نـەك بەعـەقڵ، لەبـەر ئـەوە ئـەم عەشـقەی ئـەو دەیکـات، هەرئـەنجامێکی هـەبێت بەخەیاڵیـدا نایـەت، چـونکە بەرهەمی یان ئابجێکتی ناو ڕووداوی تراژیدیای عەشقە، بەڵام ئەم عەشقە، وەکو خـوودی ژیانیش دەبیندرێتەوە بەجۆرێك لـەجۆرەکان. بۆئـەم سـەرنجەمان، بـۆ خـۆم بیرمەنـدێکی وەك (شۆپنهاوەرم) بەخەیاڵدادێت، یان بیردەکەوێتـەوە، کـە لـەڕێگای پووچـەڵکردنەوەی دونیایەکدا، مرۆڤ تیایدا دەمرێت و کۆتایی پێدێت، چیدی بێهـودە دەبێـت. بەهەمانـشێوە نووسەرێکی وەکو کیرکجارد، کە یەکەم نووسـەرە ئامـاژە بەبیرۆکـەی (ئەبـسێرد)، دوایـی ئالبێر کامۆ، ئەم بیرۆکەیە سکولاردەکات و لـەناو ڕەنگدانـەوەی تێزەکەیـدا سـەبارەت بـە (ئەفسانەی سیزیف) بەرجەستەی دەکاتەوە. بەهەرحاڵ، لەبەرئەم بێهوودەییە زۆر قووڵە، چیدی نائارامانە ناتوانێت ئامێز بۆ ژیـان بکاتـەوەو چـاوەڕێدەکات بـۆ مـردن. هەرچـەندە

مردن وەکو چەمك و قەیران و لێکدانەوە بابەتێکی گرنگ و ئالۆزو حەساسیشە لەبۆ شۆبنهاوەرو کیرکجاردو ئالبێر کامۆ، تەواوی بیرمەندە بوونگەراییەکانی دیکەش. بۆنموونە، لاولاوی سپی، وەکو خودی (جیهان)بێت وەهایە، لەبەردەم ئەوەی کە دڵشووشە وەکو کاراکتەرێکی شۆپنهاوەری ببینینەوەو ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبێت. بێگومانیش هەرواشدەکاتەوە، چونکە تەواوی جیهان بێمانا دەبیندرێتەوە بەبێ بوونی عەشیقەکەی لەناویدا، واتە لاولاوی سپی. هەرچەندە، هەموو شتێك بێهوودەیە بۆ دڵشووشە، لەبەر ئەمە ناتوانێت بەرگەی دونیایەك بگرێت، چیدی کاردانەوەکە لەسەر دڵی کۆتایی دێت.

زیاتر لەئاستە ڕۆمانسییەکەیدا بۆبێهودەیی و پووچەڵکردنەوەی ژیان، لەبەر هەرهۆیەکی تریشبێت، ڕەشبینی و بێزاری شۆپنهاوەورم بەخەیاڵدا دێت لەئاست بوون و ژیاندا کەبێمانایە یان پڕئازاری بەرگەنەگرتنە.

دیارە ئەمەش، لەپێناوی شیوەنکردنێکی تەواو سۆزداری گەورە بۆ (ئیگۆییزم)و سەلماندنی ئیگۆیەکەیەتی. شیوەنی کاراکتەرەکە بەڵگەی بەئیگۆبوونێتی لەبەردەم ناسینەوەیدا/هەستپێکردنیدا لەناو تراژیدیای خۆیدا.

کەواتە دشتوانین بڵێین، ئەمە جۆرەشیوەنێکە لەپێناوی ناسینەوەدا، وەکو ناسینەوەیەکە لەدیدگا ئۆنتۆلۆجیەکەیەوە بۆ بوون و جیهان. دواییش پووچەڵکردنەوەی خوودی خۆیەتی لەناو دونیادا، ئەویش لەڕێگای سەپاندنی بوونی ڕەشبینییەوە، ئەو ڕەشبینییەی بەمەرگ کۆتایی پێدێت، بەڵام بیرمان نەچێت، هەرچیەك لەکاراکتەرەکە دێت، لەناو جیهانی"دڵدا" کورت بووەتەوە. سەپاندنی مەرگ بەمشێوەیە جۆرێکە لەناسینەوەی تراژیدیای ئیگۆی کاراکتەرەکە لەناو سۆزە زۆرە غەریبەکەیدا کەهەیەتی بۆ عەشق. عەشق، واتە دڵ، هەرچەندە بۆ ئیفلاتوون زیاتر مانای عەقڵ دەگرێتەوە بۆ ئارەزووکردنی بەرزترین فۆڕمی زانین، کە خۆشەویستییە بۆ فەلسەفە.

ئەوەی دەمێنێتەوە لەناو جیهاندا بۆ بوونی، بێنرخ و بێبەها دەمێنێتەوە، چونکە بیرمان نەچێت بەئیفلاتوونیکردنی کاراکتەرەکە بۆ عەشقکردن لەناو جیهاندا بەو شێوەیە، واتە بەڕۆحیکردن و بەجەوهەریکیردنێتی لەناوخۆیدا بەشێوە زۆر ڕەهاگەرو قووڵەکەشی لەناوجیهاندا بەوشێوەیە.

هـــەمان بیرۆکـــەی دڵـــشووشـــە، بـــۆ عەشـــق و خۆوشەویـــستی، یـــان لەناوکۆییـــە کۆمەڵایەتییەکەیدا ببینینـەوە، کەئـەم خۆشەویستی و عەشقکردنە دەبێتـە دۆزینـەوەی (هاوسـەری)نموونـەیی، ئیـدیال. عەشـقی ئیفلاتـوونی، واتـە ئیـدیالیزم، تەنانـەت جـۆرە ئیـدیالیزمێك کـە زۆر ناحـەزە بـەدونیا، دونیایـەك ئـازاری عـەقڵ و ئایـدیای نـاوەوەی فەیلەسـووف دەدات، بـەڵام عەشـقی دڵشووە، کـەئابجێکتی ئـەم عەشـقە، ئەوەیـە کـە لەوێنەی (لاولای سپیدا) کۆتایی پێدێت، بەڵام تەنیا دەبێت ئەو حـەزی لێبکـات، تەنانـەت پاڕانـەوەو گلەییەکانیـشی بـۆ لاولاوی سـپی کـەدەبێت حـەزی لێبکـات، وەکـو جـۆرە خودایەکی بچوکی زەمینی وەهایە، کە ئەگەر لاولاوی سـپی حـەزی لێنـەکات ئـەوا چیدی دەمرێت (فۆڕمێکی هەڕەشەکردنیشە، جۆرە سایکۆلۆژییەکی تیرۆرە بۆ خۆی).

ئەوەی محەمەدی دڵشووشە داوای دەکات جۆرە یـەکگرتنێکی سـەپێندراوە، تەنانـەت پاڕانـەوەو گلەییەکانیـشی هەسـتێکی مـۆرالی تیـادا بەدیـدەکرێت. ئەمـەش جـۆرە یەکگرتنێکە، کەهەندەی گەمەی ئیگۆی دایەلەکتیك بەرجەستە دەکاتـەوە بـۆ دڵشووشە، هەنـــدە جـــۆرە دایەلـــەکتیکێك نییـــە، بەرجەســـتەکردنەوەی دوو کەســـی تیادابێـــت لەناویەکگرتنەکەدا. ئەمەش بێگوومان جۆرە دایەلەکتیکێکـە، کـە دەتـوانین ئـەو عەشـقە ئیفلاتوونییەی پێ بپێوین و پێبخوێنینەوە کە فەلسەفەی ئیفلاتـوونیزم ڕەچاوی دەکـات. هـــەروەها دەتـــوانین بـــەو یەکگرتنـــە شموولییـــە هیگڵییـــەش تەماشـــای بکـــەین، کـــە لەیـەکگرتنێکی دایەلەکتیکیـدا کامـەرانی و ئاسـوودەیی دابینـدەکـات، ئـەویش لەئاسـۆی کۆتـایی بـونێکی گـشتیدا بـەناو خـوودی تـەواوی جیهانـدا: وەکـو ڕۆحـی ڕەهاگـەری، کـە بەئایینی مەسیحییەت تەواو دەبێت.

ئەمـەیش بێگومـان لەسـەر نرخـی بـوونی (ئیندیڤیـدواڵ) دێتـە دی، واتـە سـەپاندنی ڕەهاگـــەری بـــەو شـــێوە دایەلەکتیکییـــە بەســـەر بـــوونی ئارەزووەکـــانی تاکەکەســـدا دەنرخێندرێت و دەسەپێت، ئەگەر وایببینینەوە.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی بۆبکەم، دیارە مەرگی دڵشووشەیە، وەك گەورەترین (سۆز)، بەڵام لەهەمانکاتیشدا وەك بەرزترین ساتەوەختی (نیگەتیڤیتی) کە تەنیا بوونێکی تاکڕەهەندە، هەروەها ڕێگا بەئەویتر نادات وەکـو (خـۆی) بـژی، وەکوخـۆی هەڵسوکەوت بکات و وەکو خۆی بڕیاربدات لەناو جیهاندا. بەمانایەکی تر، "خۆکوژی دڵشووشە"، ڕێگـا

نەکردنەوەی، یان باوەڕنەکردنە بەفۆڕمی لیبرالیزمێك، کە لەلای لاولاوی سپیدا بوونی هەیەو گەمەیەکی زۆر فراوانیش دەکات!.

بۆنموونە" لەهەموو شتێك گرنگتر من دڵم لەشووشەیە، لەشووشەیەکی زۆر ناسك، بچووکترین دڵشکان دەمکوژێت... من کەسێکم لەشووشە، کەشکام ورد دەبم، کە وردیش بووم پارچە بەجێدەهێڵم، کەپارچەشم بەجێهێشت، دەبم بەمردوویەکی بەد، من کەمردم بەجۆرێك پەراش دەبم کەس ناتوانێت تێبگات کەپارچە وردو تەنك و خۆڵئاساکانی منە ژیانی تێکداوە... لەبەر ئەوە دڵم مەشکێنن" رەنگدانەوەی ئەم جۆرە وێناکردنە لەناو سایکۆلۆژیای ئەم کاراکتەرەدا بەزەقی بەرجەستەیە کە دڵێکی کامۆییانەیە لەبێهوودەیی، دڵشکانی ئەم کاراکتەرە، مەرگی کاراکتەرەکەیە، جۆرە نرخێکە کەدەبێت ئێمە بیدەین، یان لاولاوی سپی بیدات، چونکە بەبێ ئەو چیدی دەمرێت.

کەواتە بێگومان ئەم قسانەی دڵشووشە تێکەڵەیەکن لە" هەڕەشەو تکا لەپاڕانەوەو ترساندن" (ل، ١٨)، ئەم سێ چەمکە لەڕەنگدانەوەی خوێندنەوەی شۆپنهاوەر، کیرکجارد، کامۆدا هەن، هەرسێ چەمکەکە بەهەموو شێوەیەکی قووڵ، دڵشووشە، دەکەن بەبوونەوەرێك دڵ–ئاسا، ئەمانەش سەرەکیترین رەگەزن بۆ ستراکتۆری بوونەگراییەتی ئەم کاراکتەرە، چونکە راستە مامەڵەکردنی کاراکتەرەکە لەگەڵ عەشقدایە، بەڵام ئەم عەشقە خوودی ژیانە، کەواتە مامەڵەکردنی دڵشووشە لەگەڵ قەیرانی ژیان و بووندایە بەلای ئێمەوە.

ئەوەی دەتوانین ناوبینێین لێرەدا، لەڕەنگدانەوەی ئەو وشانەی سەرەوەدا (پاڕانەوە، ترس، تکا، هەڕەشە) هاوکاتیش، جیهانبینییەکی ئایدیالیزمە، کە ئەویش بەهەموو شێوازێك لەسەر سەنتراڵییەتی بیرۆکەی نەشکانی دڵی دڵشووشە رادەوەستێتەوە، بەڵام دڵشووشە، دەزانێت کە دڵی دەشکێت، ئەمە ئەوەندە شتێکی نهێنیگەرا نییە، چەند ئەوەندی شتێکی حایربووی غەریبە. ئەمەش سەقامگرتنێکی ئایدیۆلۆجیانەی هەیە کە ئەو نرخە دەبێت ئەوانیدی بیدەن، جۆرێکە لەبەسەرداسەپان، یان وەکو بیرۆکەی (determinism)ی لێدێت. ناسکێتی ئەم کاراکتەرە وەکو جەبرێکی لێدێت کە ئەوانیتر دەبێت بەرگەی بوونی ناسکێتی ئەو بگرن؟ یان بەرگەیان گرتبێت، مەحتومە، بەلام وەلامی لاولاوی سپی بە (نا)بۆخۆی مانیفێستکردنی بەرگەنەگرتنێتی، چونکە

مـەحكوومن بـەم بەرگەگرتنــە لێـرەدا، بـەڵام چـيدی ئـەزموونكردنی جيهـان بـەجۆرێك لەجۆرەكان سنوورێك بۆ ئەو مەحكوومييەتە دادەنێت. ئەمەش بۆئەوەی خاپوور نـەبێت و نەشكێت وەكو ناسكی شووشە، كەمەعقوولييەتی تيادايە، بەڵام لەهەمانكاتيشدا دەيەوێت سـنوورەكانی ليبراليزمـی ئەوانيـدی ببـەزێنێت بـەجۆرێك لـەجۆرەكان؟ ئەمـە هـەڵگری قەيرانمان دەكاتەوە، چونكە ئازادييەكانی ئەوانيدی سنوودار دەكات. بۆ نموونـە، لاولاوی سپی دۆشدادەمێنێت، بـەڵام وەكـو كاراكتـەرێك وەڵامدەداتـەوە، كـە مەحكومييـەتی ئـەو عەشـقە هەڵدەوەشـێنێتەوە. بـەكورتی، لەبەرئـەوەی ئامـادەبوون لـەناو ژيـان و جيهانـدا لەئايدياليزم و راشيناليزم زياترەو گەورەترە، كەواتە محەمەدی دڵشووشە دەبێت بمرێـت، چونكە ناتوانێت بەرگەی نائايـدياليزمی و ناڕاشـيناليزمی ژيـان و جيهـان بگرێـت؟ وەكـو جۆرە نورانی و سۆفييەك وايە، كە دێت بـۆ دونيـا خـودا بدۆزێتـەوە، يـان خـودا ببينێـت، بەڵام ئەمە نەك نابێت، بەڵكو هەرگيز روونادات، چونكە هـيچ نـەبێت، رەنگـە خـودا مانـاو تێگەشتنێكی جياوازی هەبێت بۆ هەريەكێك لەئێمە. لەبەر ئەمە ناتوانێت بەرگەی جيهانێك بگرێت كە خوداكەی ئەوی تيادا نييە.

دڵشووشە، لەبەر ئەمەيـە كـە دەمرێـت و تووشـی "نـەزيف" دێـت، چـونكە (ئەويـدی) بەهەمانشێوە تەماشـای ناكـات و نايخوێنێتـەوە، ئـەوی دی بـەجۆرێك لـەجۆرەكان وەكـو خودايەك دەبيندرێتەوە! وەكو سەربەخۆيی كەسبوون لەناو جيهانـدا نابيندرێتـەوە؟ ئـەو يەكگرتنــە هيگڵييــەش (دايەلـەكتيكی رەهـادا)، يـان كۆتـايی شـتەكاندا/مێـژوودا، لـەناو بەختياريــيـەكی ئايينيانـەدا بۆكۆتـايی مێـژوو لەهەسـتە رەهاكەيـدا، كـە رۆحـی رەهايـە سەقامدەگرێت. ئەمەش بۆخۆی ريشەكەی لەناو هەستە زۆر رەهاگەرە ئيفلاتوونييەكەدايە (ئايديا)ئەويش لەپرۆژەی (باشەدا)بەردەوامە بۆ مرۆڤايـەتی، بـەڵام لـەناو مانـا زۆر قووڵـە ئايينييەكەدايە، باشە وەكو كۆتايی دەبێتە ئـايينی مەسـيحييەت بـۆ هيگڵيـزم، نـاوەرۆكی ئەم ئايينييەش خوودی عيسايە، كە خودايە.

ئەگەر ئەم تێڕوانينەمان لەگەڵ جيهانبينی خۆشەويـستی و عەشـقدا ببينينـەوە، ئـەوا ئەوەی بڕياردەدات و بيردەكاتەوەو دەفەلسەفێنێت، تەنيا (ئەوكەسە)بـۆی هەيـە (كـەس، يان ئابجێكتی خۆشەويـستييەكە) هەڵبـبـژێرێت و چـێژيش لـەو خۆشەويـستييە وەربگرێـت بەمانايەك لەماناكان. ئەوەی لەناو ئەو يەكگرتنەدا گەمە دەكات، سياسەتی چێژ بەخـشين

و چێژ وەرگرتنە لەئاستێکی نامیوتاڵدا (واتە تەنها لەیەکسەرەوە، یەك لایەنەوە) کەواتە بەپێچەوانەی ئەوەی، وەکو ڕۆبێرت نۆزیك، دەڵێت" پێناسەکردنەکەی بۆ سەرووەرو کۆیلە لەهەستێکی ناجێگیرو ناتەوازونی دایەلەکتیکدا، هەروەها لەناو ڕۆمانتیکییەتی (ئێمە/دووکەس)، ئازادی ئەویترو هەروەها کۆمپلیتبوونی وەکو موڵکایەتییەك کە ئاشتکردنەوەو پێکەوەییە لەفۆڕمی تێکهەڵکێشاندا سەرسوڕماندنی فراوانکردنەوەی شوناسە بۆ هەردووکیان" [٣].

ئەوەی چێژ وەردەگرێت بریتی نییە لەوەی چێژەکە دەبەخشێت، هەروەها بەپێچەوانەکەیەوە. ئەوەی گەمە دەکات بوونێکی ڕەهایە بۆ سەپاندنی فۆڕمی تۆتالیتارییەت بەجۆرێك لەجۆرەکان، چونکە لەپەیوەندییەکی خۆشەویستیدا بۆ ئاستە میوتاڵەکەی/هەردوولایەنەکەی، ئەو" ئەوەی (تۆ) دەتەوێت و ئارەزووی دەکەیت بۆ تەمەلووككردن/Possess بەئەوی دییەوە بەشێوەیەکی پڕاوپڕ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خوودی شوناسی خۆتدا" [٤].

ڕۆبێرت نۆزیك، لەئاماژەکانیدا بۆ خۆشەویستییەك کە بەهەموو ئاقارەکانیدا لەسەر هەردووك لایەندا (دوو کەس) بکەوێتەوە، ئەویش تەکامووڵبوونەکەیە لەشووناسێکی فراوانتر لەزاڵێتی و تۆتالیتارییەتی لایەنێك بەسەر لایەنەکەی تردا: میوتال و هاوسەنگ و بالانس و هارمۆنی. لەبەر ئەمەیە کێشەی لەگەڵ خۆشەویستییە ئیفلاتوونییەکەدا هەیە، چونکە هاوسەنگ نییە.

ئەمەش کۆمەڵێك هەلومەرجمان دەخاتە بەردەم، بۆنموونە ئەگەر یەکێك "خۆشەویستی" پێدرا بۆ ئارەزوویەکی تایبەتی یان بەهایەکی تایبەتی لەناو کاراکتەرەکە، لەلایەکی ترەوە، ئەگەر یەکێکی دی هاتو لەو خاسیەتە تایبەتییانەی زیاتر تیادابوو، یان ئەویدی کە لەکاراکتەریدا تایبەتمەندی زیاتریش هەبوو، وا دەردەکەوێت کە ئەم کەسەت زیاتر خۆشبوێت. لەم حاڵەتەدا، چاوەڕوانیکردن بۆچی بۆکەسێکی"باشتر" کە دێتەپێش، ئایا بۆچی چالاکانە ئاڵوگۆڕ نەکەین لەگەڵ ئەوەی کە زیاتر لەخاسیەتەکانی تیادایە لەگەڵ بەهاکان لەدیوە جیاوازەکانییەوە؟ " هەروەها وەڵامەکەش بەمشێوەیەیە لەلای نۆزیك بۆ نموونە، چونکە" (تیۆریەکەی ئیفلاتوون لەبەردەم ئەم پرسیارانەدا بەرگە ناگرێت، چونکە لەبەرئەوەی فۆڕمی جوانی کە فۆڕمێکی ئەبسەلووتە (ڕەهایە)و گونجاوە

وەکـو ئـابجێکتی خۆشەویـستی، هەرکەسـێکی وا دەتوانێـت کـەم و زۆر هــەڵگری ئــەو کاراکتەرە بێت کە عەشیقەکە بەئاگادێنێتەوە وەکو فۆرمی خۆشەویستی، لەبەرئەمـە، کـە هەرکەسـێکی باشـتر دێـت بەئاگابوونەوەکـە بـسەلمێنێت دەبێـت جێگـای ئەویـدی بگرێتەوە)"[٥].

بـەکورتی، ئـەوەی هەمیـشە بـەدوای فۆڕمەکـەدا دەگـەڕێت لەبۆعەشـقکردن، هـەرگیز ناتوانێت ئارەزو و خەونەکانی خۆی لەناوکەسی دۆزەرەوەدا ببینێتەوە، چـونکە هەمیـشە یــەکێکیتر هەیــە، کــە دەتوانێــت رەنگدانــەوەی خــەون و ئــارەزو و خەیاڵــەکانی بــۆ عەشقکردنەکە جێبەجێبکات. لێرەدا، هەمیشە لایـەنێك دەبێتـە قووربـانی لایەنەکـەی تـر، ئەگەر وابێت. واتە سۆزە زۆر ئیگۆییزمەکەی (محەمـەدی دڵـشووشە)، بـۆ خـۆی هـەڵگری فۆڕمێکە لەو سیاسەتەی، کەزووتر بۆ (یەکگرتن) سەقامیگرتووە، یەکگرتنێك لەژێر ئـاڵای خۆیدا، بەڵام بێگومان دەزانین، یەکگرتنێکی رۆحییـە، بـەڵام یـەکگرتنێکیش تـەنیا لـەلای دڵشووشە بوونی هەیە ! فەنتازیای "دڵشووشە" بۆعەشقکردن، لەناو فۆڕمیکی سۆفییانەدا دەخولێتەوە، بەهـەموو شـێوەیەك لـەناو خۆیدایـەتی، ئەگـەر وابڵـێین، چـونکە سـەنتەری بوونی دڵشووشە بریتییە لەجیهانی دڵـی، دڵـیشی بریتییـە لـەناوەوەی خـۆی. هەرچـەندە گێـڕەرەوەی چـیرۆکی رۆمانەکـەش دەڵێـت" هـاوارێکی نادیـار لەمحەمـەدی دڵـشووشەدا سەرهەڵدەدات کە پێیدەڵێت (ئەم ئێوارەیە، ئێوارەی خۆشەویـستیە) (ل، ١٦)، هـەروەها لەلاپەڕە چواردەدا، دەڵێت"ئێوارەیەکی خۆشە بـۆ محەمـەدی دڵـشووشە پێیوایـە یـەکێك لەکلیلەکانی تەنیا لەباراندا دەرگا دەکاتەوە"، نهێنی باران و لافاوەکەش پابەندە بەمەوە، چونکە کلیلی ئەو نهێنییە لەلای کاراکتەرەکەمان وەکو هەڵگری نهێنییەکان بێت وەهایە.

بەختیار عەلی، بەشێوەیەکی زۆر ئەفسووناوی خوێنەرەکانی خۆی دەخاتە بەر ئەمری واقیعەوە، بۆ خورپەکردن و هەستکردن بەکاراکتەرەکەی بەوجۆرە، ئـەویش زۆر لـەنزیك و لەناخیـشەوە لەهەمانکاتـدا. لـەناو چـەمکگەلی وەك، بۆنموونـە: جیهـان، نهـێنی، مـردن، عەشـق، خـودا، نەترسـان... هـەتادوایی، بەهــەموو ئاسـتێکی نووسـین لـەناو کاریگـەری ئەدەبیانە نووقممان دەکـات. ئـەم چـەمکانە، وەکـو بڵـێی وەك دڵۆپـە ئـاو دەچـۆڕنە نـاو مشتی میتافیزك و خودایەکـەوە، بـەڵام وایـیش نییـە لەهەمانکاتـدا. جـۆرە هونـەرێك لـەم زمانەیـدا هەیـە، کـە کـامێرای زمـان شـوێن تەسـوێردەکات لـەناو مۆسـیقای کاریگـەری

دەربڕینەکانیدا، بەڵام ئەوەی سەنتراڵە لێرەدا ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ عەشقدا، بەڵام عەشقی ئەو، نووسەر دەیەوێت بەهەموو شێوەیەك، بەشێوەیەکی نائاسایی بۆمان وێنا بکاتەوە، چونکە ئەوە دڵشووشەیە لەناو خۆشەویستییەکی جۆرە ئاسمانی و خوداییانەدا زووتر بڕیاریداوە لەهەستە زۆر ڕەهاگەرو هەروەها سەیرەکەیدا بۆ دۆزینەوەی (ئەویتر) بۆعەشقکردن سەقامبگرێت بەوشێوەیە، بەڵام هیچ گومانێکی تیادانییە، نەك بەئاراستەیەکی تردا، چونکە ئەوە دڵشووشەیە دەیسەپێنێت بەسەر کچە سپییەکاندا، کە دەبێت ئەمیان خۆشبوێت، هەستکردن بەتاوان گەمەیەکی سایکۆلۆژییە لێرەدا کە لەلایەن محەمەدی دڵشووشەوەیە، چونکە ئەگەر وانەبێت (واتە کچەکان وانەکەن، کەدڵشووشە دەخوازێت)چیدی دڵشووشە"دەمرێت". چەمکی هەستکردن بەتاوان پابەندە بەئاماژەکردنی مەرگەوە لێرەدا، هەرچەندە کاراکتەرەکە بەڕاستیش دەمرێت.

کە زووتر ئەم مەرگەی خۆشی زانیوە لەڕێگای خەونەکانییەوە. جۆرە ناڕەواییەك هەیە لەئاست سەپاندنی ئەو جۆرە عەشقەدا، بەتایبەتی لەئاماژەکردنیدا بەچەمکی مردنەوە. خوودی کاراکتەرەکە دەزانێت، کە ئەم عەشقەی عەشقێکی ناکامە، بەڵام ئەوەی ڕوونادات، خودی عەشقەکەیە، کە شوێن داگیرناکات، ئەوەی ڕوودەدات، تەنیا ئەوەیە، کە خاپووربوونێکی یەکجارەکییە وەکو تراژیدیا کاراکتەرەکەیە. ئایا ئەمە وێناکردنی خوودی عەشقە بەمشێوەیە بێت. واتە ئایا ئاکامی عەشق بەوشێوەیە کۆتایی پێدێت؟

ئەوەی ڕوونادات، ئەوەیە کەدڵشووشە داخوازێتی و ڕۆحی لەئازاردایە بۆی، هەرهەموو بوونی خستووەتە خوران و ئێشێکی سەیرەوە، ئەویش ئەوەیە هیچ یەکگرتنگ ڕوونادات، هاوکێشەی عەشق دابین نابێت، بەڵکو ئەوەی ڕوودەدات، بەرپابوونی مەرگە، مەرگێك یەکسانە بەجۆرە بوونێکی شووشەیی کە بەرگەی دونیا ناگرێت، کەواتە ئایا عەشق نابێت یان ناکرێت، یان دەبێت وابێت کە بەئاکامی تراژیدیای خۆی دەگات؟

بەڵام، ئەوەی ڕوودەدات، زووتر بەرنامەڕیژی بۆکراوە لەلایەن شتێکی ناو ئەم گەردوونەوە. هێزێك لەناو دیاردەی لافاوەکەوە وەك تێدەگەین لەڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆدەکرێت، ئەمەش عەشقەکە دەکات بەجوڵاندنەوەیەکی نامەتریالی و ڕۆحی لەڕاستیدا: واتە عەشقێکی ئیفلاتوونی بەوشێوەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لێرەدا بەرجەستەبێت،

پێمانوایه، وەکو ڕەنگدانەوەی بیرکردنـەوەو فەلـسەفەی، فەیلەسـوفێکی پـێش سـوکراتی (ئەمپیدیکەڵ) بێت وایە، یان دەتوانین خەیاڵمان بۆلای ئەو فەیلەسـووفە زۆر دێرینەبـەرین بۆ ئـەم چـرکە سـاتە، چـونکە بۆنموونـە ئەمپیدیکـەڵبوونی شـتەکان بەخۆشەویـستییەوە دەبەسـتێتەوە لەناوجیهانـدا. ئەمپیدیکـەڵ، خۆشەویـستی وەکـو فـۆرس و هێزێـك دەبینێتەوە، کەتەواوی شتەکان دەبات بـەڕێوە لـەناو ئـەم جیهانـەداو لێـی بەرپرسـیارە. هەروەها لەگەڵ بیرمەندە پێش–سوکراتییەکانی تری وەکو (فیساگۆراس و هیراکلیتیس و پەرێمێنـدێس و ئەنۆکساگۆراس و ئـەوانی دیـش)، هـەروەها ئەمپیدیکـەڵ، کـەم تـا زۆر، کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی ئیفلاتوون بەجێهێشتووە. لەگەڵ ئەمەشدا"ئەو ئێوارەیە کە محەمەدی دڵشووشە دێتەدەرێ، باوەڕێکی قووڵی بەفرسـەتەکانی ژیـانی خـۆی هەیـە" (ل، ١٤) فرسەتەکانی خۆی جۆرە هەستکردنێکە بەنەترسـان و موجازەفەکانییـەوە لـەناو هەسـتکردن بەنهێنییـەکانی بـۆنکردنی جیهـانی عەشـق و تـەواوی گـەردوون، کـە هـەموو نهێنییـــەکانی لەناوخۆیـــدا دانـــاوە. لەگـــەڵ ئەمانەشـــدا، عەشـــقی دڵـــشووشە، هـــەر خاپووربوونێکی یەکجارەکییەو یەکساندەبێتەوە بەهێزی یەکجارەکی مـەرگ لەناوجیهانـدا بەوشێوەیە. واتە لەناو ئەویەکگرتنەدا، ئەوەی سەنتراڵە، تـەنیا سـۆزی یـەك کەسـە، یـان سـۆزێکی یـەك لایەنـە بەرامبـەر ئـەوەی تـر، ئـەویش خـودی دڵـشووشەیە لەهەسـتە زۆر ڕەهاکەیدایـەتی بۆخـۆی. ئەمـەش هـەروەکو نهێنییەکـەی خـۆی وایـە، کـە وەکـو نهـێنی بمێنێتەوە وایە لەناومردنەکەیدا. تەنانـەت بۆخـاپوورکردنی خـودی خۆشـی لـەو پێنـاوەدا دەبێتە گەورەترین (ئیگۆ)، لـەبۆ مردنێکـی زۆر تراژیـدی. ئەمـە سـێگمۆند فرۆیدیـشیمان بیردەخاتەوە، کە فرۆید ئیرۆس بەخاپوورکردنـەوەوە (Destruction) گرێدەداتـەوە، بـەڵام ئـەنجامگیری جیهانـە دڵشووشەییەکەی (بـەختیار عـەلی) بـەبێ هـیچ دوودڵییـەك، لەئەنجامگیرییەکی فرۆیدییانەوە دوورە بـەلای منـەوە. بۆنموونـە، ئەگـەر فرۆیـد هەمیـشە جیهانمان بـۆ پاکبکاتـەوە لـەئایین، ئـەوە جیهـانی دڵشووشە بـۆ خـۆی ڕەتنەکردنـەوەی ئایینە بەلای ئێمەوە، ئەگەر خوودی ئایینیش کاراکتەرەکەی کۆنترۆڵ نـەکردبێت. ڕەنگـە باشترین نووسەر لێرەدا وەکو بەراوردیکارییەك بەکاربێنین، بۆ نموونە کافکا بێت، ڕەنگـە لەهەندێك لایەن و شوێنە گشتی و دیوە ڕۆشنگەرییەکانەوە لەگەڵ فرۆیدابێت، بـەڵام کـە دێتە سەر ئایین و مرۆڤ لەناو جیهانـدا، لەگـەڵ فرۆیـدا نامێنێتـەوە. دیـارە ئـەوەی کافکـا

دەکـات بەنووسـەرێکی گـەورەو بـەناوبانگ جیهانبینییەکەیـەتی بـۆ مـرۆڤ کـە لـەناو هەلوومەرجێکی بوونگەرایانەدا دەژی لەناوبوون و جیهاندا، بەڵام جیهان و بوون بۆ فرۆید زیـاتر تێرامـان و وردبوونەوەیـە لەدیـدە زانـستی و شـیکارەدەروونییەکەیەوە، ئەگـەر ئەنجامێکی ئێنسترۆمێنتاڵ دروست نەکات.

لێرەدا دەتوانین، ئەو جیهانـەی دڵشووشە هەیـەتی لـەدیوە کافکاییەکەیـەوە ببیـنین زیاتر، نەوەك لەدیدە فرۆییدییەکەیەوە. هەرچەندە، دڵشووشە هەندەی نهێنی و سیحری بوونی مەراقە لەدیدە زۆر بوونگەرایەکەیدا، هێندە وێڵی جیهانـە ئیرۆسییەکە نییـە لـەناو چەمکە فرۆیدییەکەیەوە بۆ ئیرۆس، ئەویش پابەندبوون بێت بەستراکتۆری سێکسواڵیتەوە بەتایبـەتی. بەهەمانـشێوە، سێکـسواڵیتە رەنگـە هێنـدە کاریگـەری ئـەوەی نـەبێت بـۆ نووسەرێکی وەکو کافکاش، بەئەندازەی ئەوەی کە بەراوردی بکەینەوە لەگەڵ ئەوەی کـە بۆ فۆرید دەبێتە سەنتەرێك بۆ زۆرینەی شتەکان لەجیهانی مرۆڤدا. خوێندنـەوەی (واڵتـەر بنیـامین) بۆکافکـا لەئاسـت جیهـانێکی ئـاڵۆزو ئاینیـەوە سـوودی زۆر دەبێـت بـۆ ئـەم سەرنجەمان.

بەهەرحاڵ، ئیگۆی تراژیدی بەلای منەوە، تەنیا لەسنوورە خۆرهەڵاتی و رۆحییەکەیـدا بەرجەستە نییـە لێـرەدا، بـەڵکو نـووقمی رۆمانتیکییـەتێکی رۆژهەڵاتیـشە بـەو شـێوەیەی تەماشـای دەکـەین، چـونکە ئیگـۆ لێـرەدا لەبـەر چـێژ وەرگـرتن لـەکۆتاییهێنان لـەدونیاو خـاپوورکردنی خـودی خـۆی بەرجەسـتە دەبێتـەوە. ئـەم خـوودە، چـەمکی مـردن وەك گەورەترین و کاریگەرترین رووداو تەماشـادەکات، دەیکـات بـەدرامای بـوونی خـۆی لـەناو جیهاندا. بیرمان نەچێت، کە کاراکتەرەکە زووتـر مـەرگی خـۆی دەزانێـت، یـان فـەنتازیای رۆمانەکە ئەو جۆرە دیاردەناسییەمان پێشکەشدەکات. لەهەمانکاتیشدا، دەتـوانین وەکـو سـیمبولیزمی ئاگادارکردنەوەیـەکی وجودییانـەش تەماشـای بکـەین لەبـەردەم دیـاردەی حوکمی مردندا، کە حوکمێکە دەبێت بزانین راپێچمان دەکات و نـاتوانین هـیچ شتێکیـشی لەبەرامبـەردا بکـەین. بـەبێ هـیچ دوودڵییـەك، نووسـەر زۆر بەشـێوەیەکی ئیـستاتیکانە، بیرۆکەی ئەم مردنەی بۆ وێناکردوینەتەوە. هاوکات وەکو وتمان یـەکگرتنێك کـەڕوونادات، ئەم پەیوەندییە تراژیدییە، یـان یەکبینینـەی زووتـر بـیری لێکراوەتـەوە، یـان باشـتربڵێین

کەزووتر دەستێك بەناو نهێنییەکانی گەردووندا ئەم نەخشەیەی کێشاوە: وەکو چارەنووس/fate.

دیارە لەبەر ئەمەشە دڵشووشە دەمرێت، چونکە ناتوانێت تەقەبوولی ئەو (نایەکگرتنە)بکات کەڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەرچەندە کوونبوونی دڵیشی، کە کاردانەوەیەکی جەستەییانەی کاراکتەرەکەیە، بۆخۆی ئاماژەی ئاکامی عەشق و خۆشەویستییە کە وەکو لاوازی و نەخۆشخستن و بێزاری چوێندراوەتەوە. دیوێکی عەشق ئەگەر دۆزینەوەی کەسێك بێت بۆ عەشق، ئەوا دیوێکی تری هەمیشە خۆدۆزینەوەیە لەناو ئازارو دووری و غوربەتی عەشقیشدا. بەهەرحاڵ، کەواتە بەخت و نهێنی و چارەنووسی مردنی دڵشووشە زوتر نوسراوەتەوە ئەگەر وابێت، ئەویش پابەندە بەچەمکی عەشقەکەوە ! چارەنووسی دڵشووشە، بەو مەرگە کۆتاییدێت کەدەرەنجامی جیهانی عەشقەکەیەتی بەوشێوەیە. بەمدیوەدا، دڵشووشە لەم ئاستەدا لەبوونەوەرێکی نازەمینی دەچێت تاڕادەیەك، کەف و کوڵ و شەپۆلەکانی دەریای ئەم عەشقە ترسناکە دەیخنکێنێت لەناوکاریگەرییە زەمینییەکاندا. دەبێتە جۆرە بوونەوەرێکی فریشتەیی و ئایینی ئاسا، کە چیدی ناتوانێت بەرگەی دڵڕەقی و بڕیارە عەقڵییەکانی زەمین بگرێت. یان دەشتوانین بڵێین، دڵشووشە، بەشێوەیەك عەشقدەکات، کەجۆر عەشقێکی خودایانەیە، واتە لەعەشقدا جۆرە گەنجێکی بوخچەی نەکراوەیە، بەڵام لەهەستە زۆر رۆحییەکەیدا دەگاتە ئاکامی عەشق. بەمانایەکیتر، یەکگرتنی نهێنییەکانی جیهانی دڵشووشە، بۆ خۆی بانگەوازکردنی یەکنەگرتنەکەیە، مردنی خۆیەتی، دۆزینەوەی نیوەکەی خۆیەتی، بەڵام ئەمری واقیع رێگا بەوە نادات ئەو"نیوەیەی"خۆی لەئامێزیبگرێت، کە مەرگ ئەمە یەکسان دەکاتەوە بەو هەموو سۆزەی تیایدایەتی.

چونکە دڵشووشە، لەبەرئەوەی هەمولایەنەکەی تر (دۆزینەوەی بەشەکەی تری خۆی)دەدۆزێتەوە. لێرەدا، دەمانەوێت ئامارژە، بەشانۆنووس و کۆمیدیاینووسی یۆنانی (ئەریستۆفانیس) بکەین. لەناو دایەلۆگی (سیمپۆزیەمی ئیفلاتووندا)، ئەم دیالۆگە، کە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ئێرۆس و خۆشەویستی بەگشتی، ئەریستۆفانیس باس لەئەفسانەی خۆشەوستی دەکات. بەڕای ئەو لەسەرەتاوە مرۆڤ هەردوو جنسەکەی تیادابووە (واتە ژن و پیاو پێکەوە بووە)، بەڵام لەبەرئەوەی خوداکانیان بێزارکردووە،

ئەوانیش ئەم بوونەوەرەیان دووکەرتکردووە لەناوەڕاستدا، لەدوای ئەوەوە، هەرکەسێك بەدوای نیوەکەی خۆیدا گەڕاوەو دەگەڕێت بۆئەوەی بەشە ونبوەکەی خۆی بدۆزێتەوە

ئەریستۆفانیس لەدایەلۆگەکەدا، قسەکانی بەمشێوەیە دەستپێدەکات" لەسەرەتادا دەبێت فێری ئەوەبن کەسروشتی مرۆڤایەتی چۆن چۆنی بووە لەسەرەتادا، لەو ساتەوە چی بەسەر هاتووە، چونکە لەکاتی خۆیدا سروشتمان ئەمە نەبووە کەئێستاکە هەمانە، بەڵکو زۆر جیاوازبووە. سێ جۆر لەمرۆڤ هەبووە، ئەمە خاڵی یەکەمە— دوجۆر نەبووە وەك ئێستاکە هەیە، نێرو و مێ، بەڵکو جۆرێکی دیش هەبووە لەگەڵ ئەوەی نێرومێیش هەبووە، ئەویش تێکەڵەی هەردووکیان لەنێرومێ بووە، ناوەکەی ماوەتەوە، بەڵام جۆری ئەو مرۆڤە بۆخۆی نەماوە. وشەی (Androgynous)لەڕاستیدا مانای ئەوەی هەیە: ئەو فۆڕمەی ئەمجۆرە لەمرۆڤ پێکهاتەکەی لەڕەگەزەکانی نێرو مێ درووستبووە، هەرچەندە ئێستاکە هیچی وا نەماوە تەنها وشەکە نەبێت، بەکارهێنانی وشەکەش وەکو ئیهانە بەکاردێت" [٦].

دوایی باس لەخاڵی دووەمی خۆی دەکات، کە" شەیپی (واتە فۆڕمی)، چۆنێتی هەر یەکێك لەم مرۆڤانە بەهەموو شێوەیەك پێکهاتەیەکی خڕی هەبووە، لەگەڵ پشت و لایەکانیدا بەخڕیی، هەر یەکێکیان چوار دەستیان هەبووە، چوارقاچیشیان هەبووە بەئەندازەی دەستەکانیان، دوو دەموچاویش، کتومت وەکو یەك، هەریەکێك لەدەموچاوەکان بەپێچەوانەوە بوون (ئەملاو ئەولا/ لەپشت و پێشیشەوە)، هەرسەرێکیش بەچوار گوێچکەوە، دوو سێتیش لەجیهازی (ئۆرگانی سێکسوالّییان) هەبووە، هەموو شتێکی تریش هەر بەهەمانشێوە بووە لەخەیاڵکردنەوەدا کە پێمگوتن" [٧].

هەرووەها ئاماژەی زیاتر بەسێ جۆری مرۆڤ دەکات، دەڵێت، "جۆری نێر (پیاو) لەئەسڵەوە لەڕۆژەوە لەدایکبووە، مێ (ژن) لەزەوییەوە، ئەوەی کەجێندەری هەردووك ژن و پیاوی تیاداکۆکراوەتەوە لەمانگەوە هاتووە، چونکە مانگ بەشداری لەهەردووکدا دەکات" [٨]، دوایی باس لەوەدەکات، کە بەمشێوەیە، مرۆڤایەتی هێزو دەسەڵاتیان هەبووەو کێشەیان ناوەتەوە، خوداکان پێیان ناخۆشبووەو بەو بێزاربوونە. (زووس) و خوداکانی تر کۆبونەوە دەکەن و زووس بڕیاری ئەوەدەدات کە ئەم مرۆڤانە (دووکەرت)بکات لەناوەڕاستدا، بیانبڕێت لەناوەڕاستدا. چیدی بەم کارە، لەدەسەڵات

دەکەون و ناتوانن کێشە بنێنەوەو دەنگەدەنگ بکەن. زووس زۆر تـورە دەبێـت، تەنانـەت بڕیـاری ئـەوەش دەدات" تەنانـەت جـارێکی تـریش لەناوەڕاسـتدا کـەرتیان دەکەمـەوە، کارێکی وادەبێت کەبەسەر یەك قاچەوە بەقوونە قـون بـڕۆن بـەڕێوە" [٩] دوایـیش لـەدوای ئـەوەی زووس و خوداکـان وادەکـەن " ئێـستا، لـەو کاتـەوەی کـەبوونی سروشـتییان کەرتکراوە بەسەر دوو بەشدا، هەر یەکێك لەمانە وێڵـن بـەدوای بەشـەکەی تـری خۆیانـدا، خۆیان پێکەوە دەچننەوە، داوای گەورەبوونیش دەکەن پێکـەوە"، هـەروەها، دەڵێـت، " هەنـدێکجار ئـەو بەشـەی دەیدۆزێتـەوە لەژنانـەوە دێـت، کـە ئێـستا بـەوە ناویدەبـەین، هەنـدێکجاریش لـەپیاوەوە دێـت" [١٠] بەهەسـتێکیدی، ئەریـستۆفانیس، پێمانـدەڵێت: "هەریەکێك لەئێمە، کەواتە نیوەین" بۆ دۆزینەوەی نیوەکەی ترمان" بۆ پڕاوپڕێتی مـرۆڤ، چونکە هەر یەکێك وەکو ماسی بەپانی قاشـکراوە، دوو بەشـە لەئـەنجامی یەکێکـداو هـەر یەکێك لەئێمە، هەمیشە خوازیاری بەشەکەی خۆیەتی کەبۆی دەگونجێت. لەبـەر ئەمەیـە، پیاو کەجیابووەتەوە لەدوو جۆردا" ئەندرۆجینیۆس" بەدوای ژنـدا وێڵـە" [١١] بەهـەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا زۆرمان پێویستە بۆقسەکردن لەبەردەم خۆشەویستی و عەشـقکردندا، لـەم چـیرۆکە زۆر سەرنجڕاکێـشە ئەفـسانەییەی ئەریـستۆفانیس لـەناو سـیمپۆزیەمەکەدا دەیگێڕێتەوە، دۆزینەوەی بەشەکەی تری مرۆڤە لـەناو بەشـەکانی تـردا. دۆزینـەوەی ئـەو بەشـەی دەتوانێـت بگونجێـت لـەبۆی، هاوبەشـی لەعەشـقدا بکـات و یەکگرتنەکـە فەراهەمبکات لەناو جیهانـدا، بـەڵام ئەمـە وەکـو موسـتەحیلیش وایـە، لەبـەر ئەوەیـە کـە عەشقی راستەقینەو نموونەیی وەکو موستەحیل وایە.

کـە تەماشـای (لاولاوی سـپی و دڵـشووشە)دەکـەین، بـەڵام لەجیهانبینیـە دڵـشووشەییەکەوە بـۆ عەشـق، هەرچـەندە ئـەوەی ئەریـستۆفانیس باسـی لێوەدەکـات ئەفسانەیە، بـەڵام وەکـو بڵێـی زۆر لەسروشـتی ئێمـەدا خـۆی ببینێتـەوە وایـە، چـونکە نیوەکـەی دڵـشووشە دەبێتـە لاولاوی سـپی، بـەڵام لاواوی سـپی ناکۆکـە بـەوەو ئێمـەش دەپرسین، بەڵام ئەگەر نیوەکەی دڵشووشە لاولاوی سپی بێـت، ئایـا بۆچـی لاولاوی سـپی نایەوێت لەگەڵیدا هاوسـەریی بکـات؟ بۆچـی خۆشـی ناوێـت بـەو جـۆرە؟ بۆچـی نایـەوێت یـەکبگرێت لەگەڵیـدا؟ چـونکە یەکنەگرتنـەوەی جیهـانبینی لاولاوی سـپی واقیعـی خوودگـەرایی کـچێکی سـەربەخۆمان بـۆ مانیفێـست دەکـات. لاولاوی سـپی، بەوشـێوەیە

تەماشای دڵشووشە ناکات، کە ئەو تەماشای دەکات. واتە ئەگەر بەشەکەی (نیوەکەی یان لەتەکەی) دڵشووشە لاولاوی سپی بێت لەو جۆرە پێکەوەبوونەدا، کە تەواوی هاوکێشەکانی پێکەوەبوون گرێدەدات بەهاوکێشە سێکسواڵیتەکانەوە، ئەوا نیوەو لەتەکەی لاولاوی سپی نابێتە دڵشووشە! بۆنموونە، جیهانی (لاولاوی سپی)دەیسەپێنێت بەسەر واقیعدا، کەنایەوێت (شوو بکات)، ئەم راستیەشی کەتاڵترین راستییە بۆدڵشووشە، چیدی ئەو راستییە دەیکوژێت و وردوخاشی دەکات. چیدی نەزیفی بەردەبێت لەناو بوونداو هاڕەدەکات. کەواتە نەزیفی ئەم کاراکتەرە، پێچەوانەی جۆرە قەداسەتێکە، کە تەنیا مەرگ یەکسانی دەکاتەوە. لێرەدا چەمکی مەرگ قووڵترین گەمە دەکات. لەبەر ئەمە مەرگ و خۆشەویستی هەمیشە پێکەوە گەمەدەکەن، بۆ نموونە رۆمیۆ جولێت.

ئەم کوشتنەی دڵشووشە لەبەردەم ئەو حەقیقەتە سۆزاویەدا، بۆخۆی بەرگە نەگرتنێتی نەك هەر لەڕوانگەی ئەوەی کەعەشقدەکات، بەڵکو جیهانێك لەیەك جەمسەریشەوە دەبینێت. کاتێکیش جیهان بەوشێوەیە ناکەوێتەوە کەئەو دەیخوازێت و خەونی پێوە دەبینێت، چیدی خۆکووژی دەبێتە کاردانەوەیەك لەئاست بەرگەنەگرتنی هەلومەرجەکەوە، نۆرماڵدەبێت.

چونکە لێرەدا دوو واقیع، یان دوو جیهانبینی دروستدەبن بەڕاستی، ئەویش جیهانی دڵشووشەیە کەلاولاوی سپی تیادا نەبێت دەمرێت، هەروەها جیهانی لاولاوی سپیشە کە دڵشووشەی خۆشدەوێت، بەڵام نەك خۆشەویستییەکی بەو جۆرەی کە لەخەیاڵی دڵشووشەدا هەیە!.

هەرچۆنێك تەماشای دەکەین، لاولاوی سپی نایەوێت شووبکات! ئەمە ئیرادەی خۆیەتی وەکو کچێك لەناو ژیان و بووندا و بەم بڕیارە نهێنییەکانی جیهانی (چارەنووس یان بەختی) دڵشووشە پووچەڵدەبێتەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان.

بەڵام ئەوەی دێتەدی (بۆ دڵشووشە)خەونەکەیەتی، ئەویش مەرگی خۆیەتی. بەجۆرێکی تریش ئەوەی لاولاوی سپی دەیکات، نەسەلماندنی (فینۆمیناکانە) کە دەبێت لەئیجباریەتدا روویدەن، نەوەك زووتر لەشوێنێکی ترەوە لەناو ئەم گەردوونەدا رویاندابێت و نوسرابێتنەوە، چونکە ئەو کاتە ئەم فینۆمینۆیانە دەکەونە دەرەوەی ئەزموونی ژیانی مرۆڤایەتیەوە بەوجۆرە، واتە سەربەخۆیی لەخوودی ئەزموونکردنیان و هێزی ئیرادەی

مرۆڤیش وەکو خوودگەرایی قووڵترین یاریە بۆ لاولاوی سپی. ئایا لێرەدا مامەڵە لەگەڵ شتێکی تریشدا ناکەین بەڕاستی، ئەویش تەماشا کردنی ئابجێکتی ئارەزوی سێکسوالێتی بێت؟ چونکە لاولاوی سپی دڵشووشەی خۆشدەوێت وەکو هاوڕێیەکی زۆر نزیك و خۆشەویست و بەپەرۆشیش، هەروەها سۆزو رێزێکی بێپایانی بۆی هەیەو بگرە وەکو هاوڕێیەکی رۆحیش تەماشای دەکات (Soul Mate)، بەڵام ئەمجۆرە هاوڕێیەتییە، وەك بڵێی، بەلای دڵشووشەوە هەرگیز مەقبوول نییە بەجۆرێك لەجۆرەکان، چونکە ئەو داوای شتێکی تر، یان شتێکی زیاتر لەوە دەکات.

ئەوەیشی دەبێتە بەڵگە، خودی ریاکشن و مردنەکەیەتی، چونکە پێچەوانەی کەلتووری عەشقکردن و خۆشەویستییە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو کردارەی ئەو بەراورد بکەین بەوەی، بەر ئەوەی لاولاوی سپی خۆشی نەوێت دەمرێت؟

ئەم بەراوردکردنە بۆخۆی تەقەبوولنەکردنی دڵشووشەیە بۆ لاولاوی سپی وەك دوو هاوڕێ؟ بەڵام لەجیهانە سیکولارەکەیدا نەك لەجیهانە ناسیکولارەکەیدا، ئەمەش دوو دیدی جیاوازن بۆ ئەم کاراکتەرانەو دواییش بۆ ژیان و شتەکانیش هەروەها. هیچ نەبێت رۆمانەکە وادەخوێنینەوە. لەجیهانێکدا بەبێئەوەی (ژن ومێردیش بن)، دەتوانن دوو هاوڕێ بن، بەڵام ئەمە روونادات؟ واتە دڵشووشە شتێکی زیاتری دەوێت لەوەی لاولاوی سپی بتوانێت پێشکەشی بکات و بیداتێ وەکو هاوڕێیەتی بەتەنیا؟ چونکە، دڵشووشە دەیەوێت لەڕێگای سۆزەکەیەوە، لاولاوی سپی بکات بە (عەشقی) خۆی، بەشێوە ئەبەدییەکەی/سۆفیگەرییەکەی، ئیفلاتوونییەکەی، چونکە عەشقەکە پابەندە بەنهێنیەکانەوە، بەڵام لەجیهانبینی دڵشووشەوە بەتەنیا، چیدی ئەمە جیهانێکە لەسۆزو پیرۆزی دڵشووشە وەکو خۆی، لەبەرئەمەیە ناتوانێت بەرگەی راستی و وەرچەرخاندنە مەتریالیزم و سیکولاریزمەکە بگرێت، کەعەشقنەکردنی لاولاوی سپیە وەکو ئەم دەیەوێت. دەتوانم بڵێم لەهەستە رۆحی و ئیفلاتوونییەکەیدا، بەڵام دواجار لاولاوی سپی ئەوە پووچەڵدەکاتەوە، واتە خودی پووچەڵکردنەوەی لاولاوی سپی لەگەڵ دیاردەیەکدا کەلەناو هەست و مێشکی دڵشووشەدا هەیە بەتەنیا. ئایا بۆخۆی جۆرێك بیرکردنەوەش نییە لەبەردەم پێچەوانەیی شێوازی باوەڕکردن بەدیاردەکان کە زووتر لەناوشوێنێکی نادیارەوە دێن، یان هاتبن؟ یان بەئۆردەری هێزێکی نادیارەوە مەیسەربن؟ چونکە

پووچەڵکردنەوەی ئەم (هیواو خۆزگەیەی) بۆ کردنی عەشق، بۆخۆی دەرخستنی روویەکی ژیانیشە لەبەردەم وێنە تراژیدیەکانیدا/رۆمانتیکیەکەیدا. بەمانایەکیتر، ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە ئاراستەمان دەکات بۆ وتن، ئەوەیە: ژیان ئەگەر تراژیدیشبێت ئایا شایستەی رەتکردنەوەیە بەڕاستی، یان هەڵکردنە لەناو ئەو ژیانەدا؟ ئەمەش لایەنە نهێنیگەراو دیاردەگەراو ئاینگەراکەی دڵشووشەش وێنا دەکاتەوە، یان دەتوانین بەپێچەوانەکەیەوە تەماشای بکەین. ئایا ئەم ژیانە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت کەدەمانەوێت، دەبێت فۆڕمیک لەخۆکوژیی بێت، یان دەبێت لەبری ئەوە خوکوژیی و توندڕەویی هەڵبژێرین؟

لەبەرئەوەی نەگەیشتوینەتە ئەو ئاسودەییەی بەوشێوەیەی ویستومانە؟ وەك وتمان، ئەمە روونکردنەوەی جیهانی دڵشووشەیە، بەهەمان بیرکردنەوەش، دەتوانم بڵێم: واتە ئیرادەی لاولاوی سپی لەگەڵ یەکگرتنێکی تۆتالیتارانەدا بەرجەستە نابێتەوە. چیدی ناسکێتی جیهانی ئایین لەدیدگا شووشەییەکەیەوە لەئاست جیهانی سیکولاریزمی لاولاوی سپیدا بەجۆرێك لەجۆرەکان دەشکێت، ئەگەر وابڵێین. یان هەر هیچ نەبێت ئیرادەی ئازادیی و هەڵبژاردنی ستایلی ژیانی خۆیەتی کەهیچ نەبێت جارێکە (شوو) ناکات و نایەوێت شوو بکات؟

واتە شوونەکردن لێرەدا، نووسەر دەیەوێت پێمانبڵێت، نەك هەرتاوان نییە، بەڵکو بەهەمانشێوە، ئەوەیشمان پێدەڵێت: کەتەنیا نایەوێت شووبکات، ئەمەش بەهەموو شێوەیەك پابەندە بەبڕیارو بیرکردنەوەو دواییش بەئیرادەی ئازادەوە.

بەڵام دڵشووشەی لەلای (لاولاوی سپی) وەك مرۆڤێك و هاوڕێیەکی زۆر نزیك لەلا ئازیزو خۆشەویستیشە. پووچەڵکردنەوەی سۆزی گەورەی دڵشووشە لەلایەن لاولاوی سپییەوە، بۆخۆی لەمەرگی کاراکتەرەکەدا رەنگدەداتەوە، بۆخۆی ئیشارەتکردنیشە بۆ مەرگی ئایدۆلۆجیاکان لەناو فەلسەفەدا بەجۆرێك لەجۆرەکان (من وای دەخوێنمەوە). بۆنموونە، بەمانایەکیتر ئەمە وەربگرین، لەناو لیبڕالیزمی لاولاوی سپیدا، مەرگی یەکگرتنی دایەلەکتیکی هیگڵی و رەشبینی میتافزیکی شۆپنهاوەری و دواییش خۆشەویستی یەك لایەنەی پیاوانەی رۆحیانەی ئیفلاتوونیانەش ئامادەیە، کە هەڵگری سیما ئاینیەکەیەتی پووچەڵکراوەتەوە، چونکە ئەوە لاولاوی سپییە لەهەستە زۆر کراوەو هیومانەکەیدا، راستە شوو ناکات (بڕیاری شوونەکردنی داوە لەگەڵ خوشکەکەیدا، چونکە دەیانەوێت وا

بـژین کـە خۆیـان دەخـوزان)، بـەڵام هـەرگیز نایانـەوێت دەسـتبەرداری هاوڕێیـەتی و خۆشەویستی دڵشووشەبن وەکو ئازیزترین کەس کە دەیناسـن، بـەڵکو وەکـو کەسـێك زۆر بـەڕێزو عـەزیزە لـەلایان. بـەکورتی، لـەنێوان دڵـشووشەو لاولاوی سـپیدا، دەتـوانین ئەوجیاوازییـە ببیـنین، کـەجیاوازی نێـوان سیـستمێکی سـیکولارە ئـازادیی دەدات بەبیرکردنەوەو بڕیارەکان کە جیهانی خوشکە سپییەکانە، جیهانێکی تـر، کـە پێچەوانەی ئەمەیە، ئەویش جیهانی دڵشووشەیە.

یان خوشکەسپییەکان بەسۆزو عەقڵ دەژین، بەڵام دڵشووشە تەنیا بەسۆز دەژی.

(٢)

عەشقی دڵشووشە، عەشقێکی ئیفلاتوونییـە. جـارێکیتر دەپرسـمـەوە: ئایـا ئـەمـە چـی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەوە دەگەیەنێت، یەکێتییـەکی رۆحـی وای هـەبێت کـە لەسـەرو ئاسـتە مەتریالەکەیەوە بۆ جیهـان دایبنێت؟ ئەگـەر بەمـشێوەیە ئەمـە وەربگـرین، ئـەم عەشـقی دڵـشووشەیە، وادەکەوێتـەوە بڵـێین"خۆشەویـستی ئـایینێکی راسـتەقینەی ناتوراڵـە، سیستمێکی ئایینی (کەڵت)دیاری هەیە، لەژێر رەوایەتی جوانییە سروشتییەکان، هەروەها خۆی دەچەمێنێتەوە بۆ باشترین سـیمبول کـە بتوانێـت بیدزۆێتـەوە بـۆ هیوابینییـەکانی، نهێنی سروشتی بەرز رادەگرێت لەئاستی پیرۆزکردنیدا، لەکۆتاییدا کـە تێگەیـشت، چیدی ئەوە دەناسێتەوە ئـەوەی کـەجێگای ئـەو پەرسـتنەیە بەهـەموو شـێوەیەکی راسـتەقینە، تەواوی پرنسیپەکانی باشەیە"[١٢] چونکە بڕیاردانەکە جۆرێکە لەچارەسـەری ئیفلاتـوونی، ئەمــەش "ئـاگر دابینـدەکات بـەگڕی غـەریزەی ئـاژەڵی، عەشـق بـەڕوون و ئاشـکرایی دەسوتێنێت، گڕەکەی ئیلهامبەخشی پلەبەرزەکانی مرۆڤە، بەپەرۆش و ئارەزوو تامەزرۆی جـوانی و باشــەو حەقیقەتــە"، بــەڵام بیرمــان نەچـێت، ئـەم عەشــقە، عەشــقێکی" ئایدیالیستییە، هەرگیز لەجیهانی مەتریالی راستەقینەی مرۆڤدا بـەو شـێوەیە بەرجەسـتە نابنەوە"، چونکە هەمیشە نائارەزووکردنێکی بەوەهمکردن بۆ خۆشەویستی هەیە"[١٣].

بـەڵام ئــەم عەشــقەی دڵــشووشەش بــەو جــۆرە تەماشــا بکــەین، کەپەرۆشــی و ئارەزووکردنە، لەدیدگا میتافیزیکییەکەیەوە بۆیـەکگرتنێکی رۆحـی زۆر بـەرزو نموونـەیی، یەکگرتنێك بتوانێت هەموو شتێك لەناو خۆیدا بەرز رابگرێت و بهێڵێتەوە. بێگومـان ئەگـەر لەناو خۆشیدا بەنهێنی نەمێنێتـەوە، چیدی چـیرۆکی خودگـەرایی و پەرۆشـی ئـەو جـۆرە

سۆفیبوونە لەدەستدەدات. واتە ئەم عەشقە، دەبێت ئاستێکی نادیار بەسەر دیاردا بسەپێنێت؟ کەواتە جیهانبینی جەستە، بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێت لەبەردەم جیهانبینییە رۆحییەکەدا؟ بەڵام ئەگەر زۆر بەوردی تەماشای سینەماییەتی خاپورکردنی جەستەی دڵشووشە بکەین، ئایا وا ناکاتەوە کەئەنجامی تەواوی ژیانی لەسەر خوودی ئەم جەستەیە کۆبوبێتەوە؟

ئەوەی لێرەدا دووچاری قەیران دەبێتەوە، مامەڵەکردنە لەبەردەم کێشەی رۆح و جەستەدا یان عەقڵ و جەستەدا، کە دوالیزمی ئیفلاتوونییە، کاریگەریەکی زۆری لەسەر تەواوی پاشخانی رۆمانتیککردنی رۆح داناوە لەدەرەوەی جەستەدا، هێنانە خوارەوەی خودایە بۆسەر زەوی، بەڵام بەشێوە نادیارو عەزەمەتەکەی، بەڵام هەر بەسیستمە ئایینییەکەی خۆی دەمێنێتەوە. واتە ئەمەندەی بەئاستە ناوەکی و جەوهەرییەکەوەیە عەشقدەکات، هێندە لەئاستە جەستەییەکەیدا نابینێتەوەو ئارەزووەکانی جەستە دەکاتە دەرەوە. بۆ نموونە لە" فەلسەفەی دیکارتیشدا، ئەو دوالیزمە جیاکارییە دەدۆزینەوە هەروەها ئەوە جیادەکەمەوە دیکارت دەڵێت، لەنێوان خۆشەویستییەك بەهەموو واتایەکی پاکژانە/Purely، ئینتیلێکتوال و مەعقولە (راشینالّ)و ئەو خۆشەویستییەی کە بریتییە لەسۆز"[١٤] دیارە خۆشەویستی جۆری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی مێشك و عەقڵ، حاڵەتی جۆری دووەمیش بۆ حاڵەتی جیهانی لاشە. خۆشەویستی جۆری یەکەم، کە ئیفلاتوونییە عەشقێکی باڵا، رۆح، پیاوانە، خودایی، پاکژە، کە لەدیدگای ئیفلاتوونەوە (حەزکردن و ئارەزووکردنی مەعریفەیە: فیلۆسۆفیا) وە خۆشەویستی سۆز، واتە جەستە، ئارەزووکردنی جەستە، نزمتر، ژن، فەمینین، یان شیعریش دەگرێتەوە لێرەدا، ئەگەر بەمشێوەیە تەماشابکرێت. بەجۆرێك لەجۆرەکان لێرەدا کایەی خودی شیعر دەبێتە ئەو سۆزەو کایە عەقڵییەکەش دەبێتە رۆح لەلای ئیفلاتوونییەکان. ئەم دوالیزمە کێشەی زۆر دروستدەکات. ئەمە بۆخۆی دوالیزمی دیکارتی کە لاشە بەبێنرخ و بێمانا دەبینێتەوەو مێشك و سەبەب بەشێوەیەکی زۆر رادیکاڵیزم بەرز دەنرخێنێت، (ئەمەش لەسەر کاریگەری بەزانستەوە). لەبەر ئەمە" بۆ هەموو ئیفلاتوونیزم، یەکەم لەخودی ئیفلاتوون خۆیەوە، کاریان بۆ ئەوە کردووە کە (رۆح) شتێکی باڵایە/Sovereign Entity، کەزینـدانی کراوە لەناو لاشەدا/Body –کە سەرەکیترین درێژبونەوەی لەساتی

لـەدایکبوونی گەردوونـدا داڕووخـانێکی تراژیدییـە لـەپڕاوپڕێتی/ئەسـاڵەتی باکگراونـدە رۆحانییەکەیدا"[١٥] بەمشێوەیەبێت " ئیفلاتوونییـەکان و پێرفێکشنیـستەکان، باوەڕیـان بەئیمکانییەتی ژیانێکی عەقڵانی هەیە (سەبەب) لەهەستە زۆر تەواو پڕاوپڕەکەیدا بۆئەمە، هــەروەها بەدەســتهێنان و کارامــەیی کۆتــایی خووڕەوشــتەکان، کــە ئەمــەش رووبەڕوبونەوەیەکە لەجەنگێکی مۆرتاڵدا"[١٦].

واتە دەتوانم بڵێم، ئایا محەمەدی دڵشووشە، عاشقێکی سۆفیگەری ناو ئەم جیهانەیـەو ناتوانێـت بەرگـەی مـەودا مەتریالیەکـەی ئـەم جیهانـە بگرێـت؟ نایـەوێت رووبـەڕووی خۆشەویستی بێتەوە لەناو سیحرە زەمینی و پڕنهێنی ئامێزو سۆسیالەکەیدا؟ بەهـەرحاڵ، هەرچـەندە ئـەم تەفـسیرکردنە زیـاتر لەحاڵەتـە هونەریەکەییدایـەتی (بـۆ ئیفلاتوونیـەتی کاراکتەرەکـە)لـەدەرەوەی دڵـشووشەدا، نـەك لەئاسـتە زۆر قوڵەکەیـدا، یـان رەگـەزی ناسینەوەی کاراکتەرەکە، بەوشێوەیەی رۆمـاننوس بۆمـان وێنـا دەکـات و ئـەو دەیـەوێت باسی لێوەبکەین.

ئــەم رەهابوونــەی دڵــشووشە، بەهــەمان شــێوەی رەهاگــەریی سوکراتیــشمان بیردەخاتەوە، کاتێك خۆکوژی هەڵدەبـژێرێت لەبـەردەم چارەسـەرێکی دیکـەدا (بۆنموونـە بـەگوێی هاوڕێکـان و قووتابییـەکانی بکـات و هـەڵبێت، کـە دەیـانتوانی ئـەوەی بۆجێبـە جێبکــەن)، ســوکرات منــداڵ و خێــزان و هــاوڕێ و کۆمــەڵگا دەخاتــە لاوە لــەپێناوی ئیلتیزامکـردن بەیاسـاوە، بەڕاسـتی حاڵـەتێکی ئێجگـار سـەیرە، بەتایبـەتی لەکاتێکـدا سوکرات بەتووندی رەخنەی سیاسەتی ئەسینایی دەکات و ئامازەکانی لەبۆ ئەو سەردەمە دژی دیموکراسـی لەئارادایـە، بـەڵام سـوکرات خـۆی بەشـەهیدکردن دەدات! ئـەم خاڵـە سەرنجیشم بۆئەوە رادەکێشێت، بڵێم:ئەگەر عەشقی دڵشووشە فۆڕمێکی ناڕاسـتەوخۆبێت لەخۆکوژیی، بەڵام لەهەستە رۆحیەکەیدا، ئـەوا خۆکـوژی سـوکرات لەهەڵبـژاردنی مـەرگی خۆیـدا، مـەرگێکی فەیلەسـووفانەیە، بـەڵام لەهەسـتە نەگەتیڤەکەیـداو ئـەم رەهاگەرییـە سوکراتییە، گەمەیەکی فراوان دەکات لـەناو روبـەری فەلـسەفی ئیفلاتوونیزمـدا بـۆ تـەواوی شـتەکان، چـونکە ئیفلاتـوون بـەدوای فۆڕمەکانەوەیـە هەمیـشە. ئیفلاتـوون، پێناسـەی خۆشەویـستی وەك" ئـارەزووە بـۆ وەدەستخـستنی باشـە لـەکارێکی بەردەوامـدا (یـان جوانی)"[١٧] دەکات. پرۆسێسەکردنی بەردەوامی دۆزینەوەی باشە لەناوجیهاندا بەهەستە

ڕۆحیەکەی لەدەرەوەی جەستەدا، دەبێتە موتەعالیترین چرکەساتی ئیفلاتوونیی، وەکو خۆشەویستیکردن لەگەڵ شتێکدا کەجەستەی نەبێت بەجۆرێك لەجۆرەکان. واتە شتێکی نموونەیی و ئیدیال، بێهاوتا، بەرزو باڵا، زۆر زیاتریش لەجەستەو یان لەئەوەی کە دەردەکەوێت. ئەمەش تەنیا لەوێنەی جۆرە (خوداوەندێکدا) دەبیندرێتەوە بەوشێوەیە. لەبەر ئەمەیە تەواوی پاشخانی فەلسەفی ئیفلاتوونی و دوایش ئەرستۆیی، بەهەموو شێوەیەك لەبەردەم کاریگەری فەیلەسووفەکانی عەرەب و ڕۆژئاوادا، وەکو مۆدێلی بیرکردنەوەی فەلسەفی بەکاردەهێنن، لەناو جۆریك لەتیۆلۆجیکردنیاندا بەجیهان و بوونەوە، چونکە داڵدەی جیهانییە ئاینییەکەش دەدات، شکاندنی ئەو تینوویەتییە میتافیزیەکییەیە کە ئازاریان دەدات لەناو ئەم دونیایەدا (دونیای مەتریال). واتە بەشێوەیەکی عەقلانی و ئیدیال باس لەشتەکان دەکەن، بەڵام لەناو ناوکۆیی/کۆنتێکستە ئایینی و میتافیزیکییەکەدا، عەقلانییەتێك و ئایدیالیزمێك، کە ئەمەندە ڕەهاو رادیکاڵە خودی واقیع و جیهان دەخاتە ئەولاوە، ئەویش لەبەر ئەوەی شکیان لەو واقیع و جیهانەیە بەهەموو شێوەیەك، چونکە ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم جیهانە هەڵگری پڕاوپڕێتی و کاملێتی ئایدیاکان نییە، لەبەر ئەمەش، زۆر جاران، راشینالیست و ئایدیالیستەکان، بۆ ئەوەی زۆر دڵنیابن لەمەعریفە، لەوانەکانی (سکێپتیسیسزمەوە) دەستپێدەکەن، لێرەدا دیکارت باشترین نموونەی ئەمەیە لەڕاستیدا. لەبەر ئەمەیە، زۆریان لەناو بیرکردنەوەیەکدان بەرەو باڵاترین خەڵوەتگای فیکری، بەئەندازەی ئیشکردنی چوونە ناونهێنییەکانی ڕۆحەوە، هەروەها پشتگوێخستنی جەستەش بەتەواوەتی. بەدوای ئیفلاتووندا، کە ئاینزاکان ئەم کەلتوورو جیهانە فیکرییە دەپارێزن لەپێناوی پاراستنی (خودا) بەجۆرێك لەجۆرەکان "ئامانجی کریستیانێتی لەسەر زەوی دەبێتە توانای خۆشویستنی (خوداوەند لەهەموو شتێکدا)، کاریگەری ئەم گۆڕانە بۆ تیۆلۆجی، بچووك دەردەکەوێت ئاوا، بەڵام هەر زۆر کاریگەرییەکی گەورەی هەیە"(١٨)، بەهەمانشێوە" هەرچەندە ئیفلاتوون (باش و جوان) پێناسەی کردوون، هەروەها باوەڕیشی بەوە هەبووە کە جیهانی ئیمپیرکەڵ مانیفێستی هەردووك (باشەو جوانی) دەکات، بەڵام جوانی لەدەرکەوتنی/هەستپێکردنی بەشێوەیەکی گشتی لەهەستەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە،

ئەمەبوو کە وەك هەڕەشەیەك تەماشادەکرا لەلایەن میدئیڤیلە (چەرخی ناوەندین) مەسیحییەکانەوە"(١٩).

ئەو وێناکردنەی، کە تەواوی کەسایەتی و کاراکتەرەکەی لەناو ئەم دونیایەدا (بێهیوایەو چارەسەرێکی دی نییە بۆ بێهیوابوونی)، ئەمەیە کەوامانلێدەکات لەناو ئیگۆیەکی زۆر ئایینیدا تەماشای بکەین و بیبینینەوە، بەڵام لەغەرقبونیدا لەناو ئێش و داڵغەکانیدا وەکو (سۆفیەکی گەنج) بۆ عەشقکردنی لەگەڵ (خوداوەندا)بەتەنیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چارەنووسی خۆیەتی، (کەدەبێت وای بەسەربێت)، واتە بوونی لەناو مانای ئەم راستەقینەییەدایە کە وادەکات بەوشێوەیە مامەڵە لەناوبووندا بکات. کاتێك عەشقی دڵشووشە لەسنوورە ئاساییەکەیەوە دەگاتە ئاستێکی موتەعالیترو نائاسایی، چیدی (لاولاوی سپی) بەلەبریدانانی شکاندنی تینوێتییە میتافیزیکییەکەیدا دەبیندرێتەوە، لەبەر ئەمەیە کاراکتەری دڵشووشە دەمرێت، هەروەها هیچ جۆرە یەکگرتنێك روونادات بەدڵی ئەو بێت. خوشەویستی سۆفییانە بۆ خوداکەی بەهەموو شێوەیەك پابەندە بەخۆبچوککردنەوەی خود، تاوەکو ئاستی نەفیکردنی خودی خۆی لەپێناوی خودادا بەوشیوەیە، لەبەرئەم هۆیەیە سۆفییەکان بەجەستە ناژین بەجۆرێك لەجۆرەکان، بەڵکو تەنیا بەڕۆح دەژین، یان لەناوجیهانی خۆیاندان. کاتێکیش دڵشووشە پشتگوێدەخرێت لەلایەن لاولاوی سپیەوە، وەکو پشتگوێخستنی دڵشووشە بێت لەلایەن خوداوە بەڕاستی، چونکە چیدی ئەم پشتگوێخستنە وردوخاشی دەکات و نەزیفی بەردەدات (وادەبیندرێت)!.

ئەگەر وا تەماشای بیرکردنەوەی رۆماننووس بکەین، لەبەردەم دروستکردنی کاراکتەری"دڵشووشەدا"وەکو جیهانبینی ناو تێکهەڵکێشرانی (سۆزێکی رووت)، بەڵام سۆزێکی ئاسایی و هاکەزایی نا، بەڵکو سۆزێکی زۆر قوڵ و تەمومژاوی، کە دەتوانین ناوی بە (سۆزی میتافیزکی)محەمەدی دڵشووشە بۆ لاولاوی سپی بەرین، یان هونەری سۆزی دڵشووشە بۆ بوون. دڵشووشە، لەبەرئەوەی دڵی لەشووشەیە، واتە ئیتر قابیلی شکانە لەهەموو چرکەیەکیدا لەبووندا (رۆماننووس زووتر ئیشارەتی باشی پێداواین بەرامبەر کاراکتەرەکەی، کەدڵی لەشووشەیە/ ئەم ئاماژەبۆکردنە بۆخۆی سیمبولیزمە بۆ مرۆڤی خۆرهەلاتی بەلای منەوە، کە جۆرە بەستنەوەیەکی توندی ئەم مرۆڤەیە

بەسروشتەوە جاریێ، حاڵەتی رۆحی، واتە جارێکا سروشتی نەخستووەتە ژێر رکێفی خۆیەوە)، کە لەمەوداکانی عەقلانییەتیبوونەوە دووره بەجۆرێك لەجۆرەکان، ئەگەر وابڵێین. هەروەها بۆنموونە بەختیار عەلی، بۆ خۆشی ئاماژە بەم ئیشکالە لەگۆڤاری (نمادا)، دەکات کە دەڵێت"شوناس لای ئێمە هێشتا پرۆسەی خۆپاراستن و خۆشاردنەوەو خۆقایمکردنە لەودیو کۆمەڵێك وێنەوە، واتە هێندەی خۆجیاکردنەوەیە لەدونیا، پرۆسەی تێکەڵبوون و کرانەوە نییە"[٢٠]، ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە، ئەگەر کەمێکیش بووبێت، دەتوانێت هاوکاریمان بکات لەوچوێناندنەوەیەی من لێرەدا ئاماژەم بۆ کردووە.

بەهەمانشێواز، لەنێوان فەزای عەقلانی و ناعەقلانیدا، پێماندەڵێت، شوناس" جیاوازی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئارادا ریشەی سەرهەڵدان و گەشەیان بەعەقلانییەتێکی تەکنیکییەوە گرێدراوە کە لەسەر چەمکی گەشەو گۆڕان بەندە، شوناسی خۆرهەڵاتیش ریشەیان لەدین و ئەفسانەو ناسیۆنالیستیپیاندایە"[٢١] ئەگەر وابێت لەناو جیهانی عەشق و دڵداریدا دڵشووشە جۆرە پێغەمبەرێکی خۆرهەڵاتییە لەبەردەم عەشقەکەیدا، شاعیرێکی خۆرهەڵاتییە لەناو بەزەیی و سۆزەکانیدا بەشێوە زۆر قووڵەکەی، یان لەناو جوگرافیای مەرگی خۆیدا دەژی. واتە تەکنیکالێتی و عەقلانییەت لەرۆژئاوادا، سۆزو جیهانی ئایین لەلای ئێمە بەجۆرێك لەجۆرەکان.

بەم لێکدانەوەیە بێت، دڵشووشە بەهەموو شێوەیەك بوونەوەرێکی ئایینییەو بەرهەمی هەمان کەلتووری ناوجیهانی سۆزو ئەفسانەیە ئەگەر وای بخوێنینەوە؟ هەر لەهەمان جیهانبینییەوە دەتوانین ئەم سۆزە ئیگۆییزمە ئایینی و سۆفیزمە، بۆنموونە لەناو جیهانی شیعری (نالی و مەحوی) و چەندین شاعیری دیکەی کوردیشماندا ببینینەوە. کە خۆشەویستی لەفەزای دڵداردا، دەبێتە خۆشەویستیکردن لەگەڵ شتێکی نادیارو بەرزتر لەخوودی مرۆڤ، ئەویش بەماناکردنی چەمکی خوداوەندە بۆ دڵدارییەکە. بۆ نموونە لەبەیتە زۆر بەناوبانگەکەی نالی–دا هاتووە، کە دەڵێت:

**" هەتا تۆم ئاشنابوویت ئاشنابووم**

**ئەمێستا مووبەموو ئەغیارە بیٚ تۆ**

**لەکن من باوجودی ناس و ئەجناس**

**کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ**

**هەموو رۆژی لەتاو هیجرانی ئەمساڵ**

**تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ... "(٢٢)**

بڕیاری عەشقنەکردنی لاولاوی سپی بۆ محەمەدی دڵشووشە، نەك هەر شار، بەڵکو دەچێتە ناو پرۆسەی "هیجرانێکەوە" لەناو تەواوی گەردووندا بەهەموو شێوازێك کەڕەشبینییەکی تەواو رۆحی دڵشووشە دەتەنێت. ئازارێکی وا مەزنە، کە دەتوانین بڵێین، وەکو جۆو باسکوێت ئاماژەی بۆ دەکات، دەڵێت" ئازاری من لەپێش منەوە بوونی هەبووە، من لەبۆ ئەم ئازارە لەدایکبووم"(٢٣)

دڵشووشە بۆ ئەم عەشقە دێتە بوونەوە، کە دوایی بەخاپوردکردنی خوودی خۆی کۆتایی دێت. کتوومت دەڵێی بۆ ئەو تراژیدیایە هاتووەتە دونیاوە.

بەهەمانشیوە، جیلز دولوز، دەڵێت" خۆشەویستی بۆ ژیان وا دەکات بڵێی بەڵێ بۆ مردن"(٢٤)، هەرچەندە ئەمە کاریگەرییەکی ئەبیکۆرانەیە، کە بەڵێ بۆ مردن لەپێناو ژیاندا، کە بەرزڕاگرتنی هەستەکانمانە بۆ ژیان نەوەك مردن، بەڵام مەرگی دڵشوشە، مەرگێکی واناکاتەوە بەڕاستی، راستە ئاکامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەشەلهێنانی عەشقەکەی، بەڵام خاپوورکردن و مەرگ سەردەخات بەسەر ژیانیشدا بەجۆرێك لەجۆرەکان، بەڵای یارییەکی قووڵی ئیستاتیکی و رۆحی لێرەدا هەیە. بەهەرحاڵ، نائاشنایی لاولاوی سپی بۆ دڵشووشە، کتوپڕترین مەرگە، کە مەرگێکی ئیفلاتوونی رۆمانتیکییە، تەنانەت سپینوزاییانەشە بەجۆرێك، چونکە هەڵبژاردنی یان ویستی ئیرادەیە کە لەقسمەت و نسیبەوە (Fate)یە، بەڵام لەدەرەوەی پلانە خوداییەکانەوە، ئەگەر وای بخوێنینەوە.

بەهەمانشێوە مەحوی، دەڵێت:

**" کە تۆ غایب لەبەرچاوم دەبی، چم بێ لەتۆ غایب**

**قیامەت حازری بەرچاومە، خۆمم لەخۆم غایب"(٢٥)**

هەرچەندە، مەحوی، لەدیدگا زۆر رۆحییەکەیەوە، وەکو یەکێك بڵێت، هەمیشە لەناو "غایبدا" بژی بەجۆرێك لەجۆرەکان، ئەگەر ئەمە برێك لەموبالەغەکردنی پێوەنەبێت. بەو ئاماژەکردنەمان نامانەوێت بەواتایەکی تەواو شیعرەکانی مەحوی لەناو بازنەیەکی

ئایینیانەی رووتدا/ئیسلامیانەدا ببینینەوە، هەرچەندە ئایین سەنتراڵە بۆ مەحوی لەبۆ تەماشاکردن و تێگەشتن لەبوون و جیهان.

لەگەڵ ئەوەشدا، مەحوی هەرگیز لەستایشکردنی (رۆح) ناکەوێت، بەیەکجارەکی کەم و زۆر دەستی لەجیهانی (جەستە) شووشتووە، جگە لەمەش هەمیشە لەبەردەم ماڵی هەستەکان لەبەزەیی و خۆبەهیچ زانیندا، لە (خودا)دەپارێتەوەو کۆیلەیەکی بەر ماڵی خودایە. ئەمانەش هەموو لەدەرەوەی کاریگەری ئایینـدا نین بەوشێوەیە، بەلاّم غاییبوونەکەی دڵشووشە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە دڵی لەلایەن لاولاوی سپییەوە دەڕەنجێندرێت و هەستدەکات هاتنی بۆ ناو بوون بەوشێوەیە وەکو فەشەل بهێنێت وایە، چونکە عەشق فەشەل دەهێنێت. دڵی وەکو ماڵە شوشەییەکەی دەشکێندرێت و خاپووردەبێت. واتە ئەم غاییبوونەی دڵشووشە، غاییبوونێکی رۆمانتیکە ئەگەر لەگەڵ ئەو غاییبوونە مەحویانەیەدا بەراوردی بکەین بۆ جیهانی خوداو رۆح، چونکە جیهانی خوداو رۆح بۆ دڵشووشە بریتییە لەخودی لاولاوی سپی بەهەموو مانایەك. بەکورتی، فەزای پێشکەشکردنی هەستە وجودییەکە، لەلای ئەهلی سۆفی و ئیسۆتریك، زمانی نووسینەوەی شیعرێکی رۆحانییە لەدەرەوەی هەستە زەمینییەکەیدا، بۆنموونە تەواوی ئەو گێژاوە رۆحانییەیە کە بۆخۆی بەرهەمی فەزا ئایینییەکەیە، لەناو بازنەی نهێنییەکانی خوداوەندا هەمیشە دەخولێتەوە. ئەویش بەئامانجی گەیشتن بەونهێنییە، بۆ نموونە وەکو چۆن لەلای مەنسوری حەلاج ئەو نهێنییە لەناو (منی هەقدا)دەخولێتەوە، بەهەمانشێوەش، زۆربەی شاعیرە سۆفییەکان لەناو ئەو دەروازە خۆرهەلاّتییەدا دەخولێنەوە، کەم و زۆر بۆ گەیشتن بە (هەقبوونەکەی) حەلاج، یان دۆزینەوەی خودا لەناوخۆیاندا.

بۆ نموونە، بەلای منەوە پرۆژەی شیعری مەحوی، یەکێك لەرەگەزە سەنتراڵەکانی خۆی، گەیشتنە بەو هەقبوونەی حەلاج، نەك هەرئەمەش، بەڵکو مەحوی کەم و زۆر، دەیەوێت ببێت بە (حەلاجێکی کورد)، ئەمە تێزێکی گرنگە لێرەدا. یان مرۆڤی ئیسۆتریکی کە بەرۆح دەژی و زۆر ناسکەو بەلاشە لەناو جیهاندا نییە)، واتە هەڵگری ئازارو عەزابێکی ئێجگار مەزنەو چارەسەریشی نییە لەناو ئەم جیهانەدا، تەنیا دۆزینەوەی فۆڕمێك نەبێت لەخەڵووەتگەرایی. خەڵووەتی دڵشووشە، عەشقی لاولاوی سپییە، لەبەرئەمە لەناو ئەو هەستەدا کۆتایی بەخۆی دەهێنێت. دڵشووشەبوون، واتە دڵشکان و وردوخاشبوون بەهەر

جۆرێك لێكی بدەینەوە لێرەدا، ناسكێتی بوون لەناو دونیایەكدا كە رێزگرتن و شوێنی نییە بۆ عەشقێكی وا كە ئەو هەیەتی. دڵشووشە–بوون لەناو دونیـادا، ناسـكبوون و تێكشكانە لەناو دونیا خۆیدا، وەكو رێگای تریشمان لەبەردەمدا نـەبێت لەئاسـت ئەمڕووبەڕووبونـەوە زۆر مەزنەدا، چونكە بوون تەنیا لەناو سۆزو عاتیفەیـەكی قـووڵ و راسـتەقینەدایەو عـەقڵ ناتوانێت پەی بەنهێنییەكانی بەرێت. دڵشووشەبوون، دڵشكاندنە لەهـەر سـاتێكدا لـەژیان، سـەپاندنی عـەدەمی بوونێكـە بەسـەر ژیانـدا بـەجۆرێكی گـران، بـەڵام لەهەسـتە ئیفلاتوونییەكەیدا لەدەروازەی ئـەو ئاماژەكردنـەی نووسـەر بەكاراكتەرەكـەی بەخـشیوە، چـونكە عەدەمییـەتی ئـایینی، هـەڵگری یـاخیبوون و بەرپەرچـدانەوە نییـە لەبـەردەم شـتەكاندا، بـەڵكو عەدەمییەتەكـە وایلێـدەكات تـەواوی شـتەكان بـەخوودی دونیـاوە لەناوناشتنی"لاشەی"خۆیدا تەماشا بكات. یاخیبوونێكیشە، بەڵام لەڕەتكردنەوەی تەواوی ئەم جیهانەدا.

ئـەمجۆرە عەدەمییەتـە، وەكـو عەدەمییـەتێكی، بۆنموونـە نیتـشەییانە نییـە، چـونكە نیتشە تەواو دژایەتی ئەو جۆرە نرخ و بـەها ئایینییـە دەكاتـەوە كـە بـەلای ئـەوەوە هـیچ ناكات، جگە لەكوشتنی كەلتوورو هونەرو ژیان نەبێت، بەڵام جـۆرە هەسـتێكی شـاعیرانەو خۆشەویستانە لەلای نیتشە هەیە، بەڵام تەواو پێچەوانەی هەسـتە ئایینییەكەیـە، ئـەویش هەستێكی قووڵی سكولارە كە بەسۆزێكی غەریب تـەنراوە. ئەگـەر عەدەمییـەتی ئـایینی و ئیفلاتـوونی دژایـەتی دونیـاو دەركـەوتویی دونیـا بكـات، دیـارە لەبـەر ئـەوەی لـەناو ئـەم دونیایەدا وێنەی (حەقیقەتی) تیادا نییـە، ئـەوا نیتـشە بەهـەموو شـێوەیەك دژایـەتی ئـەم دیدو جیهانبینییـە دەكـات، هـەروەها بەكـەلتووری"مرۆڤـە بـچووكەكانی" دەخوێنێتـەوە، دونیا بەدونیای حەقیقی دەبینێـت ئـەویش یـەك دونیایـە كـە هەیـەو ئێستاكەیە. ئەمـەش كێشەو قەیرانی رووبەڕووبوونەوەیە لەبەردەم بوون و دەركەوتندا بەوشیوەیە.

چـونكە، عەدەمییـەت بـەلای نیتـشەوە، خاسـیەت و گرنگـی نـاوخودی كـەلتوور وەردەگرێـت لەئاسـتە زۆر باڵاكەیـدا، ئـەویش بۆبـەرپاكردنی بیرۆكـەی (خـاپووركردنی) شتەكۆنەكان، هەروەها دامەزراندنی شتە نوێكانە: هونەرو كـەلتوور. ئەگـەر عەدەمییـەتی ئایینی دژایەتی لاشەی مرۆڤ دەكات، ئەوا عەدەمییەتی نیتشەیی دژایەتی جیهانێك دەكات كە لەسەر پایەكانی دوالیزم و دەرواحەكانی ئایین و ئایینزاكان بوونیاتنراوە: ئیفلاتوونیزم

و پاشـخانی ئـایینی بەهـەموو کاریگەرییەکانییـەوە. بـەلای نیتـشەوە، تـەنیا یـەك جیهـان هەیە، ئەویش بریتییە لـەم جیهانـەی (ئێستامان)، کـە تیایـدا دەژیـن، نـەك ڕێلمێکـی دی لەبوون، یان شتێکی ئاوا کە لە"ناوخۆیدا"بێت. واتە"بوون" بۆخۆی بریتییە لەوەی هەیەو چی تیادایەو دەبێت بەچی، نەوەك دیزیـزی ئیـدیالیزم و خۆکردنـە کۆیلـەی حەقیقـەتێکی گەورەتر لەمدونیا، یان وەکو خۆی چەندینجار ئامـاژەی بـۆ دەکـات"دونیـای دی". لەبـەر ئەوەیـە نیتـشە دژایـەتی دوالیـزم دەکـات و ئـیش لەسـەر ڕەهەنـدەکانی (لاشـەی)مـرۆڤ دەکات"جیهانی دەرکەوتوو، بریتییە لەجیهانی ڕاستی و حەقیقەت"، بەهـەموو شـێوەیەك بەپێچەوانەی ئیفلاتوونەوە، کە تینـووی جیهانێکـەو جیهـانی ئێـستا پـشتگوێدەخات لـەو پێنـاوەدا. دڵـشووشە، هـەڵگری عەشـقێکی ئیفلاتوونییـە، بـەڵام وێنـەی دڵـسۆزی و ڕاسـگۆییەکەی وەکـو کاراکتـەرێکی بوونگـەرا، زیـاتر ڕەنگدانەوەیـەکی زۆری نیتـشەیی و تەنانەت کامۆیانەی بەسەرەوە دیارە.

پەراوێزەکان:

(١)The Cambridge Companion to Plato، page ٢٤٨

(٢)Kundera، Milan. <u>The Art of the Novel</u>، p١٤٢.

(٣)Nozick، Robert. <u>The Examined Life Philosophical Meditations</u>. P. ٧٤

(٤)هەمان سەرچاوە، ٧٥

(٥)هەمان سەرچاوە، ٧٦

(٦)Plato. <u>Symposium</u>. ١٨٩E.

(٧)هەمان سەرچاوە، ١٩٠A

(٨)هەمان سەرچاوە، ١٩٠B

(٩)هەمان سەرچاوە، ١٩٠C، ١٩٠D

(١٠)هەمان سەرچاوە، ١٩١B

(١١)هەمان سەرچاوە، ١٩١E

(١٢)Howgate، George W. <u>George Santayana</u>. Page ١١٨

(١٣)هەمان سەرچاوە، ١١٨

(١٤)Singer، Irving. <u>The Nature of Love</u>. p ٢٥٨

(١٥)هەمان سەرچاوە، p ١٩٨/١٩٩

(١٦)Howgate، George W. George Santayana، page ١١٣

(١٧)Singer، Irving. The Nature of Love. Page ١٦٨

(١٨) هەمان سەرچاوە ، ١٦٧

(١٩) هەمان سەرچاوە ، ١٦٧،١٦٨

(٢٠) گۆڤاری نما ١٧/١٨ ، ٢٠٠٥

(٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو

(٢٢) دیوانی نالی، بەغدا ١٩٧٦، لاپەڕە، ٣٥

(٢٣)Deluze، Gilles and Clair Parent. Dialogues. page ٦٥

(٢٤) هەمان سەرچاوە ، p ٦٥

(٢٥) دیوانی مەحوی، لاپەڕە، ٥١



# نەخشەکانی (انا الحق) لەشیعرەکانی مەحوی-دا

بوشرا کەسنەزانی

گەڕانەوە بۆ نێو دونیا پڕ لەشۆڕو شەوقەکەی ئەدەبیاتی کلاسیك و لەناو ئەویشدا رامان بەدیار عەزەلە پڕ لەهونەرو فەلسەفییەکانی (مەحوی)دا، ئەو چێژە دەبەخشێت بەئێمەی کورد کە خاوەنی ئەدەبیاتێکین سەرڕێژە لەهونەری گێڕانەوە، پڕە لەحیکمەت، خاوەنی شاعیرێکین کە شیعرەکانی بڵندگۆیەکن بانگی جوانناسی دەدەن، هونەری شیعری رۆژهەڵاتیان لێدەتکێت، بەهەموو عیرفانییەت و ئیستاتیکایەکییەوە.

راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە (مەحوی) شاعیرێکی سۆفیگەرییەو گەلێك لەشیعرەکانی گوزارشتەری چوار رەگەزی زنجیربەندی (تەریقەت، شەریعەت، حەقیقەت، مەعریفەت)ن، ئەویش زۆرینەی رەخنەگران و لێکۆڵەران لەسەری کۆکن و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە ئەنجامداوە، یەکێك لەو بەڵگە دیارو بەرچاوانەی شیعری مەحوی بۆ چەسپاندنی سۆفیبوونی، کارکردنییەتی لەسەر رێبازی (مەنسووری حەلاج) کە نزیکەی (نۆ) جار لەبەیتە کوردییەکانیدا ئاماژەی پێداوەو دووجاریش لەشیعرە فارسییەکانیدا گوزارشتی

لێکردووەو لەگەڵێك شوێندا ڕەهایی بەخشیوە بەحەق و بەدەر لەچواندن خۆی کردووەتە دووەمین مەنووسری زەمانە.

ئەگەرچی لەدوای کوژرانییەوە (حەلاج) بووەتە سیمبولی حەقدۆستی و سووربوون لەسەر ڕێگەی دروست و پاشگەزبوونەوە لەگوفتارو کرداری ڕاست، کە ئەمە لەسەرتاسەری ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتدا بەدیدەکرێت و شاعیران هەر یەکەو بەپێی ستایلی کارکردنی خۆی ئاماژەی پێداوەو ئاوێتەی هونەری جوانناسی و چواندنیان کردووەو هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاندووە بەرامبەر بەحەق و دووپاتیانکردووەتەوە کە مەنسور ئاسان، بەڵام جیا لەهەموو ئەمانە (مەحوی) بەجۆرێکیتر کاری لەسەر ئەم ڕەهەندە عیرفانییە کردووەو وەك میتۆدێك پەیڕەویکردووە، تەنیا لەبەر هونەرکاری و نەخشاندنی ڕەوانبێژی نەبووە کە چیرۆکەکەی بووەتە بەشێك لەمێژووی مەرگەساتاوی عیرفانییەتی ڕۆژهەڵات، بەڵکو هزریانەتر کاری لەسەر کردووەو بەپەسندترین ڕێگەی زانیوە تا لەڕێیەوە یاخیبوونی خۆی پێڕاگەیەنێت و هەوڵ بۆ چاکسازی بدات لەو دیدەوەی کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەردەمی (مەحوی)دا ژیانێکی ئێجگار نالەباربوو، چونکە لەو سەردەمەدا میرنشینی بابان لەناو چووبوو هاوکات عوسمانییەکان دەسەڵاتی ڕەهایان بەدەستەوە بوو، جگە لەمانە پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندنی ڕوو لەخراپی دەچوو(1)، ئەمانە هەموو هۆکاربوون تاوەکو مەحوی دەنگی خۆی لەناو دەنگەکانی تردا بەوتنەوەی حەق و ڕاستی جیابکاتەوەو پێمان ڕابگەیەنێت کە بەکوشتنیش دەستبەرداری ئەم حەقە نابێت کە ئەم پەی پێبردووە.

لەبەرئەوەی بەتەواوی شۆڕبینەوە بەناو ئەو بەیتانەیدا کەمەنسووری لەخۆگرتووە، بەپێویستی دەزانین باسێکی حەلاج بخەینە بەرچاو.

### مەنسووری حەلاج:

(ابو المغیث حسین ابن منصور ابن محمد بیضاوي الحلاج) لەساڵی (٨٥٨ی زانینی) لە(تور)ی نزیك بەیزای فارس چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو بۆیەکەمجار لەسەر دەستی کۆمەڵێك شێخدا بەتایبەت (جونەید)دا پێی ناوەتە دونیای تەسەوفەوە، لەساڵانی (٨٧٣ ـ ٨٩٧ی زانینی)داو دواتر لەوان جیابووەتەوەو بەرەو سەفەرو فێرکاری خۆی کەوتووەتەڕێ و چەندین شوێن و شاری کردووە وەك ئەهواز، خۆراسان، ئاسیای

ناوەڕاست، هیندستان، مەککەی پیرۆزو دواتر لەمەککەوە گەڕایەوە بۆ بەغداو قوتابییەکانی لەدەوری کۆبوونەوە[٢]. ئەم سەفەرانەی بەشێوەیەکی دیار کاریگەرییان لەسەر حەلاج بەجێهێشت بەتایبەت هندو تورکمانستان، کە زۆر لەڕەخنەگران لەو بڕوایەدان، ئەم سەفەرانەی بەمەبەستی فێربوونی رازی جادو و شوعبەدە بووە، چونکە دواتر کاتێك دەیوست خەڵك گردکاتەوەو وتاریان بۆ بدات و (وەعز بدات) بەکاری سەیرو سەمەرە خەڵکی کۆدەکردەوەو لەو کارانەش سیحرو جادوو بوو کە لەهیندستانەوە فێری ببوو، ئەم کارانە هەندێکجار دووربوون لەکەرامات و کەشفی پیاوچاکانەوە (ئەگەرچی خۆشی کەراماتی هەبوو)، بەڵام وا دەهاتە پێشچاو کەحەلاج بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خەڵکی ئەنجامیداوە، تاکو گوێگر بۆ قسەکانی کۆبکاتەوە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا قسەکانی حەلاج چی بوون کەوا هەموو توانا ژوور سروشتییەکانی دەخستەگەڕ تاوەکو خەڵکی گوێی بۆ راگرن؟ ئایا تەنها مەبەستی خۆشەویستی خوداو مەسەلەی یەکێتیی مرۆڤ لەگەڵ خودادا نەبوو؟[٣]. حەلاج هێندە بەتوانا بوو لەم بارەیەوە کە (رازو سڕی خەڵکی دەزانی و باسی دەکرد بۆیان تا ناویان نا حەلاجی اسرار)[٤].

شێوازی دوان و قسەکردنی حەلاج بۆ زۆرینەی خەڵکی نوێ و شۆڕئەنگێز بوو، تەنانەت تەرزی رەفتاریشی، لەپڕ لەناو بازاڕ دەردەکەوت و بەدەم فرمێسکڕشتنەوە هاواریدەکرد ئەی خەڵکی لەدەست خودا رزگارمکەن، منی لەخۆم فڕاندووەو نامگەڕێنێتەوە بۆ خۆم، هەندێك لەقسەکانی بۆ خەڵك واتادارو هەندێکی تری بێواتا دەمایەوە، یاخود لەبەردەم مزگەوتدا دەوەستاو دەیوت ئەی خەڵکی (کاتێك حەق بچێتە هەر دڵێکەوە جگە لەحەق هەموو شتێکی تێدا فانی دەکات، ئەگەر بەندەیەکی خۆشبوێ، بەندەکانی تری لەدژی هاندەدات تا ئەو بەندەیە روو لەدەرگای ئەو بکات، بەڵام ئەی حەق حاڵی من چۆنە؟ خودام نەدۆزیوەتەوەو لێی نزیك نەبوومەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك دژایەتیم دەکەن)، ئینجا دەگریاو خەڵکی بازاڕیش لەگەڵیدا دەستیان دەکرد بەگریان و زاری. پاشان ئەو لەپڕ پێدەکەنی و بانگ و هەواری هەڵدەداو شیعری دەخوێندەوە، کاتێك بانگی خەڵکی دەکرد تا گوێی بۆ رادێرن، هەمووان بەدۆست و ناحەزانییەوە دەورییان لێدەداو گوێبیستی قسەکانی دەبوون و پاشان رووی لەخەڵکی دەکردو دەیوت یاران بزانن کە خوداوەند خوێنڕشتنی منی رەواکردووە، بمکوژن، هەندێك لەخەڵکی لەم قسانەی دەگریان

و ئەو دەیوت من بکوژن و ئێوە پاداشتی خۆتان وەرگبرن منیش دەگەم بەئارامیی، بەمجۆرە وەك کەسێکی رۆحانی لەناو خەڵکدا تەماشادەکراو هەندێك بەپەیامبەرو هەندێکیتر بە (مظهر الهی) بۆیان دەڕوانی و بەغەوس و فریادڕەس ناوزەدیان دەکرد[٥]، کە هەر ئەمە بووە هۆی ترسی پیاوانی شەریعەت و ئایین و هەوڵیاندا خەلیفەی دژ راگرن و بەشێت و گومراکەریان لەقەڵەمدەدا، لەم نێوەندەدا لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا بەکەسێکی سەیر تەماشادەکراو دژەکانی بەزەندیقیان دادەناو ئەوەی ئەوانی زیاتر لێ توندکرد مەسەلەی عەشقی ئیلاهی بوو کە ساڵەهای ساڵ لەبارەیەوە دواو کە دواتر بووە (هۆکاری سەرەکی حوکمدانەکەی بەتایبەت تەعلیماتەکەی دەربارەی یەکبوون لەگەڵ خودادا زیاتر مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کرد کە سەرەنجام بەندکراو هەشت ساڵ لەزینداندا مایەوەو حەوت مانگ دادگاییکردنەکەی درێژەی کێشاو لەکۆتاییدا سزای مەرگیان بەسەردابڕی)[٦].

ئەگەرچی رای جیاواز هەیە لەسەر جۆری کوشتنەکەی، هەندێك کەس بڕوایان وایە کە لەخاچ دراوەو سەریان بڕیوەو پاشان سووتاندوویانە، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن هەردوو دەستیان بڕیوەتەوە، پاشان هەردوو قاچی و دواتر چاویان هەڵکۆڵیوەو زمانیان بڕیوە، ئینجا سووتاندوویانە، لەم بارەیەوە شێخ عەتار نیشاپوری دەڵێت: هەر دڵۆپە خوێنێك کە لێی دەچۆڕا نەخشی (انا الحق)ی دەکێشاو کاتێکیش سووتاندیان خۆڵەمێش و گڕەکەی لەسەر ئاوی دیجلە هەر (انا الحق)ی دەوت، لەوەو بەر مەنسوور رایگەیاندبوو (کە خۆڵەمێشەکەم دەکەنە دیجلەوە بەغدا لەئاودا نغرۆدەبێت، خەرقەکەم بخەنە ناوی ناو نەتان بات)، بەمجۆرە خۆڵەمێشەکە کوژایەوەو ئارامی گرت و دفنیان کرد[٧]. لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە کوژرانی مەنسور لەسەر وتنی راستی و لەبەر وتنی (انا الحق)و حاڵی نەبوونی پیاوانی ئایین لەمەبەست و حیکمەتی ئەو بوو.

مەحوی شاعیر وەك شاعیرێکی پەروەردەی هزرو ئستورەو میتۆلۆژیاو حیکمەتەکانی شەرق، رووداوی حەقدۆستی مەنسور کاریگەرییەکی دیاری لەسەر بەجێهێشتووەو تێکەڵ بەزەین و ئەندێشەی بووە تا ئەو جێیەی کە خۆی لەیادبکات و لەواقیعەوە بەرەو خەیاڵ بڕوات و خۆی لەبەرگی مەنسوردا بەدی بکات. مەحوی لەشیعرەکانیدا حەلاج دەکاتە چیرۆکێکی فرەڕەهەندو چەند تەوەرەیەکی لێ سازدەدات و مەبەستی خۆی پێ دەخاتەڕوو.

## بێباکی

ئەگەر لەڕوانگەی ئەو بەیتانەوەی کە مەنسوری تێدایە لەمەحوی بڕوانین، ئەوا پەی بەبێباکی و چاونەترسی دەبەین کە لەپێناو وتنی راستیدا بەخەرجی داوە، بەجۆرێك جۆرئەتی وتنی هەیە کە ئیمانی پتەوی بەسەرکەوتن چنگ کەوتووەو گەشبینە بەوەی کە دواجار حەق خۆی دەردەخات و مێژوو نیشاندەری ئەوەیە کە کێ حەقەو کێش ناحەق، هەر لەسەرەتای دیوانەکەیەوە، چاومان بەم بەیتە دەکەوێت:

هەتا حەق ناصیرە، هەر هەقمە مەنظور

وەکو (مەنصور) ئەگەر بمکەن بەدارا[٨]

پەنابردنەبەر خودا مەنسورانەو خۆشویستنی تا پلەی بوون بەیەك، وادەکات کە مەحوی پێشوەخت خەڵك و دەسەڵاتی لێ ئاگاداربکاتەوە کە بەهیچ جۆرێك ئامادەی دەستبەرداربوون نییە لەو حەقدۆستییەی و بێباکە لەوەی کە وەك مەنسور بکرێت بەداردا، مەگەر لەهەموو زەمانێکدا بەشی عارفانی گەورەو حەقدۆستان کوشتن نەبووە؟!

کەوایە با منی مەحویش ئەو سزایەم بەسەردا بدرێت مادام بەر لەمن مەنسور ئەو رێچکەیەی شکاندووە.

ئەم حەقدۆستی و پێداگرییەی مەحوی لەسەر حەق دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئایا مەحوی دژەکانی کێ بوون و چ پیاوانێك بوون بەناوی شەریعەتەوە ویستوویانە پاشگەزی بکەنەوە لەوتنی ئەو مەقامەی کە پێیگەیشتوە، وا ئەم وێنەیەی حەلاج دێنێتەوەو بێباکی خۆی پێڕادەگەیەنێت؟

گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەو چەند پرسیاری تری لەمشێوەیە کاری شارەزایانی مێژووی ئەدەبەو ئێمە ناتوانین ئێستا کاری لەسەر بکەین.

مەحوی هەمیشە لەبەیتەکانیدا ناوی (مەنسور) دەبات نەك پاشگری (حەلاج) کە دەشێت زیاتر مەبەستی لەشێوەی کوشتنەکەی بێت نەك رازداری و کەرامەتەکانی، هەربۆیە بەئاماژەدان (مەنسور) یاخود (سەردار) مەبەستەکانی دەخاتەڕوو.

بەهەق هەر حەق و بەناحەق ناحەقم وتوە لەڕۆژێ بووم

وەکو مەنسور ئەگەر بشمکوژن ناکەم لەحەق لادەم[٩]

دووبـاره جەختکردنــەوەی مــەحوی بەدیدەکــەین لەکوشــتنی بەشـێوەی مەنــسورو راستگۆیانە رایدەگەیەنێت، کە لەسەرەتای بوونیەوە سەرڕاسـتانە حـەقی ناسـیوەو تـەنها مەبەستی خوداو حەق بووە، بۆیە بێباکە لەمردن و ژیان و هەردووکیانی بەلاوە یەکسانە، چونکە دواجار ئەو هەموو سات و دەمێك لەگەڵ خودادایە.

حەق بێژی یەك گوناهیە مەنصورو حەقمە من

ئەم قەطعە گەر نیشانی نەدەم (مەحویا) بەکەس[١٠]

مەحوی وێنەی مەنسورو سزادانەکەی دەهێنێتـەوە کـە لـەپێناوی حەقبێژییـدا وەهـای بەسەرداهات، لەکاتێکدا خۆی لەمەنـسوور زیـاتر حـەقی وتـووەو پلـەی خـۆی لەمەنـسوور زیاتر دادەنـێ و دەزانێـت کـە چارەنووسـی دەبێـت لەمەنـسوور خـراپتر بێـت ئەگـەر ئـەم شیعرە نیشانی خەڵکی بـدات و ئەگـەر نیـشانی نـەدات ئـەوا حەقیـەتی، لەگـەڵ ئەمەشـدا مـەحوی شـیعرەکەی نیـشانداوەو گـوێی نـەداوەتێ کـە دواتـر چـی لێدەکـەن لەسـەر ئـەو شیعرە.

## لەخۆباییبوون و ملکەچیی

یـەکێك لـەو رەهەندانـەی دیکـە کـە مـەحوی لەچـیرۆکی مەنـسوورەوە هـەڵیهێنجاوە، لەخۆباییبوون و بەرامبەری ملکەچییە، چونکە کاتێـك دووبـارە حـەلاج دێنێتـەوە بـەردەم خوێنەری شیعرەکانی ئاماژە بەگوفتاری حەلاج دەکات کە چـۆن کەوتووەتـە هەڵـەو داوی لەخۆباییبوونەوە بەرامبەر بەخۆشەویستەکەی کە (حەزرەتی حەقە)، ئەگەرچی حەلاج بـە (انا الحق) راستییەکی وتووە، بەڵام لەبەردەم خۆشەویستدا شیاونییە هـەموو راسـتییەك بووترێت، ئەویش لەپێناو پاراستنی ئادابی عیشقدا.

باحەقیش بێ، لەبۆ (مەنصور) (أنا الحق) حەق نییە

شێتییە مەجنون ئەگەربێ، نازی لەیلا بکا[١١]

لەئاستی دیاری بەیتەکەدا مەحوی ئاماژە بەنـەزانینی رێـزی خۆشەویـست دەکـات کـە بێڕێزبووەو نەدەبوایە وەك حەق خۆی هوەیدا بکردایـە، ئەگەرچـی راسـتیش بێـت، بـەڵام لەئاستی نادیـار دەلالەتـە لـەو هەڵەیـەی نەپاراسـتنی راز کـە مەنـسوور کـردی و دەبوایـە بیپارێزایـە، چـونکە مەنـسوور بـەوتنی ئـەوەی کەنەدەبوایـە بیوتایـە سـزادرا بەمــەرگ، (لەسۆفیگەریدا نەوتنی حەقیقەتەکان و نهێنیپارێزی راز وەك دەستوورێکی عیرفانی وایـە،

کە ئاشکراکردنی رازی خودا کوفرە)[١٢]، لێرەوە مەحوی دەبێتە هاوڕای ئەو زاناو دانا سۆفیانەی کە کەس بەتاوانبار نازانن لەکوشتنی حەلاجدا، بەڵکو ئەوە حەلاج خۆی بوو نەیتوانی ببێتە دورجێك بۆ پاراستنی ئەو رازەو بەدەریخست، کاتێکیش بەفاشکەری ئەو رازە ناسراو خەڵکی لێ ئاگادارکردەوە لەحیکمەتەکانی ئیلاهی، تەنیا پاداشتنی کوشتن بوو.

## بوون بەسەردار

لەجیهانی سۆفیگەریدا زۆرن ئەو عارف و زاهیدانەی کە بەشێت ناویان براوەو بەردباران کراون، نەك هەر عارفان بگرە ئەو کەسانەی کە کرداروو گوفتاریان نەسازبێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا، ئەوا جێیان لەقبووەو کەوتوونەتە بەرتانەو لۆمەو ئازارەوە، کە ئەمە سزایەکە بۆ ئەوانەی لەهێڵی سەرەکی و گشتیی لادەدەن، کۆمەڵیش وەدەریان دەنێت.

مەحوی نموونەی ئەم لادانانەی بەچەندین شێوە خستووەتەڕوو:

جنونی نەوظوهرە (مەحویا) دێوانەگی مەنصور

کەدێوانەن هەموو مائیل بەبەرد ئەو مەیلی داری کرد[١٣]

لەم بەیتەدا مەحوی لەبەردەم دوو جۆر شێتیدا رامانەگرێت، یەکێکیان شێتی ئاساییەو دووەمیان شێتێکی دیکەیە کە پلەیەك لەسەرترە.

ئەگەر عارفان و عاشقان و سالیکانی رێگەی حەق رەفتاریان قابیلی بەئاسایی تەماشاکردن نەبێت، بەشێوەیەك کە لەنێوان جەدەلی عەقڵ و دڵدا دڵ سەربکەوێت و دواجار عەقڵ وەلاوە بنێت و جڵەوی بداتە دەست عەشق، ئەوا سەرلەبەری ئاکارو بیرکردنەوەو ژیانی دەگۆڕێت بۆ تەرزە رەفتارێك کە هەرگیز لۆجیکی نابێت و یاساکانی عەقڵ پێیان قبوول نییەو لەنێوان بازنەیەکدا عەقڵ ئەو کەسە لەدەست دەدات و کەسەکەش عەقڵ لەدەست دەدات و ئامادە نییە بەهیچ جۆرێك بچێتە ژێرباری عەقڵ و بەویستی دڵ دەژی و سەرەنجام بەشێت ناوزەد دەکرێت و خەڵکیش لەئەنجامی قبووڵنەکردنیدا بەو پێیەی ئەوان عەقڵ حکوم دەکات بەسەریاندا، بەربەردی دەدەن.

ئاماژەدانی مەحوی بەوەی کە (دیوانەن هەموو مائیل بەبەرد) مەبەستی ئەو دەپێکێت کەشێتەکان خۆیان حەزیان لەوەیە کە بەر بەرد بدرێن، ئەگەرچی لەدیوانەکەیدا مەلاعەبدولکەریمی مودەریس پێچەوانەی ئەمە دەڵێت و دەڵێت: (شێتەکان بەرد لەخەڵك

دەگرن)، بەڵام بەڕای ئێمە خۆ مەنسوور داری نەگرتووەتە کەس کاتێك دەڵێت: (ئەو مەیلی داری کرد) واتە یەکسانکردنی مەنسوورو شێتەکانە لەڕووی شێتییەوە، بەڵام لەمەیلەکەدا جیاواز دەردەکەون، مەیلی دارکردن ئاماژەدانە بەوەی کە شێتە ئاساییەکان مەیلی ئەوە دەکەن بەربەرد بدرێن، بەڵام مەنسوور وەك شێتێکی نوێ دەردەکەوێت و جیاوازتر خۆی دەنوێنێت بەوتنی (أنا الحق) لەسەر شەتحیاتدا کە پێوەری شێتی دەشکێنێت، رازی نییە وەك شێتەکانی دیکە حسابی بۆ بکرێت و دەیەوێت ئازاری زیاتر بچێژێت لەپێناو دڵدا کە عەرشی خودایە.

مەحوی لێرەدا خۆی دەکاتە تەرازوویەك و هەردوو شێتییەکە رادەگرێت و کێشانەیان دەکات و تای تەرازووی مەنسوور قورس دەکات بەوەی کە نوێیەو شتی نوێش خەڵك زیاتر پێوەی سەرقاڵ دەبن، لەکاتێکدا لەتەرازووی خەڵکدا ئەم شێتییە لەشێتەکانی دیکە سووکترە، چونکە ئەوان بەبەرد رازین و قورسن، بەڵام ئەم ئەهلی دارو تەختەیەو سووکە، لێرەدا مەحوی ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەوانەی خوازیاری بەردتێگرتنن لەزەویدا دەمێنەوە لەکاتێکدا دار دۆستەکان وان لەسەروو خەڵکەوەو ملبەرزانە دەڕوانن، بەم ئاشکراکردنە مەحوی دووبارە لایەنگریی خۆی بۆ مەنسوور دووپاتدەکاتەوەو تای تەرازووی حەلاجی پێ قوورس رادەگرێت لەناو بەیتەکەدا.

مەحوی خۆشی زۆرجار خوازیاری ئەم شێتییە بووەو حەزی لەو گۆڕانەبووە:

دەمێکە شاری پڕشۆڕی موحیبەت مات و خامۆشە

بەقانونی تەجەننوون شۆڕشێ ئینشا نەکەم چیبکەم[١٤]

بەدەر لەباسکردنی مەنسوورو لەدەرەوەی مەسەلەی ئەوەوە، خۆشی ئاماژە بەوە دەدات کە شێتەکان هەمیشە شاری موحیبەتیان ئاوەدانکردووەتەوە، ئەگەر ئەوان نەبن ئەوا خامۆشی باڵ بەسەر شاری دڵدا دەکێشێت، بۆیە ئاوەدانی دڵ و هاندانی عاشقان تەنیا بەسەروەری شێتەکانی عەشق سەردەگرێت.

موحەقەق هەرکەسێ مەسلەکیە حەقق و مەقیەتی مەنظور

سلوکی چوونەسەرداره، طەریقەتی پڕ بەمەنصور

لەئولکەی عیشقەدا بۆ هەرکەسێ سەرداریيە مەنظور

علووی مەرتەبەی سەرداره، بۆتە پەیڕەوی مەنصور[١٥]

ئایا سەروەران و سەرداران کێن، مەگەر ئەوانە نین کە راستیان مەبەستەو حەقدۆستن، بێگومـان ئەوانـە دەبنـە سـەروەر کـە حەقدۆسـتن، مـەحوی رێگـەو تەریقـەتی عاشـقی نیشاندەدات و رووەدەکاتە ئەوانەی کە مەبەستیانە بەعاشقی بژین و هێشتا کەمئەزموونن لەوبارەیـەوە، پێیـان رادەگەیـەنێت کـە نابێـت بەسەرشـۆڕی بمـرن، بـەڵکو دەبێـت سەربەرزانەو لەسەرداردا گیانیان لەدەست بدەن، هەروەکو شێخی گەورەیان ئـەو رێگەیـە لەبـەربگرن کـە رازی نـەبوو بمرێـت تـەنیا لەحاڵەتێکـدا نـەبێت کـە سـەرداربێت بەسـەر هەمووانەوە بێت، مـەحوی بـانگی عاشـقان دەکـات کـە بـچنە قوتابخانـەی مەنـسوورەوە لەسەر دەستی ئەودا تەریقەت وەرگرن و سالیکی رێگاکەی ئەو بن کە بـەرەو (سـەرداریان دەبات) بەو پێیـەی ئـەوەی لەسـەردار بمرێت ئەوسـەروەرە، سـەروەر بـەو مانایـەی کـە پێشەنگی رێگایەکی دروستەو ئامادەی گیانلەسەر دانانە.

لەئولکەی عیشقەدا بێ چونە سەردار
بەئاسانی مەزانە بونە سەردار
ئەگەر عیشقی لەسەرداری لەسەرنا
بکە مەشقێ لەوانەی چونە سەردار
خۆشی فەرموو چ مەجنون و چ مەنصور
بەشی عاشق درا هەر بەردو هەر دار(١٦)

ئەگـەر لەڕوانگـەی ئـەم بەیتانـەوە گوزەرێ بەمەبەسـتی مەحویدا بکـەین، پـەی بـەو رووبەرە فراوانە دەبەین کە هزرو ئەندێشەی خۆی تێدا خستووەتەڕوو بەجۆرێك کە عەشق دەکاتــە ســیمبولی ســەرکەوتن و لەڕێگــەی ئــاوێزانکردنی هــەردوو چــیرۆکی مــەجنون و مەنسوورەوە دەقێك دەدەخرێنێت کە دەبێتە وێنەی خۆی لەناو ئاوێنەبەندی بەیتەکانـداو دواجاریش دەبێتە ناسنامەی خۆی کە ئاوێتەیەکە لەعەشقی مەنـسووری و مـەجنون، ئـەم ئاوێتەکردنـەش لـەو بڕوایـەی خۆیـەوە دێـت کـە عەشـقی مـەجازی دەخاتـەپاڵ عەشـقی حەقیقەتی و رێنماییمان دەکات بەرەو تێگەیشتن لەمەبەستی هەردووکیان کـە مەعـشوقەو خاڵیبوونـە لەهــەموو شــتێك و لەپێناویــشدا وەرگــرتنی بەشــی خۆیانــە کــە بــەردو دارەو رازیبوونە بەو شتە کە سەرەنجام ئەمەیـە بـەقایان پێدەبەخـشێت و دەیانکاتـە سـەرداری عاشقانی سەردەمەکانی دواتر.

قووڵبوونەوە لەناو کێشمەکێشمی عەقڵ و دڵدا دووبارە نیشاندانی حاڵی ئەهلی دڵ لەم بەیتەدا دەردەکەوێت.

دەبینم ئەهلی دڵ یاسەنگەسارە یا لەسەردارە
دیاری عیشق، ئەگەر ساغت دەوێ، هەردارە هەر بەردە(١٧)

لەم بەیتەدا بەهێنانی (لەسەردار) چیرۆکی حەلاج دەهێنێتەوە ئاراو باسی ئەهلی دڵ و دیاری عەشق دەکات کە جێهانێکی جیاوازترە لەجیهانی عەقڵ و لۆجیکدۆستەکان و بەپێچەوانەی ئەو جیهانەوە ئەم خەرابات و وێرانەیە بەخۆی لەداردان و بەردتێگرتنەوە هەموو کەس بەرگەی مانەوەی ناگرێت تەنیا ئەوانە نەبێت کە قایلن بەو جێگەیەو بەگیان کڕیاری بن.


سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١)محەمەدی مەلاکەریم، پێشەکی دیوانی مەحوی، ل١٤.

(٢)تصوف و ادبيات تصوف، يوگنى ادوارد برتلس، ترجمە: سيدوس ايزدى، ص٣٦.

(٣)جستجودر تصوف ايران، د.عبدالحسين زرين كوب، ص١٣٨.

(٤)تذكرة الاولياء، شيخ فريدالدين عطار نيشابوري، تصحيح ميرزا محمدخان قزويني، ص١١٦.

(٥)جستجو در تصوف ايران، ص١٣٩.

(٦)تصوف و ادبيات تصوف، ص٣٧.

(٧)تذكرة الاولياء،ص١٢٣.

(٨)دیوانی مەحوی، ل٨.

(٩)هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

(١٠)هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

(١١)هەمان سەرچاوە، ل١٩.

(١٢)فلسفه عرفان، دكتر سيد يحى يثربي، چاپخانه تبليغات اسلامى، چاپ چهارم، ص٥١٠.

(١٣)دیوانی مەحوی، ل١١١.

(١٤)هەمان سەرچاوە، ل٢٣١.

(١٥)هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.

(١٦)هەمان سەرچاوە، ل١٢٠.

(١٧)هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢.

# من خەڵکی دڵەشکاوەکانی دونیام

حسێن ئەحمەد



من خەبات ئەکەم
بەپیاڵە نور لەمیهری خوداوە ئەهێنم
بەپەرداخ درەوشانەوە رۆئەکەمە تاریکی کۆڵانەکەمانەوە
لەنجەی گوڵ ئەبینم لەهاتنی لەشکری نەسیمدا بۆناو باخ
لەهاتنی سوپاکانی مانگدا بۆ سەر زەوی
من سوپای خۆم کۆئەکەمەوەو
خۆشەویستی وەک تفەنگ ئەکەمە شانم
وەک عاشقێک لەسینەیەکەوە بەرەو سینەیەکی دیکە بڕوات
من لە تەنهاییەکەوە ئەگەم بەتەنهاییەکی دیکە
لەئەستێرەیەکەوە باز ئەیەم بەسەر ئەستێرەیەکی دیکەدا
لەشۆڕشێکەوە بەرەو شۆڕشێکی دیکە ئەڕۆم و
چەک بۆ خۆشەویستی هەڵئەگرم
من ئەو پیاوە مەستەی ئەمیری بەختەوەرییم لەسەر زەوی
سەرکردایەتی گوڵ ئەکەم کەنەسیمێک بەهێزی بەیانی چەکییەکات
کە شنەیەک خۆی ئەدا بەعەورەتیاو مردنی لەخەو هەڵئەستێنێت
من باخچە ئەکەم بە بەیداخهەڵگری خۆم
کەتەقە لەخوداکان ئەکەم، لەجێی فیشەک خۆشەویستی
لەتفەنگەکەمەوە دێتەدەرێ
کەمشت ئەگرم لەئاسمان، لەجێی گوللەئەڤینم ئەپیێکێت
من شۆڕش ئەکەم بەسەرمالولی گوڵەکاندا لەماڵی ئەبەدی خۆیان

دەس ئەگرم بەسەر تەنهایی تریفەکانداو
فێریان ئەکەم بەپەنجە بەختەوەری بژمێرن
بەنیگا ئاسمان دابەزێننە بەرپێی مانگ
من شۆڕش ئەکەم و یاساشم هێشتنەوەی باخچەیە بەدڵی خۆی
مافدانە بەفڕین کاتێک باڵندەکان ماندوونین
من خەبات ئەکەم و خواستیشم نوسینی نامەیەکە لەدڵەوە بۆخودا
سەفەری بێکۆتایی تریفەیە بەشەوی عاجزی رۆحدا
چنینی ئارامییە لەباخی ئینساندا وەک هەرمێ
پڕکردنەوەی بۆشایی مرۆڤێکە لەمرۆڤێکی تردا
بمناسە ئەی ئەوەی بەئەهلی رۆحەکانی فیردەوسم نازانیت
من خەڵکی بەیانیم کاتێک هەتاو رووناکی خۆی بۆ تۆڵە بەکار
ئەهێنێت
خەڵکی ئەو رۆژە غەمگینانەم خۆشەویستی بەرلەوەی لەدایک بێت
ئەمرێ
من خەڵکی دڵەشکاوەکانی دونیام
سەیرکە هەوڵی من چەند لەرەنجی پێغەمبەرێک ئەچێت
کەلەسەر بەختەوەری کوژرابێت
چەند لەماندوێتی پەیمانەیەک ئەچێت لەسەر شەرابەکانی
بیدەنەبەر گوللە
من شۆڕشگێڕی بارانم کە ئاسمان پێی رازی نییە
شۆڕشگێڕی دەریام لەتۆفانی مردنە جاویدەکانی خۆیدا
ئەبم بەدادوەری نەورەس و لەسەر سینە دادگا بۆ تفەنگ دائەنێم
بەشمشێر سێدارە دروست ئەکەمەوە بۆ شمشێر

سزای  گولله بەوە ئەیەم

تا مەلەکوت خوێنی خۆی بڕێژێت بەسەر ئەستێرە وەریوەکانی خۆیدا

ئەشکەنجەی یار بەزەردەخەنەی نەبینراو و ترپەی عاشقانە ئەپێوم

سەرکردەی هەتاو ئەبم کەدڵ ئەکەوێتە ناو زوڵمەت

کەتۆفان تەرمی ماسییەکان ئەهاوێت من دەست ئەگرم بەتەمەنی خواوە

سواڵ لەمانەوەی گوڵ ئەکەم، بۆئەوەی عومری باخەکەمان درێژ بێت

بۆئەوەی فڕین نەمرێت، ئاسمانی ترو هەوای تر تاقیئەکەمەوە

زەوی ترو مەنزڵی دیکە ئەکەم بەشوێنی خۆم

لەخوداو پێغەمبەری تردا شمشێری دیکە ئەدۆزمەوە

لەجەنگەڵ و دارستانی دیکەدا ئەبم بەڕاوچی بەختەوەری دیکە

وەک وەلییەک نزای کەوتنەخوارەوەی ئاسمان بێت بۆسەر زەوی

نزای من هەڵکشان و سپێتی باخچەکەمانە بۆ ئاسمان

نزای من هەوڵێکە بۆ پەڕینەوەی نور بەکەمینەکانی تاریکیدا

بۆ بازدانی تریفە بەسەر پەژموردەیی شەودا

بنۆڕە بنۆڕە هاو نیشتیمانم

من بەبێگەردی ئەم ئەستێرەیە رازینیم

پاکی لێرە لە سەردەمی کوشتنی خوداکان دورترە

من بەبەختەوەری ئەم نیشتیمانە رازینیم

ئاسودەگی  لێرە لەشکستی ئیمپراتۆرەکان زیز ترە

سەیرکە من بەخودا رازینیم

شکستی شۆڕشگێر ئەوەیە بەخودا رازیبێ و نەفرەت
لەجەهەننمەکانی بکات!
بەگوڵ رازیبێت و ژاکان بکاتە دوژمنێکی ئەبەدی خۆی
سەیرکە من کەسێکم خەبات بۆ تۆ ئەکەم
چەکم بۆتۆ هەڵگرتووەو رووەو میهرێکی دیکە دوات کەوتووم
رووەو پایزێکی دیکە گەڵای زەردم بۆکردووی بەشەربەتی زێڕین
بەرەو غروبێکی دیکە ناڵەی خۆمم هەڵگرتووەو تۆم وەک خاچ یاوە
بەکۆڵما
کێوەکان ئەمناسن چەند تریفەم لەسوبحە غەمگینەکانی تۆدا
چەند مانگم لەشەوە بێستارەکانی تۆیاو بەسوپاو شریخەی
شمشێرەکانمەوە یاوە بەکۆڵما
ئاورنگی بەیانیت لەرۆژە دزراوەکانەوە بۆ دەهێنم تا ماڵ
پرچی رژاوی ئاسمان چۆن بەسەر شینایی دەریا بەرینەکاندا
لەترەیات
سوێند ئەخۆم بەو جۆرە لەسەر سینگی من خودایت لەترەیات
لەسەر روخساری من وەک خۆرێک دەریا بدرەوشێنێتەوە
مەزنیت ئەدرەوشێتەوە
ئەڤینت وەک پیاڵەی سەرخۆشێک چۆن سەر بەمەیخۆران
هەڵدەبڕێت
بەوجۆرە کەللەم پێدەباتە ئاسمان

*پایزی ٢٠٠٧، ژان ماسیٚ*

# سلێمانی

تەیب جەبار

لە شارێکی پڕ تام و لەزەتدا
بێزاری.. وەک کرم،
ورد ورد دەکشێتە دەواری دڵم
بێزاری.. وەک تەم،
دێ و دادەپۆشی سەراپای جەستەم.
خەڵکی بەبێ شەرم،
کڕنۆش بۆ دڕکی زەلیلی دەبەن
بەقاقای پڕ رق،
بە دوو وشەی نەرم،
دەستەمۆ دەبن و..
پشت لە سەنگەری کەرامەت دەکەن
دەبنە کیسەی گەچ،
دەبنە فەردەی لم



*****

لە شارێکی پڕ لە بەرەکەتدا
هەژاری.. وەک با،
بەئارەزووی خۆی
گەڕەک بەگەڕەک، دەسوڕێتەوە
لە دەرگای زۆربەی..
ماڵەکان ئەدا



بەستەی برسێتی..

لەسەر ئیقاعی مەرگ دەڵێتەوە

هەژاری.. وەک زام،

وەکو سەرەتان

کۆڵان بەکۆڵان،

تەشەنە دەکا.

- هەژاری.. تاکەی..؟

وەکو گەردەلول.. لەگەڵ باڵاتا..

لولم دەکەیت و..

دەمهێنی و دەمبەی،

لە جێگایەکدا.. بێ داڵدە و بێ کەس،

بەرەڵام دەکەی ؟!

ئای بێ داڵدەیی..

چەندێ ستەمی ؟!

تۆ بڵێی بستێ زەویم دەستکەوێ و..

بڵێم ئۆخەی تۆ جێی گۆڕەکەمی ؟!

****

لە شارێکی پڕ رق و هەڵمەتدا

قەڵای سەربەرزی،

هەزاران دێوی هێنایە سەر چۆک

هەزاران بازووی..

توند و ئەستووری

کرد بەدارێکی پوچەڵ و قرچۆک

– هەوارە بەرزە!

زۆر دەستی ناپاک،

پەلاماری دای،

تا سەرت بڕێ

زۆر مەرگی سامناک،

هەڵمەتی هێنا..

کۆشکی تووڕەییت، هەرەس پێ بێنێ،

لە ناوت بەرێ

تۆش وەک پاڵەوان،

دێیتە دەست و هەر ناهێڵی دەست کەن،

بە چنگەکڕێ



–هەوارە بەرزە!

هەر تۆ هەواری سەربەرزی منی

هەر تۆ.. دەرختی

قەشەنگ و سەوزی،

چوار وەرزی منی

– هەوارە بەرزە..

ئەی کوانووی کڵپە و جێی حەسانەوەم

ئەی شادەماری..

ڕەگی مانەوەم

کوانێ ئەو شیعرەی..

تامی تۆی تیابێ ؟

کوانێ ئەو شیعرەی..




دەردو خەمی تۆی پێ ئاشکرا بێ ؟

کوانێ ئەو شیعرەی..

ئازایەتی تۆی..

لەبەر کرابێ ؟

کوانێ ئەو شیعرەی ؟

کوانێ ئەو ؟

کوانێ؟

کوا؟

؟

*سلێمانی/ نیسانی ١٩٨٧*

*×رۆژی (١٩٨٧/٨/١٩) لـە کـۆڕێکی شـیعریدا لـەهۆڵی رۆشـنبیری لەسـلێمانی خوێندراوەتەوە.*

# دوا مەنزڵی

## ئەم کۆچەمان ئەگاتە کوێ

حسەن هەڵەبجەیی

تۆ نازانی
عاقیبەتی ئەم مردنە ئەبێتەچی
سۆفیەک و
بەدمەستێکی گۆشەی مەیخانە دەچنە کوێ
ئەو گەڵایانەی هەڵوەرین
جارێ تر دەبنەوە چرۆ
***



تۆ نازانی
قابیل وەختێک هابیلی کوشت
لەبەرچاوە رەشەکانی (ئیقلینا) بوو
یان هەر ویستی
کەڕەنگی خوێن تەماشاکا
چما تۆ لەکوێ بزانی
لەو دیو پەردەی ئەم شەوەدا
رۆژ چاوەڕێی گەڕانەوەیە جارێ تر
***

تۆ کەهێشتاکە زیندوبیت

کوا لەمەعنای

غەرغەرەو گیانەڵا ئەگەی

ئاخر خۆ ناهەقت نییە

لەمانای پێکەنین نەگەی

لەوەختێکا هەموو ژیانت حوزن بێت

بڵێ سوچ و گوناهی تۆ

چییە کە بەفرباری

یاخود لێزەمەو تاوەباران

گەر سبەینێ

هەموو سەرزەوی بسوتێ

تۆ ناتوانی

کە نارییەک بەشنە فێنک بکەیتەوە

یاببیتە هەناسەیەک

بۆ گوڵێک لەپێش هەڵوەرین

***



بۆ هاتن کێ پرسی پێکردی

بۆ رۆشتن باهاوڕێی سەفەر بێ

لەو هەموو قەسیدە جوانانەی

لەڕێگە تۆبیستت

بادوانت لەبەربێ

خوا نەکا



**تۆ لەپێش من بمری**

**خوانەکا**

**من لەپێش تۆ بمرم**

**خوا نەکا**

**لەم ناوە هەر مردن دروست بێ**

**بەڵام تۆ نازانی**

**بەڵام ئەو نازانێ**

**ئەوانە**

**ئەمانە**

**هەمووومان نازانین**

**کۆتایی چۆنە ئەبێ**

٢٠٠٧/١٠/٦

*پێشکەشە بەو، کەوێڵی دوای پرسیارێک بوو، وەڵامەکەی لەکۆڵانە تەنگەبەرو تارەکانی دیوی ئەو دیوی ژیانە.*

# لەو دیوی میحرابەوە تا بەرماڵ[٧]

**فەیسەڵ هەمەوەندی**

لەتەك برێ ئافرەت و منـاڵ و پـیرو گـەنج، "ئـەم"چاوەڕوانی تـەرمی کـچەکەی بـوو، پێشتر چەندین چاڵی تر گـەڕابوو، دیـاربوو بەمەزەنـەی ئەوانـەی کـچەکەیان بینیبـوو لـەم چاڵەدابێ.

کـە ئێـسك و پروسـکەکانیان لەلمەکـە یـەکالا کردەوە،شـتێك لـەناو لەپـە ئێـسکێکدا دەرکەوت، کە لەپەلی ئەو رفاتەی دەکرد بەئەقڵی خۆی تەرمی کچەکەی بێ.

لەش و لاری کچەکەی بەتەواوی بەبیردا نەدەهاتـەوە، هەڵبەتـە لەشـەرما وەك باوکێك ئەوەندە دیقەتی نەدابوو، تا ئێستا نازی ئەو لەش و لارەی جارانی بەبریا کردباو بـێ شـك دەبوو لەوەی تەرمی کچەکەی خۆیەتی یا نا.

سیمای تەڵخی خەیاڵەکانی ببوونە دڵشکەستییەکی زۆر لەزەمانە، ئەو دەمە بـەدڵۆپێك فرمێسك رەنگە سەبووری بهاتبایەتەوە، وەلێ.. شـەرمی پیاوێك بـۆ گریـان ئەسـتەنگترە لەکۆڕبوونەوە.

سەردەمی مناڵی کچەکەی بەبیردا هاتەوە، جۆشێکی لەناخیدا داگیرسـاند، تـازە پێـی گرتبـوو، باوەشـیان لەیـەك دەدا،"ئـەم"هـەردوو کـوڵمی گۆناکـانی پـڕ بـەدڵ هەڵدەمژی، "ئەویش " ئەوەندەی دی بەو مناڵییە نازی لەبەر باوکیدا دەکرد.

لەش و لاری ئێسکەکان بێ نازبوون لەهەموو سـەردانییەك، بێئومێـدبوون لەگەڕانـەوە، "ئەم"بەجارێ پەرێشان بوو..پێی شەرم بوو دەست بۆ ئێسکێك ببـا، خـەڵکی دەیـانزانی ئەمـە مامـە حەمەیـەو کـچەکەی لەشـەوێکدا کـەس نـەیزانی کێوەیـان بـرد چـەند جارێـك مەزەنەکانی خۆی بەدرۆ خستەوە، پێی خۆش نەبوو کەسێك بـانگی لێـوە بکا،ئەوەنـدەی تر بەری خەجاڵەتی لێ بئالۆسکێنێت.

بەم دیدارە رۆژگارێکی تری لەداهاتووی بـۆ کـرد بەنارەحـەتی، ئـیتر لـەکوێ لابدات و لەگەڵ کێ دەمەتەقێی رابردووەکانی ئاڵشت بکاتـەوە، خـەڵکیش زۆر بـێ سـۆزن، ئـەوەی بشێو نەشێ دەیلێنەوە.

کچەکەی لەشەوێکدا لەدووتوێی جێگادا دەریانهێناو کەس نەیزانی بۆچی بردیان. وەلێ هەرکەسەو بەجۆرێك دایاندەڕشت.

-"ئەرێ راستە.. کچەکەی مامە حەمە تەنزیمی بوو؟"

-"کورە ئەرێ"

-"کـورە بـرا ئـەڵێی چـی، بـەخوا تابـەرە بـەیان لەگـەڵ یـەك دوو هــەرزەکار.. ئەستەغفرەڵڵا"

-"بەراستی....".

-"ئەوەیە عاقیبەتی ئەو پیاوانەی دەسەڵاتیان نییە بەسەر ماڵ و مناڵیان".

-"فەرمودەکەتان زۆر راستە.. مامۆستا".

مامە حەمە نەیکرد بۆ تەنها جارێکیش لەخۆی بپرسێ

"من بۆ رووفاتی کچەکەی خۆم هاتوم، یابۆ گێرانەوەی ئەم هەموو قەباعەتانە"

قلە خەیاڵێك خەریك بوو پێی بداتە پرمـەی گریـان، ئـەوەی بـیر هاتـەوە، کـە ژنەکـەی بۆدەمێك لەسوعبەت، ئیرەیی خۆی بەرانبەر بەکچەکەی بۆمێردەکەی دەردەبڕی.

-"دەلێی گەرێ.. ئەوپلە گۆشتەت لێ بۆتە بنیادەم"

شەوان لەتەك مەتەڵە ناوەختـەکانی خـەونی کـچەکەی، بـیری لـەو خەونەپەپولەیانـەی دەکردەوە..کەبەو پەری ئاسودەگییەوە، نەخورپەیەك رایدەچـەڵەکاند، نەخـەونێکی تـاڵ لـەتری پێـدەدا. ئـەمیش تانەبێتــە ســەبەبکاری راچــڵەکێنێك.چـەمکێکی لەدەســرازە شەتەکدراوەکەی ماچ دەکرد لەبری گۆناکانی.

فرمێسکێك بێ ناونیشان سەبووری بەو پلـە گۆشـتەی کـچەکەی"کـە ژنەکـەی وای نـاو لێنابوو"دەهاتەوە.

کەچـی ئەمێـستا بەهــەموو حەسـرەتەکانییەوە ئـارەزووی تـەنها قەترەیـەك فرمێـسك دەکا. دیسان هەر لێی یاساغە هێدی هێدی خۆی لـەو رووفاتـە نزیـك کـردەوەو مەزەنـەی دەکرد تەرمی کچەکەی خۆی بێ.

سیمای رووی کچەکەی بەئاستەم بەبیر دەهاتەوە، سەد نەعلەتی لەو شەرمانەکرد، کە ئەمڕۆ بۆی بوونەتە ئاسـتەنگی ناسـینەوەی کـچەکەی، بـەوەی دوودڵـی خـستۆتە دڵیـەوە دەبێ کچەکەی خۆی بێت یا تەرمی یەکێکی تر.

ئەویش بەقەوارەی ئاسمان شـەرمی لـێ نیـشتبوو، وەلـێ ناچـاربوو داڵغـەکانی بـاوکی بۆلای خۆی پەلکێش بکا.

–"بابە گیان..ئەگەر منت پێ شەرمە، بـەو خەڵکـە بڵـێ ئەمـە رووفـاتی کـچەکەی مـن نییە.. کچەکەی من..."

مامە حەمە وەك سمۆرەیەك هەم لەتاو برسێتی هەمیش لەتاو کۆرپەکانی جارو بـاریش لەتاو ترسی بەنیچەربوونی خۆی بەهیچ کامێك لەداڵغەکانی قایل نەبوو.

ئەو رۆژەی هەرگیز لەبیر ناچـێتەوە کـە بـۆ یەکـەمجار بـۆنی عەشـقی لەکـچەکەیداهات بەلوتیدا، بەچاوی خۆی لەش و لارێکی تورتی بینی.. سرکن.

مامە حەمە چەند جارێك ویستی لەسەر خوانەکـە دیقـەتێکی لـەناکاوی سـەرو سـیمای عەشقاویەکەی بدا، وەلێ ئەو.. ئـەو مەرەخـسییەی نـەدا بـەباوکی، شـەرم ئەوەنـدەی تـر سەری لەبەردەمیدا پێ نەویکرد.

کاتێ تەرمەکانیان لەزەویەکە بـەرز کردنـەوە، مامـە حەمـە خـۆی لەحـەوادا بینیـەوە، لەگەڵ کچەکەی باوەشیان لەیەك دابوو، بزە خەنەیەك گرتی، دیار بـوو لـەوە حـاڵیبوو کـە خۆشی یەکێك بووە لـەو چاڵە بەتەنیـشت رووفـاتی کـچەکەیەوە دەمـێ بـوو گوناهـەکانی باوکێتی خۆی بۆ کچەکەی هەڵدەوەراند.



# بیستوسێی پێنجی دووهەزارو حەوت

محەمەد ناکام

هەرچی جارێک کە دەچووم بۆ لایان، لەبەر پرسیار رێگەم نەدەبوو برۆم، لەسلاوێکدا..چەندین دەست، دەستی راست، دەستی دەستکرد، دەستی بێ پەنجە، دەستی تەوقەیان بۆ درێژ دەکردم، ئەوان لەخانوویەکی کۆندا، کە نەخشەیەکی بێ سەروبەرەی هەبوو، لەگەرەکی کانێسکاندا دەژیان، دروست لەنزیکی مزگەوتی – قامیشان– دا، ژمارەیان بەبەراوورد لەگەڵ رووبەرو ژمارەی ژوورو پەناو پەسێوی خانووەکەدا زۆر بوون، تەنها شتێك کە لەو خانووەدا لەگەڵ ژمارەی ئەواندا هاوتا بووایە، ژمارەی پێپلیکانەکانی نێو ئەو خانووە بوو، خانووەکەیان کەوتبووە نێوەندی شەقامێکی سەرەکی شارەوە، کەپڕبوو لەئۆتۆمبێل و دەستگێڕو پیادەڕۆ، جگە لەو دوکانانەی کە بەلاتەنیشت و بەرامبەری خانووەکەوە ریزیان بەستووە، شۆستەکانیشی لەبەرێکی شەقامەکەدا ئۆتۆمبێلی لێ دەوەستان و لەبەری ئەوبەریشییەوە دوکانی دیکۆراتچییەکان، دروست لەسەر شۆستەکەدا خەریکی بۆیاخکردنی تووڵی تەپەدۆرەکانیان بوون، ئەوەیشی کە دەمایەوە بۆ پیادەڕۆیەکان، بریتی بوو لەبستە بالآیەك کاشی، دوو هەنگاوی دیکەو دار توویەك، سەر دەکەوتیتەوە بۆ سەر بستە بالآیەك کۆنکرێت و دوو هەنگاوی دیکە و دار تیلێك، هاتوچۆکردن بەوێدا بۆ هەمووان دژوار بوو، نەوەك هەر بۆ ئەوان.

دەمژمێر بانگی بەیانی لەدیتنی خەونێکی نامۆ وەئاگا هاتم، کە بەم چەشنە بوو..(لە هاوینێکی تاقەت پڕووکێندا، هەردوو دەستم لەسەر تەنافێکی بەرزو درێژ دانابوون، لەهەمانکاتیشدا بەدوو دەستی دیکەوە دانەوییبوومەوە بۆ سەر تەشتێکی نایلۆنی شین، کە پڕبوو لەماسی رەنگاوڕەنگ، یەك لەدووای یەك ماسییەکانم بەسەر تەنافەکەدا هەڵدەخستن، بەبێئەوەی بیانگووشم).

بە لەتێك نانی رەق و دڵێکی نەرمەوە لەماڵێدا وەدەرکەوتم، دەچووم بۆ لای ماسییەکانی ناو دەریاچە دەستکردەکەی پارکی ئازادیی، کە گەیشتمە دەروازەی پارکەکە، هێشتا پاسەوانەکانیش نوستبوون، تەنها دانەیەکیان نەبێت، کە لەسەر پارچە لبادێکی سپی بەبێداری پاڵکەوتبوو، دوای سلاوێك لەپاسەوانەکە چوومە نێو پارکەکەوە،

لەحەژمـەتی ئـەو نەسـیمە بۆنخۆشـەی بـەیانی و باخـچەدا، خەندەیـەکی مـەییو لەسـەر لێوەکانم قەتماغەی بەست، پڕ بەسییەکانم هەوای بێگەردم هەڵدەمژی، تـاو نـا تـاوێکیش لاسایی هەندێك لەو باڵندانەم دەکردەوە کە دەنگیان دەگەیشتە لام، کە گەیشتمە کەناری ئاوەکە، بەدەستێکم لەتـە نانەکـەم گرتبـو و بەدەسـتەکەی دیکەیـشم، یـەك لـەدوای یـەك پارچە نانم هەڵدەدایە نێو ئاوەکەوە، لەئەملاو ئـەولای هـەر پارچـە نانێکـەوە کەدەکەوتـە سەر رووی ئاوەکە، سەرەتا دوو تا سێ وردکە ماسی نزیك دەبوونەوە لێی، دواتر بەلێشاو گەروویان بۆ دەکردەوەو بەجووڵەو جوانی دیمەنەکە هێندە شـادمان دەبـووم، وامـدەزانی بۆ خۆشم لەنێو ئاوەکەدام.

ئەو بەیانییە کەسێکم بینی کە سەرتاپا شین دەچووەوە، تـەنها چاویلکەکەی نـەبێت کە رەشێکی قەترانی بوو و لەبەر رۆشنایی ئاوەکەدا مۆر دەچۆوە، بەو بیانووە لێی نزیـك بوومـەوە، کەبپرسـم دەمـژمێر چـەندە، سـەرنجمدا..کیـسەیەك پەتاتـەی مزمـزی پێبـوو، بەقەڵەمێکی شین و زۆر بەناسکی وێنەی چاوێکی لەسەر هەر یەکێك لەپەتاتەکان دەکێـشاو تووڕی دەدانـە نێـو ئاوەکـەوە، کـوڕێکی گـەنج بـوو، قـاتێکی کـابۆی رەنـگ کاڵـەوەبووی لەبـەردابوو لەگـەڵ کراسـێکی بـێ یەخـەی شـیندا، کاسـکێتێکی شینیـشی لەسـەردابوو کەپێشەکەی نەخشەیەکی ویلایەتی تەکساسی تێدابوو، بەقەڵم جافێکی شینتریش، وێنەی چەند ماسییەکی تێدا کێشرابوو، دەموچـاوێکی پەڵـە پـەڵاوی سـەوزباوی هـەبوو لەگـەڵ قـژێکی درێـژدا، لەهـەردوو لای گوێـچکەیەوە دوو تۆپەڵـە قـژی لـوول کەوتبوونـە سـەر روومەتـەکانی هـەتاوەکو پەڵـەکانی بشارنەوە، شـانەکانی لەچـاو کەمەریـدا پـان بـوون و دەستی راستی لەگیرفانی چاکەتەکەیدا بوو، بەئەسپایی سڵاوێکم لێکرد، بێئـەوەی شـتێك بڵێت، بەئاراستەی دەنگی سـڵاوەکەمدا سـەری بـەرزکردەوە، هەسـتمدەکرد لەڕووخـسارم رامابێت، هەنگاوێکی دیکە چوومە پێشەوەو راستەوخۆ پرسیم..(ئەرێ دەمژمێر چـەندە)، پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوەو گوتی..(هەڵبەتە تـۆ چـاوت هەیـە، دەتوانیـت لەخۆر بپرسیت)، بەسەر رووخساریدا دانەویمەوەو گوتم..(مەگەر تۆ......)، دەستی بـردو چاویلکە رەشەکەی لابرد، ئیدی بەر لـەوەی فریـا بکـەوم هەناسـەیەك بـۆ ئـەو شـتەی کـە دیتبووم هەڵبکێشم، تێگەیشتم.

ئەوان بەردەوام خەونی حەرامیان دەبینی، هەندێکیان تەنانەت لەخەونەکانیشیاندا، تەنها دەنگیان دەبینی، تەنها دەنگیان دەبیست، تەنها لەگەڵ دەنگدا پیاسەیان دەکرد، هەندێکیشیان زوو زوو خەونیان بەو کیژە دەنگ ناسکانەوە دەبینی کە پێشکەشکاری بەرنامە راستەوخۆکانی رادیۆ بوون، هەموو سپێدەیەك نۆرەیان دەگرت بۆ خۆشووشتن، گەر تەنکییەکانیشیان ئاوی تێدا نەمابا، ئەوکات دەچوون بۆ گەرماوەکانی نێو بازاڕ، ئەوان بەدەر لە(ئەو) خوویان بەم خۆشووشتنەی بەیانیانەوە گرتبوو کە ناویان لێنابوو..(شووشتنی تاریکی بەئاو)، هەموو شەوێکیش دەبایە چەندینجار دەم و دانیان بەدووکەڵی سیگار بشۆن، هەتاوەکو بەئاسوودەیی خەویان لێبکەوێت.

هەمیشەش بیرم لەو هەمووە(ئاوی حەیاتە) دەکردەوە، کە بەبێ مۆڵەتنامە خۆیاندەکرد بەکونجی ژێرابەکانی شارداو پیاسەیان دەکرد، دەموت..(ئاخر خودایە، گەر ئەم هەموو ئاوە بەسەر شەقامەکانی شاردا پیاسەیانکردبایە، ئەوکات هیچ کەس تینووی نەدەبوو، تالەتینوویێتیدا قووم لەدوای قووم دووکەڵ بخواتەوە، خۆی بخواتەوە، ژیان بخواتەوە.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

لەگۆشەی هەموو ئاوێنەکانی نێو دوکانەکەیدا وێنەی چەند ماسییەکی هەڵواسیبوون لەباکگراوەندێکی شیندا کە بۆ خۆی کێشابوونی، چوارچێوەی ئاوێنەکانی، دەسکی مقەست و شانەکانی، هەموو هەر شین بوون، هەتا وێنەی جوانتری بکێشاباو پارەی زیاتری دەست کەوتبا، هەستی دەکرد پتر لەجاران لەدەریا نزیکدەبێتەوە، رۆحی شینتر بوو لەو دەریایەی کە ئەو لەزەینی دووەمیدا وێنای کردبوو، دڵی تەڕتر بوو لەو کوڕە مێبازانەی کە بەبیست و یەك خولەك خەریکی چاککردنی دەموچاویان دەبوو.

ئەوان کەسانێکی رێکپۆش و بەئاوەزبوون، هەریەکەیان لەو خانووەدا خاوەنی گۆشەی خۆی و خاوەنی پیل و کاسێت و تۆمارکەری خۆی و خاوەنی گۆچانی خۆی و خاوەنی بەهرەی خۆی و خاوەنی ئەوینی خۆی و خاوەنی چیرۆکی خۆی و خاوەنی خەمی خۆی و خاوەنی خەونی خۆی و خاوەن خودای خۆیان بوون، تەنها شتێك کە لەو خانووەدا کۆی کردبوونەوە ئەوەبوو کە هەر هەموویان مرۆڤ بوون، لەو مرۆڤانەبوون کە تاریکی تەنگی پێهەڵچنیوون، ئەو تاریکییە نا کە دڵی مرۆڤ دەکاتە تاریکستان، بەڵکو ئەو

تاریکییەی کە دڵی ئـەوانی سـەرمایەدار کردبـوو بـەڕووناکی، دڵـی ئـەوانی وێـران کردبـوو بەئاوەدانیی.

هــەموو ڕۆژانێکــی سێــشەمموان بەتــەواوی شــینێتییەکانمەوە لەگــەڵ دۆســت و برادەرەکانمدا بەنێو شاردا دەگەڕاین، مـن زیـاتر لـەوانی دیکـەو زیـاد لەپێویـست لەسـەرو قژی کەسانی دیکە ورد دەبوومەوە، بەو ئومێدەی مۆدێلێکی نوێ بدۆزمەوەو دڵی ئەوانەی پێ خۆشبکەم کە بەدوای مۆدێل و جوانی رووخسارەوە بوون.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

دوای ئەوەی لەپیاسەی ناو شارو دیتنی خەڵك بێزار ببوو، لەگـەڵ چـەند سەرتاشـێکی دیکەدا بڕیاریان دابوو هەر هەفتەیەو سەفرەیەك ساز بکەن بەرەو یـەکێك لـەدۆڵ و شـاخ و ناوچە دوور ئاوەدانییەکانی جوگرافیای نیشتیمانەکەیان.

غەمی هەرە گەورەی ئەوان ئەو پەندە کوردییە بوو کە دەڵێت..(کوێرە چیت دەوێـت، دوو چاوی ساغ)، ئەوان دەیانوت دەبێت ئەم پەندە بگۆڕدرێـت بـە(نابینـا چـیت دەوێـت، مافەکانم).

لەیەکێك لەو سەفرانەدا سێ روممانەمان لەگەڵ خۆماندا بردبوو بۆ کەناری ئاوێـك، بـەو گوفتــەی راوە ماســی پێبکــەین، لەوپــەڕی سەرمەســتی و کــەیف خۆشـیدا ئەڵقــەی یەکــەم روممانەم راکێشاو هاتەوە یادم، کە من چەندێك عاشق و سەودا سەری ئاو و ماسـییەکانم، بـۆ دەبێـت مـن ئـەو کـارە بکـەم؟، تـا دواجـار لەنێوەنـدی ئـەم تـەرزە بیرکردنەوانـەدا بەدەستمەوە تەقییەوە.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

ئیدی تەواوی ئەو پارەو کەسێتییەی کـە دەسـتی کـەوتبوو لـەپێناوی زەماوەنـدکردن لەگەڵ دەریادا، هەموو ئەمانەی یەك لەدوای یەك خەرجکردبووەوە لەپێناوی گەڕاندنەوەی رۆشناییەکی خودایی بۆ چـاوی چـەپی، کـە تـا ئـەو کـاتیش بـەلێڵی شـتی پـێ بینیبـوو، لەڕێگەی بیمارستانەکاندا تـەواوی پارەکـانی خـەرجکردبوو، لـەئاکامی ئـەو بـارە ناکـام و بێدەرەتانەشــدا تووشــی نەخۆشــی (شــیزۆفرینیا) ببــوو، ئیــدی لــەوێوە وردەوردە دۆستەکانیشی لەدەست دابوون، بەڵام سەیر لەوەدا بوو، کە تا ئەوکات دەریای لەدەست نەدابوو.

دەریا دوور بەدوور ئاگایی لەوە ببوو کە ئەو چەندێك عاشق و سەوداسەرییەتی، هەر بۆیە وتبووی..(گرنگ نییە رووخساری ئەو کوڕە چییەو چۆنە، گرنگ ئەوەیە کە ناوەوەی پڕپڕە لەگەوهەری دەریایی..لێوانلێوە لەجوانیی، بۆ خۆم وا نالێم، دڵم وام پێدەڵێت، دڵم!).

جیاوازییەکی دیکەی ئەو لەئەوان ئەوە بوو، کە هەرگیز پێویستی بەوە نەبوو کەسێك دەستی بگرێت، یاخود گۆچان و داردەست بەکاربهێنێت، دەیوت..(من هەمیشە منداڵێك لەناخەوە دەستی گرتووم، بۆ هەر کوێیەك بچم لەگەڵمدا دێت، لەشەقامەکان دەمپەڕێنێتەوە، ناونیشانی پاسەکانم بۆ دەخوێنێتەوە، کە دەگەمە بەر دەمی جۆگەلە ئاوێك بەئاسانی دەمپەڕێنێتەوە، بەڵام هەرگیز وەڵامی پرسیارەکانم بەقسە ناداتەوە، تەنها بەدەست گووشین و دەست شلکردن دەتوانم لەگەڵیدا بدوێم، من دڵنیام کە ئەو منداڵە لەجێی زوبان چاوێکی درێژی هەیە، ئەگەر نا دەیتوانی کتێبیشم بۆ بخوێنێتەوە).

باوکم وازی لەخەونی منداڵەکانی دیکەی هێنا بوو لەبەر خاتری من، من دەموت..(لێم گەڕێن با وا بم، بەشی خۆم دونیام دیتووە، تکا دەکەم وازم لێبهێنن، خۆ ئێستایش کەمێك دەبینم)، بەڵام باوکم وازی لێنەهێنام، هەتاوەکو منی گەیاندە لای باشترین نەشتەرکاری چاو لەیەکێك لەبیمارستانەکانی تاراندا.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

نەشتەرکارەکە بەئەو پەڕی پشوودرێژییەوە هەوڵی بۆ دابوو، دوو ڕۆژ یەك لەدوای یەك ئەوی بەنجی گشتی کردبوو، بەتەواوی توانایی و سەلیقەی خۆیەوە، خەریکی پاکژکردنەوەو گۆڕینی چاوی ئەو ببوو، ئەو لەئێوارەی ڕۆژی سێیەمدا کە بەتەواوی وەئاگا هاتبووەوە، هەستیکردبوو باشتر لەجاران دەبینێت، بۆ شەوەکەی هێندە ئارام و بەئومێدەوە نووستبوو، خەونی سەیر سەیری دیتبوون، لەیەکێك لەو خەونانەیدا..(دەستی دەریای گرتووەو بەبیابانێکدا دەڕۆن کە پڕپڕە لەچاوی جۆراوجۆر، لەچاوی مرۆڤ، هی ماسی، هی گیانەوەرانی دیکە)، لەخەونێکی دیکەیدا..(نیوە مرۆڤ و نیوە ماسی لەدەریایەکدا مەلەیکردبوو، بەڵام لەبری ماسی لەنێو دەریاکەدا، تەنها دەستی خوێناوی دیتبوو، کۆمەڵێك دەست لەیەك کاتدا بەهەر پێنج پەنجەکەیانەوە سڵاویان لێکردبوو، بازنەیان بەدەوریدا بەستبوو، فین– کلان– کۆ– یان کردبوو)، ئیدی ئەو لەحەژمەتی

دیتنی ئەو هەمووە چاو و دەستەدا بەچەشنێك لەخەو راچڵەكیبوو، كە سێ دانە تەقەڵ لەنەشتەرکارییەکەی دوێنێی شل ببوونەوە.

ئەوان هەر یەکەیان خاوەنی بەهرەیەکی مۆسیقی تایبەت بەخۆیان بوون لەو ژوورە چکۆلانەیەدا کە پڕ بوو لەئالەتی مۆسیقی جۆراو جۆر، سێ دانە لەو سایزەرە کارەباییانەی تێدابوو کە تۆنی هەر جۆرە ئالەتێکت بویستبا، دەتتوانی لێی دەربهێنیت، بەڵام ئەو، نەدەچووە نێو ئەو ژوورەوەو نە لەژوورەکەی خۆیشیدا ئالەتێکی مۆسیقی هەبوو، بەهەناسە ساردییەوە دەیوت..(ئاخر هاوڕێ گیان، ژیان بۆ خۆی ئالەتێکی ئەفسووناویترە لەخودی مۆسیقا، ژیان تەنها ئالەتێکی مۆسیقایە کە هەم دەتوانین بیژەنین و هەم دەشتووانێت بمانژەنێت، ئەو کاتانەی ژیان دەژەنین شادی بەخشترین ئاوازە ناخۆشەکانی ژیانمان بەر گوێ دەکەوێت، ئەو کاتانەیش کە ژیان دەمانژەنێت خەماویترین ئاوازە خۆشەکانی ژیانمان بەر گوێ دەکەوێت، وەك دەمبینیت، من لەناتەواوترین شوێنی دونیادام، هەر کاتێك بمەوێت مۆسیقا بژەنم، بەتەواوی ناتەواوییەکانمەوە ژیان رادەژەنم، هەر لەو رازەنینەشەوە ئاوازێکی نیمچە تەواو، بۆ ناتەواوی ژیان دەژەنم).

هەر ئەو شەوە ناردیان لەدووی نەشتەرکارەکە، بەڵام دەرفەتی ئەوەی نەبوو بێت بەلامدا، چونکە سەرقاڵی ئەنجامدانی نەشتەرکاریی بوو بۆ چاوی گەنمفرۆشێك، کە لەکاتی تەقەڵ لێداندا بەسووژن و بەن، یەکێك لەتەقەڵەکانی لێ بەگیر هاتبوو، ئەویش دانەویبووەوە بەسەریداو بەهەموو هێزی دەستییەوە سووژنەکەی راکێشابووەوەو لەچاوی هەڵچەقیبوو.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

بۆ بەیانییەکەی کاتێك نەشتەرکارەکە پشکنینی بۆ چاوی ئەو کردبوو، بەوپەڕی متمانەوە وتبووی: (کاری ئەم کورە چەشنی یاری تۆپی پێی لێهاتووە، دروست لەخولەکی کۆتایی یارییەکەدا، ئەو گۆڵچییەو من پەناڵتییەك لێدەدەم)، نەشتەرکارەکە مەبەستی لەوە بوو، لەبەرئەوەی دوو رۆژ لەسەر یەك بێهۆشکراوە، مەترسی ئەوەی هەیە گەر ئەمجارەشیان بێهۆشبکرێت، پێدەچێت هۆشی نەیەتەوە بەر، بۆیە دەبێت کاری ئەو بەبێداری تەواو بکرێت، (زۆرم پێناچێت، تەنها سی چرکە خۆڕاگر بێت بەسە، بێجووڵەبێت

و چاو نەترووکێنێت و بەئاڕاستەیەکدا جێگیری بکات لەسەر شتێك، بایەخ نەدات بەوەی کە من چی لەچاوی ئەو دەکەم، تەنها سی چرکە ئازار لەبیر بکات، هەموو شتێك باش دەبێت، دەبێت وریا بێت، تا دڵنیا نەبێت لەوەی کە من شەقم لەتۆپەکە هەڵداوە، بەهیچ ئاڕاستەیەکدا خۆی هەڵنەدات ).

ئەوان هەر یەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی دەیتوانی مۆسیقا بژەنێت، هەندێکیان بەبێ نۆتە دەیان توانی هەر جۆرە ئاوازێکیان بوێت بیژەنن، هەندێکیان تەنها دەیانتوانی ئەو ئاوازانە بژەننەوە، کە پێشتر لەسروود و گۆرانییەکانەوە بەر گوێیان کەوتبوون، دانەیەکیان تەنها لەکاتی گۆرانی چڕیندا دەیتوانی کەمانچە لێبدات، دانەیەکی دیکەیان کە پێدەچوو منداڵترینیان بێت، تەنها ئەو کاتانە دەیتوانی پیانۆ لێبدات، کە ستاندێك لەوانەی نۆتەی پێدا هەڵدەواسن لەبەر دەمیدا دابنێیت و لەبری پەڕەو دەفتەری نۆتە، ئاوێنەیەکی پاك بەسەر ستاندەکەوە بێت، دانەیەکی دیکەیان دەبایە دەستی کردبایەتە گریان، ئینجا دەیتوانی سەنتوور لێبدات، دانەیەکی دیکەشیان، دەبایە پێشتر دەستنوێژ هەڵبگرێت، ئینجا دەیتوانی دەف بکوتێت.

منیان لەسەر چرپایەکی سپی راکێشابوو، باوکم لەگەڵ دوو پەرستاری دیکەدا بەدەستە گوریس ئاساکانیان منیان بەچرپاکەوە بەستبووەوە، گلۆپێك لەپشت سەرمەوە ئاڕاستەی چاوم کرابوو، بەچەشنێك کە هەستم بەگەرمایی تیشکەکانی دەکرد، نەشتەرکارەکە بەوتنی: (یا عەلی، یا ئەڵڵا) دەستیپێکرد.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

چاوی ئەوی بەئەسپایی هەڵگێڕابووەوەو دەستیکردبوو بەتووندکردنەوەی تەقەڵەکان، نەشتەرکارەکە بۆ تووندکردنەوەی هەر تەقەڵێك، سی چرکەی پێچوبوو نەوەك دە چرکە، ئەو هەتاوەکو سی و شەش چرکە توانیبووی خۆ راگرێت، لەدڵی خۆیدا وادەی چرکەکانی ژماردبوو..(یەك – دوو –سێ.......)، دوای تەواوبوونی سی چرکەی یەکەم، ئاوازی ئەژمارکردنەکەی گۆڕیبوو بۆ..(چ–ا–ك–د–ە–م–......ە)، لەمەیاندا وادەی ئەژمارکردنەکەی لێتێکچوبوو، راستەوخۆ وەك ئەوەی شۆکی کارەبای بەرکەوتبێت کەوتبووە لەرزین و لەو نێوەندەشدا نەرمە تروکەیەکی بەچاویکردبوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەو تەنها هەژدە چرکە توانیبووی نەجوولێت، ئەو لەسەر ئاوازی لێدانەکانی دڵی کە پتر

لەجاران لێی دابوو، چرکەکانی ئەژماردبوو، کە چاویترووکاندبوو، دڵی هاتبووەوە سەرخۆی و ئارەقەیەکی سارد لەتەوێڵییەوە تکابووە نێو گوێیەکانییەوە.

لەئۆرگازمی ئازاردا خەریك بوو دەبوورامەوەو نزاکانی باوکم و جنێوەکانی نەشتەرکارەکە دەیانهێنامەوە سەرخۆم، لەهیچیان تێنەدەگەیشتم، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە بەر لەوەی ئەو شەق لەتۆپەکە هەڵبدات، من بەلای چەپدا خۆم هەڵدابوو و ئەویش بەئاسانی تۆپەکەی هەڵدابوو بۆ لای راست، ئیدی لەوێدا خوداوەند فیکەی کۆتایی یارییەکەی لێدابوو.

پەتاتەیەکی دیکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەوە.

هەڵستایە سەر پێ و بەنیگەرانییەوە وتی: (ئەمڕۆ ئەوەندە بەسە، من دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کوخەکەی خۆم، هەتاوەکو ئەو شۆفێرە گەمژانە خەبەریان نەبووەتەوە، کە بەهۆڕن لێدان بەلامدا دەقووچێنن و وا دەزانن بۆ پۆز لێدان چاویلکەم کردووەتە چاو.

دوواهەمینجار کە چووم بۆ لایان، کەس پرسیاری لێنەکردم، کەس سڵاوی لێنەکردم، کەس تەوقەی لەگەڵدا نەکردم، ئەوان هەموو بێدەنگ و بێجووڵە لەحەوشەکەدا راوەستابوون، دروست وەك ئەوەی گوێ قووڵاغی شتێك بن و — با — نەهێڵێت لێی تێبگەن، ئاخر ئەوان دەیانوت: (ئەو کاتانەی — با — هەڵدەکات، پتر لەهەر کاتێکی دیکە هەست بەتاریکی دەکەین)، بەر لەوەی شتێك بڵێم، دوو کەس کە پێشتر نەمناسیبوون، قۆڵیان کرد بەقۆڵمداو سواری یەکێك لەو ئۆتۆمبێلانەیان کردم کە گڵۆپی شین و سووریان بەسەرەوەیەو لەکاتی رێکردندا ویقە ویق دەکەن.

لەبەردەم بنکەی ئاسایشی شاردا دایانبەزاندم و بردیانم بۆ لای ئەو سەرکارەی کە بانگی منی کردبوو، بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکردم و وتی: (دەڵێن تۆ دۆستایەتییەکی باشت لەگەڵ ئەودا هەیە، هەڵبەتە شتی زۆر لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوەوە دەزانیت، بۆ نموونە کێ دۆستییەتی و کێ دووژمنییەتی)، لێرەدا خەندەیەکی بۆ کردم و بەزەقی سەیری نێو چاوی کردم، من کە زارەترەك ببووم و رەنگم پەڕیبوو، سەرسامی خۆم نیشانداو بێدەنگبووم، نەمدەزانی بۆچی منیان بانگکردبووە نێو ئەو ژوورەوە، نەمدەزانی دەبێت چی بکەم و بڵێم چی، ئاخر مرۆڤی بێتاوان لەکاتێکدا کە دەیبەنە شوێنی تاوانباران، غیرە لەپاکێتی خۆی دەکات و

هەستدەکات تاوانێکی کردبێت، لەپڕێکدا سەرکارەکە بەدەنگی بەرز نەڕاندی بەسەرمدا..(ئێستا قسەمان بۆ دەکەیت یان نا)، من لەنیگەرانی و خەیاڵپارچەیی خۆمدا دەستمکرد بەگریان و ئەوانیش سووك و ئاسان دەستیان گرتم و کردیانمە نێو ئاودەستێکەوە، بەر لەوەی دەرگای ئاودەستەکەم لەسەر دابخەن، سەرکارەکە بەهێمنییەکەوە کە لەگاڵتەجاڕیی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو وتی: (چارمان نییە، ژووری چۆڵمان لا نییە، وا بزانم ئێرە باشترین شوێنێکە کە تۆ تاوەکو بەیانی تیایدا بیر بکەیتەوە، بەشکو زمانت بپژێت و شتێکمان بۆ بڵێیت، هەتاوەکو بێدەنگتر بیت، گومانی زیاترت دێتە سەر، تێگەیشتیت).

بەتەنها لەنێو ئاودەستەکەدا دانیشتبووم، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت ئەو چی لێبەسەر هاتبێت، وا منیان لێرەدا داناوە، دەبێت بەیانی من چی بڵێم، نەمدەزانی چی بکەم، نەمدەزانی سەیری کوێی ئەو ژوورە بۆگەنە بکەم، دواجار هاتەوە یادم، کە هێشتا قەڵەم جافێکی سۆفتم پێماوە، هەر بۆیە جلەکانم داکەند و لەسەر جلەکانی ژێرەوەم دەستمکرد بەنووسینەوەی هەر شتێك کە سەبارەت بە(ئەو – ئەوان) دەهات بەزەینمدا، جار بەجار کە سەرم نزمدەکردەوە هەتاوەکو شتەکانم روونتر بهاتبانایەتەوە بەر چاو، چاوم بەسیفۆنی ئاودەستەکە دەکەوت و ئەو شەوەم دەهاتەوە یاد، کە تووشی سکچوون ببووم و لەنێو جێگادا ئارامم نەدەگرت، تا دواجار تا بەیانی لەنێو ئاودەستەکەدا دانیشتم.

سەرکارەکەیش خەوی لێنەکەوتبوو، چەند جارێك بۆ دڵنیا بوونەوەی خۆی جانتاکەمی بەلاپەڕەو کتێب و دەفتەرەکانی ناوییەوە ژێرەو ژوور کردبوو، سێ دانەجار بەوردی گوێی لەو کاسێتە گرتبوو کە لەنێو جانتاکەمدابوو، ئاخر ئەوان تۆمارکەرێکی لەجۆری (سانکۆ) یان دابوو بەمن، تا هەر کاتێك دەرفەتم هەبوو کتێبیان بۆ بخوێنمەوە، ئەوەشی کە لەنێو ئەو کاسێتەدا بوو بریتیی بوو لەچیرۆکی (بیست و سێی پێنجی دووهەزار و حەوت)، هەموو جارێك لەسەرەتای هەر کاسێتێکدا دەبایە بڵێم..(کاسێتی یەکەم یاخود دەیەم، دیوی یەکەم یان دیوی دووەم، لەچیرۆکی یان لەڕۆمانی..........، بەدوویدا ناوی نووسەرەکە یان نووسەرەکەو وەرگێڕەکەشی بڵێم)، ئینجا بەهێمنی دەستمدەکرد بەخوێندنەوە، بەهەر حاڵ ئەو شەوە سەرکارەکە سێ جار گوێی بۆ ئەم چیرۆکە راگرتبوو...

ئێستاش ئەو قاقاو دەنگە قەمووره لەنێو سەریدا دەنگدەداتەوەو پێی دەڵێت..(رێگە نادەم بیبینیت، بەهیچ شێوەیەك ناهێڵم چاوت پێی بکەوێت).

بیست و یەك ساڵە ئەو نهێنییەی لەخۆشبەختی کوڕەکەیدا شاردبووەوەو بەنیاز نەبوو بیدرکێنێت، بەڵام ئێستا ناچارە!

هەموو سپێدەیەك کە لەخەو هەڵدەستان، کوڕەکەی بانگدەکردە بەردەمی خۆی و بەوپەڕی پشوودرێژییەوە دەستی دەهێنا بەسەرتاپای جەستەیدا، سەرەتا لەچاوەکانییەوە دەستی پێدەکرد، دواتر بۆ ناوچەوانی و گوێچکەی، ئینجا بۆ قژی، زۆر جار لەو کاتەدا کە دەستی بەنێو قژی کوڕەکەیدا دەگێڕا، یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئاوێنەدا دەهاتنەوە یادی.

هەموو ئەو کاتانەیش دەبایە ئەو کارەی کردبا، کە دەنگە قەموورەکەی نێو سەری قاقای لێدەدا و دەیوت..((هەرگیز رێگەت پێنادەم بیت، لێرەدا مووچڕکەیەك بەسەرتاپای لەشیدا دەگەڕاو گێژ دەبوو، بینیت))، دەیویست بەوپەڕی توانایەوە بەرەنگاری ئەو دەنگە ناخۆشە ببێتەوە، کە بەپرتاو لەنێو سەریدا پڕ بەگەروویەکی دووکەڵاوی هاواری دەڕژاند بەسەریدا.

زۆرجاریش بیری لەو وێنە تەڵخ و بچووکانەی کوڕەکەی دەکردەوە، کە کاتی خۆی بەکامێرای لەتێك لەچاوی لەژووری نەخۆشخانەیەکدا گرتبوونی و لەئەلبوومی پڕ لەوێنەی زەینی دووەمیدا هەڵیگرتبوون، هەرچەندە وێنەکان تەڵخ و بچووك بوون، بەڵام بەشێوەیەك جێگەی خۆیان لەسەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی ئەلبوومەکەی زەینیدا کردبووەوە، کە وای هەستدەکرد هەموو ئەلبوومەکەی پڕپڕە لەو وێنە رەش و سپییانە.

لەیەکێك لەو وێنانەدا، کوڕەکەی لەباوەشی دایکیدایەو چنگی لەسەرپۆشە سپییەکەی نەنکی گیرکردووەو تا هێزو تینی تێدایە دەگری، لەوێنەیەکی دیکەدا، کوڕەکەی لەباوەشی ژنەکەیدایەو دەستێکی لەکراسە رەشەکەی دایکی گیرکردووەو دەستەکەی دیکەیشی لەنێوان دەمی خۆی و مەمکی دایکیدایە، منداڵەکە خەریکە بەدەم شیر خواردنەوە خەوی لێدەکەوێت، لەدوا وێنەیشدا، هەردوو دەستی خۆی خستوونەتە بن باڵی منداڵەکەیەوەو بەرزیکردووەتەوە بۆ ئاستی چاوی و بەکەیف خۆشییەوە رایدەوەشێنێت و منداڵەکەش بۆی پێدەکەنێت.

دوای تێپەڕبوونی بیست و یەك ساڵ، منداڵەكە گەورەبووەو دەیـەوێت سـەفەر بكـات، دەیەوێت نیشتیمان بەجێبهێڵێت.

باوكەكە لەبیری ئەوەدایە، گەر كوڕەكەی لەدەست بدات، چی لەو دەنگەی نێو سەری بكات، بەچی ئارام ببێتەوە، هەر بۆیە بڕیار دەدات ئەو نهێنییە بۆ كوڕەكەی بـاس بكـات، بەڵكو لەگەڵ دركاندنی نهێنییەكەدا، ئەو دەنگە لەنێو سەریدا نەمێنێت.

كوڕم كە تۆ لەدایكبوویت، شۆڕش دەستیپێكردبوو، شەڕ یەخەی كوڕەكـانی گرتبـوو، خـوێن نینـۆكی كـچەكانی سـوور كردبـوو، تـرس ماڵـەكانی رەو پێكردبـوو، شووشـەی پەنجەرەكانی شكاندبوو، ئاوێنەكانی لەتەپ و تۆزدا تەڵخ كردبـوو، ئاوەكـانی لـەتینوێتی سەرابدا خنكاندبوو، یارییەكانتی بۆ خۆی بردبوو، پاپووچەكانتی لەپێكردبوو، لایلایـەكانی دایكتی بەقیژەدا هەڵواسیبوو، گوێچكەی كچە پوورەكانتی بەگوولله سمیبوو، منی لـەخۆم دزیبوو، هەموومانی لەخودا زیز كردبوو، باڵی مەلەكانی سووتاندبوو، خەریتەی نیـشتمانی شێواندبوو.

لێرەدا كوڕەكە باوەشیكرد بەباوكیداو ئەملاو ئەو لای ماچكردو دەستیكرد بەگریان.

كوڕم كە تۆ لەدایكبوویت، لەمێژبوو مـن چـەكی مەردایـەتیم لەشـانكردبوو، سـێ رۆژو شەش مانگ بوو لەزینداندا بووم، تا رۆژێكیان دایكت تۆ لەباوەش دەگرێت و دەیەوێت بەر لەوەی بەڵایەكم بەسەربهێنن، بۆ تەنها جارێكیش بێـت بتبیـنم و لەباوەشـت بگـرم، بـەڵام سـەركارە دەنـگ زلەكـە، تـۆی لـەدایكت سـەندبوو و لەبـەر دەم ژووری زیندانەكـەی منـدا دانابوویت و دەگریایت، هاواری لێدەكردم: ((دەبێت قسە بكەیت، ئەگەر نـا بەیـەك لەقـە بۆ هەتا هەتایە كوڕەكەت بۆ ژێردەكەمەوە، ناهێڵم جارێكی دیكە گوێت لـەدەنگی گریـانی بێتەوە))، یان دەنگی نزمدەكردەوەو بەگاڵتە جاڕییەوە دەیوت: ((ئەها، كوڕەكەت بەپێی خۆی هاتووە بۆ لات و دەڵێت، باوكـە گـەر دوو قتـوو شـیرم بـۆ نـەكڕیت، لەبرسـاندا هـار دەبم، هە هە هە هاها)).

دایكت بەقیژەو هاوار هاوارەوە خـۆی گەیانـدبووە ڕاڕەوی زیندانـەكان و لـەدووی تـۆ دەگەڕاو دەپاڕایـەوە، گـەر هـیچ نـەبێت كوڕەكـەی بەسـەلامەتی بدەنـەوە پێـی، مـن لـەو كاتانـەدا لـەهۆش خـۆم دەچـووم و لەقیـژەی دایكـت و گریـانی تـۆ و تووڕەبـوونی ئـەو ناڕەسەنەدا وەئاگا دەهاتمەوە، لەیادمە كە بەدایكتی وت: ((زۆر باشە منداڵەكەت هەڵگرەو

برۆ، بەڵام ناهێڵم باوکی لەخەونیشیدا چاوی پێبکەوێت، نەبادا لەخەونیدا گەورە ببێت و بیر لەتۆڵە سەندنەوە بکاتەوە، تێگەیشتیت))، ئینجا بەقاقایەکی بەرزو دەنگێکی بێ ئەندازە ناخۆشەوە پێیوتم: ((رێگە نادەم ببینیت، بەهیچ شێوەیەك ناهێڵم چاوت پێی بکەوێت)).

ماوەی دووساڵ وەکو شەیتان دەهاتە بەر پەنجەرەی زیندانەکەم و گاڵتەی پێدەکردم، دەیگووت: ((جارێ ناتکوژم، تۆ دەبێت یان بۆ بینینی کوڕەکەت شێت ببیت، یان وەکو بولبول قسەم بۆ بکەیت))، جارێکیان منداڵێکی بەقژ راکێشان هێنابووە بەر دەمم و دەیوت: ((ها، جوان تەماشای بکە، کوڕەکەت لەبێ باوکیدا بووە بەکچ)).

بەهەرحاڵ کوڕەکەم، دوای دوو ساڵ بڕیارێکی لێبووردنی گشتی دەرچوو، لەکاتێکدا لەڕیزی ئازادکراوەکاندا وەستابووم تا بگەمەوە لای تۆ، دیسانەوە وەکو شەیتان یەخەی پێگرتم، قا قا پێدەکەنی و وتی: ((لەبیرت چووە چیم پێوتوویت، هەرگیز رێگەت پێنادەم ببێت، لێرەدا دەستی بەرزکردەوەو سیگارەکەی لەچاومدا کوژاندەوە))، هەر هێندە لەسەر خۆم مابووم کە وتی: ((ببینیت))..!.

ئیدی نازانم ئەو بەیانییە، ئەو منداڵەی ناخی ئەو چۆناوچۆن دەستی لەدەستی ئەو بەردابوو و کەوتبووە نێو ئاوەکەوە، کاسکێتەکەی سەر ئاوکەوتبوو و یەکێك لەپاسەوانەکان ناسیبوویەوەو دواتریش لاشەکەیان دۆزیبووەوە، بەڵام چاویلکەکەیان نەدۆزیبووەوە، دوواجار پاسەوانەکانی نێو پارکەکە گەواهی ئەوەیاندا کە ئەو بەیانییە من نەچوومەتە نێو پارکەکەوە.

شەوی دواتر لەژوورەکەی خۆمدا دانیشتبووم و بیرم لەوەدەکردەوە کە دەبێت بەیانی من لەبری ئەو کیسەیەك پەتاتەی مزمز ببەم بۆ لای ماسییەکان، دروست وەکو ئەو دەنك دەنك هەڵیانبدەمە نێو ئاوەکەوە، لەکاتێکدا کە نیگەرانیی خەریکبوو خەفەتخنکێنی دەکردم، منداڵەکە هات بۆ لام، دڵنیام کە هەر هەمان ئەو منداڵە بوو، کە ساڵەهابوو دەستی ئەوی گرتبوو، بەڵام ئەمجارەیان منداڵەکە لەجێگەی چاوەکانیدا دوو دەمی چکۆلانەی هەبوو، دەمی لای راستی داخرابوو، وەك ئەوەی زووبانی تێدا نەبێت، لەدەمی لای چەپییەوە خەندەیەکی تەڕو بزێو دەپڕژایە سەر لێوەکانی، لەدەمی ناوەڕاستیشییەوە قسە هەڵدەڕژانە نێو گوێیەکانمەوە.

من سەراساو بێجوولە لەسیحری ئەو منداڵە رامابووم کە دەیوت: (هیچ نیگەران مەبە هاوڕێی هاوڕێکەم، گیانی ئەو کە لەنێو ئاوەکەوە بەرزبووەوە، گەیشتە شارێکی ئاویترو چاویلکەکەیشی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوێ، ئەو ئێستا لەشارێکدایە کە سەرتاپای شتەکانی بێدەنگ و بێڕەنگ و بێبۆن و بێسرەوتن وەکو ئاو، ئەو ئێستا باشترین چاویلکەسازە لەو شارەدا، سەرقاڵی دروستکردنی چاویلکەیە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر زەویدا نابینابوون، ئەوان کە دەگەنە ئەوێ چاویان لەسەروو چاوی ئاساییەوە شتەکان دەبینێت، هەر بۆیە دەبێت لەوێشدا چاویلکە لەچاو بکەن، تاوەکو ئاسایی شتەکان ببینن، لەهەمانکاتیشدا چاویلکەیەکی شین و ناسکی بۆ دەریا دروستکردووەو چاوەڕوانە، تا هەر کاتێك گەیشتە ئەوێ پێشکەشی بکات، چاویلکەکەی خۆشی بۆ ئەو بازرگانە داناوە کە بەنیازبوو –دەریا– بخوازێت بۆ کوڕەکەی لەهەندەران و بەدایك و باوکی دەریای وتبوو.. (جا باشە نانتان نییە بیدەن بەم کچە جو..و...وانە، وا خەریکن دەیدەن بەو چوێرەی؟)، دڵنیایە کە خوداوەند لەهەقی ئەو قسەیە لەسەر زەویدا نابینای کردووەو کە گەیشتە ئەوێ، ئەویش وەکو ئەوان پێویستی بەچاویلکە هەیە).

ئەو بەیانییە کە چاویلکەکەی لەچاوی داگرت، من دەمبینی لەشوێنی چاوی چەپیدا شووشەیەکی خڕی نیمچە رەنگاوڕەنگی تێدابوو، کە هەر بەدەست کەلای وەرزەکانی ماتانێی منداڵیی من دەچوو، لەشوێنی چاوی راستیشیدا برینێکی کۆن هەبوو، کە پێڵووی سەروو و خواروی بەچەشنێك وێکهاتبوونەوە، سکێچی ماسییەکیان دروستکردبوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئەوان ناویان لێنابوو (چاو ماسی)..!.

*سلێمانی*

٢٠٠٧/ ٦/١٩ -٥/٢٣



پرسیاری زبرو وەڵامی نەرم
لەگەڵ یوسف عیزەدیندا

ئا:ئیدریس عەلی

# دیدار

# و

# خوێندنەوە




ژیان و بوونی ساختەو نامۆی کاراکتەری
سەرەکیی رۆمانی کۆتر

دلێر محەممەد

دیدار:

# پرسیاری زبرو وەڵامی نەرم لەگەڵ یوسف عیزەدیندا

ئا:ئیدریس عەلی



یوسف عیزەدین، جگە لەچیرۆکنووسێکی جدی و سەرکەوتوو، هاوکات رۆشنبیرێکی بەئاگاشە لەتێزە فیکری و ئەدەبییەکانی سەردەمی ئەمڕۆی دنیا، لەم دیدارەدا یوسف بەبەشێك لەو رۆشنبیرییە فراوانەی خۆی ئاشنامان دەکات، خوێنەر لەپاش خوێندنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە واهەستدەکات کۆمەڵێك کتێبی بەکەڵکی خوێندووەتەوە کە کاریگەریی لەسەر ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی دەبێت.

**●ئەو ئیشکردنەی لەدەقەکانی ئێوەدا دەبینرێتەوە، لەنێوان تەوزیفکردنی خەون و بەخەونکردنی دەقدا خۆی بەرجەستەدەکات، بەدەر لەدنیای ئەدەب چۆن دەڕواننە خەون لەکاتێکدا شۆلتس پێیوایە لەخەوندا حەقیقەت هەیە، خۆمان بەو شێوەیە دەبینینەوە کە هەین، کەسێکی باش لەخەونیشدا کەسی پێ ناکوژرێت؟!، ئاخۆ خەون رەنگدانەوەی واقیعییانەی کەسایەتیی ئەو کەسەیە کە خەون دەبینێت، یان شتێکی دیکەیە؟**

○خەون هێندە دنیایەکی پەنهان و پڕنهێنییە کە هەردەم مرۆڤی عەودالّی کەشف و دۆزینەوەی ئەو دنیایە کردووەو دەیان راڤەو شرۆڤەی لەنێو چەندان تێزی دەروونیدا بەرجەستەکردووە.

هەر لەدێرزەمانەوە تێڕوانینە میسۆلۆژییە جیاجیاکان سەبارەت بەخەون هەبوون و پانتاییەکی بەرچاوی ئایین و کەلتوورەکانی داگیرکردووە، گریکەکان هێندە خەونیان پێ گرنگ بووە تەنانەت کاهینەکانیان لەچارەسەرکردنی نەخۆشەکانیاندا پەنایان بۆ بردووە، سەردەمانێك نەخۆشە گریکییەکان دەچوونە پەرستگاکان و لەکەشێکی تایبەتدا دەشۆردران و دەشێلدران و دواتر لەسەر کەوڵی قوربانییەك دەخەوێندران و پاش خەوتن و خەوبینینی نەخۆشەکە، خەونی بەو گژوگیاو داودەرمانانەوە دەبینی کە پێی چاکدەبێتەوە، یان ئەو هێماو رەمزانەی دەبینی کە دواتر کاهینەکان راڤەیان دەکرد بەو پێیە دەرمانیان بۆ دەدۆزییەوە.

رەنگە سەیرترین شتێك کە وەك یادەوەریی بەبیری زۆربەماندا بێت، یەکەمین خەونێکی منداڵیمان بێت، بەتایبەت ئەو خەونانەی کە لێی ترساوین، دەبینین هەر لەمنداڵییەوە گوێبیستی گێڕانەوەی خەونی گەورەکان بووین و لەهەمووشی سەیرتر ئەو خەونانەن کە دواتر هاتوونەتەدی و پێشوەخت لای ئەوەی کە خەونەکەی بینیوە زانراوە.

تەنانەت پەیوەندیی خەون بەمەرگەوە تابڵێی پەیوەندییەکی پەنهان و پڕنهێنییە، دەبینیت کەسێك پێشئەوەی بمرێت بەپێی خەونێك کەبینیویەتی، یەقینی ئەوەی لادروستدەبێت کە دەمرێت، یان پاش گێڕانەوەی بۆ کەسانێك کە گوێبیستی دەبن، هەستێکی دەستەجەمعییان لا دروستدەبێت کە ئەو کەسەی خەونەکەی بینیوە هێندەی لەژیاندا نەماوەو دەمرێت.

ئێستاش وەبیرم دێت، پێش ئەوەی باوکم بمرێت چەندجارێك هەمان خەونی دووبارەبووەی دەبینییەوە کە لەنێو باخەکەماندا دەستی بۆ لکێکی گەورەی دارتووەکە بردووەو بەئاسانی هاتووە بەدەستییەوەو لەبنڕا شکاوە، پاش گێڕانەوەی لەنێو مەجلیسێکی قەرەباڵغدا، یەکێکیان وتی: باپیرم پێشئەوەی بمرێت خەونێکی وەك ئەوەی تۆی بینی، ئیتر ئەوە دوارۆژی باوکم بوو لەژیانداو ئەو ئێوارەیە خەوت و بەیانییەکەی هەڵنەستایەوە.

خەون بۆ خۆی حیکایەتی هەموو کەسێکەو لەنێو هەموو خێزان و گروپ و کۆمەڵێکدا دەگێڕدرێتەوەو بەشێکی زۆری خەونەکانیش کە زۆرجار دێتەدی پەیوەندیی بەموسیبەت و مەرگەوە هەیە، بۆ نموونە دەبینیت دایکێك پێشئەوەی کوڕەکەی یان کچەکەی سەفەر بکات، لەمیانی خەونێکەوە کە بینیویەتی دڵنیایە لەوەی کە ئیتر نایبینێتەوە، یان کەسێك جا گەنج بێت یان پیر پاش بینینی خەونێك هەر لەخۆیەوە دڵنیایە لەوەی کەهێندە نابات دەمرێت و رەنگە وەسیەتیش بکات لەکاتێکدا ئەوانەی کە لێوەی نزیکن رەنگە هەر گاڵتەیان پێی بێت و بڕوا نەکەن.

سەبارەت بەو بۆچوونەی شۆلتس–یش دەتوانم ئاماژە بەڕاوبۆچوونێکی (یسن) بدەم، کە پێچەوانەی راوبۆچوونەکەی شۆلتس–ەو دەڵێت: (ئێمە لەخەوندا باشتر نابین، بەڵکو بەپێچەوانەوە ویژدان لەخەوندا لاڵە، مرۆڤ هەست بەبەزەیی ناکات، لەوانەیە دزێوترین تاوان ئەنجام بدات، بدزێت و بکوژێت و دەستدرێژیی سێکسی بکات).

هەر بۆیە ئەگەر خۆمان بدەین لەڕاڤەکارییە جیاوازەکان سەبارەت بەخەون و جودایی قوتابخانە دەروونییەکان لەو بارەیەوە، رەنگە وا بەئاسانی لێیدەرنەچین و نەکرێت لەگفتوگۆیەکدا تاوتوێی بکەین.

خەون پانتاییەکی بەرچاوی نێو دەقە ئایینییەکانی داگیرکردووە، بەسەرهاتی (یوسف) لەگێڕانەوەی خەونێکەوە دەستپێدەکات، یان خەوتن و خەونەبینین، وەك خەوتنی هاوڕێیانی ئەشکەوتەکە، کە چەندین ساڵ دەخەون و خەون نابینن، بەڵام دواتر کە بەئاگادێنەو وەك خەون دەڕواننە دنیایەك کە مەسیحییەت تێیدا باڵا دەستە، بەڵام چۆن پێشتر بەدنیای پێشوویان نامۆ بوون هەر ئاواش بەدنیای ئێستایان نامۆدەبن و دەزانن کە ناتوانن تێیدا بمێننەوەو بەویستی خۆیان مەرگ هەڵدەبژێرن.

**●بۆرخیس دەڵێت: ئەدەب وەک دەرئەنجامێک خەونێکی ئاراستەکراوە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم گوتەیەی بۆرخیس، لەکاتێکدا هەمیشە تێڕوانینێکی ریالیستییانە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەدەبی کردووەتە ئاوێنەی واقیع و رەنگدانەوەی؟**

○ئەگەر بڕوانینە ئەوەی بۆرخیس لەچاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بەخۆی دەیخاتەڕوو، زۆر شتمان بۆ روونده‌بێتەوە کەدەڵێت:

(پێش ئەوەی کوێر ببم، هەمیشە دەمڕوانیە شتەکان و دەمبینین، تەنانەت لەخوێندنەوەشدا، بەڵام ئێستا مەحکومم بەبیرکردنەوە، بەو پێیەی کە توانای بیرکردنەوەشم باش نییە پەنام بۆ خەون بردوەو لەڕێی خەونەوە درێژە بەژیانم دەدەم).

بۆرخیس پێشئەوەی کوێر ببێت زیاتر دنیایەکی تاڵخ و تاریك لەدەقەکانیدا بەرجەستە دەکات و پاش کوێربوونیشی بەشێوەیەکی سەیر رەنگ دێتە نێو دەقەکانییەوە، دەبینین ئەو پیاوەی کە ژمارەیەکی بێ شوومار کتێبی خوێندووەتەوە کە کوێر دەبێت خوێندنەوە دەبێتە مۆتەکەی خەونەکانی بەتایبەت ئەو کاتانەی لەخەونیدا دەیەوێت بخوێنێتەوە، وشەکانی لێدەبێتە شتی زیندوو کە جێگۆڕکێ دەکەن و دواتر لقوپۆپ دەردەکەن و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەورە دەبن.

سەبارەت بەحیکایەتەکانی (هەزارویەك شەوە) دەڵێت: (زۆر شتم دۆزییەوە، بەڵام تەنها خەونم بەشتێکەوە بینی، ئەویش ئەوەیە کە ببمە خاوەنی بەڕەیەکی سیحری تا بمگەیەنێتە هەموو شوێن و زەمەنەکان).

خەون لای بۆرخیس گەڕانەوەیە بۆ خود، چونکە سەرچاوەی خەون لای ئەو خودی مرۆڤ خۆیەتی، لەکاتێکدا تۆ لەبەئاگاییتدا هەندێك لەو شتانەی کە دێتەناوتەوە رەنگە پێشتر پێیان ئاشنانەبوبیت، لەبەئاگاییتدا هەموو ئەو شتانەت بەسەردا دەسەپێنرێت کە بەدەر لەویست و دەسەڵاتی تۆ هەن و ناچاریت بیانبینیت، گوێڕادێریان بیت ، هەستیان پێبکەیت، هەموو ئەو کە لەبەئاگایی ئێمەدا هەیە، شتێك نییە زەینی ئێمە خوڵقاندبێتی، بەڵکو وەك خۆیان لەدنیای ماتریالدا هەن و کەم تازۆر کاریگەرییان بەسەرمانەوە هەیە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی خەون خۆمانین سەرباری هەموو ئەوەی کە پێشتر لەزەینماندا جێی بوەتەوەو دواتر لەکاتی خەوت بینیندا شتێکی لێدەخوولقێنێت رەنگە هێندە ترسناك بێت مۆتەکە ئاسا لێی هەڵبێین و چنگەکڕێ بۆ بەئاگابوونەوە بکەین یان هێندە خۆش بێت حەزنەکەین وەخەرەبەربێینەوە، زیاتر خەون بەخوڵقاندن شتەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت، نەك رەنگدانەوەی کتومتی ئەوەی کە لەواقیعدا دەیبینیت، کەمجار ئەوەی کە بینیوتە وەك خۆی لەخەوندا دووبارەدەبێتەوە، زیاتر دەبێتە شتێکی ترو مەرجیش نییە ئەوە بێت کە تۆ ئاواتی پێدەخوازیت یان رکت لێیدەبێتەوە یان لێی دەترسیت و.. هتد.

بۆرخیس ئەو کەسەیە کە خەون دەبینێت و دەزانێت کە لەهەمانکاتدا خەونی پێوە دەبینن و دەڵێت: (رەنگە خەون بەیەکێکەوە ببینم، ئەویش خەونم پێوە ببینێت و رەنگە هەریەکەمان پێی وابێت ئەوەی کە خەون دەبینێت خۆیەتی).

خەون و وەهەم تۆپۆگرافیای کارکردنەکانی بۆرخیس وەك تەونێك دەتەنن و دواتر ناهێڵن لەشوێن و کاتیکی دیاریکراو و مەئلوفدا بمێنیتەوەو پاش تاوێك دەگەیتە ئەو راستییەی کە هیچ شتێك ناتباتەوە سەر شتێکی دیکەو دواجار دەچیتە نێو گەمەی راڤەکردنە پەنهانەکان و بەو شێوەیە بەردەوام دەبیت.

**●دەکرێت لەنێو دەقە کلاسیکییەکاندا، هەر بۆ نموونە دەقە گریکییەکان جیاواز لەدەقی ریالیزمی تەوزیفکردنی خەونی تێدا ببینینەوە، بەتایبەت ئەوان وەک خۆیان لەقووڵایی میسۆلۆژیاوە هاتوونەتە دەرو لەو گۆشەنیگایەوە نووسەرانیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، بەو پێیەی کە بەسەرهاتی (ئۆدیب)ی (سۆفۆکلیس)، پێشتر وەک ئەفسانەیەک هەبووەو دواتر (سۆفۆکلیس) لەدوو توێی شانۆنامەیەکدا دایرشتووەتەوە، چەند دەکرێت بڵێین ئەو بەسەرهاتەی (ئۆدیب) مەگەر تەنیا لەخەوندا رووبدات، ئەگینا لەزەمینەی واقیعدا روودانی مەحاڵەو مەبەستی ئەو تراژیدیایە بەڕای ئێوە چییە؟**

○تراژیدیای ئۆدیب بەسەرهاتی کەسێکە کە بووەتە قوربانیی قەدەرێك، کە هەڵهاتن لێی مەحاڵەو هەر لەدەستپێکی تراژیدیاکەوە شتێکی زانراوە، قەدەری ئۆدیب ئەوەیە لایوس-ی باوکی بکوژێت و یوکاستا-ی دایکی بهێنێت، هەموو ئەو هەوڵانەی بەمەبەستی گۆڕینی ئەو قەدەرە دەخرێنەگەڕ دواجار شکست دەهێنێنن و هەموو ئەوەی کە پێشتر وتراوە دێتەدی، ئۆدیب باوکی دەکوژێت و دایکی دەکاتە ژنی خۆی و دوو کوڕو دوو کچیشی لێدەبێت و ئینجا بەوە دەزانێت چ تاوانێکی کردووە، دواجار هەر دووچاوی خۆی دەردەهێنێت و سەر هەڵدەگرێت.

ئەم تراژیدیایە باس لەبێ ئیختیاری مرۆڤ دەکات بەرامبەر بەقەدەرو بێ ئیرادەبوونی لەدەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی شێوە ژیانێکی جیاواز لەوەی کە پێشوەخت بۆی دیاریکراوەو راستییەکەی زۆر راڤەکاریی هەڵدەگرێت، چونکە زۆرێك لەتراژیدیا گریکییەکان

بەهەمانشێوە باڵادەستیی قەدەر تێیدا سەرنجت رادەکێشێت، هەر بۆ نموونە سیزیف، کە ئەویش مەحکومە بەئازارکێشانێکی هەتاهەتایی و ناچاریشە بەردەوام بێت و رۆژانە هەمان شت دووبارەبکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئۆدیب لەزۆر دەقی دیکە جیادەکاتەوە ئاگادارنەبوونی خودی ئۆدیب–ە لەقەدەری خۆی، واتە ئەگەر ئۆدیب لەوە ئاگاداربووایە کە لایوس باوکییەتی نەیدەکوشت و ئەو کاتەش یوکاستا–ی دایکی نەدەبووە ژنی و لەگەڵی جووت نەدەبوو.

بەڵام بەپێی تێروانینی (فرۆید)، تراژیدیای ئۆدیب لەخەونەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە ئاماژە بەدیالۆژێکی (یوکاستا) دەکات کاتێك دڵنەوایی ئۆدیب دەدات و دەڵێت: (چەند کەس هەن پێش تۆ لەخەونیاندا لەگەڵ دایکیان جووت بوون، بەڵام ئەمە سەبارەت بەکەسێك ئاسانە کە گوێی نەداتێ).

فرۆید پێیوایە لای هەموو منداڵێکی نێر کۆمپلێکسی ئۆدیب هەیە، کە خولیای کوشتنی باوکی تێدا پەنهانەو بەشێکە لەبەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی باوك و دەستگرتن بەسەر هەموو ئەوەی کە باوك هەیەتی و زۆر وردەکاریی دیکە کە لەڕووی شیکارکارییە دەروونییەکانەوە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

**●ئاخۆ چەند دەتوانین کۆمپلێکسی ئەلێکترا وەک پەرچەکرارێکی کۆمپلێکسی ئۆدیب ببینینەوە، لەکاتێکدا لەکۆمپلێکسی ئەلێکترا–دا، باوک ئەوەیە کە منداڵی مێینە دەیەوێت و دایک ئەوەیە کە ئێرەیی پێدەبرێت و رەتدەکرێتەوە؟**

○خۆی راستییەکەی هەموو ئەو کۆمپلێکس و تەرحە دەروونییانە قابیلی ئەوەن رەتبکرێنەوەو لەگۆشە نیگایەکی سایکۆلۆژیی دیکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و راڤەبکرێن، ئەمە جگە لەوەی مەرج نییە کەتۆ لەناو ئەفسانەو کەلتوورێکی دیاریکراودا ئەو کۆمپلێکسانەت لەدوو توێی دەقەکانیاندا بینییەوە، بەهەمانشێوە لەناو ئەفسانەو کەلتوورێکی دیکەشدا بیانبینیتەوە، جا گرفتەکە لەوەدایە کە زۆرجار لەدوو توێی ئەو دەقانەشدا شتی لەو چەشنە دەبینیتەوە، کە بۆخۆیان لەپێناو حەرامکردن و حەڵاڵکردنی شتەکان و بەو مەبەستە خراونەتەڕوو.

گەر بڕوانینە یەکەمین پەڕتووکی کتێبی پیرۆز، کە بەشێکە لەتەورات و یەکێکە لەپێنج پەڕتووکەکەی شەریعەت و بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان موسا ئەو پەڕتووکەی نووسیوەتەوە، هەروەك لەپەیمانی نوێدا عیسای مەسیح هەمان راستی دووپاتدەکاتەوە، سەبارەت بەنووسینی ئەو پەڕتووکە لەلایەن موسا–وە، دیارە لەپێشەکی پەڕتووکەکەدا هەموو ئەوەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا خراونەتەڕوو، دیارە خوێنەری پەڕتووکی (پەیدابوون) ڕووبەڕووی کۆمەڵێك دیمەن و بەسەرهات دەبێتەوە، کە پێموانییە دیمەنە سێکسییەکانی ناو ڕۆمانەکانی میلان کۆندێرا–ش، خۆی لەخستنەڕووی بابەتی لەو چەشنە دابێت، تەنانەت لەکردنە فیلمی (پەیدابوون)دا، لەلایەن ڕۆژئاوا خۆیەوە، ئەو بەشانەی لێدەپەڕێنێت و بەلایدا ناچێت، بەتایبەت ئەو بەشەی کە باس لەدوو کچەکەی (لۆت) دەکات کە پاش سەرخۆشکردنی باوکیان، شەوی یەکەم گەورەکەیان و شەوی دووەم بچکۆلەکەیان لەگەڵی دەخەوێت و سکیان پڕدەبێت و گەورەکەیان کوڕێکی بەناوی (موئاب) دەبێت و گچکەکەشیان کوڕێکی بەناوی (عەممی) دەبێت و لەهەمووشی سەیرتر ئەو دیالۆژەی خوشکە گەورەکەیانە بۆ خوشکە بچکۆلەکەی کە پێشئەوەی لەگەڵ باوکیان ڕاکشێن، دەڵێت: (باوکمان پیربووە، هیچ پیاوێکیش لەم ناوەدا نییە کە بێت بەلاماندا، وەك چۆن دابونەریتی هەموو زەوییە، وەرە با مەی دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵیدا ڕاکشێین و لەباوکمانەوە وەچە بنێینەوە).

جانازانم چۆن بەدرێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ لەدوو تویی تەوراتداو بەمەبەستی هێنانەسەر دینی کەسانێك، ئەم دەقە خوێندراوەتەوەو چۆن چۆنی ڕاڤەی بۆکراوە تا گوێگرەکانی ئەم دەقە بەئاسایی تێی بڕوانن، لەکاتێکدا کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئایینەکان، ڕەوشت و بەگژداچوونەوەی لادانە سێکسییەکانە، وەك ئەو پرەنسیپی حەرام و حەڵاڵەی کە بۆخۆیان هەڵگرین، ئەی ئەگەر خودی مەسەلەیەکی ئاوا لەناو خودی تەوراتدا ئاماژەی پێدرابێت، بۆیە دەبێت هەموو دژایەتیی قەشەو پیاوە ئایینییەکان، لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دورگانەی کە زلهێزەکان داگیریان دەکردو ئەوانیان وەك ڕێبەرێکی ئایینی بۆ دەنارد، بەشێوەیەکی سەرەکیی لەو خاڵەدا بووبێت، کە ئەوان لادانە سێکسییەکان بەلادان نابینن و سیستمێکی خێزانی وەك ئەوەی ڕۆژئاوایان نییەو سێکسی مابەینی ئەو کەسانەی کە بەپێی ئایینەکان لەیەکتر حەرام کراون، پێ ساناو ئاساییە.

**●(ئیبسن) یەکێکە لەو نووسەرانەی کە توانیویەتی ململانێی نێوان باوان و منداڵەکانیان لەناو دەقەکانیدا بەرجەستەبکات، گەرچی وەک ئاماژەتان پێدا زۆر لەو چەمک و راڤەکارییانە رێژەیین و لەکەلتوورو کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن، بەڵام ئاخۆ دەتوانین بڵێین ئەو باوکسالارییەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە جیاوازە لەوەی کە لەکۆمەڵگەیەکی دیکەدا هەیە، دیارە ئەگەر جیاواز بێت، ئەو دەمە ئەدەبیاتێکی کوردی کە باس لەباوکسالاری دەکات، دەبێت لەگەڵ ئەدەبیاتێکی دیکەدا هەر بۆ نموونە ئەدەبیاتێکی رۆژئاوا جیاواز بێت، تا چەند ئەدەبیاتی کوردی لەمامەڵەکردنی لەگەڵ باوکسالاریدا باس لەباوکی کورد دەکات؟**

○ئێمە وەك كورد خاوەنی ئەفسانەیەكی وەك ئەو ئەفسانەیەی (كرۆنۆس) نین، كە دواجار (زۆس)ی كوڕی دەیخەسێنێت و لەجێی دادەنیشێت و هەموو دەسەڵاتەكانی ئەو دەگرێتەدەست.

ئەگەر میدییەكان باوانی كورد بن، ئەوە دەبینین داهاك یان زوحاك-ی دواپاشای میدییەكان، بەدەستی یەكێك لەنەوەكانی خۆی دەكوژرێت و لەجێی ئەوەی خۆی جێیبگرێتەوە، حوكم و دەسەڵاتیش بۆ كیروس-ی ئەخامەنی جێدەهێڵێت و لەجێی هەستكردن بەئازاری ویژدان، یادی ئەو رۆژەی كردووەتە سیمبولی نەتەوەیی خۆی و پێیوایە كەسێك بەناوی كاوەی ئاسنگەرەوە كەبۆخۆی كورد بووە ئەمی لەستەم و زوڵمی زوحاك رزگاركردووە، هەرگیز كورد پرسیاری لەوە نەكردووە كە ئەگەر نەورۆز یادەوەریی سەركەوتنی كوردان بێت، بۆ دەبێت ئازەری و كازاخستانی و قیرغیزی و فارس وهەروەك ئیبن بەتووتە-ش لەكتێبەكەیدا ئاماژەی پێدەدات، لەمیسرو لەزۆر شوێنی دیكەش یادی نەوروز كراوەتەوە.

تائەمڕۆش یەكێك لەگرفتەكانی تاكی كورد لەدژایەتیكردنی باوكدا ئەگەر وەك دەسەڵاتێك تێیبڕوانین، ئەوە نییە كە بۆخۆی پرۆگرامێكی هەیە بۆ جێگرتنەوەی، بەڵكو تەنیا ئەوەندەیە كە لەناوی بەرێت، بۆ ئەمەش دەست لەگەڵ هەر دوژمنێكی باوكیدا تێكەڵدەكات بەمەبەستی لەناوبردن و كوشتنی، سیستمی باوكسالاری لای كورد بەسیستمی باوكسالاریی رۆمانەكان ناچێت، چونكە سیستمی باوكسالاری لای رۆمانەكان

دواجار لەبونیادی دەوڵەتێکدا دەگاتە ترۆپکی دەسەڵات و حوکم، بەڵام لای کورد ئەمە بەچەشنێکی دیکەیەو کەمجار دەسەڵاتی باوك سنووری بنەماڵەو عەشرەت و کۆمەڵ و گروپەکانی کوردی تێپەڕکردووە، بەدرێژایی مێژوو کورد کۆتەڵ و شتێکی رەمزی بۆ باوك دروستنەکردووە، هەروەك لای میللەتانی دیکە دەبینرێتەوەو خاوەن (کاریزما)و (ئۆتۆریتە) نییە، نەك هەر بەبەراورد لەگەڵ رۆژئاوادا، بەڵکو بەبەراورد لەگەڵ رۆژهەڵاتیشدا ئەو جیاوازییە دەبینرێتەوە، زاڵبوونی باوکی کورد شتێکی رێژەییەو بۆخۆی کەسایەتییەکی ناجێگیرو شلۆقی هەیە، زیاتر بەلاساییکردنەوەی باوکانی غەیرە کوردو لەمیانی دیدو بۆچوون و بیرو هزری ئایینی ئەوانەوە هەوڵی سەپاندنی خۆی داوە، گەرچی لەسەدا سەد نەیتوانیوە ببێت بەوان. (مەهرداد. ر. ئیزەدی) لەکتێبی (کوردەکان)دا سەبارەت بەکەسایەتی کورد زۆر شت دەخاتەڕوو، کە لەزۆر شوێندا دووڕوویی ئەو کەسایەتییەمان بۆ روونەدبێتەوە، هەر بۆ نموونە لەکاتێکدا کورد بەمیواندارێتی و رێزگرتنی لەمیوان ناسراوەو مەهرداد ئاماژە بەوە دەکات کە کورد هەر چییەکی هەبێت ئامادەیە لەپێناو میوانەکەیدا سەرفی بکات و ئەوەی کورد بۆ میوانی دەکات بیوێنەیە، بەڵام هەر بۆخۆشی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە تا ئەو کاتە بڕەکات کە میوان بێدەنگ و سەنگ گوێڕادێری خانەخوێیەو سەری رەزامەندی بۆ دەلەقێنێت، ئەگینا ئەگەر میوان یەك راوبۆچوونی پێچەوانەی خانەخوێ بڵێت ئەوە بێ سێ و دوو لەو حاڵەتەدا دەکرێتە دەرەوە. کەواتە مانەوە لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتیی کوردیدا، پەیوەستە بەبێدەنگبوونی تاکی کوردەوە، بەپرسیارنەکردن و لێخووردنەبوونەوەی، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی کارێکی بەخوێندنەوەو زانینی مێژووی خۆی نییە، هەروەك (مەهرداد) ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت، ئەگەر سەرانی کورد مێژوویان بخوێنایەتەوەو لێی ئاگاداربوونایە، هەمیشە هەمان هەڵە مێژووییەکانی پێشووتری خۆیان دووبارە نەدەکردەوە.

تەنانەت لەرووی ئایینیشەوە، سەبارەت بەئایینی خۆیان نەرمونیان بوون و سەرسەختانە بەرگرییان لێنەکردووە جگە لەئیزیدی و یەریسانییەکان، (مەهرداد) سەبارەت بە(یەزدانی) کە ئایینێکی کۆنی کوردان بووە دەڵێت: (دەتوانین بڵێین نەرموونیانییان فاکتەری سەرەکی پەرتەوازەبوون و پەرشوبڵاوبوونەوەی خودی رێبازە

ئایینییەکـەیان بـووە هـیچ کاتێـك خـەیاڵی دروسـتکردنی زاتێکـی ڕەهـای هاوچەشـنی (مەسیح)و شاڵاوبردنە سەر ڕێبازە ئایینییەکانی دیکەیان نەبووە).

بـەپێی تێـڕوانینی مەسـیحییەکان خوداوەنـد باوکـەو مەسـیح-یـش کوڕیـەتی، ئـەم تێڕوانینە سیستمی باوکسالاری و دەسـەڵاتی لـەبوونێکی ماتریالیـیـەوە دەگوێزێتـەوە بۆ بوونێکی ئایدیالی و ڕەها، لەکاتێکدا یەزدانییەکان تەنیا باوەڕیان بـەڕۆحی ڕەهـا هـەبووە لـەواتا گـشتییەکەیداو بـەو پێیـەش نـەك هـیچ پرسـیارو پەرچـەکردارێکییان بەرامبـەر بەئایینەکانی دیکە نەبووە،بەڵکو پێیانوابووە ئایینەکانی دیکەش لەلایـەن ڕۆحـی ڕەهـاوە نێردراون بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی. کەواتە کورد تەنیا تەسەوری ڕۆحی ڕەهای کـردووەو لـەهیچ شـکڵ و شـێوەو ئیماژێکدا بەرجەسـتەی نـەکردووەو هـەوڵی هـیچ ئیزافـەکردنێکی بۆسەر ئەو تەسەورەی خۆی نەداوەو نەپەرستگای بـۆ دروسـتکردووە، نەکەسـی تایبـەتی ئاینی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی داناوە.

**●بـەو پێیـەی کـە کـورد ڕۆحـی ڕەهـای لەئیماژێـکدا بەرجەسـتە نـەکردووەو زاتێکی ڕەهای وەک (مەسیح)ی بۆ نەخووڵقاندووە تا لەپـشت ئـەوەوە بـەرگری لـەئایین و بیروبـاوەڕی خـۆی بکـات، کەواتـە بـاوکیش لای ئـەو وەک ڕەمزێکـی دەسەڵات هیچ ئیمـاژێکی نییـە، لەکاتێـکدا باوکسالاری کـوردو دەسـەڵاتی بـاوک یەکێکە لەدیاردە بەر چاوەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیی کوردی، ئێوە ئەمـە چـۆن دەبینن؟**

○ڕەنگە گەورەترین گرفتی کورد وەك میللەتێکی دێرینی ڕۆژهـەڵات لـەوەدا بێـت، کـە بەپێی کەمی سەرچاوەو بەڵگەی پێویست، هەمیشە بەئەگەرو گریمان هێنرابێتە ناو قسەو باسـەکان و مامەڵـەی لەگەڵـدا کرابێـت، مـەهرداد ئامـاژە بـەوەدەکات کـە لەمۆزەخانـە جیهانییەکاندا جێمـاوی سـەرەتایترین خێـڵ و گـروپ دەبینینـەوە، بـەڵام ئـەوەی دەبێتـە مایـەی سەرسـوڕمان و پرسـیارکردنی، ئەوەیـە کـە بـۆ دەبێـت سـەرەنێزەو تـیرو ڕمێـك لەمێژووی کۆنی کورد نەمابێتەوە تـا لەمۆزەخانەکانـدا بخرێنەپێشـچاو، یـان ئەگـەر هـەن چییان لێهات و چۆن هەر هەمووی ونبوون، یان ڕەنگـە بەشـێکی زۆریـان ون نـەبووبێتن و لەپـەلاماری میللـەتانی دیکـەدا بۆسـەر کوردسـتان، دەسـتیان بەسـەردا گیرابێـت و لەئێستاشدا بەناوی ئەوانەوە لەمۆزەخانە جیهانییەکاندا بەدنیا بناسێنرێت.

ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە مێژووییەکان دەبینین کاتێك لەشکرەکەی (سەعدی کوڕی وەقاس) ئێران داگیردەکات، سەعد سەری سووڕدەمێنێت لەو هەموو پارشۆمێن و دەستنووس و بەڵگەو کتێبانەی، کە هێندە زۆرن نازانێت چییان لێبکات و بەناچاری نامەیەك بۆ خەلیفە دەنێرێت سەبارەت بەوەی کە چییان لێبکات، بەتایبەت عەرەبەکان وەك خۆیان سەری لێدەرناکەن و بەحوکمی زماننەزانینییان نازانن چی تێدا نووسراوە، خەلیفەش لەوەڵامدا دەڵێت، هەر هەمووی فڕێبدەنە ناو ئاوی رووبارێکەوە، چونکە ئەگەر راستییەکی تێدا بێت ئەوە هێندەی (قورئان) راست نییەو ئەگەر ناڕاستی و عیلمێکی شەیتانیشی تێدا بێت، ئەوە لەهەردوو بارەکەدا بەفڕێدانی رزگارمان دەبێت، ئیتر ئەوەبوو هەموو ئەو کتێب و دەستنووس و بەڵگە مێژووییانەو هەموو ئەوەی کە دواتریش لەو سەردەمەدا وەچنگیان دەکەوت فڕێیان دەدانە ناو رووبارەکان.

بێگومان لەگەڵ ونبوونی ئەو دەستنووس و سەرچاوە مێژووییانە، زۆرشتی گرنگ سەبارەت بەمێژووی کورد لەگەڵ ئەواندا ونبوون و لەئێستادا نەزانراون، ئەوەی کە سەبارەت بەکوردیش لەئێستادا زانراوە جێگەی مشتومڕو قسەو باسە، هەر بۆ نموونە بۆ دەبێت یەزدانییەت وەك ئایینێکی کۆنی کوردان، لای ئێزدی و عەلەوی و یەریسانییەکان لەکۆمەڵێك پرەنسیب و تێڕوانینی گشتیدا مابێتەوەو بەدرێژایی مێژوو کوردە ئێزدی و عەلەوی و یەریسانییەکان سەرباری ئەو هەموو کوشت و کوشتارو زوڵم و زۆرەی کە رووبەڕووی بوونەتەوە، سەرسەختانە بەرگرییان لەخۆیان کردبێت و تائێستاش لەبیروباوەڕی ئایینی خۆیان لایان نەدابێت، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کورد دەستبەرداری ئەو ئاینە دێرینەی خۆیان بووبێتن و چووبێتنەسەر ئایینی غەیرە کوردو لەدوژمنەکانی کورد زیاتر بەگژ هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا چووبێتنەوە، بەڵام کە بەوردی دەڕوانیتە بیروباوەڕی ئایینی کورد بەشێوەیەکی گشتی، سەرباری ئەو ئینتیمایەی کە ژمارەیەکی زۆری، بۆ ئایینێکی دیکە هەیانە، دەبینیت هەموو کورد لەڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە هێشتاکە قەناعەتییان بە (خدری زیندە) هەیە، کە ئەمە بیروباوەڕێکی تەواوی یەزدانییەکان بووە بەکەسێکی نەمرو هەمیشە زیندوو، ئەمە جگە لەپیرۆزیی ژمارە حەوت، تەنانەت میدییەکان دیواری بیناکانیان بەحەوت رەنگ بۆیە کردووەو (هێرۆدۆت) لەو بارەیەوە ئاماژەی بەشوورەو دیواری چواردەوری تەپۆڵکەکانی شاری میدییەکانی

هەمەدانی کردووە، کە بەحەوت ڕەنگی ئاڵتوونی، زیوی، سپی، ڕەش، مۆر، شین، سوور، لەپێش زاییندا ڕەنگکراون.

جا سەبارەت بەدەسەڵاتی نێرینەی کوردو باوکسالاری و ڕۆڵی باوك لەنێو خێزان و سیستمی کۆمەڵایەتیی کوردیدا، ڕووبەڕووی چەند وێنەیەکی باوك دەبیتەوە، گەرچی هەر هەمووی لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی نێری تێدا زەقدەبێتەوەو بەشێوەیەکی گشتی لێکچووی هەموو باڵادەستییەکی لەو چەشنەیە، بەڵام هەندێك تایبەتمەندێتیی جیاوازیشی هەیە، لەهەندێك ناوچەی کوردستاندا ڕەدووکەوتنی کچان و ژنانیان لەلایەن پیاوانیانەوە بەشتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت و بەشێکە لەتێڕوانینی دەستەجەمعی و کەلتورییان و سەرباری ئەوەی کە زۆرێك لەو کوردانەی کە ئەم سونەتە لەناویاندا باوە، لەئێستادا موسڵمانن، بەڵام هیچ کاتێك بەپێودانگی ئیسلام نەیانڕوانیوەتە ئەو سونەتەی کە بەپێی ئیسلام حەرامە، لەکاتێکدا لەنێو کۆمەڵ و دەستەیەکی دیکەی کورددا، نەك هەر ئافرەت بۆینییە بەئیختیاری خۆی ڕەدووی پیاوێك بکەوێت، بەڵکو حەزو خۆشەویستی و تەنانەت بچووکترین سەرەتاتکێ و جموجۆڵ، دەرئەنجامەکەی بەکوشتنی مێینە تەواو دەبێت، جا پرسیارەکە لەوەدایە کە بۆ دەبێت دوو کۆمەڵی کورد کە هەردووکیان موسڵمانن و پابەندن بەجێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئیسلام، بەڵام سەبارەت بەئیختیاری مێینە بۆ پیاوێك، یان تەجاوزێکی سێکسی و ڕەدووکەوتن و شتی لەو چەشنە، هەر یەکێکیان بەچەشنێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، یەکێکیان لووتی دەبڕێت، دەیسووتێنێت، بەردەبارانی دەکات، دەیکوژێت. ئەویتریشیان بەکردەیەکی زۆر ئاسایی تێیدەڕوانێت و هەر باکیشی بەحیکایەتەکانی عەیبەو شەرەف و ناموس و حەرام و ئایین و شتی لەو چەشنە نییە، بۆیە دەبینن ئەگەر ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا وەك دوو نموونە سەیر بکەین، ئەوە دوو نموونەی پیاوی کوردیشمان لەبەرچاودا بەرجەستەدەبێت.

**●کەواتە کورد بەکاریگەریی کەلتوورو ئایینی میللەتانی دراوسێی دەستیداوەتە کوشتنی هەموو ئەو مێینانەی کە بەپێودانگی ئەو ئایین و کەلتووره کارێکی پێچەوانەی ڕەوشت و دابونەریتییان ئەنجامداوە، کە لەئێستادا ئەم کوشتنی مێینەیەیان گوێزاوەتەوە بۆ پانتاییەکی جوگرافی جیاوازو لەناو کوردە پەناهەندەکاندا بۆتە شتێکی باو و هەر ئەوەندە دەزانیت**

**رۆژنامەو کەناڵەکانی TV باس لەدەستگیرکردنی پیاوێکی کورد دەکەن کە کچەکەی، خوشکەکەی، یان ژنەکەی خۆی لەسەر مەسەلەی نامووس کوشتووەو لەکارەکەشی پەشیمان نییەو شانازی پێوەدەکات، ئاخۆ هەموو ئەم تاوانانەی کە پیاوی کورد دژ بەمێینە ئەنجامی دەدات، وێنەی کورد لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا ناشرین ناکات؟**

○بەڕاستی سزادان یان کوشتنی مێینە، لەسەر هەر داواکارییی یان هەڵوێست و کردەیەك کە پەیوەست بێت بەدنیای سێکسی و ئارەزووەکانییەوە، یان دەستبەردانی لەپیاوێك و ئیختیارکردنی پیاوێکی دیکەو زۆرشتی دیکەی لەو چەشنە، کە پەیوەستە بەحەزو ئارەزووەکانییەوە، سەرباری داکۆکیکردنی لەهەر مافێك کە بۆ پیاو بەڕەوا ببینرێت و بۆ ئەو ناڕەوا، کارێکی زۆر دزێو و نائینسانیی و دڕندانەیە.

تۆ ئەگەر کوشتنی مێینەت کردبێتە بەشێکی فەرهەنگ و کەلتوورت و بەئینسانکوژی خۆتەوە بنازیت، دەبێت بەچ روویەکەوە ئەگەر پێویستی کرد، باس لەلایەنە جوانەکانی ئەو کەلتوورەی خۆت بکەیت، نازانم لەچ شوێنێکی دیکەی دنیادا مێینە لەبەر ناشرینییەکانی پیاو و سیستمەکەی خۆی دەسووتێنێت، یان دەسووتێنرێت و دواتر دەڵێن خۆی سووتاند، لەیەکێك لەڕۆژنامەکاندا باس و خواسی ئەو پیاوە کوردەم کەوتە پێش چاو، کە دوای ئەوەی لەیەکێك لەشەقامەکانی شارێکی ئەڵمانیادا ژنی پێشووی خۆی داوەتەبەر چەقۆو کوشتوویەتی، دڵی بەوەندە ئاوی نەخواردووەتەوەو دواجار سووتاندوویەتی، یان حیکایەتی ئەو پیاوەی کە لەبەریتانیا کچێکی خۆی بەچەقۆ کەلەپاچەکردو و دواتر لەباخچەیەکدا ناشتبووی، چەندان حیکایەتی تریش سەبارەت بەزۆرێك لەو پیاوە کوردانەی کە ساڵانی دوورو درێژی تاراوگە نەیگۆڕیون و نایانگۆڕێت و تاوتوێکردنیشی باس و خواسێکی گشتگیرترو دەرفەتێکی بەرفراوانتری گەرەکە.

**●شیعری کوردی وەک ژانرێکی ئەدەبی مێژوویەکی دێرینی هەیەو ئامادەباشییەکی بەر چاوی لەنێو پانتایی ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە، دەقە شیعرییەکانی بابا تاهیری هەمادانیش لەڕووی مێژووی نووسینیانەوە کە هەزار ساڵێک لەمەوپێش نووسراون، گەواهی ئەو راستییە دەدەن، لەکاتێکدا مێژووی چیرۆکنووسین و رۆماننوسینی کوردی، کۆن نییە، لەکاتێکدا میللەتانی**

**دیکە زۆر لەپێش ئێمەوە خۆیان لەبواری چیرۆک و رۆماندا تاقیکردووەتەوەو لەئێمە بەئەزموونترن، دەبێت دواکەوتنی نووسینی ئەو ژانرە ئەدەبیانە لای کورد هۆکارەکەی چیبێت؟**

○گەرچی حیکایەتیش لەناو کورد دەماودەمی کردووەو زۆر لەکۆنیشەوە هەر هەبووە، جا چ ئەو حیکایەتانەی کە کورد لەمیللەتانی دیکە بیستوونی و رەنگە زۆریشیان تائێستاکە مابێتن و هەر بگێردرێنەوە، یان ئەو حیکایەتانەی کە کەسانێکی کورد بەخەیاڵیاندا هاتووەو گێڕاویانەتەوە، بەڵام لەبەر هەر هۆو هۆکارێك بووبێت نەنووسینەوەی ئەو حیکایەتانە، بەبەراورد لەگەڵ شیعردا کە نووسراوەتەوە جێگەی پرسیارە.

سەبارەت بەئەدەبیاتی رۆژئاواش گەرچی هەن مێژووی نووسینی کورتەچیرۆك دەبەنەوە بۆ سەردەمێکی پێش (ئیدگەر ئەلن پۆ)، بەڵام نکوڵیش لەوە ناکرێت کە هەر ئەو بوو توانی کورتەچیرۆك وەك هونەرێك لەحیکایەت و نۆڤێللا جیابکاتەوەو سەرنجی ئەدیبەکانی بەلادا رابکێشێت و پێش سەدوشەست ساڵێك لەمەوپێش لەلایەن ئەدیبە ئەمریکی و فەرەنسی و رووسییەکان ئاوڕی لێبدرێتەوە، بەڵام دیارە مێژووی رۆماننوسین و نۆڤێللا لەرۆژئاوادا زۆر لەمێژووی نووسینی کورتەچیرۆك کۆنترەو هۆکارەکانیشی زۆرن و راستییەکەشی (ئیدگەر ئەلن پۆ) رۆڵێکی بەرچاوی بینی، لەجیاکردنەوەی کورتەچیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبیی جیاواز لەچیرۆکە تەقلیدییە کۆنەکان، کە بەجێکردنەوەی یەك دنیا وشەو رستەو پەرەگراف وەسفیی لەکارکەوتوو، قەرەباڵغ دەکرا، لەکاتێکدا بەپێی راوبۆچوونی (پۆ) ناکرێت یەك وشەی زیادە بترنجێنیتە ناو بوونیادی کورتەچیرۆکەوە، هەروەك چۆن دەرهێنانی یەك وشەش لاسەنگی دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە جیاواز لەچیرۆکی درێژ، کورتەچیرۆك لەیەك دانیشتندا دەخوێنرێتەوەو زۆر وردەکاری تەکنیکی دیکە، کە دەکرێت هەموو ئەمانە وەك ئەلفوبێی چیرۆکنووسین و کلاسیکایەتی ئەو ژانرە ئەدەبییە تێی بڕوانین، ئەگینا وەك کارلۆس فوێنتس دەڵێت: (دیارە هیچ دەقێك لەکاتی نووسینەوەیدا حیساب و کیتابی بۆ ناکرێت، دەق بۆخۆی ئاراستەی خۆی دەدۆزێتەوەو بەباڵەکانی لەشەقەی باڵ دەدات و خودی نووسەرەکەی دەخاتە پەراوێزەوەو دەیسڕێتەوە).

تەنانــەت لــەڕووی تەکنیکیــشەوە، زۆرێــك لەچیرۆکنووســان پانــدی ئــەو پێودانگــە پێشینەیەی چیرۆکنووسین نەبوون و بەپێی دنیابینیی خۆیان مامەڵـەیان لەگـەڵ کـردوون، هـەر بـۆ نموونـە بـۆرخیس کـار لەسـەر بەحیکایـەتکردنی چیرۆك دەکـات و لەشـوێنێکیدا دەڵێت: (ناڵێم من ئیرۆب–م، بەڵام حیکایەتەکانم وەك حیکایەتـەکانی هەزارویـەك شـەوە، ئامانجیان هەژاندن و چیژ بەخشینە)، ئەگـەر بگەڕێمـەوە سـەر پرسـیارەکەتان، مـن وەك خۆم کێشەکە لەبەراورد مێژووی چیرۆك و ڕۆمانی کوردیدا نابینمەوە، لـەڕووی ئـەوەی کـە وەك زەمەنی نووسینیان نوێترن لەچاو ئەدەبیاتی ڕۆژئـاوادا، یـان تەنانـەت تاڕادەیـەکیش لەگەڵ گەلانی دراوسێدا، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە لەئێستادا چـیرۆك و ڕۆمـانی کـوردی لەچ ئاستێکدایە، لەمڕۆدا کـە کۆمـەڵێك لەڕۆماننووسـە مەغریبییـەکان نەخـشەی تەقلیـدی ڕۆمان دەگـۆڕن و لەفـەزاو ئەتمۆسـفێرێکی جیـاوازدا ڕۆمانـەکانیان دەخـوولقێنن و دەیـان پرسیار لای خوێنەر دروستدەکەن، کەس لەوە ناپرسێت، چۆن دەبێت ڕۆمانـەکانی ئـەوان خوێنەرانی دنیا تووشی هەژان و سەرسامیی بکـەن، لەکاتێکـدا ڕۆمـانی مـەغریبی لـەڕووی مێژووییەوە بەبەراورد لەگـەڵ ڕۆمـانی ڕۆژئاواییـدا پێشینەیەکی کلاسیکی و کـۆنی نییـە، نووسین بەگشتی وەك (مۆرا کامی) ئاماژەی پێدەدات کارێکی زۆر خودگەراییانەیـەو ئیگـۆ تێیـدا زاڵـە، هەربۆیـە ناکرێـت بـۆ دەقـە خراپـەکانی ئـەدەبیاتی کـوردی دەیـان پاسـاو بهێنیتەوەو پەیوەستی بکەیت بەبارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و زۆر شـتی دیکەی لەو چەشنە، تـۆ بڵێـی حـاڵووەزعی (سـێرڤانتیس) زۆر لەنووسـەرانی ئێمـە باشـتر بووبێت، کاتێك ڕۆمـانێکی جـوانی وەك (دۆن کیخۆتـە) دەنوسـێت، نـەخێر بەپێـچەوانەوە سێرڤانتێس یەکێکە لەنووسەرە بەدبەختەکانی دنیاو لەهەموو ڕوویەکەوە کۆڵـەوارو دامـاو بووە، کەچی هەر هەموو ئەمانە نابنە لەمپەری نووسینی ڕۆمانێکی وەك (دۆن کیخۆتە).

**●ئــاخۆ نووســەرێک کــە لەئێــستادا دەیــەوێت دەقێکــی جــوان و جــدی بخوولقێنێـت، بـەبێ ئاگـاداربوون و خوێندنـەوەی دەقـی نـەوەکانی پـێش خـۆی دەتوانێت دەقێکی لەو چەشنە بنووسێت؟**

○خوێندنەوەی دەق و بابەتە جوان و جدییەکان، کارێکی گرنگە، بەمەبەسـتی بینـینی دیـوە پـەنهان و شـاراوەکانی، مـن وەك خـۆم لەگـەڵ خوێندنـەوەی ڕووکەشـییانە، یـان سەرپێیدا نیم.

**●ئێــوە وەک خۆتــان لەکەیــەوە دەســتتان داوەتــە خوێندنــەوەو لــەڕووی زەمەنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ چ ساتەوەختێکی تەمەنی ئێوە، حەزدەکەین بزانین ئێــوە قۆنــاغی منــداڵی خۆتانتــان چــۆن گوزەرانــدووەو چــین ئــەو شــتانەی کەکاریگەرییان لەسەرتان هەبووە؟**

○دیارە هەر لەمنداڵییمەوە بەشێوەیەکی سەیر خولیای خوێندنەوەم هەبوو، بەو پێیەی کە باوکیشم تا لەژیاندا بوو، هیچ کاتێك ڕێی ئەوەی نەدەدام وەك منداڵێکی ئاسایی تێکەڵ بەدنیای دەرەوە ببم و وەك هەر منداڵێك گەمە بکەم، تەنیا ئەو کاتانەی کە دەچوومە قوتابخانە بۆم هەبوو لەدەرکەی ماڵەکەمان بچمە دەرو بەدنیای دەرەوە ئاشنا بم، باوکم پیاوێکی زۆر گۆشەگیرو تەنیا بوو، هیچ سەردان و هاموشۆیەکی دەرودراوسێ و خزموکەسی نەدەکرد، ئەویش تەنیا مەگەر ئەو کاتانەی کە وەك فەرمانبەرێك دەبووایە چووبایەتە فەرمانگەکەی لەماڵ چووبایەتەدەر، ئەگینا زۆر بەبێدەنگی خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی لاپەڕە بۆری بێبەرگ دەبوو کە هەمیشە بەدەستییەوە دەمبینی پاش مەرگیش لەناو هەموو کتێبەکانیدا زۆر بۆ ئەو کتێبە گەڕام و بەشوێنیدا عەوداڵ بووم، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەمزانی ئەو کتێبە چیبوو کە هەمیشە بەبێدەنگی دەیخوێندەوە، بەدرێژایی تەمەنی کورتی پێکەوە بوونی لەگەڵمدا، چونکە تازە لەقۆناغی منداڵییەوە پێم دەنایە قۆناغی مێردمنداڵی کە ئەو کۆچی دوایی کرد، کەمجار قسەی ئاسایی لەگەڵ دەکردم وەك ئەوەی کە هەر باوکێك لەگەڵ منداڵی خۆیدا دەیکات، بەحوکمی ئەوەی چەند زمانێکی دەزانی، دەیوست منیش فێری ئەو زمانانە ببم، ئەوەبوو ئەو دەمەی لەپۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، فێری زمانی عەرەبی کردم و کەدوای چەند ساڵێك توانیم لەمیانی ئەو زمانەوە، هەموو ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە باوکم لەنێو سێ باوڵ و پێنج کارتۆنی گەورەدا هەڵیگرتبوون، بۆیەکەمجار تەورات و دیوانی ئەبی نەواس و ئەختەڵ و دەقەکانی مەنفەلوتی و عەقادو چارلز دیکنزو شکسپیرو دنیایەك کتێبی موغامەراتم لەناو ئەو کتێبانەدا بینییەوەو بەمەبەستی خوێندنەوەیان زۆربەی کاتەکانم لەهەورەبانی ماڵەکەماندا دەبردەسەر کەسێ باوڵ و پێنج کارتۆنە گەورەکەی کتێبەکانی باوکمی لێبوو.

باوكم كەسێكی كەمدوو بوو، تەنها لەكاتی سەعی پێكردنمدا قەریحەی قسەی دەكرایەوەو جگە لەو وانەیەی كەبۆی باسدەكردم، جارجارە باسی باوكی خۆی بۆ دەكردم و كەمجار شتێكی لەبارەی خۆیەوە بۆ باسدەكردم و نەمدەزانی چۆن دەڕوانێتە ژیان و باوەڕی بەچی هەیە.

لەمیانی قسەو باسەكانییەوە گوێبیستی حیكایەت و ماجەراكانی باپیرم بووم، دەمزانی ئەو پیاوە لەسەردەمی عوسمانییەكاندا كولیەی حەربییەی لەئەستانبوڵ تەواو كردووەو بووەتە ئەفسەرو دواتر گەیشتووەتە پلەی یوزباشێتی و یەكێك بووە لەوانەی كە (شێخ مەحمود)ی زۆر خۆشویستووەو لەشۆڕشەكەیدا بەشدار بووە، لەكاتێكدا (رەزابەگی) برای سەر بەئینگلیز بووەو حیكایەتی ناكۆكی و ململانێی ئەودوو برایەش، زۆر لەوە دووردرێژترە كە بتوانم لێرەدا باسی بكەم، بەرهەحاڵ یەكێك لەشتە سەیرو سەمەرەكانی باپیرم ئەوە بووە كە هەژدە ژنی هێناوە هەر لەهیندی و عەرەب و تورك و جولەكەو فارس و كوردو زۆر رەگەزی دیكە، پێنج شەش زمانی زۆر بەباشی زانیوەو ئەمە جگە لەوەی نیوەی جیهان گەڕاوەو پارەوپوولی خۆی لەسەفەرو ماجەراكانیدا سەرفكردووە، دیارە ئەوەی كە لێرەدا لەبارەی باپیرمەوە دەیخەمەڕوو، هەر هەموویم لەباوكمەمە نەبیستووە، بەڵكو هێندێكی لەچەند مامۆستایەكی وەك جەمال بابان و كەریم زەندو چەند كەس و خزمێكی خۆمان و ئەمە جگە لەوەی لەكتێبی (شاری سلێمانی)دا، لەبەشی تایبەت بەو ئەفسەرە عوسمانییانەی كە خەڵكی سلێمانی بوون ناوی باپیرم و رەزابەگی برای تێدایە.

**●رەنگە هەر ئەوانەی كە پێشتر ئاماژەتان پێدا، هۆكاری نەبوونی كەسایەتیی باوك بێت لەدەقەكانتاندا، یان ئەگەر هەشبێت بەچەشنی زۆرێك لەنووسەرانی كورد هێرشتان نەكرووەتەسەر كەسایەتیی باوك كە لەزۆر دەقی كوردیدا باوك وەك دڕندەو تارماییەكی ترسناك وێناكراوە، ئێوە لەچیرۆكی (خورافاتی چاویلكەكەی باپیرم) كە نووسەرو مامۆستای بەتوانا (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) لەگەڵ كۆمەڵێك چیرۆكی دیكەی كوردیدا كردوویەتییە فارسی و لەدووتوێی كتێبێكدا بڵاویكردوونەتەوە، باستان لەكۆمەڵێك شتی تایبەت بەباپیرتان كردووە، تەنانەت لەڕۆمانی (دیوێكی دیكەی حیكایەتە**

**نەنووسراوەکان)یشدا، ئێوە لەڕێی نۆستالژیاو یادەوەرییەوە هەر دەگەڕێنەوە بۆ باسکردنی باپیرتان و وێنەی باوک لەو ڕۆمانەداو لەدەقەکانی تریشتاندا ونە، ئاخۆ ئەمە بەتەواویی پەیوەستە بەقۆناغی منداڵیتانەوە، یان هۆکاری دیکەشی هەیە؟**

○وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، کەسایەتیی باوك لای کورد یەك وێنەو شکڵ و شێوەی نییە، ئەوەی کە باوکێکی سەر بەبنەماڵە یان ناوچەیەکی کوردی پێی حەرامە، یان نەنگی و عەیبەیە، لای باوکی شوێنێکی دیکەی کوردستان وانییەو بەڵکو بەتەواویی پێچەوانەیە، کچانی کوردە عەولەوییەکان بەبەرچاوی باوکییانەوە سەما دەکەن، بەئاگاداری ئەوان حەز لەپیاوان دەکەن و ڕەدووی دەکەون و زۆرشتی دیکە، کە ئەگەر کچانی کوردی زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان پێی هەڵبستن، دەرئەنجامەکەی کوشتنە.

بەشێوەیەکی گشتی مۆدیلی باوکی کوردی لەڕووی ئۆتۆریتەو کاریزماوە، باوکێکی جێرمەنی یان باوکێکی ئینگلیزی ئۆرستۆکرات نییە، هەروەك چۆن پیاوە ئایینییەکانمان سام و ڕەهبەتی قەشەو راهیب و پیاوە ئایینییەکانی ئەوانی نییە، من ناڵێم لەوان نەرمونیانتر و بەبەزەییترن، مەبەستم لەوەیە باوکی کوردی بەلاساییکردنەوەی باوکانی غەیرە کورد، هەمیشە ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژن و ماڵومنداڵیدا بسەپێنێت، هەردەم بەئیحای مەرجەعە ئایینییەکان باوکایەتی خۆی وێناکردووەو بەکاریگەریی زۆر کەلتوورو دابونەریتی غەیرە کوردی، کەسایەتی ترسناکترین باوکی لەخۆگرتووەو هەموو ئەو دنیا بینییە پڕ لەحەرامەی هێناوەتە نێو خانەوادەکەیەوە، ئەگینا سەردەمانێك لەنێو کورددا بەرزترین پلەی ئایینی و باوکایەتیی لەنێو کەسایەتی کەسێکدا بەرجەستەکراوە کە (پیر)ی پێوتراوەو لەدیدگایەکی میستیکی و سۆفیستییەوە ڕوانیویەتییەتە هەموو ئەوەی کە هەبووەو بانگەشەی یەکبوونی بوون و خۆشەویستیی هەموو شتەکانی کردووە، ئەستەمە باوکێکی ئەو سەردەمە لێدان و فەلاقەکردن و کوشتنی منداڵانی خۆی پێ ئاسایی بووبێت، ئەمە جگە لەوەی کە باوکایەتیی وەزیفەیەکە سیستمێك دەیسەپێنێت و هەموو ئەوەی بەسەریدا فەرزدەکرێت، دواجار بۆ پاراستنی خودی ئەو سیستمە خۆیەتی.

سەیرە تۆ بتەوێت بەهاندانی مێرد منداڵان و گەنجان لەبەگژداچوونەوەی باوکانیاندا گۆڕانکاریی لەکۆمەڵگەدا بکەیت، چونکە تۆ پێش ئەوە سیستم و فەرهەنگ و کەلتوورێکت

هەیە کە باوکی لەنێو خێزاندا کردووەتە گاردیان و ماڵیشی کردووەتە ئەو زیندانەی کە باوك ئەندامەکانی خێزانەکەی تێدا زیندانی دەکات، تا بتوانێت شکۆمەندی خۆی لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بپارێزێت.

جا سەبارەت بەدەقەکانیشم وەك بەڕێزتان هەستتان پێکردووە، لەڕووی ئەوەوە کە باپیر لەجێی باوك ئامادەگی هەیە، رەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوە بێت، کە باوك و باپیرو پشتاوپشتی باوکانی سولالەیەك، دواجار هەر هەموویان کەسایەتیی باوکێك پێکدەهێنن، گەرچی لەزۆر رووەوە لێکچوو بن، یان جیاوازو لێکنەچوو، ئەمە جگە لەوەی کە باوکم هەمیشە شانازی بەباوکی خۆیەوە دەکردو بەسڵ و سامێکی گەورەوە زۆرجار دەیڕوانییە شمشێرو تفەنگەکەی، کە دواتر دەبوو زۆر بەباشی لەشوێنێکی نەزانراوی ماڵەکەماندا بیشارێتەوە کە جگە لەخۆی کەس شوێنجێگەکەی نەدەزانی و لەکاتی دەرهێنان و شاردنەوەیدا، دەبوو من و دایکم و براکەم بچینە یەکێك لەژوورە لاچەپەکانی ماماڵەکەمان و پاش ئەوەی دەرگاکەی لەسەر کلۆم دەدایـن، کاری خۆی دەکرد.

**●بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان ئاراستەی خوێندنەوەی خوێنەران گۆڕانی بەسەردا دێت، هەربۆ نموونە کاتێک دەزانیت خوێنەرێکی زۆری دنیا رووەکاتە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی هیندی، یان ئیسپانی، یان ئینگلیزی، ئاخۆ بەڕای ئێوە هۆکارەکەی چییەو بۆ دەبێت لەئێستادا خوێنەران کەمتر ئەدەبیاتی رووسی بخوێننەوە، لەکاتێکدا سەردەمانێک هەموو دنیا سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی رووسی بوون؟ بەڕای ئێوە کەناڵەکانی میدیاو هۆکارەکانی راگەیاندن و TV، لەئاراستەکردنی خوێنەردا چەند رۆڵیان هەیە؟**

○لەمڕۆدا ئەو ئیمازە بەرجەستەکراوانەی کە لەسکرینی تەلەفزیۆن و هۆکارە تەکنۆلۆژییەکانی دیکەوە پێماندەگات، لەخودی راستییەکان دوورماندەخاتەوەو ناهێڵێت تەواوی دیمەنەکان وەك خۆیان ببینین، چونکە هەمیشە بەهەڵوەشاوەیی شتەکانمان پیشاندەدات و مەوداکان هێندە تەنگەبەر دەکات، کە هیچ دەرفەتێکمان بۆ ناهێڵێتەوە تا بەچەشنێکی دیکە راستییەکان ببینین، هەر بۆ نموونە تەلەفزیۆن لەپیشاندانی رووداوێکدا کە دەیان کەسی تێدا کوژراوە، بەچەشنێك دەیهێنێتە پێشچاوت کە هەست بەئێش و

ئازاری کەسەکان نەکەیت و دووبارەکردنەوەی پەیتاپەیتا وێنەکانی رووداوەکەش هێندەی دیکە شتەکانت لا ئاسایی دەکات و وات لێدەکات دواتر بەئاسانی لەبیری بکەیت، ئەو جۆرە کارکردنەی کە لەئێستادا باوەو بەسەرسامکردنی بینەر دەستپێدەکات، تەنها بۆ ئەوەیە کاریگەرییەکی کاتی لەسەر بینەر هەبێت و بەئاسانی لەبیربچێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی لەمڕۆدا ریکلامکردن بۆ ئەدەبیات وەك هەر کاڵاو کەلوپەلێکی دیکە، پانتاییەکی بەرچاوی میدیاو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن داگیردەکات و مەبەست لەفرۆشتنی کتێبە ئەدەبی و بابەتە هەمەجۆرەکانە، کتێبێکی چێشتلێنان و کتێبێکی ئەدەبیات هێندەی یەکتر ریکلامیان بۆ دەکرێت، یان خراپترین کتێب باشترین ریکلامی بۆ دەکرێت و باشترین بازاڕی کتێبفرۆشتنی بۆ سازدەکرێت، لەدنیادا ئەوانەی ئیشی ریکلام دەکەن، تەنها مەبەستێکیان پەیداکردنی زۆرترین پارەیە، کێ زۆرترین بڕەپارەیان بداتێ باشترین ریکلامی بۆ دەکەن، هەموو ئەم ئاشووب و جەنجاڵی و سەرگەردانییە بمانەوێت و نەمانەوێت کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەیان لەسەر خوێنەر هەیەو توانای ئیختیارکردنی خودی تێدا تێکدەشکێنن.

بەو پێیەی کە ئاماژەتان بەئەدەبیاتی رووسی دا، گەرچی لەسەردەمی حوکمی شۆڤییەی پێشوودا، بەبەرنامە ئەدەبیات و بابەتە هەمەجۆرەکانی خۆیانیان وەردەگێڕایە سەر زوربەی زمانە زیندووەکانی دنیاو بەدنیادا بڵاویاندەکردەوە، سەرباری ئەو ئامانج و مەبەستە سیاسییەی کە لەپشت وەرگێڕانی ئەو کارانەوە، ئیشی دەکرد، بەڵام دەبینیت سەرجەم کلاسیکی ئەدەبیاتی خۆیانیان وەردەگێڕا، لەکاتێکدا (ڤلادیمێر ئیلیچ لینین) نووسەرێکی وەك تۆڵستۆی بەکۆنەخواز لەقەڵەم دابوو، یان راوبۆچوونێکی زۆر خراپی لەسەر رۆماننووسێکی بەتوانای وەك دستۆیڤسکی هەبوو، بەڵام راوبۆچوونی کەسێك کە لێدەرو دامەزرێنەری حکومەتی سۆڤێتی بوو، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو دەزگای وەرگێڕانەش سەر بەو حکومەتە بوو، نەبوونە مایەی وەرنەگێڕانی شاکارەکانی تۆڵستۆی و دستۆیڤسکی، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆڵێکی گەورەیان لەناساندنی ئەو نووسەرانەدا بینی و خوێنەرێکی زۆریان بەدەقەکانیان ئاشناکرد، دیارە من لێرەدا مەبەستم لەوە نییە ئەگەر هەوڵوتەقەللای ئەو دەزگای وەرگێڕانە نەبوایە تۆڵستۆی یان دستۆیڤسکی نەدەناسران، من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەوان لەڕووی پۆپۆلارکردن و ناساندنی بەپانتاییەکی

بەرفراوانی خوێنەران رۆڵیان هەبوو، واتە ئەوان توانییان سەرجەم ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆیان بەدنیا بناسێنن، بەڵام دواجار هەر خوێنەری جدییە کەدەتوانێت دەستنیشانی ئەو دەقانە بکات کە پرسیار دەورووژێنن، یان دنیایەك جوانی لەخۆ دەگرن، رەنگە لەو سەردەمەدا بەحوکمی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیایەك لەکایە ئەدەبی و فیکرییەکاندا، دەقەکانی مەکسیم گۆرگی هێنرابێتە پێش و بەزۆرترین ژمارە لەخوێنەران ئاشناکرابێت و تەنانەت وەك ئەرك و بەرپرسیارێتییەك خوێنرابێتەوە، بەڵام ئەمرۆ باس و خواسێکی مەکسیم گۆرکی لەگۆڕێ نییە، کەچی دستۆیڤسکی رۆژ لەدوای رۆژ خوێنەری زیاد دەکات، بۆیە سەرباری ئەو کاریگەرییە بێوێنەیە ریکلامکردنی ئەمڕۆو بانگەشەو ئەو هالە بۆ دروستکردنە کە بەمەبەستی دەرخستنی نووسەرێك و شاردنەوەی نووسەرانێکی دیکە دەکرێت، بەڵام هەموو ئەمە ناتوانێت دەقێکی ناجدی لەبەرچاوی خوێنەرانیدا بکاتە شتێکی جدی، رەنگە ناساندنی دەقە جوانەکان لەڕووی زەمەنییەوە دوابخات.

سەبارەت بەئەدەبیاتی رووسیش، گەرچی خوێنەری کورد لەمرۆدا کەمتر ئاگاداری ئەدەبیاتێکی رووسییە کە لەمڕۆدا دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە، بەڵام رۆمانی (لیزکاو کوڕەکان)ی (ئەلێکساندر ئیکۆننیکۆڤ)، لەمڕۆدا یەکێکە لەو رۆمانانەی کە خوێنەرێکی زۆری هەیەو باس لەئێستای رووسیا دەکات، لەڕووی ئەو پاشاگەردانییەی کە رژێمی پێشووی سۆڤیەت لەدوای خۆی جێیهێشت، لیزکا کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، کچێکی گەنجەو بەدنیایەك ئومێدو هیواوە گوندەکەی خۆی جێدەهێڵێت و روودەکاتەشار، بەڵام لەوێ ناچار دەبێت لەپێناو بژێویی خۆیدا زۆرکاربکات. (ئەلێکساندر ئیکۆننیکۆڤ) وەك یەکێك لەنووسەرە گەنجەکانی رووسیا، لەمیانی خستنەڕووی حیکایەتی لیزکاو بەسەرهاتەکانی پانۆرامایەکی ئێستای رووسیامان دەخاتە پێشچاو.

ئەمە جگە لەنووسەرێکی دیکەی رووسی کەناوی (ئەلێکساندرا مارینیا)یەو کتێبەکانی بۆ بیست زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون و لەدنیادا خوێنەرێکی زۆری هەیە، زۆر نووسەری دیکەی رووسیش کەلەمڕۆدا دەنووسن و لەدنیادا دەخوێنرێنەوە.

**●لەچیرۆکی (بەسەرهاتی سەگێک لەسێبەرەکەیدا)و لەڕۆمانی (دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان)دا، جۆرە ئیشکردنێک دەبینرێتەوە کە زۆر جیاوازە لەشێوازی ئیشکردنەکانی پێشووترتان و خەم و حوزنێکی شاراوەی**

**تێدا پەنهانەو هەمیشە لەپانتاییەکی جوگرافی دوورەدەستەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو شارەی کە تەمەنێکی خۆتت تێدا بردووەتەسەر، دیارە ئەم گەڕانەوەیە لەمیانی یادەوەری و نۆستالژیاوە بەئەنجام دەگەیەنیت و هەمیشە بەجەستە لەشوێنێکی تریت و بەڵام بەرۆح و خەیاڵ هەر لەو شوێنەی کە جێتهێشتووە، کاروان کاکەسوور، پێیوایە ئێوە چیرۆکنووسێکن کە دەتوانن لەسەر مەنفا بنووسن، بەواتایەکی دیکە ئێوە دەتوانن گوزارشت لەپەنهان و نهێنییەکانی نێو ناخی کەسێکی کورد بکەن کە لەمەنفادا دەژی، جیاوازی ئەدەبیاتێکیش کە بەئەدەبیاتی مەنفا ناودەبرێت، رەنگە سەرەکیترین رەگەزێکی چەشنی مامەڵەکردن بێت لەگەڵ شوێن، ئێوە وەک خۆتان چۆن تێیدەڕوانن؟**

○مۆراکامی دەڵێت: (هەر یەك لەئێمە جێگەیەکی زۆر تایبەت بەخۆمان هەیە، ژوورێکی تاریك و تایبەت، ژوورێك لەنێو خۆماندایە، کاتێك من لەسەر ئەو رووبەرە تاریکەری نێو خۆم دەنووسم، هەموو خوێنەرێك لەو رێگەیەوە راستەوخۆ دەتوانێت رووبەرە تاریکەکەی نێو خۆی بناسێتەوە). راستییەکەی توانای نووسەر لەوەدایە کە بتوانێت لەسەر ئەو رووبەرە تاریکەی نێو خۆی بنووسێت، چونکە ئەوە کارێکی ساناو ساکار نییەو بێگومان جورئەت و گەڕان و کەشفکردنی دەوێت، چونکە ناکرێت بەئاسانی سەر بەنێو ئەو ژوورە تاریکەی نێو خۆتدا بکەیت و هەموو ئەوە ببینیتەوە کەساڵانی تەمەن و دزێویی و ناشرینییەکانی ژیان و کێشمەکێش و بگرەو بەردەکان، وەك کاریگەرییەك بەسەر تۆوە جییانهێشتووە، ئەمە جگە لەو هەموو خەونەی کە تۆ لەکاتێکدا پێتوان، تەنها لەساتەوەختێکدا بینیوتن و ئیتر نایانبینیتەوە، بەڵام هەموو ئەمانەو دەیان یادەوەری و شتی دیکەش، هەتا تۆ هەبیت ئەوانیش لەو ژوورە تاریکەدا هەر دەمێنن.

(میشێل دی ژیلدرود) پێیوایە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لەرووناکیدا ماسك لەدەمووچاو دەکەین و تەنها لەتاریکیدا دایدەکەنین، ئیدی تاریکی چ لەنێوماندا بێت، یان لەدەرەوەماندا بێت سڵ و سامێکمان لادروستدەکات و ناهێڵێت درێژە بەو رۆڵە بدەین، کە رۆژانە لەچاوی خەڵکیدا دەیبینین، تاریکی دەمانباتەوە بۆ نێو دنیای دەنگ و سەدا، دنیای گریان و هاوارەکانمان، تاریکی مەرگ و گۆڕت بیردەخاتەوە، دەتباتەوە نێو دنیایەك کە تەنها بەتەسەورکردنی لەم دنیایە بێئومێد دەبیت و هەوڵدەدەیت حیکایەتی

ڕاستەقینەی خۆت بۆ کەسێك یان کەسانێك بگێڕیتەوەو لەو کەشە ڕۆحییەدا حەزدەکەیت دان بەتاوانەکانتدا بنێیت، ناشرینی و چەوتی و درۆکانی خۆت بگێڕیتەوە.

دیارە نووسەر جیاواز لەکەسێکی ئاسایی، هەموو ئەو شتە شاراوانەی نێو ژوورە تاریك و تایبەتەکەی نێو خۆی لەساتەوەختی چوونە نێویدا، لەگۆشەنیگاو دنیابینی خۆیەوە راڤەی دەکات، بەڵام کردەی نووسین و شتێکی دیکە، من وەك خۆم هیچ پلانێکی پێشوەختم نییەو مەبەستم نییە بەشێوازێك لەشێوازەکان بنووسم، چونکە بەتەواویی هەوڵی ئەوە دەدەم بچمە دەرەوەی شتەکان، یەکەم دێڕو یەکەم وێنەی زەینی رامدەکێشێتە نێو دنیای نووسینەوە، کەدواجار بۆ خۆم سەرسام دەبم بەوەی کە ئەو وێنە زەینییە پەیوەستە بەدنیایەك وێنەی دیکەوە کە لەبێئاگاییمدا رەنگە زۆر دەمێك بێت خۆی حەشاردابێت، کردەی نووسین هەموو ئەو شتانە دەورووژێنێت و دواجار وێنەو دیمەنە زەینییەکان لەمیانی وشەو دێڕو پەرەگرافەکانەوە لەشێوازو شکڵێکدا دەخوولقێن، خودی نووسین لەزۆر رووەوە بەسەفەرکردنێك دەچێت بەرەو مەجهول، نووسەریش ئەو موسافیرە سەرکێشەیە کە قایلە بەو موغامەرەیەی کە دەیکات و نابێت سڵ لەو شتە سەیرو سەمەرانە بکاتەوە کە رەنگە بێنەسەر ڕێی و دەبێت بزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و چۆن چۆنی درێژە بەسەفەرەکەی دەکات.

خوێندنەوەی کتێب:

# ژیان و بوونی ساختەو نامۆی کاراکتەری سەرەکیی رۆمانی کۆتر

دلێر محەمەد

بێگومان (پاتریك زۆسكیند)ی نووسەری رۆمانی كۆتر، بەزمانێكی ئەدەبی سادەو سەرنجڕاكێش و بەشێوازێكی نیمچە كاریكاتۆری قوولْ و ناوازە، وەك حیكایەتخوانی تێكستەكەی، لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆكی چكۆلەی ژیان و بوونی نامۆو ناڕەسەنی (جۆناسان نوێل)ی كاراكتەری سەرەكی رۆمانەكەیەوە، بەشێوەیەكی گشتی باس لەژیان و بوونی ئەو مرۆڤە پاسیڤ و گومناو و پەراوێزخراوانەی سەردەمی تازەگەریی دەكات، كە لەكۆمەڵگە سەرمایەدارییە هاوچەرخە مەسرەفگەراكان و لەسایەی پووكانەوەو ونبوونی بەها ئینسانییەكان و كاڵبوونەوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، ژیانێكی ساختەو تاریك

و نامۆ دەژین، بەشێوەیەکی گشتی و لەپانتایی ڕۆمانەکەدا (جۆناسان نۆیل) نموونەی کاراکتەرێکی لاوازو بێئیرادەو ترسنۆکە، چونکە دواجار وێنەی ئەم کاراکتەرە، لەهەردوو قۆناغی منداڵیی و پێگەیشتنی ژیانیدا، هیچ نییە جگە لەوێنەی مرۆڤێکی نامۆ، کە بەتەواوەتی بووەتە قوربانی هەردوو سیستمی سەرکوتگەری خێزان و کۆمەڵگە، چونکە ئەم کاراکتەرە لەقۆناغی سەرەتای ژیانیدا، تا ئەو چرکەساتەی ڕوودەکاتە شاری پاریس، وەك کەسێکی لاوازو پاسیڤ دەژی و هەمیشە بڕیارو ڕاسپاردەکانی مامی بەگشتی و بەدیاریکراویش ئەو بڕیارانەی مامی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە، بەبێ پیشاندانی هیچ جۆرە ناڕەزایەتییەك پەسندو قبووڵ دەکات، دواتریش وێنەی ئەم کاراکتەرە، لەقۆناغەکەی تری ژیانیدا لەشاری پاریس، کە زیاتر لەئاکامی بێمتمانەیی ئەم کاراکتەرە بەمرۆڤەکانی تر، خۆگۆشەگیرکردن و خۆشاردنەوەی لەسانسۆرو دەستوەردانی دۆزەخیانەی ئەوانیترەوە سەرچاوەی گرتووە، وێنەی مرۆڤێکی ناتەندروست و نائاساییە، کە لەبەردەم سادەترین نیگای ئەوانیترو بەرامبەر بچووکترین و ئاساییترین ڕووداو و کەموکوڕیدا، وەك کەسێکی ترسنۆك و لاواز تەواوی هاوسەنگی خۆی لەدەستدەدات. لێرەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە جۆناسان نۆیل، لەچرکەساتی قۆناغی یەکەمی ژیانیدا، ناڕاستەوخۆ، یاخود بەشێوەیەکی نائاگایی هەستی بەو ڕاستییە کردبێت، کە چیتر ئەو خاوەنی کەڵکەڵەی تاکگەرایی و ویستی بڕیاردانی تایبەت بەخۆی نییە، یاخود بەلایەنی کەمەوە پەی بەوە بردبێت، کە تایبەتمەندی و ئازادیی بڕیاردان و هەڵبژاردنی لەبەردەم هەڕەشەدایە، بەو پێیەی کە دوای لەدەستدانی دایك و باوکی، هەموو جۆرە تایبەتمەندییەکی ژیانی، لەلایەن (مام)یەوە، دیسپلین و کۆنترۆڵکراوە، ئەوا بڕیارە تایبەت و مەحاڵەکەی، سەبارەت بەڕووکردنە شاری پاریس، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەمرۆڤەکانی دیکەو دروستکردنی جۆرە ژیانێکی یەك ڕیتم و یەك تەرز، کە هەڵگری سادەترین ڕووداو نەبێت، زیاترو زیاتر، وەك پەرچەکردارێکی پەرگیرو توندی سایکۆلۆژی هەڵچوونئامێز دەردەکەوێت، کە لەئاکامی کاریگەریی بەهێزی دۆڕاندن و شکستی ژیانی ڕابردوویەوە، لەژێر ڕکێفی بڕیارو داواکارییەکانی مامیدا، کە بەپێی یەکەمیان بەناچاریی پێویستبوو (جۆناسان) ڕووبکاتە ڕیزەکانی سوپاو نزیکەی (٣) ساڵی تەمەنی لەناو ڕووداوە ترسناك و تراژیدییەکانی جەنگدا بەسەربەرێت و بەپێی داخوازیی

دووەمیش، دەبوو ئەم کاراکتـەرە بـەبێ ویستی هەڵبـژاردنی خـۆی، ژیـانی هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئـەو کـچەدا پێکـەوە بنێـت، کـە مـامی بەویـستی خـۆی هەڵیبـژاردبوو، یـاخود دەستیشانیکردبوو، نەوەك خۆی. لێرەوە دەکرێـت بڵێین تـەواوی رووداوە خەمناکـەکانی قۆناغی یەکەمی ژیانی (جۆناسـان) بەشـێوەیەکی گشتی، ئیـدی لـەڕووداوی لەدەسـتدانی باوك و دایکییەوە بیگرە، کـە بەشـێوەیەکی دژوار دیـار نامێنێـت، تـاکو دەگاتـە رووداوی شکستی ژیانی هاوسەرییەتی، (جۆناسان) دوای چـەند مـانگێکی کـە لەپێکـەوەنانی، وەك رەهەندێکی سەرەکی پاڵ بەم کاراکتەرەوە دەنێێت، کـە پـەی بـەو حەقیقەتـە سـەخت و دژوارە بەرێت، کە چیتر ئەو وەك مرۆڤێکی دیسپلینکراوی ژێر رکێفی دەستتێوەردانەکانی مامی، هەرگیز ناتوانرێت ببێتە خاوەنی، جۆرە ژیانێکی یەك ریتم و یەك تەرزی بێڕووداو، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسوودەیی و بەختـەوەریی، هـەر بۆیـە دواجـار (جۆناسـان) وەك پەرچـەکردارێکی پـەرگیر لەبەرامبـەر قۆنـاغی یەکـەمی ژیانیـداو بـەهۆی بڕیـارە تایبەتمەندەکەیەوە، پێدەنێتە قۆنـاغی دووەمـی لەشـاری پـاریس، کـە زیـاتر لـەبڕیارێکی سایکۆلۆژی هەڵچوونئامێز دەچێت، کـە لەڕێگەیـەوە پێیوایـە: (ناکرێـت متمانـە بەخـەڵك بکرێت، یان پشتیان پێببەسترێت، مـرۆڤ ئاشـتی و ئاسـوودەیی نادۆزێتـەوە تـا لەخـەڵکی دوور نەکەوێتەوە.. ل١٣ی رۆمانەکـە)، بـەڵام دواجـار تێدەگـەین لەبەرئـەوەی لەبنەڕەتـدا بنـەمای تاکـە بڕیارەکـەی ئـەم کاراکتـەرە، سـەبارەت بەڕووکردنـە شـاری پـاریس و خۆگۆشـەگیرکردن، بنەمایـەکی هۆشـیارانەی قـووڵ نییـەو زیـاتر لەپەرچـەکردارێکی هەڵچوونئامێزی خاوەنەکەیەوە نزیکە، هەر بۆیە ئەم کاراکتەرە بەشێوەیەك لەشێوەکان، خوازیارە نائاگاییانە بـوون و ژیـانی سـاختەو پاسـیڤ و لاوازی خـۆی لـەقۆناغی یەکـەمی ژیانیدا بەتەواوەتی بگۆڕێت، بۆ ژیانێکی گۆشـەگیرو هەمیـشە دابـڕاو لەمرۆڤـەکانی دیکـە، لەشاری پاریس و لەقۆناغی دوومی ژیانیدا، بەڵام داخۆ جۆناسان لەڕێگـەی ئـەم بڕیـارەوە دەتوانێت هەلومەرجی نالەباری ژیانی خۆی بگۆڕێت بەهەلومەرجێکی باشتر؟ یاخود ژیانی ئـەم کاراکتـەرە پـاش بڕیارەکـەش هـەر لـەژێر کاریگـەریی بـارودۆخی نالـەباری ژیـانی پێشووتردا دەمێنێتەوە؟.

بێگومان ئەگەر رەوتی ئاسایی رۆمانەکە، لەسەرەتادا جـەخت لەسـەر ئـەوە بکاتـەوە، کـە (جۆناسـان) بـۆ مـاوەی بیـست سـاڵ، بـەهۆی بڕیـارە تایبەتمەندەکـەی خۆیـەوە،

توانیویەتی ئـەوجۆرە ژیانـە یـەك ریـتم و یـەك تـەرزو بێڕوودواوە، لـەژووری ئـەپارتمانێکی شاری پاریس و لەسەر کارەکەی وەك پاسەوانی بانك، بۆخۆی فەراهەم و دەستەبەربکات، یاخود ئەگەر حیکایەتخوان لەچەند دێڕێکی سەرەتای رۆمانەکەیدا، ئاماژە بەوە بـدات کـە ئەم کاراکتەرە، لەقۆناغی دووەمی ژیانیدا، بەهۆی پاراستنی دۆخـی گۆشـەگیریی خـۆی و دابڕانی لەهەر مرۆڤێك وەك بەرامبەر، بۆماوەی بیـست سـاڵ خـاوەنی جـۆرە ژیـانێکی بـێ کاریگەریی و بێڕووداو و دووبارەبوونەوەی خوازراو بووبێت ئەوا لەتەمەنی چەنجا سـاڵیدا، کێشەی ئـەو کـۆترەی کـە بەرەبـەیانێك لەبـەردەم دەرگـای ژوورەکـەی ئـەم کاراکتـەرەدا ناحەزانە قووتدەبێتەوە، نەك هەر دەتوانێت سەرلەبەری ژیانی یەك تەرزی بیـست سـاڵەی ئـــەم کاراکتـــەرە گۆشـــەگیرە ســـەرولێژبکاتەوە، بـــەڵکو لەهەمانکاتیـــشدا دەتوانێـــت (جۆناسـان)ی خـاوەنی تـا دوائەنـدازە دووچـاری فۆبیـاو دڵـەکوتێ و شـپرزەیی بکـات، بەجۆرێك کە دڵی ئەم کاراکتەرە، لەژوورەکەی وەك تاکە پەناگەو تەنیا هاوڕێ و پارێزەری ژیانـــە گۆشـــەگیرو نامۆکـــەی هەڵبکـــەنێت و دواتـــریش لەهـــەمان رۆژدا، (جۆناســـان) لەســـەرکارەکەی و لـــەدەرەوە دووچـــاری کۆمـــەڵێك رووداوی نائاســـایی و ژمارەیـــەك بیرکردەوەی تۆقێنەرو ناهەموار بکات.

**بوونی ساختەو نامۆی جۆناسان:**

بێگومـان مەسـەلەی نـامۆبوون، وەك کێـشەیەکی ئۆنتۆلـۆژی و کۆمەڵایـەتیی نالـەبارو نێگەتیڤ، کە دەکرێـت بەشـێوازو ئاسـتی جیـاواز دووچـاری تاکـەکانی هـەر کۆمەڵگەیـەك ببێت، بەنموونـە لـەبواری فکرو فەلـسەفەو تیۆریزەکردنـدا، لـەبیری کۆمـەڵێك فەیلەسـوفی کلاسـیك و فیکـری بیرمەندگـەلێکی سـەردەمی مـۆدێرنی وەك هیگـڵ و مـارکس و زۆربـەی زۆری فەیلەسـوفە بوونگەراکانـدا، بەشـێوازو دەربـڕینی جیـاواز رەنگیداوەتـەوە، یـاخود گوزارشتی لێکراوە.

بـەڵام لێـرەدا بۆئـەوەی لەباسـەکەمان دوورنەکەوینـەوەو دواتـریش لەبەرئـەوەی کـە بەبۆچـوونی ئێمـە، پێکهاتـەی نـامۆبوون لای (جۆناسـان نۆیـل)ی کاراکتـەری سـەرەکیی رۆمـانی کـۆتر، هـەڵگری باکگراونـدو رەهەنـدێکی ئۆنتۆلۆژییـە، ئینجـا کۆمەڵایـەتی، بـەو مانایەی کـەقۆناغی دووەمـی بـوون و ژیـانی ئـەم کاراکتـەرە، تـا ئەندازەیـەکی زۆر لـەژێر کاریگـــەریی ســـەردەمی ژیـــانی منـــداڵی و مێردمنـــداڵی و بەشـــێك لـــەقۆناغی گـــەنجی

(جۆناسان)دایە، وەك پێشتر بەکورتی ئاماژەمان پێدا، هەر بۆیە بۆ لێکدانەوەی ژیان و بوونی ساختەو نامۆی ئەم کاراکتەرە، پتر لەبۆچوون و تێڕوانینی هەر بیرمەندێك، راڤەکردنەوەی بیرمەندی ئەڵمانی (مارتن هایدگەر) لەبارەی نامۆبوون بۆ ئەم مەبەستە کۆمەکمان دەکات، هەڵبەت هایدگەر، بۆ روونکردنەوەی واتای نامۆبوون، هەر لەسەرەتاوە هەڵدەستێت بەدیاریکردنی مانای هەردوو شێوازەکەی بوونی مرۆیی، کە پێکهاتوون لەبوونی ساختەو ناڕەسەنی مرۆڤ لەلایەك و بوونی رەسەن و راستەقینەی مرۆڤ لەلایەکی دیکەوە، بێگومان ئەگەر یەکێك لەپێشمەرجە سەرەکییەکانی بوون، لای هایدگەر بریتیبێت لە (بوون لەنێو جیهان) ئەوا پێشمەرجەکەی دیکەی بوونی مرۆڤ، کە زادەی پێشمەرجەکەی سەرەوەیە، لەبۆچوونی ئەم بیرمەندەدا لەبوونی مرۆڤ لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا، یاخود بەتەنیشت ئەوانیترەوە پێکدێت، بەدەربڕینێکی دیکەی سادەتر، هایدیگەر لەڕوونکردنەوەکەی سەرەوەدا، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە پێیوایە هیچ مرۆڤێك بەتەنیاو بەبێ ئەوانیتر، یاخود دوور لەکۆمەڵ ناتوانێت بژی وەك خاوەنی بوونێکی رەسەن، یاخود ساختەو ناڕەسەن بێت، کەواتە لەبۆچوونی ئەم بیرمەندەدا وەکچۆن دەکرێت تاکەکان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا، یاخود بەتەنیشت ئەوانیترو لەناوکۆمەڵدا ژیان و بوونی رەسەنی خۆیان لەدەستبدەن، لەهەمانکاتیشدا دەکرێت کەسی خاوەن بوون و ژیانی رەسەن لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بژی و بۆ پاراستنی ژیان و بوونی رەسەنی خۆشی، پێویستە بەردەوام جەخت لەسەر ژیان و بوونی جیاوازو تایبەتمەندیی خۆی و ویست و ئیرادەی بڕیاردانی ئازادانەو بەرپرسیاریەتیی خۆی و دواتریش دەبێت جەخت لەسەر هەڵبژاردنی کارو پرۆژە تایبەتییە تاکەکەسییەکانی خۆی بکاتەوە.

لێرەوە تێدەگەین کە لەدیدی هایدگەردا مرۆڤ کاتێك خاوەنی بوونێکی رەسەن و راستەقینەیە، کە هەردەم بەویستی خۆی و بەوپەڕی ئازادییەوە بڕیارو کارو پرۆژە بچووك و گەورەکانی ژیانی هەڵبژێرێت و هەرگیز رێگە نەدات کەسانی دیکە بڕیاری بۆ بدەن، یاخود بەلایەنی کەمەوە وەك (جۆناسان نۆیل) کەسانی دیکە بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی بڕیارێکی هەستیار، یاخود پرۆژەو کارێکی بۆ هەڵبژێرن.

هـەروەها بەبۆچـوونی هایدگـەر، بەپێـچەوانەوە کەسـێك خـاوەنی بـوونێکی سـاختەو ناڕەسەنە، کە بەردەوام لەژێر کاریگەریی خوونەریت و بەهاباوەکانی کۆمەڵگـەی و بڕیـارو هەڵبژاردنەکانی ئەوانیتردا بژی، واتە کەسی ناڕەسـەن، مرۆڤێکـی لاوازو خـاوەنی ئـیرادەو تێگەیشتن و بڕیاردانی خۆی نییەو ناتوانێت بەویستی خۆی بڕیـار لەسـەرکارو پرۆژەکـانی خۆی بدات و هەمیشە چاوەڕێی کەسێکە، کەبێت و ئەم ئەرکەی لەکۆڵبکاتـەوە، بێگومـان لەنێو ئەم بارودۆخە ساختەگەرەشـدا، مـرۆڤ شـوناس و تایبەتمەنـدیی و تاکگـەرایی خـۆی لەدەسـتدەدات و بەتـەواوەتی لـەخودی خـۆی دووردەکەوێتـەوەو ئیـدی دەبێتـە بابـەت، یـاخود شمـەك و ئـامێر لـەوێناکردنی بەرامبەرەکانیـدا، دیـارە دواجـار لـەم هەلومەرجـە ساختەگەرەی بوونیشدا، مرۆڤی ناڕەسەن لەخودی راستەقینەی خۆی نامۆ دەبێت.

بەدڵنایی و بەپشتبەستن بەم دەربڕینەی سـەرەوەی هایدگـەر دەکرێـت بڵـێین بـوون و ژیانی (جۆناسان نۆیل) بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمی ژیانیدا، واتە ئـەو کاتـەی کـە لەگـەڵ مامیدا دەژیا، خاوەنی بوون و ژیانێکی ساختەو ناڕەسـەنە، لەبەرئـەوەی ئـەم کاراکتـەرە لـەو قۆناغـەدا بەلایـەنی کەمـەوە بەشـێکی زۆری بڕیـارە هەسـتیارەکانی ژیـانی بـەمامی دەسپێرێت، کە لەکاتێکدا ئەگەر بزانین (جۆناسان) بەحەزو ئارەزووی خۆی ناچێتە ریـزی سوپا، بەڵکو بەپێی ویست و داخـوازیی مـامی و بەناچـاری وەك هەرکەسـێکی لاواز، ئـەم کارە ئەنجامدەدات، پاشان هەر بەویستی مـامی ژیـانی هاوسـەرگیریی لەگـەڵ ئـەو کچەدا پێکدەهێنێت، کە دوای چەند مـانگێکی کـەم، رەدووی پیـاوێکی تونسی دەکـەوێت، بـەم پێیە ئەگەر کەسی خاوەن بوونی رەسەن، ئەو مرۆڤە بێت کە پاش بیرکردنەوەیـەکی وردو تێگەیشتنێکی هۆشیارانە، خۆی داهێنەری بڕیارو پرۆژە تایەتمەندەکانی ژیانی بێت، ئـەوا بـەڕوونی ئـەوە دەردەکـەوێت، کـە (جۆناسـان) لەڕۆمانەکـەداو بـەدیاریکراوی لـەقۆناغی یەکەمی ژیانیدا کەسێکی ناڕەسەن و نامۆیە بەخودی خـۆی، چـونکە لەڕۆمانەکـەدا خـۆی ئەفرێنەری بڕیارو هەڵبژاردنی تایبەت بەژیانی خۆی نییە، دواجار کاتێك لەسـاتەوەختێکی رۆمانەکەدا دەبینین ئەم کارەکتەرە، بڕیارێکی تایبەت بەگۆڕینی ژیانی خۆی دەدات، ئەوا هــەرزوو تێدەگــەین کــە ئــەم بڕیــارەی (جۆناســان) زادەی بیرکردنەوەیــەکی وردو تێگەیشتنێکی هۆشیارانەی ژیانی رابردوو نییە، بەڵکو وەك لەتێکستەکەدا ئاشکرا دەبێت، بڕیاری رووکردنە شاری پاریس-ی ئەم کارەکتەرە، زیاتر لەپەرچەکردارێکی سـایکۆلۆژیی

هەڵچوونئامێز دەچێت لەبەرامبەر قۆناغی یەکەمی ژیانیدا، واتە لەبەرامبەر هەلومەرجی ئەو قۆناغەی ژیانیدا، کە دواجار (جۆناسان) تێیدا هەموو بڕواو متمانەیەکی خۆی بەمرۆڤ وەك بەرامبەر لەدەستدەدات، لێرەوە ئەم کاراکتەرە، پاش بڕیارە پەرچەکردارئامێزەکەی، کە زیاتر لەدەرئەنجامی نەمانی بڕواو متمانەیەوە بەمرۆڤەکانی دیکەو لەژێر کاریگەریی قۆناغی یەکەمی ژیانیدا سەرهەڵدەدات، کاتێك کە دەچێتە شاری پاریس، جۆرە ژیانێکی تازە بوونیاددەنێت، کە تێیدا خۆی بەتەواوەتی لەمرۆڤەکانی دیکە گۆشەگیر دەکات، بەڵام بوونیادی ئەم چەشنە ژیانەی (جۆناسان) ئەوەندە ساختەو فشەڵە، کە دەرکەوتنی کۆترێك نەك هەر دەتوانێت دارشتن و بوونیادە بیست ساڵییەکەی سەرەولێژ بکاتەوە، بەڵکو دەرکەوتنی ئەم باڵندە بێوەیە، هێندە ترسناك وێنادەکرێت، کە هاوکات دەتوانیت (جۆناسان)ی خاوەن و ئەندازیاری ئەم ژیانە گۆشەگیرو نامۆیە، دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ و شپرزەییەکی توندی سایکۆلۆژی بکات.

*تێڕوانینەکانی (مارتن هایدگەر)، لەکتێبی (هایدگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی)، (د.محەمەد کەمال)ەوە، وەرگیراون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧.

پاتریك زۆسکیند، ڕۆمانی کۆتر، وەرگێڕانی: شیرین ك.، بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر. ساڵی ٢٠٠٧.





شانۆگەرییە سیاسییەکانی
جان پۆل سارتەر

سامان عەلی



کارڵ پۆپەر لەیەکەمین
سەدساڵەی یادکرنەوەیدا
هوشیاری شێخ نەنوەر



گەورە تراژیدی نووسان
حەمەکەریم عارف

# وەرگێڕان

# شانۆگەرییە سیاسییەکانی

# جان پۆل سارتەر



و. سامان عەلی

## بەشی یەکەم

سالّی١٩٤٨سەروەختێك کە روانگەی سارتەر بۆ پارتی کۆمۆنیست هێشتا روانگەیەکی، بەجۆرێکی راشکاوانە،رەخنەگرانەبوو، ئەودەمە سارتەر یەکێك لەتوندوتیژترین شانۆگەرییە سیاسییە نوێیەکانی نووسی، ئەویش شانۆگەریی (دەستە چەپەڵەکان) بوو. لەم شانۆگەرییەدا پارتی کۆمۆنیست (هۆگۆ)ی کۆمۆنیست کە تازەلاوێکی سەر بەچینی ناوەندە، رادەسپێرێت بۆ ئەوەی (هۆدرەر)کە یەکێکە لەسەرانی پارتەکەو هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ سیاسەتمەدارە پادشاییو لیبراڵەکانی وڵاتەکەی خۆیدا پێکدەهێنێت بۆ بەرەنگاریکردنو بەگژداچوونەوەی ئەڵمانەکان (وڵاتەکەش یەکێکە لەوڵاتانی باڵکان، بەڵام دیاری نەکراوە کام وڵاتە)تیرۆربکات. هۆدرەر بەوە تۆمەتبارکراوە کە کرێکاران بەچینی فەرمانڕەوای کۆن دەفرۆشێت. هۆگۆش کە ئەرکی تیرۆرکردنی سەرۆکی پێسپێردراوە کەسێکی نموونەیی بەسروشتی خۆی هەست ناسکەو بەهۆی پەروەردەکەیەوە باش نەسازێنراوە بۆئەوەی راشکاوانە پیاوێك تیرۆربکات کە دەیناسێتو

ئاشنایەتی. ئەگەرچی ئەو لەبەرخۆیەوە دەڵێت گومانەکانم لەنەریتگەلێکی بۆرژوایانە بەولاوە پترنین، بەڵام هۆگۆ نەیتوانی سەبارەت بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی خۆی تاوانباربکات، کاتێك کە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا. بەهەرحاڵ ماوەیەکی کەم دوای ئەوە هۆگۆ چاوی بەهۆدرەر دەکەوێت ماچی خواحافیزی خێزانەکەی دەکات، ئەودەمە لەساتێك لەئیرەییدا لەبارێکدا خۆی دەبینێتەوە کە زۆر بەئاسانیو سادەیی تەقە لەهۆدرەر دەکاتو تیرۆری دەکات. دوابەدوای ئەوە هۆگۆ دەبینێت پەیوەندییەکان لەگەڵ روسیادا ئاسایی بوونەتەوەو سیاسەتەکەی هۆدرەریش کە داوای کارکردنی لەتەك پادشاییەکانو لیبراڵەکاندا دەکرد، چیتر بووەتە ئەو هێڵەی کە پارتەکە پەیڕەوی لێدەکات. ئەودەمە کات ئێجگار درەنگ بوو بۆ پەشیمانبونەوە لەو کارەی کە کردیو چاکەخوازییش پێویستە بەگوێرەی پێداویستییو زەرورەتێك بکرێت.

ئەو تەنزەی لەدوتوێی ئەم شانۆگەرییەدا هەیە تەنزێکی تاڵو ناخۆشەو تەنانەت خەڵکانێکی زۆر بڕوایان وابوو ئەم شانۆگەرییە شانۆگەرییەکی دژ بەکۆمۆنیزمە. بەڵام مەبەستەکانی نووسەر وا بەو سادەییە نین. سارتەر سەروەختێك کە بڕوای وابوو دەکرێت ئەو شانۆگەرییە وەك پڕوپاگەندەیەك لەدژی کۆمۆنیزم بەکاربهێنرێت، ساڵی١٩٥٢داوای کرد رێگانەدرێت لەڤییەننا نمایش بکرێت، تەنانەت خودی خۆی سەفەری ڤییەننای کرد بۆ بەشداریکردن لەو(کۆنگرەی ئاشتی)ەدا کە لەژێر سەرپەرشتیو چاودێریی کۆمۆنیستەکاندا بەسترا. ئەمە ئەو کاتە بەڕاشکاوی روویدا دوای ئەوەی پارتەکەی سارتەر سەروەختێك داڕوخاو توشی شکست بوو کە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا ئاشتی بووەوە. ئەگەرچی شانۆگەریی(دەستە چەپەڵەکان)لەسەردەمێکی زووی بەر لەم رووداوە نووسراوە بەڵام نووسەرەکەی هیچی تیادا بەدی نەکرد کە ئارەزوو بکات نکوڵی لێبکاتو لێی پاشگەزبێتەوە. هەروەها نابێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەو کارەش بکات.

گرنگترین کەسایەتی لەنێو شانۆگەرییەکەدا کە سۆزەکانی نووسەریشی وابەستەیە کەسایەتی(هۆدرەر)ە. لێکدژییەکی ئاشکرا لەنێوان هۆدرەرو (برۆنێ)دا هەیە. برۆنێ شوێنکەوتویەکی ساویلکەی بێ بیرکردنەوەی هێڵی سیاسەتی پارتەکەیە. چونکە لەکاتێکدا کە برۆنێ بڕوای وایە هەرچییەك کە مۆسکۆ دەیڵێت راستو بەجێیە، هۆدرەر بڕوای وایە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لەشتی راستو بەجێ دڵنیابێت، بەڵکو

پێویستە لەسەری رەفتاربکاتو بەرپرسیارێتی کردارەکانی خۆی لەئەستۆبگرێت. ئەو بەهۆگۆ دەڵێت: ئەو مرۆڤەی کە نایەوێت لەوبارەیەوە ریسك بکات کە کەسێکە بەهەڵەداچووە، نابێت سیاسەت بکات. کاتێکیش کە هۆگۆ لەبێگەردیی ئەندێشە کۆمۆنیستییەکەی خۆیدا گوزارشت لەترسو سامی خۆی لەبەرامبەر پلانەکەی هۆدرەردا دەکات سەبارەت بەهاوپەیمانێتی لەتەك پارتە بۆرژواکاندا، هۆدرەر دەڵێت:

"تۆ لەچەپەڵکردنی دەستەکانت زۆر دەترسیت. باشە، با بەپاکو بێگەرد بمێننەوە! چۆن ئەوە یارمەتیمان دەداتو تۆ بۆچی هاتویت بۆ لای ئێمە؟ بێگەردیی سەرمەشقو نموونەی زاهیدە. ئێوەش ئەی رۆشنبیرەکان، ئەی ئانارشیستە بۆرژواکان، ئێوە ئەم کارە وەك پۆزشێك لەبارەی ئەنجامنەدانی هەر کارێکەوە سەیردەکەن. هیچ مەکە، هەر وەکو خۆت بمێنەرەوە، با دەستەکانت هەر لەسەر ئەژنۆکانت بن، دەستکێشی مندالآن لەدەست بکە. بەڵام دەستەکانی من چەپەڵن. تا بن باڵ نوقمی نێو خوێنم کردون. کەواتە چی؟ بۆچی تۆ پێتوایە دەتوانیت حوکم بکەیتو رۆحیشت هەر بەسپی بمێنێتەوە؟"[1].

لێرەدا دوربینییەکی گرنگی هەڵوێستی سارتەر لەمەڕ سیاسەت بەدی دەکەین. کاری سیاسی بەزەرورەت ململانێو کێشمەکێشە، وەکو لەنێو کتێبی(رەخنەی ئەقڵی دیالکتیکی)شدا ئەوە شیدەکاتەوە. هەربۆیە ناتوانین خۆمان لەتوندوتیژی لابدەین. هۆدرەر نایەوێت تیرۆربکرێت بەڵام بەرهەڵستی تیرۆرێکی لەمجۆرەش ناکات. لەبەرامبەر ئەوەشدا دەکرێت لەنێو پرۆتیستۆکردنی دەستوەردانی سەربازییانەی سۆڤییەت لەمەجەڕ لەساڵی١٩٥٦دا لەلایەن سارتەرەوە تێبینی ئەوە بکەین کە سارتەر بەرهەڵستی ئەمجۆرە دەستتێوەردانە ناکات، بەڵکو تەنها بەرهەڵستی ئەم دەستتێوەردانە لەبارودۆخێکی ناپێداویستیدا داکۆکیکردن لەسۆشیالیزم دەکات. بەهەمان جۆریش، لەو شوێنەدا کە وا باوەڕدەکرێت ئەنجامەکانی(سیاسەتی چەپەڵاوی)بەرەو سۆشیالیزممان دەبات، سارتەر لەبەرەی ئەم چەشنە هۆکارو ئامرازانەدایە.

بەهەرحاڵ سارتەر لەو کاتە زیاتر کە بۆ داکۆکی لەدۆستە کۆمۆنیستەکانی هەیەتی، کاتێکی زۆرتری بۆ پەلاماردانی دوژمنانی سۆشیالیزم هەیە. ئەو رەخنەگرێکی ژیرو توندی شێوازی ئەمەریکییانەی لەمەڕ ژیانەو هاوکات نەیارێکی سەرسەختی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسییشە. قایلنەبوونی ئەو لەئەمەریکا پالێپێوەنا یەکێك لەشانۆگەرییە جوانەکانی

بنووسـێت ئەگەرچـی لەهــەموو شانۆگەرییەکانیــشی کــەم کاریگــەرترەو ئــەویش شانۆگەریی(لەشفرۆشی چاکەخوان)ە کـە بەسـەرهاتو رووداوەکـانی بـاس لەلەشفرۆشـێك دەکات ناچار دەبێت خۆی بەو چەشنە پیشانبدات کە پیـاوێکی رەشپێست دەسـتدرێژیی کردووەتـە سـەر، ئیـدی لـەپێناو پـشتیوانیکردن لەئـەخلاقی رەگەزپەرسـتو گەندەڵـدا لەیەکێك لەویلایەتەکانی باشوردا خۆی گوناهباردەکاتو سوێندی درۆ دەخـوات. ئەودەمـە وێنای لافئامێزی ناڕاستی کرچوکاڵی ئەم شـانۆگەرییە باشـتر دەرکـەوت سـەروەختێك کـە کرایـە فیلمێکـی سـینەمایی[٢]. شـانۆگەرییەکی سیاسـی دیکـەی کـەم کاریگـەرتری هەیـە ئـەویش شـانۆگەریی(نیکراسـۆف)ە کـە کۆمیدیایـەکی سـادەو تـەنزئامێزەو گاڵتـە بـەو دەمارگیرییـە خۆرئاواییـە پەرۆشـانەی جـەنگی سـارد دەکـات کـە کۆچـەرو پەناهەنـدە روسەکان، ئەوانەی کە هەریەکەیان هاوار دەکەن:"من ئـازادیم هەڵبـژارد"، بـۆ وروژانـدنو هانـدانی جـەماوەر دژ بـەکۆمۆنیزم بەکاردەبـەنو دەقۆزنـەوە. شـانۆگەریی نیکراسـۆف لەلایەنی هونەرییەوە وەکی شانۆگەریی(مێش)و(دانیشتنێکی نهێنی)شـانۆگەرییەکی جـدی نییـە، چـونکە بەسروشـتی خـۆی کۆمیدیایـەکی سـادەو رەوانـە. شـانۆگەرییەکی دواتـری درەنگتریش هەیە هێرشێکی تۆکمەتری بـۆ سـەر(بەهاگەلـە خۆرئاواییـەکان) لـەخۆگرتووە ئـەویش شـانۆگەریی (بەنـدکراوانی تۆنـا)یـە (بـۆ یەکـەمین جـار لەسـاڵی١٩٥٩نمایـشکرا)، بـــەهۆی ئـــەو دڕدۆنگـــیو نارۆشـــنییە زۆرەش کـــە دەوروخـــولی داوەو داپۆشـــیوە شانۆگەرییەکی زیندووە. سارتەر بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگـەریی ئـەو ئەشـکەنجەیەوە کە کۆلۆنیالیستە فەرەنسییەکان لەجەزائیر پیادەیـان دەکـرد(ئەمـەش بایەخێکـە سـارتەر هاوکـات لەپێـشەکییەکەیدا بـۆ کتـێبی"قـسە لێـدەرهێنان"ی هینـری ئـالیج ئاشـکرای کـردووە)[٣]. سـارتەر لـەنێو شـانۆگەریی(بەنـدکراوانی ئـەلتۆنا)دا ویـستویەتی بـەجۆرێکی راسـتەوخۆ بـاس لەبابــەتی ئەشـکەنجەدان بکـات لــەو رێگایــەوە کــە کەسـایەتییە سەرەکییەکەی بکاتە ئەفسەرێکی پێشان نازیست کە ئەویش(فرانـز)ە، ئـەم پیـاوە رووەو شێتبوون هەنگاوهەڵدەگرێت ئەمـەش لەتەقەللایەکدا بۆئـەوەی بـۆ خـۆیو بـۆ داهـاتووش پاکانەی پەنابردنە بەر ئەشکەنجەدان بکات، بەڵام لێرەدا هێماکە زۆر دژوارەو سەرلەبەری بابەتەکەش بارگرانە بەگەمەگەلی شانۆگەریی هەمەجۆر، ئەمەش لەبەرئەوەی شـانۆگەریی

بۆئەوەی سەرکەوتوبێت پتر لەوەی کە میلۆدرامایەکی سەرنجراکێشە تەنها جەماوەرێك لەبینەر بەدی دەکات حەزدەکەن گوێ بۆ ئەو شتانە شلبکەن کە ناتوانن تێیان بگەن.

یەکێك لەجوانترین شاکارەکانی سارتەر لەبواری درامای سیاسییدا سیناریۆی فیلمێکە کە هەرگیز بەرهەم نەهێنراوە، ئەگەرچی لەنێو کتێبێکدا بەزمانی فەرەنسیو ئینگلیزییش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هەر بەفەرامۆشکراوی هێڵراوەتەوە. ئەو سیناریۆیە ناوی(گێژاو)ە، ئەگەرچی ماوەی دوو ساڵ پێش شانۆگەریی(دەستە چەپەڵەکان)نووسراوە، بەڵام بەوردەکارییەکی زیاترو بەجۆرێکی مرۆڤانەتر باس لەهەمان بابەتگەل دەکات. سیناریۆکە کارەکانی رابەرێکی شۆڕشگێڕ پێشچاودەخات ناوی(جان)ەو سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی لەکۆمارێکی بچوکدا گرتووەتە دەست کە پێدەچێت لەئەمەریکای ناوەڕاستدا بێت. دەوڵەتەکەی(جان)کەوتووەتە سەر سنوری دەوڵەتێکی گەورەی کۆلۆنیالیستەوە کە تەنانەت خودی ئەو خۆیشی کە سەرۆکی دەوڵەتە ناتوانێت ئەو کارە بکات کە خۆی ئارەزوی دەکات. ئەو دەیەوێت بیرە نەوتەکانی وڵات خۆماڵی بکات، وەکو لەوبارەیەوە بەڵێنی بەپارتەکەی داوەو بەوجۆرە کە میللەتەکەشی لێی چاوەڕوان دەکەن، بەڵام دەشزانێت کە ئەگەر دەسبەجێ ئەو کارە بکات ئەوا دەوڵەتە گەورەکە دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵاتەکەی وەردەداتو حکومەتەکەی دەڕوخێنێت. تاکە ئومێدیشی ئەوەیە چاوەڕوان بکات تا ئەودەمەی هێزگەلی دەوڵەتەکەی هاوسێی بڕواتو بەشەڕو ئاشوب لەجێیەکی دیکە سەرقاڵبێت. لەم ماوەیەشدا کە پێشبینی دەکات شەش ساڵ بخایەنێت، جان قایل نابێت پەرلەمان دروست بکات(کە پێدەچێت بڕیارێکی دەستوبرد سەبارەت خۆماڵیکردن دەربکات)هەروەها ئازادیی رۆژنامەگەرییش کۆتو پێوەند دەکات (بۆئەوەی زامنی ئەوە بکات کە هێرش نەکەنە سەریو ئەو سیاسەتی"چاوەڕوانی"ە نابود نەکەن کە گرتویەتییەپێش).

جان کەوتووەتە نێو تەڵزگەیەکی تراژیدییەوە چونکە لەرووی سۆزدارییەوە باوەڕی بەدامەزراندنی ئەنجومەنێکی یاسادانانی پەرلەمانیی هەیەو هەروەها بڕوایشی بەرۆژنامەگەریی سەرفرازی سۆشیالیستیی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو کارو کردەوانەش دەکات کە خۆی حەز بەکردنیان ناکاتو کەکەسیش تێیان ناگات هەربۆیە کەسایەتی جان خراپ دەبێتو زیانی پێدەگات. ئیدی گروپێك لەسەربازە سۆشیالیستەکان، کە لەنێویاندا

خۆشەویستترین هـاوڕێو هـاوەڵانی خـودی خۆیـان لـەخۆگرتووە، دەسـەڵاتەکەی جـان ژێرەوژور دەکەن، بەڵام لەکۆتایی سیناریۆکەدا دەبینین ئەو کەسەی کە دێتە شـوێنی ئـەو و دەبێتـە سـەرۆکی دەوڵـەت پێـشوازی لـەباڵوێزی دەوڵەتـە گەورەکـە دەکـاتو سـەرنج دەدەیـن ئـەوەی بـۆ روون دەبێتـەوە کـە بـووە بـەداوەوەو ناتوانێـت دەسـت بـۆ بـیرە نەوتەکانی بـەرێتو توخنیـان بکـەوێت: ناچـاریش دەبێـت بەهـەمان شـێوازو رێگـای جـان فەرمانڕەوایی دەوڵەت بکات.

لێکچوونی نێوان ئەم سیناریۆیەو ئەوەی کە راستەوخۆ لەدوای ئەمە لەوڵاتی گواتیمـالا روویداو پاش پانزەساڵ لەکوبا روویدا، شتێکی سەرنجراکێشو جوانـە. ئێمـە نـاڵێین جـان وێنەیەکی کتومتی دکتۆر کاسترۆیە، بەڵام دەتوانین لەتەك کاسـترۆدا وێنـای ئەوەبکـەینو بڵـێین ئەگـەر دەوڵـەتێکی کۆمۆنیـستیی نەبووایـە پـشتیوانی لەکاسـترۆ بکـات ئـەوا ئەمەریکاییەکان سۆشیالیزمەکەیان لەناودەبرد تەنانەت ئەگەر بەهەمان ئەو هێزو زەبرەش بووایە کە پێشان دژ بەسۆشیالیزمی گەشەسەندوی گواتیمالا پیادەیان کـرد. لەبەرئـەوەی کاسترۆش توانی ئەو کارانە بکـات کـە جـان نـەیتوانی بیانکـات هەربۆیـە سـارتەر یەکێکـە لەلایەنگرە پەرۆشەکانی دەسەڵاتی کاسترۆو هیچ شـتێکی مایـەی سەرسـوڕمانیش لەمـەدا نییە.

چەند خاڵێکی دیکەش لەنێو(گێژاو)دا هەن پێویستە هێمایان بۆ بکرێت. بۆ نموونە ئەو ململانێی ویژدانە کە لەنێوان جـانو(لوسـین)ی بـۆرژوای بێـوەی هاوڕێیـدا هەیـە، ئەمـەش وەکو ئەو ناکۆکییە وایە کە لەنێوان هۆدرەرو هۆگۆدا هەیە، ئەگەرچی لەهەڵوێستی جانـدا لەنێو سیناریۆکەدا کەم توندترەو هاوکات هەڵوێستی لوسین کەم پڕوپوچترە. لوسـین کـە نـاڕەزایی دەردەبڕێـت کاتێـك کـە جـان پێـشنیاردەکات پرۆگرامـی پارتەکـە لەتێکۆشـانی ئاشتییانەوە بۆ شۆڕشی چەکداریی بگۆڕێت، ئەو بڕوای وایـە مـرۆڤ پێویـستە سۆشـیالیزم بەرقەراربکات بێئەوەی دەستەکانی چەپەڵ بکات، لوسین دەڵێت:

"مـەرجی یەکـەم بۆئـەوەی ببێتـە مـرۆڤ ئەوەیـە کـە بەشـداری هـەم بەڕێگەیـەکی راستەوخۆو هەم بەڕێگەیەکی ناراستەوخۆ لەزەبروزەنگدا رەتبکەیتەوە".

(جان)یش کە لەنێوان ئەم دووانەدا دوو کەرت بووە: سەرسـامبوونی شـەیدا بـەکامڵیی لوسینو سەختییو تاڵیی ئەزمونەکەی خۆی. گوێ بۆ لوسین شل دەکات.

ئینجا دەپرسێت: "ئەدی تۆ کام لەهۆکارەکان بەکاردەهێنیت؟".

"هەموو شتێك ڕێی تێدەچێت. کتێبەکان، ڕۆژنامەکان، شانۆ..".

"بەڵام لوسین تۆ لەهەموو ئەوانەدا دەبیتە کەسێکی بۆرژوا. تۆ هەرگیز باوکت لەدایکتی نەداوە. ئەو نەئامێرەکان چەپەڵیان کردووەو نەبەبێ هۆ یاخود بێ ئاگادارکردنەوە لەکارگە دەریانکردووە چونکە ئەوان دەیانەوێت ژمارەی کارگەران دابین بکەن. تۆ هەرگیز هیچ توندوتیژییەکت نەچەشتووە. تۆ ناتوانیت وەکو ئێمە هەستی پێبکەیت".

(لوسین)یش وەڵامی دادەتەوەو دەڵێت: "ئەگەر تۆ چەشتبێتت مانای وایە بیانوی تەواوت هەیە بۆئەوەی ڕەتی بکەیتەوە".

"بەڵێ، بەڵام تا قوڵاییم چێنراوە"[٤].

بڕگەیەکیش لەنێو ئەم سیناریۆیەدا هەیە بەجۆرێکی پێشوەختە گرێی نێو شانۆگەریی(دەستە چەپەڵەکان)وێنا دەکات، جان بڕیاردەدات کە زەرورەتی سیاسی وای لێدەخوازێت(بنجا)لەسێدارەبدات کە پێشتر بەناپاكو خیانەت تۆمەتباری دەکات، ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نییە. ئیدی کۆمیتەکە بڕیاری لەسێدارەدانی بنجا دەداتو دەنگدانێك دەکرێتو ئەرکی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکە دەکەوێتە سەرشانی لوسین. بەهەرحاڵ جان لەم ئەرکە دەیبەخشێتو بەدەستی خۆی بنجا لەسێدارە دەدات. بنجا لەکاتی سەرەمەرگدا بێگوناهیی خۆی ڕادەگەیەنێتو هێندەشی پێناچێت دەردەکەوێت کە بێگوناهە.

مرۆڤ دەتوانێت لەوە دڵنیابێت کە(گێژاو)دواتر دەبووە فیلمێکی سەرنجراکێش‌و سەرکەوتوو. ئەوەی قەرەبوی ئەمەمان بۆ دەکاتەوە ئەوەیە کە نووسەر لەدواییدا بەرەو هەمان ئەو بابەتانە گەڕایەوە کە لێرەو لەوێ باسی کردبوونو چەند بابەتێکی دیکەی لێدروستکردنو کۆی ئەو بابەتانە بەیەکێك لەگرنگترین شانۆگەرییەکانی نووسەر لەدوای جەنگەکە تەماشادەکرێن کە ئەویش شانۆگەریی(شەیتانو ڕەحمان)ە.ئەم شانۆگەرییە یەکێکە لەشاکارەکانی سارتەرو دەوڵەمەندە بەئایدیاگەلی پڕ لەگفتوگۆ، درامایەکە وەکو (بەندکراوانی ئەلتۆنا)نییەو هیچ جۆرە دڕدۆنگی یاخود ئاڵۆزییەکی تیادا نییە. سارتەر لەکتێبەکەیدا سەبارەت(جان جینێ)داکۆکی لە(چەمکە باوەکانی چاکەو خراپە) دەکات.

بابەتی سەرەکی شانۆگەریی (شەیتانو رەحمان)یش کە لەهەمان ئەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە کە لەماوەیدا کتێبەکەی سەبارەت(جان جینێ) بڵاوکرایەوە (واتە ساڵی١٩٥٢)، بەمجۆرەیە: کێشمەکێشی نێوان چاکەوخراپە. بەسەرهاتەکان باس لەئەڵمانیای رۆژانی جەنگی جوتیارانو ئەو ریفۆرمە دەکەن کە بەگوێرەی ئامۆژگارییەکانی لۆسەر دەکرا، پاڵەوانەکە ناوی(جۆتز)ەو رۆڵەی زۆڵی یەکێك لەخانەدانەکانەو هاوکات هێماش بۆ ئەوە کراوە کە یەکێکە لەمەزنترین فەرماندە سەربازییە دڵرەقە سەرکەوتووەکان لەوڵاتدا. سارتەریش لەبەرئەوەی کە خۆی هەتیو بووە هەستی بەهاوسۆزی لەگەڵ رۆڵە زۆڵەکاندا کردووەو هەتیویش بەمجۆرە پێناسە دەکات:"زۆڵەکورێکی ساختەیە"،(جینێ)و(کین)یش کە دووەمیان هونەرمەندێکی ئینگلیزیی دۆزراوەو هەڵگێراوەیە(ئەمەش بابەتی شانۆگەریی"دۆماس"ە کە سارتەر بۆ شانۆی نوێی ئامادەکردووە)، هەروەها(جۆتز)یش لای ئەو بەپاڵەوان سەیردەکرێت لەبەرئەوەی حەرامزادەی (راستەقینەیە).

لەنێو بەشی یەکەمی شانۆگەریی(شەیتانو رەحمان)دا دیداری جۆتز دەکات کە خراپە لەبەر خودی خراپە خۆی دەکات. خراپەی لاپەسەندەو ئارەزوی دەکات. خراپە(هۆکاری ژیانێتی). لەکۆتایی بەشەکەشدا شاری(ورمس)دەکەوێتە ژێر چەپۆكو بندەستی بەزەیی ئەوەوەو بەمردنی برا شەرعییەکەشی لەباوکییەوە خۆی بەمیراتگری یاسایی میراتەکەی باوکی دەبینێتەوە. بەڵام لەم ساتەوەختی سەرکەوتنەدا جۆتز هەست بەهیچ خۆشنودیو پشوویەك ناکات. چونکە(هینریخ)ی کەشیشی زۆرزان، ئەگەر تەڵەکەبازیش نەبێت، (کە جۆتز سەرسامی کەسایەتییە خراپەکەیەتی)سەرنجی بۆ ئەوە رادەکێشێتو پێی دەڵێت: لەئەنجامدانی خراپەکارییدا شتێك نییە شایانی سەرسوڕمان بێت. جیهان بەئەندازەیەك بارگرانە بەخراپە کە مرۆڤ تەنانەت سەروەختێکیش کە لەنێو پێخەفدا راکشاوە شایستەی چوونە نێو دۆزەخە. هیچ پێویستیش بەو هەلاکەتە ناکات کە جۆتز شانی داوەتە بەر. هەمووان هەر خەریکی خراپەکردنن. ئیدی جۆتز لێی دەپرسێت:"کەواتە کەس چاکە ناکات؟"، هینریخیش دەڵێت:"بەهیچ جۆرێك"، هەربۆیە جۆتزیش گرەوی ئەوە دەکاتو دەڵێت(من)لەچاکە بەولاوە زیاتر ناکەم.



# کارڵ پۆپەر لەیەکەمین سەدساڵەی یادکرنەوەیدا

## کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی

ن: حسین موازنی

و.: هوشیاری شێخ ئەنوەر

هەموو ئەو نێوەندە فیکریی و سیاسییانەی کە بەزمانی ئەڵمانی قسەدەکەن لەساڵی ٢٠٠٢دا لەرێی چەندین چالاکی و کۆڕدا کەباسیان لەژیان و فکرو هزری چڕی ئەم بیرمەندەیان دەکرد، یادی یەکەم سەد ساڵەی لەدایکبوونی(کارڵ رایمۆند پۆپەر)ی زانای فیزیك و ئەبستمۆلۆژیای بەرەچەڵەك نەمساوییان کردەوەو هەروەها کۆکردنەوەی سەرجەم ئیشەکانی ئەم بیرمەندە لەدووتوێی پانزە بەرگی بەچاپ گەیەنراودا بەیەکێك لەدیارترین رووکارەکانی ئەم بۆنەیە دەژمێردرا.

(کارڵ پۆپەر) لەڤییەنای پایتەختی وڵاتی نەمسا هاتووەتە دنیاوەو دایك و باوکی جولەکەبوون، بەڵام دواجار لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی و فەرمانی (وظیفي)بوونە مەسیحی و باوەڕی پرۆتستانتیان پەیڕەوکرد. باوکی پۆپەر دەوڵەمەندو پارێزەرێکی ناوداربوو، کاریگەرییەکی فیکریی مەزنی بەسەر پۆپەرەوە دروستکردبوو، سەرەڕای ئەو بارگرژییەش کەلە(ڤییەنا)ی پایتەختدا هەبوو، توانی خوێندنێکی ئاست بەرز لەهەموو بوارو رویەکدا بۆ پۆپەر دابین بکات.

کاریگەری ئەم باوکە بەسەر کوڕەکەیەوە لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە چۆن پۆپەر هەر لەمنداڵییەوە خولیای زانستە سروشتییەکان ببوو، کەبووە هۆی ئەوەی پۆپەر بتوانێت لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەمین تێڕامانە فیکرییەکانی خۆی لەپەڕاوێکدا تۆماربکات و هەر ئەم پەڕاوەش بوو دواجار پۆپەر کردی بەپایەو کۆڵەکەی قەڵا

فەلسەفییەکەی خۆی، چونکە هەمیشە پۆپەر دەیوت: (پێویستە یەکەمجار لۆژیکی لێکۆڵینەوەی میتۆدی بریتیبێت لەهەڵەکردن و دواجار راستکردنەوەیان، چونکە نابێت یاساکان بخەینە ئەستۆی سروشت بەوپێیەی کەیاساکان چەند ئەفراندنێکن لەتوانستی زانینەوە دێنەدەر، بەڵکو پێویستە وا لەیاساکان بگەین کە جۆرە(حسێکی شیعرییە)بۆ پەیوەندییەکی ئازادو لەبەردەمیدا توانای بەرهەڵستیکردن و راستکردنەوە هەمیشە فەراهەمە).

پۆپەر، هەرلەسەرەتاوەو بەپێچەوانەی (بازنەی ڤییەنا) ویستویەتی بەپێی توانا لەو کاریگەرییە ئەبستمۆلۆژی و زمانەوانییانە خۆی بپارێزێت کە بیرمەندێکی تری هاونیشتمانی خۆی بەناوی (لۆدڤیگ ڤنگنشتاین)ەوە، بانگەشەی بۆ دەکرد، هەروەها پۆپەر پەیوەندی لەگەڵ بازنەی ڤییەنا دروستکرد، بەڵام هەرگیز نەبووە ئەندام تیایدا، ئیدی بەچاوی گومانەوە دەیڕوانییە ئەو گرنگییەی کە لەلایەن ئەو بازنەیەوە بە(شیکردنەوەی زمانەوانی پەتی) دەدرا، ئەم هەڵوێستەشی بەپشتبەستن بەو واقعییەتە مادییە بوو کە لەمەڕ هەموو مەسەلە فیکرییەکان لەهەر بوارێکدا جەختی خۆی هەبوو. پۆپەر پێیوایە کە(هەموو ژیان بریتییە لەجۆرە چارەسەرێك بۆ گرفتێك) و ستراتیجی بەردەوامبوونی ژیان بەپێی میتۆدی پۆپەر خۆی لە(چۆنێتی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ راست و هەڵەدا دەبینێتەوە).

لێرەوە ئەو چاوەڕوانی و نیازە کەڵەکەبووەی کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا بەتەمای هێنانەکایەی شێوازێکی نوێ بوو لەبنەما زانستییەکان، کە خۆی لەخۆیدا کاردانەوەیەك بوو بۆ کەوتنی فیزیای کلاسیکی. ئیدی ئەو پرسیارەی کە ئەو سەردەمە دەکرا بریتیبوو لەوەی (ئەگەر هەڵەو نادروستییەکانی تیۆرە سەرکەوتووەکان، وەك زانستی میکانیك کە نیوتن یاساکانی دانا، دووپات کرابێتەوە، یان دەرکەوت کە تیۆرێکی سنوردارن بەسەرچاوەیەکی تەسکەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم تیۆرانە سەد دەرسەد پشتیان بەعەقڵ بەستووە وەك لەسەرەوە وتمان هەڵەبن، کەواتە حاڵ چۆنە لەگەڵ ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتی و زانستییانەی کەلەسەر تێڕامان و میتافیزیکا بەندن؟)

لەوەڵامی ئەم بەرەنگاربوونەوەیەدا پۆپەر دەڵێت"پۆسیتیڤیزمەکان هەڵەبوون، چونکە پێیانوابوو تیۆرە زانستییەکان لەرێی بەگشتکردنێکی ئیستقرائی دادەڕێژرێن،

هـەروەها هەڵـەبوون لـەو هەوڵانـەیان بـۆ جیاکردنـەوەی زانـست لـەمیتافیزیك لـەڕێی چاوخـشاندنەوەیەکی ئەزموونییانـە بـۆ کێشەکانی، بـەڵکو بـەراوردیان لـەنێو زانـست و میتافیزیکـدا بەقـسەیەکی پـووچ دەزانـی" کەچـی لەدیـدی پۆپـەردا زانـست بریتییـە لەکێشەیەکی (حدسی ئەندێشەئامێز) کـە ڕێکخـستنی ئـەم زانـستە جەختکردنـە لەسـەر دۆزینەوەی ساختەکان، بەڵام بەشـێوەیەکی عـەقڵانی. ئیـدی لێرەدا تیـۆر بـەخۆڕاگرتنی بەرامبەر بەو هەوڵە پێداگرانەمانـەوە بـۆ پووچـکردنەوەی دەخرێتـە سـەنگی مەحەکـەوە، چـونکە زانـست هەمیـشە دەشـێت سـاختەی بکـەین، هـەر ئەمەشـە وادەکـات زانـست لەمیتافیزیك و لەشتی دیکە جیاببێتەوە.

لەدیدی پۆپەرەوە (نازانست)هەموو کاتێك قسەی پووچ نییە، چونکە (نازانـست)یـش دەتوانێت بریقـەی چـەند تیـۆرێکی ڕاهـاتوو یـان دەسـتەمۆ بەسـاختەکاریی بـدات، لەبـەر ئەوەیە (نازانست) زانستییە.

پۆپـەر پێیوابـوو کـە (ئـەو تیـۆرەی لـەڕێی ئیـستیقرائەوە (induction) پرچـەکە بەئەزموون و پێودانگی ڕاستەوخۆ تەنیا تیۆرێکە شایستەی نازناوی تیۆری زانستی بێت).

بەپێـچەوانەی (پـۆزیتیڤیزمی نوێـوە)پۆپـەر ڕای وایـە کـە" مـرۆڤ لـەڕێی دژێکـی حاشـاهەڵنەگر نـەبێت کـە پرچـەکە بەدەلالـەت و توانـستە خودییـەکان، ناتوانێت بگاتـە حەقیقەتی زانستی، ئەمەش بەمەرجێك کـە ئـەوتیۆرە خـۆی بگۆڕێتـەوە بـەتیۆرێکی نـوێ بەوەی کە ئەم تیۆرە نوێیە ڕاست و دروستی خۆی لەسەر هەڵەی تیۆرە کۆنەکە دووپـات کردبێتەوە.

لێـرەوە پۆپـەر زاراوەیـەکی بـۆ ئـەم میتـۆدە ئەزمونییـەی خـۆی بـەناوی (اللاعـصمة fallibility) داناو هێرشـێکی بـەربڵاوی پێکـردە سـەر تیۆرەکـانی هەریـەك لـە(فرۆیـدو مارکس) ئیدی پۆپـەر ئـەو تیۆرانـەی ناونـا بـەو تیۆرانـەی کـە لەسـەر زانـستی درۆزنـەوە بەندن، یان ئەوتیۆرانەی کەبنەما زانستییەکانیان درۆیە، چونکە ئەم تیۆرانە بەشێوەیەکی دیالێکتیکییانـە دووبـارە ڕاڤـەی ئـەو واقعـە حاشـاهەڵنەگرانە دەکەنـەوە کـە دژ بەبۆچوونەکانیانە. هەروەها ئەم تیۆرانە لەڕووی دەروونییـەوە لـەدژی هـەموو (دحـض)ە زانستییانەی کە لەسەر ئەزموون بەندە خۆیان قەڵغان کردووە. هەروەها پۆپـەر دەڵێت " بەپلەی یەکەم سیاسەت ئیش بەمجۆرە تیۆرانە دەکات، چونکە (مارکس)هەروەك (فریدیك

ئـەنگلز)ی هــاوڕێ جــەختی لەســەر كردووەتــەوە، بەپلــەی یەكــەم هــیچ نــەبووە جگــە لەتیۆریستێك بۆ شۆڕشەكە، چونكە ئەگەر (ماركس)فەیلەسوفێكی میتۆدیی یان زانایـەكی ئەزموونگەرایی راسـتەقینەبوایە وەك (مـاكس پلانـك یـان ئـەلبێرت ئەنیـشتاین) ئـەوا ئـەو هەموو موریدو پاشكەوتووەی نەدەبوو، لەبەرئەوەی ئیشكردن بەتیۆرێكی ساختە زۆرجـار دەبێتەهۆی سەركەوتنێكی خێراو كتوپڕ!.

پۆپەر دەڵێت (هیچ بنەمایەك نییە كە زانست بتوانێت لەسەری جێگیر بێـت)، چـونكە لەواقعـدا زانــست دژی هــەموو بنەمایەكــە، هــەروەها ناكرێــت لابــدەین بــەلای هــەموو حەقیقــەتێكی پــشتبەستوو بەئەزموونــەوە بەوەســفی ئــەوەی كــە ئــەوە حەقیقــەتێكی سەربەخۆیە لەتیۆر، هەروەها ناكرێت پشت بەو حەقیقەتە ببەستین بەوەسفی ئـەوەی كـە بناغەیەكی جێگیرە، چونكە هیچ بناغەیەكی زانستی نییە كە پووچ نەكرێتەوە.

هەرئەمەشــە وای لەپۆپــەر كــردووە كەهــەر لــە یەكــەم كتێبیــەوە بــەناوی(لــۆژیكی دۆزینەوەی زانستی)١٩٣٤، بانگەشەی (بەردەوامیدان بەقەیران)ەوە بكات، چونكە بـەڕای ئەو قەیران دۆخێكی سروشـتییە بـۆ زانـستی عـەقڵانی پەرەسـەندوو، كـە هـەروەك خـۆی دەڵێت بێسنور پێشكەوتووە، چونكە هـەر لەكتێبێكیـدا سـاڵی ١٩٧٢ كەبـەناوی (زانیـاری بابەتیانــە: خــاڵی نزیــك بوونەوەیــەكی پەرەســەندووییانە)دا هەوڵیــداوە خــاڵی نزیــك بوونەوەیەكی پەرەسەندویانە بەپێی گەشەسەندنی زانیارییانە داڕێژێتەوە كە هیچ شتێكی زەینی و خـودی و بابەتییانـەی تێدا نەبینیوەتـەوە، جگـە لـەدەرەنجامێكی بابەتییانـەی سەربەخۆنەبێت كەزادەی چالاكی ئادەمیزادە.

پۆپــەر لــەنێو كــۆی رەخنــەو لێكۆڵینــەوەی زانــستی و بەشـداریكردنی راسـتەوخۆی لەسیاسەتدا كاری خۆی دەكردو بەمەش بووە یەكێك تیۆریستسازە سەرەكییەكانی پارتـە سۆشـیال دیموكراتییـەكان لەئـەوروپا، ئەمــەش بــەهۆی بــڕوای بــەتیۆری پەرەســەندنی ئاشتییانە كە ئەم پارتانە كردوویانەتە پـەیڕەو و پرۆگرامـی كـاری خۆیـان، بەپێـچەوانەی بزوتنەوە چەپڕەوییەكان یـان كۆمۆنیـستییە تونـدڕەوەكان كـە بانگەشـەی توندوتیـژیی و شۆڕش دەكەن.

لـەدووتوێی گـرنگترین كتێبیـدا بـەناوی (كۆمـەڵگای كـراوەو دوژمنـەكانی)كەلەسـاڵی ١٩٤٥دا لە دووبەرگدا نوسیویەتی، رەخنەیەكی توندی ئاراستەی لەهەریەك لـە(ئـەفلاتون،

ئەرستۆ، هیگڵ، مارکس)کردووەو بە(مژدەبەخشە درۆزنـەکان)نـاوزەدی کـردوون، چـونکە ئـەوان ئەگـەر جیاوازییـەکی زۆریش لـەنێو فەلـسەفەکانیاندا هـەبێت، بـەڵام لەسـەر یـەك مەسەلە کۆکن ئەویش (وەلانانی گرنگیی تاکە لەپێناو بەرژەوەنـدی دەوڵەتـدا بـەوەی کـە دەوڵـەت قەبارەیـەك یـان جەسـتەیەك یـان کیـانێکی سـەربەخۆیە)، هـەر لـەم کتێبەشـیدا تیۆرەکەی خۆی لەبارەی زانیارییەوە بەکاردەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی(ڕێبازی مێژوویی)، تیۆرەکەشی ئەوەیە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن، بەڵکو پێویستە لەسـەریان کـە بەدووی یاسا گشتییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بگەڕێن و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

پۆپـەر لایـەنگری ئـەو ڕێبازەیـە کـە بـە(بەرژەوەنـدی نێگـەتیڤ)ناودەبرێـت و ئـەم ڕێبازەش دەڵێت: ئەو ئامانجـەی کـە مـرۆڤ هـەوڵی بـۆدەدات نابێـت بریتیبێـت لـەزۆرترین قـازانجی مـاددی، بـەڵکو دەبێـت ئـەو ئامانجـە بـۆ کەمکردنـەوەی بـاری نەهامـەتی و دەردەسەری سەرشانی مرۆڤایەتی بێت، چونکە بەهۆی بەکەمدانان و بەهەند نەگرتنی تاك و نیازەکانی لەپێناو کۆمەڵگاداو جەنگان لەدژی ئەو نیازانەی تاك بەوەی کـە لـەدایکبووی ئاگاییەکی هەڵەی خودی ئەوتاکەن یان (ئاگاییەکی هەڵەی خودین) سیستەمە دیکتاتۆری و تۆتالیتارییەکان بەهەردوو باڵی فاشی و کۆمۆنیـستییەوە دروسـتبوون، ئاشـکرایە کەئـەم سیستمانە لەسەر سیستمی تاك پارت، واتە تەنیا پارتی سەر حوکم بەندن.

ئیدی پۆپەر ئەو پوختەیەمان دەداتێ و دەڵێت: گـەر ویـستمان کـەلتوورمان بـرەو و بەردەوامی هەبێت، ئەوا پێویستە لەسەرمان واز لەو خووەمان بهێـنین کـە لـەپێناو پیـاوە مەزنەکان دەستبەداری سەربەخۆیی فیکری خۆمان بین، چـونکە ئاگـایی عـەقڵانی(الـوعی العقلانی) پێش هەموو شتێك لەیەك باردا بەرجەسـتەدەبێت، ئـەویش لەڕەخنـەگرتنی ئـەو بارودۆخەدا بەرجەستە دەبێت کـە هەیـە، نـەك لەسەرسـامبوون بەرامبـەر بەپیاوەمـەزن و بەهێزەکان، چونکە بـەلای پۆپـەرەوە( خـراپترین شـت کـەمرۆڤ بیکـات ئەوەیـە کـە مـرۆڤ ملکەچ بکات بۆ ڕێڕەوی مێژوو و خـۆی بەدەسـت چارەنووسـەوە بـدات)، پۆپـەر جـەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە (چارەنوس و مێـژوو هـیچ واتایـەکیان نییـە، بـەڵکو ئـەوە مـرۆڤ خۆیەتی کە واتاو مەبەست و بەهایەکیان پێدەبەخشێت).

هەروەها پۆپەر قسەو باسێکی زۆری لەنێوەندە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکاندا نایەوە، بەوەی کە هەوڵیدا چەند سەرۆکێکی ئەورووپی بێنێتە سـەر ئـەو بڕوایـەو هانیـان بـدات کـە

بۆردومـانێکی ئـەتۆمی وەهمـی و چەواشـەکەر(واتـە چـەند موشـەکێك بـەبێ کـڵاوەی ئەتۆمی)بکەن، لەپێناو دڵنیابوون لەتوانایان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی فراوانبوونی سـۆڤیێتی. سـەرەڕای ئـەوەی کـە پۆپـەر خـۆی لایـەنگیری ئـەو کامپینـەی کـرد بـۆ هاوکـاریکردنی زانـای ئـەتۆمی رووسـی(ئەندریـە زاخـارۆف)، دواجـار خـۆی رەخنـەی لـەزاخارۆف گـرت دوای ئـەوەی کـەزانی ئـەم زانایـە بەشـدارییەکی چـالاك و بەرچـاوی لەپەرەپێدانی بۆمبی هایدرۆجینی سۆڤێتی کردووە.

لەبـەر سـەرقاڵیی پۆپـەر بەمەسـەلە گـەورەکان لەهـەموو ئاسـتێکی کۆمەڵایـەتی و سیاسی و زانـستی، هەنـدێك بەژیـشك نـاوی دەبـەن ئەمـەش بەپێچەوانەی رێوییـەوە کـە خەریکی شتە بچووکەکان دەبێت، هەروەها یەکێك لەبیرۆکە گەورەکانی ئەوەیـە کـە(ئێمـە دەتـوانین پـەردە لەسـەر درۆو سـاختەکان هـەڵماڵین، بـەڵام هـەرگیز نـاتوانین بگەینـە حەقیقەت)، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرکێکی زانستی پـەتی بەسـەر چـالاکی پۆپـەرەوە زاڵبـوو، تەنانـەت وردەوردە پـشتی کـردە ئـەو بیرۆکانـەی کـە لـەکتێبی (کۆمـەڵگای کـراوەو دوژمنەکانی)دا باسی کردبوون، ئیدی خەونی بەبردنەوەی خەڵاتی نۆبلی لـەبواری فیزیـادا دەبینی، ئەمە بـووە هـۆی ئـەوەی کەهەنـدێك گلـەیی لێبکرێـت بـەوەی کـە ئاراسـتەیەکی یەکتای گرتووە، چـونکە هەنـدێك پێیـانوابوو ئەگـەر بێـت و مـل بەفەلـسەفە کـەچ بکرێـت بۆچەند ئەزموونێکی زانستی فیزیایی، ئیدی چی لەتێڕامان و فیکرە ئازادەکانی فەلـسەفە دەمێنێتەوە.

پۆپەر زۆر خەنی دەبوو بەنانەوەی قـسەو بـاس لـەبارەی فیکـرو بیرۆکـەکانی. ئیـدی لەکتێبێکیـدا بــەناوی (بێنــەوایی رێبــازی مێــژوویی ١٩٥٦) هەسـتا بەڕەخنــەگرتنی (عەقڵانییەتی رەخنەیی) کە(قوتابخانـەی فرانکفـۆرت) نوێنەرایـەتی دەکـرد، بەمکارەشـی لەسەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی رابـردووەوە رقـی هەریـەك لـە(ئـادرنۆ)و (هابرمـاس)ی لــەخۆی هەســتاند و پۆپــەر لــەکۆتایی تەمەنیــدا هەوڵیــدا تیــۆری (نزیککردنــەوە ئاپــستمۆلۆژی)ەکــەی لەشــاکاری بیبلۆگرافیاکەیــدا کــە تــەواو نــەکراوە بـەناوی(بیبلۆگرافیایـەکی فیکـری)١٩٧٧دا تونـدوتۆڵ بکـات. هـەروەها پۆپـەر داکـۆکی لەبیرۆکەی ناشیاوی و نەگونجاوی کورتکردنەوەی زەینـی بـۆ مـاددی کـرد، بێئـەوەی دان

بـەوەدا بنێـت کـە زەیـن دەتوانێـت لـەدەرەوەی تـەن یـان جەسـتەدا هـەبێت، ئەمـەش لەکتێبێکدا کەلەگەڵ زانای دەمارزانی (جۆن ئیکڵز)لەساڵی١٩٧٧دا نوسیان.

پۆپەر زۆربەی تەمـەنی لـەدەرەوەی نەمسا بەسـەربرد بەتایبـەتی لەبـەریتانیاو لـەوێ رەگەزنامەی بەریتانی لەساڵی ١٩٤٥وەرگرت و زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بەزمانی ئینگلیزی نووسیوەو لەزانکۆکانیدا لێکچەری گوتووەتەوەو نێوەندە ئەکادیمییەکان و سیاسـییەکانی بەریتانیا بەتایبەتی باڵی پارێزگاران گرنگییەکی زۆریان بەپۆپەر داوە.

سەرچاوە:

لەسایتی اتحاد الكتاب العرب فرع سوريا وەرگیراوە.

بەشی شەشەم

دەروازەی شەشەم

# گەورە تراژیدی نووسان

نووسینی: باکنەر ب ـ تراویك

و: حەمەکەریم عارف

## فەلسەفە










یونانییەکان یەکەمین خەڵکانێك بوون کە کەوتنە بیری دامەزراندنی سیستمێکی فیکری دەربارەی جیهان، ئەوەندەی لەتوانایاندا بوو کەوتنە دژایەتی بیروباوەڕێن خوراڤو پوچ و هەوڵیاندا لەبەر رۆشنایی دیتنو تێفکرین پەی بەنهێنییەکانی دۆزو مەسەلەێن مینا پەیدابوونو جەوهەرو ماهیەتی مادده، هزر، باشی، حەقیقەت، جوانیو واقیعیەت ببەن، مەتریالیستانی کۆن بەو ئەفسانانە قاییل نەبوون کە لاڤی ئەوەیان لێدەدا کە گوایە سەرچاوەی پەیدا بوونو ئەسڵی شتەکان بوون. بۆیە بەپشتیوانی هەست وەکو سەرچاوەی ئیدراك، هەوڵیانداوە جیهان بەگوێرەی رەگەزە مەتریالیستییەکانی بناسن، لەلایەکی ترەوە خەیاڵگەراکان باوەڕیان وابوو کە سەرەتاو سەرچاوەی ستراتیجی حەقیقەتەکانی جیهانی بوون، زەین یاخەیاڵی ئادەمیزادە.

**هەوەڵین پەیڕەوکارانی ڕێبازی ئەساڵەتی مادده:**

**تالیس (٦٤٠ – ٥٤٦ پێش زایین):**

خەڵکی ئاتینەو بە "باوکی فەلسەفە" ناسراوەو باوەڕی وابوو کە ڕەگەزی ئەسڵی پەیدابوونی جیهان ئاوە.

**هیراکلیتوس (٥١٣ پێش زایین):**

لەئیفسوس لەدایکبوو. بەبۆچوونی هیراکلیتوس هەرچی شتێك هەیە لەحاڵی جوڵەدایە– هەموو شتەکان دەجوڵێن‌و ئاگر ڕەگەزی بنەڕەتی پەیدابوون‌و دروستبوونی جیهانە.

**ئاناکسیمنس (٥٠٠ پێش زایین):**

خەڵکی میلوتوسە(1)، پێیوایە کە هەوا ڕەگەزی بنەڕەتی پەیدابوونی جیهانە.

**ئامپدوکلس (ژیان لە ٤٤٤ پێش زایین):**

خەڵکی ئاگریجنتویە(2)، دەڵێت جیهان بەرهەمی هەرچوار ڕەگەزی خاك، هەوا، ئاوو ئاگرە، ڕەگەزە ئەسڵیەکان لەناوناچن‌و هەردەمێنن، هێزی ئەشق ئەو ڕەگەزانە ئاوێتەی یەکدی دەکات و ڕق‌و کینە لێکدییان جیادەکاتەوە.

**هەوەڵین پەیڕەوکارانی ڕێبازی ئەولەوییەت و ئەساڵەتی خەیاڵ:**

**فیتاغورس (٥٨٢– ٥٠٧ پێش زایین):**

خەڵکیساموس(3)ە. باوەڕی بەدۆنای دۆنی ڕوحان هەیە، لەئەنجامی توێژینەوە دەربارەی ژماران دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە ژماران دوا حەقیقەتی شتانن.

**کسنوفانس (٥٧٦– ٤٨٠ پێش زایین):**

خەڵکی ئیلیا(4)یەو لەوەشە یەکەمین فەیلەسوف یەکتاپەرستی یونانی بێت.

**ئاناکساگوراس (٥٠٠– ٤٢٨ پێش زایین):**

خەڵکی کلازومن–ەو یەکەمین فەیلەسوفەکە ئەقڵ‌و ئاوەز بەڕێکخەری کاروباری جیهان دەزانێت.

**سوکرات (٤٧٠– ٣٩٩ پێش زایین):**

خەڵکی ئاتینە، بەباوکی زانستی ئەخلاق‌و بەگەورەترین کەسایەتی مێژووی هزرو بیری یۆنانی دەژمێرن، سوکرات، وێڕای ئەوەی کە هەرگیز هیچی نەنووسیوە(5)، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر ڕەوتی فەلسەفییەوە هەبوو، سوکرات ماوەیەکی سەرەتای تەمەنی بەسەربازی‌و بەردتاشی بردە سەر، لێ دوای ئەوە هەموو تەمەنی خۆی وەقفی

بیرکردنەوەو تێفکرینی فەلسەفی کرد. لەهەر شوێنێك گوێگرانی دەستکەوتبا تێکەڵاویان دەبوو، چونکە پێیوابوو کە لەژیاندا ئەرکێکی خوایی لەسەرە کە خەڵکی لەجەهالەتو نەزانیی خۆیان بێدار بکاتەوەو تاسەی حەقیقەت زانییان لەلا دەمەزەرد بکاتەوە. هەمیشە دەستە گەنجێکی تاسەداری زانست لەدەوری خڕدەبوونەوە. (لەوانە کسنوفانس و ئەفلاتوون)، سوکرات بەوپەڕی بێ فیزیی دەکەوتە فێرکردنیان. زانیارییەکانی پتر لەشێوەی پرسیارو وەڵامدا دەخستەڕوو.

سوکرات پشتیکردە زانستو ماددەگەرایی. بەشێوەیەکی تایبەتی شەیدای حیکمەتی عەمەلیو پراکتیکی بوو، سوکرات لەگەڵ پرەنسیپی ئەولەوییەت و ئەساڵەتی ئەزموونی ماددەگەرایاندا نەبوو. سوکرات لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە پرەنسیپو یاساو ڕێسایانی ئەخلاقی بنجبڕ بەرقەرار بکاتو دابمەزرێنێت. ئەو بەئاشکرا خواوەندانی یونانی کۆن ئینکار ناکات، بەڵام باوەڕی بەیەك بوونەوەری باڵا هەیە کە ڕێنوێنی بەشەرە لەواری ئەخلاقیاتداو هەروەها باوەڕی بەنەمریی روح هەیە.

تیۆرییەکانی سوکرات دەربارەی ریفۆرمی بنەڕەتیو شێوەو شێوازی بانگەشەکردن بۆ ئەو تیۆرییانە، دووژمنانێکی زۆر دەورووژێنێتو سوکرات هەر زوو دەکەوێتە بەرهێرشو پەلاماری نەیاران. لەسەرەتای ساڵی ٤٢٨ پێش زایین، ئاریستوفانس لەشانۆنامەی هەوراندا گاڵتە بە (سوکرات) دەکات. پاش بیست و چوار ساڵ لەوەو دوا سوکرات بەلەڕێ دەرکردنی لاوانو بیدعەتکاریی لەئاییندا تاوانبار دەکرێت، ئیدی دادگایی دەکرێت و حوکمی مەرگی دەدەن. سوکراتیش بەناچاریی ژەهراو دەخواتەوەو شەهید دەبێت.

### ئەفلاتوون (٤٢٧- ٣٤٧ پێش زایین):

ئەفلاتون، فەیلەسوف، سیاسەتوان، مامۆستا، نووسەرو شاعیرە، لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ئاتینی لەدایکبوو، خوێنەوارییەکی بەرزی هەبووەو پاشان ڕێبازی موریدانی فەیلەسوفی هیراکلیتی، کراتیلوس و دواتر ڕێبازی سوکراتی گرتەبەر، ئەفلاتون لەگەنجیدا چەندین وتارو شیعری نووسی. ماوەیەکیش خووی دایە سیاسەت، بەڵام لەساڵی ٣٩٩ پێش زاییندا، تەرکی کردووە. ئیدی لەوە بەدواوە نزیکەی دە ساڵێکی بەجیهانگەری بردەسەرو سەفەری میسر، ئیتاڵیاو سیسیل-ی کرد. لەدەوروبەری ساڵی ٣٨٩ پێش زایین بۆ ئاتین گەڕایەوەو ئاکادیمیای (یەکەمین زانستگەی جیهان)ی دامەزراندو دوو جاری دیکەش سەفەری سیسیل-ی کردو هەوڵیدا بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی لەوێندەر لەواری

پراكتيكيدا ئەنجامبدات، بەڵام هيچ سەركەوتنێكی بەدەست نەهێنا، ئەفلاتون دووبـارە بـۆ ئاتين گەڕايەوەو تامردن هەرخەريكی دەرسگوتنەوەو نووسەريی بوو.

**بەرهەمەكانی:**

**نامەكان:**

سيازدە نامەی ئەفلاتون لەبەردەستدايە، كە رەنگە تەنيا يـەك نامـەيان بەڕاسـتی هـی ئەو بێت.

**بەرەڤانی لەسوكرات (ئاپۆلوژی):**

سـەربوردەيەكە لـەقاڵبی مەنەلۆگـدا دەربـارەی دادگـايی سـوكرات، ئـەفلاتوون لـەم نووسـينەدا وێنەيـەكی نموونـەيی ژيـانو پـەيامی مامۆسـتاكەی دەگرێـتو بەرجەسـتەی دەكات.

**گفتوگۆكان (ديالۆگان):**

لەقاڵبی گفتوگۆو ديالۆگێكی مەيلەو شانۆييدايەو بەشێوەی پرسيارو وەڵامە.

گفتوگۆكاران سوكراتو موريدانی سوكراتن، چلو دوو گفتوگۆ دراوەتە پاڵ ئـەفلاتوون كە رەنگە تەنيا بيستو شەشيان بەڕاستی هـی ئـەوبن، گـرنگترين گفتوگۆكـانی ئـەفلاتون بريتيين لە:

**١.فيدون:**

كـە سـەربهوردی مـەرگی سـوكراتو بۆچـوونەكانی ئـەفلاتون دەربـارەی نـەمری بـاس دەكات.

**٢.ميوانی:**

بۆچوونەكانی ئەفلاتون دەربارەی ئەشقو مەحەبەت دەگرێتەخۆ.

**٣.كريتون:**

باسێكە دەربارەی رێزگرتنی ياسا.

**٤.كۆمار:**

كە رەنگە گرنگترين نووسينی ئەفلاتون بێـت، كۆمەڵگـە يوتابياييەكـەی ئـەفلاتون كـە لەسەر بناغەی دادپەروەريی رۆنراوەو وێنە دەگرێت.

**٥.گورگیاس:**

ئەفلاتون لەم دیالۆگەدا ئەوە رادەگەیەنێت کە سەرەنجام هەر راستیو دادپەروەری بەسەر درۆو زۆرداریدا سەر دەکەوێت، هەروەها بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بەپاداشتو سزای ئەو دنیا، دنیای پاش مەرگ باس دەکات.

**٦.فیدروس:**

داکۆکی نامەیەکە لەشیعری رەسەن بەرانبەر بەدرۆپەروەری.

**گفتوگۆکانی (دیالۆگ) دیکە:**

ئـوتیفرون، هیپیـاس–ی بـچووك، هیپیـاس–ی گـەورە، ئیـون، خارمیـدس، لاخـس، لیزیس، پروتاگوراس، مینون، ئونیدموس، منکسنوس، کراتیلـوس، تیتـوس، پارمنیـدس، سوفستایی، سیاسەت، فیلبوس، تیمائوس، کریتیاسو نوامیس.

**بیربۆ چوونەکانی ئەفلاتون:**

تیۆری ئایدیایی، ئەفلاتون دژی رێبـازی ئەولەویـەت و ئەسـاڵەتی ماددەیـە. ئـەفلاتون باوەڕی بـەجیاوازی نێـوان دیـاردەو حەقیقەتـە، پێیوایـە هـەر کـارێکی جیهـان بنـەڕەت و حەقیقەتێکی خۆی هەیە کە نموونەیەکی تەواوی ئەوەو بەئایدیای ئەو ناودەبرێت.. بـەڕای ئەو لەڕێگەی چەمکە ئەقڵانی و وێناکانەوەیـە کـە مـرۆڤ پـەی بەحەقیقـەت یـا ئایـدیا، کـە جێگیرو نەگۆڕن، دەبات.

جیهانی مەتریالی بریتییە لەدیاردە  کە تەنیا سێبەری واقیعە. ئەم دیاردانـە لەڕێگـەی هەستەکانەوە دەرك دەکرێن، بەڵام ناتوانرێـت وەکـو سەرچـاوەی حەقیقـەت بەموعتەبـەر بزانرێت، چونکە تەنیا بەکۆمەکی ئەقڵ و رەنگە لەڕێگەی روحی پاش مەرگـەوە بتوانرێـت بگەیتە حەقیقەت. ئەفلاتون بـاوەڕی وایـە کـە لەڕێگـەی پرسـیارو وەڵامـەوە، دەتوانرێـت ئایدی یا حەقیقەتە گشتییەکان بێنە ناسین و خانە بەندی بکرێن. ئایدیای باڵاش ئایـدیای خێرو چاکەیە.

**تیۆری روح:**

ئەم تیۆرییە پەیوەندی بەتیۆری بەهاو ئایدیالـەوە هەیـە. ئـەفلاتون روح بـە بەشـێکی خوایی و نەمری مرۆڤ دەزانێت و پێیوایە وەکـو چـۆن بـەدەن لـەماددە دەچـێت، روحـیش دەقـاودەق لـەهزرو ئەندێشە دەچێت. روح بـەر لـەوەی بەشـێوەیەکی کـاتیی لەبەدەنـدا جـێگیر ببـێت، بـوونی هـەبووەو هەنـدێك نیـشانانی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئایدیایانـدا هەیـەو پەیوەنـدی بەحەقیقەتـەوە هەیـە. پـاش مـردن روح بـۆ قەڵـەمڕەوی ئایـدیالی رووت

دەگەڕێتەوە. هەر مرۆڤێك روحێكی خودایانەی هەیە كە لەجیاتی پێناوی نێوان خواو مرۆڤە. ئەم روحە خودایانەیە، بەشی باڵای روحەو نزیكە لەخواوە.

**ئەخلاق:**

ئەفلاتون لەگەڵ ئەم تیۆرییەی سوكراتدایە كە فەزیلەت لەماریفەتدایەو ئاوەز بەتەنیا هەوێن و مایەی بەختەوەرییە. بەڕای ئەو فەزیلەتی بنەڕەتی و سەرەكی دادپەروەریی، میانەڕەوی، بوێری و حیكمەت دەگرێتەوە.

ئەفلاتون خۆشییە بەدەنییەكان بەكۆسپی سەر رێگەی ئەقڵ دەزانێتو باوەڕی وایە كە دەبێت دوورە پەرێزییان لێبكرێت. هەروەها ئەشق بەڕێنوێنی مرۆڤ بەرەو جوانی و حەقیقەتو خێرو چاكە دەزانێت.

**حكومەت و كۆمەڵگە:**

ئەفلاتون حكومەتو دەسەڵاتی گەل (دیموكراسی)، حكومەتی كەمینە (ئولیگارشی)و حكومەتی زۆرداری (دیسپوتیزم) مەحكوم دەكات، كۆمەڵگەی بەرژەوەند هاوبەشی یوتوبیایی ئەو كە لەسەر بناغەی دادپەروەریی رۆنراوە حكومەتێكی نیمچە سوسیالیستییە كە حەكیمان بەڕێوەی دەبەن، سەربازان بەرگریو پاسەوانی لێدەكەن، كرێكاران پشتو پشتیوانین، ئەفلاتون لایەنگری یەكسانی ژنان، پەروەردەو فێركردنی ئیجباری، برایەتی جیهانی مرۆڤ و فێربوونو فێركردنی هونەرو ئەدەبیاتە.

**شێوازی ئەفلاتون:**

ئەفلاتون شێوازێكی هەمەجۆری هەیە. هەندێجار سادەو هەندێجار زۆر شاعیرانەیە. لەڕاستیدا شێوازی ئەو لەنێوان شیعرو پەخشاندایەو هەندێجار دەبێت بەشاعیرێكی دیتورامب، بۆ دەربڕینی حەقیقەتە رەهاكان بەشێوەی رەمزیو استیعاری سوود لەئەفسانان وەردەگرێت. وێڕای ئەوەی كە سوفستایی نییە، كاریگەری سوستاییەكانو مامۆستایانی كۆنی زانستە رەوانبێژییەكان بە بەرهەمەكانیەوە دیارە، بەشێوەیەكی گشتی نووسینەكانی ئەفلاتون روون،نەرم و رەوانە.

**ئەرستۆ (٣٨٤- ٣٢٢ پێش زایین):**

ئەرستۆ فەیلەسوف، مامۆستاو، نووسەرە، لەستاگیر-ی باكوری یونان لەدایكبووە.

نیكوماخوس-ی باوكی پزیشكی ئامینتاس-س دووەمی شای مەكدونیا بوو. ئەرستۆ لەموریدانی ئیسوكراتیس[٦]-ی وتاربێژو پاشان (لە دەوروبەری بیست ساڵیدا) بوو بەموریدی ئەفلاتون.

ئەرستۆ، پاش مردنی ئەفلاتون ئاتینی بەجێهێشتو بۆ ماوەی سێ ساڵان لەئاترنیوس‌و ئاسوس ئاکنجی بوو. لەسەر داوای فیلیپ-ی مەقدونی، وەکو مامۆستای ئەسکەندەری مەقدۆنی چوو بۆ مەقدونیاو لەساڵی ٣٤٢- ٣٣٥ لەم پۆستەدا مایەوەو خزمەتی کرد. ئەرستۆ لەساڵی ٣٣٥ لوکیون[٧]ی کە دووەم زانستگەی جیهان بوو، لەئاتیندا دامەزراند. پاش مردنی ئەسکەندەر لەساڵی ٣٢٣ پێش زایندا، کاردانەوەی ئاتین دژی مەقدونیا، ئەرستۆی ناچار کرد کە بۆ خالسیس هەڵێت‌و لەساڵی ٣٢٢ پێش زاییندا مرد.

**بەرهەمەکانی ئەرستۆ:**

گەلێك لەنووسین‌و بەرهەمەکانی ئەرستۆ لەناوچوون، بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە ماونەتەوە (نزیکەی سی‌و دوو بەرهەمە) زۆر بوار دەگرنەوەو ئەوە نیشاندەدەن ئەرستۆ شارەزای هەموو زانست‌و زانیارییانی زەمان‌و سەردەمی خۆی بووەو هەوڵیداوە هەموو ئەپستمۆلۆژیا مرۆڤانییەکان ریزبەندی بکات‌و بەسیستەمێکی تایبەتی پۆلێنیان بکات. هەندێك لەبەرهەمە گرنگەکانی بریتیین لە:

**ئۆرگانون:**

سەرناوی کۆی بەرهەمەکانی ئەرستۆیە لەزانستی لۆژیکدا. ئۆرگانون لەچەند نووسینێك پێکهاتووە کە بەم ناوانەن: کاتیگوریاس، تۆبیکا، قارەمانانی سۆفیستك، کە دەربارەی لۆژیکی ئەنجامگیری‌و خوێندنەوەن‌و هەروەها نامەی شیکاری ئانالوتیکا، کە دەربارەی پێوانەو سەلماندنە.

**هونەری شیعر (پۆتیکا):**

کۆنترین نووسینە کە دەربارەی رەخنەی ئەدەبی نوسراوە. ئەرستۆ لەم کتێبەدا پاش پێشەکییەك دەربارەی ماهییەت‌و نێوەرۆك‌و جۆرەکانی شیعر، دەکەوێتە باسی تراجیدیاو بەش‌و کۆڵەکەکانی شیعر، پێیوایە هەر تراژیدیایەك دەبێت شەش کۆڵەکەی سەرەکی هەبێت- پلۆت، کاراکتەر، فیکر، دەربرین، دیمەنسازیی و مۆسیقا، لەم کتێبەدا باسی ئەم مەسەلانە کراوە: مەلحەمە، هۆو سۆنگە، یەکێتی کات‌و یەکێتیی کردار، ماهیەت‌و سروشتی کاراکتەران، کاروباری ماقووڵ‌و لەگوین و پاکبوونەوە.

ئۆرگانون لەسەرچاوە گرینگەکانی هونەری شیعرو رەخنەیەو لەسەدەی شازدەیەم بەدواوە کارێکی بێئەندازەی کردووەتە سەر رەخنەی دراما لەئیتاڵیا، فەرەنساو ئینگلتەرا.

**بەرهەمەکانی دیکەی ئەرستۆ:**

ئەخلاقی نیکوماخوس، روح، کتێبی سیاسەت، کتێبی وتاربێژیو (ئەرستۆ داهێنەری هونەری وتاربێژییە، لەم کتێبەدا لەبنچو بناوانو بەکارهێنان و زاراوەکانی هونەری رەوانبێژی، بەکارهێنانی باری دەروونی، شێوازو پێکهاتەی وتاربێژی دەکۆڵێتەوە).

**بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ:**

**دەرونزانی و میتافیزیک.**

ئەرستۆ تیۆری ئایدیالی ئەفلاتون رەتدەکاتەوەو لەجیاتی ئەوە بەئەساڵەتو ئەولەوییەتی واقیع قایلەو باوەڕی وایە کە شتە هەست پێکراوەکان بوونی دەرەکیان هەیەو دەکرێت پەیان پێببرێت. وێنە (ئایدیال) بەبێ بوونی مادده نابێت، بەهەمانشێوە ماددەش بەبێ وێنە نابێت. هەر بەهەمانشێوە روحو بەدەنیش لەیەکتر جیا نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. خوا ئامانجو سەرچاوەی جیهانە. جیهانیش لەسەر مەیلو تاسە بۆ خوا، دەسورێتەوە.

**ئەخلاقیات:**

ئەرستۆ باوەڕی وایە کە شادمانی خێری باڵایەو تەنیا لەڕێگەی شتانی دەرەکی، ئەقڵ، فەزیلەتی ئەخلاقی، میانڕەوییەوە دەتوانرێت پێی بگەیت. مرۆڤ خودانی ویستو ئیرادەی ئازادەو پێویستە هوشیارانە عەودالی فەزیلەت بێت.

**بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ئەرستۆ:**

ئەرستۆ لەچاو ئەفلاتوندا کەمتر لەخەمی ژیانی هاوبەشدایە. بەباوەڕی ئەو دەوڵەت لەشارۆچکانی بچووک پێکدێت کە خێزان بەردی بناغەو هەوێنێتی. ئەرستۆ کۆیلەداری بەڕەوا دەزانێتو پەروەردەو فێرکردنی بەلاوە زۆر گرنگە.

**شێوازی ئەرستۆ:**

زۆربەی ئەو بەرهەمانە کە لەپاش ئەرستۆ بەجێماون، شێوەو فۆرمی یاداشتیان هەیە، دەڵێی کورتەو سەرە قەڵەمی هەندێك بابەتن کە بەشێوەی یاداشتێن دەرسی تۆمارکراونو لەوەش دەچێت بەنیازی بڵاوکردنەوە نەنووسرابن، تەنیا یەك بەرهەمی (یاسای بنەڕەتی ئاتین) لەم حاڵە بەدەرە، ئەم بەرهەمە روون، راشکاو و سادەیە.

ئەرستۆ زۆری مەیل لەسەر پۆلێنو پێناسە هەبووە. بەرهەمەکانی ئەرستۆ لەچاو بەرهەمەکانی ئەفلاتوندا کەمتر شاعیرانەو کەمتر عاتیفین و ئەو رەوانییەی شێوازی ئەفلاتونیشیان نییە.

**پەراوێز:**

(١)میلوتوس= ملاتیە: شارێکی کۆنە لەڕۆخی ڕۆژئاوای ئاسیای بچووك.

(٢)ئاگریجنتویە: شارێکە لەباشووری سیسیل کە لەڕابردوودا لەشارە گەورەکانی یۆنان بووە.

(٣)ساموس: دورگەیەکە لەیۆنان کەوتووەتە دەریای ئیجەوە، نزیکی کەناری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکە.

(٤)ئیلیایە: شاری لوکیا-ی کۆنە، لەباشووری ئیتاڵیایە.

(٥)زانیارییەکانی ئێمە لەمەڕ سوکراتو بیروبۆچوونەکانی وی لەڕێگەی گەزنەفۆنو ئەفلاتوونەوەیە. وەڵامی ئەم پرسیارەش کە کام هزری فەلسەفی تایبەتن بەسوکراتو هی خودی سوکراتن، مەحاڵە.

(٦)ئیسوکراتیس (٤٣٦- ٣٣٨ پێش زایین): خەتیبو وتاربێژێکی یۆنانی بووە.

(٧)لوکیون: یەکەمین زانستگە، ئەکادیمیاکەی ئەفلاتونە.



دیدار لەگەڵ هانا بیژەن کامکار

چنور محەمەد

دیدار لەگەڵ عەلی لەتیف

ڕێبواری ئازادی



دەرهێنەری کورد

مانۆ خەلیل

و.: بژار





دیدار لەگەڵ ئالان فەتاح

زانا ڕەسول

# هونەر

### هانا بێژەن کامکار:

## ناتوانم تەنیا لەیەک بواری هونەرییدا کاربکەم

دیداری: چنور محەمەد



یەکێك لەو خانمانەی کە لە گروپی کامکارەکاندا سەرقاڵی کاری هونەرییە، هانا بێژەن کامکارە، کە یەکێکە لەکچەکانی هونەرمەند بێژەن کامکار، ئەم خانمە لەبوارە هونەرییەکانی: فۆتۆ، مۆسیقا، گۆرانی، فیلم، کاردەکات. لەساڵی ٢٠٠٣ وەك سازژەن چۆتە نێو گروپی مۆسیقای کامکارەکانەوەو تا ئێستاش بەردەوامە، وەك کاری فۆتۆش ماوەی نۆ ساڵە خەریکی کاری وێنەگرتنەو ئەندامە لەئەنجومەنی فۆتۆگرافەرانی کەنەداو لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە کارەکانی جێگەی رێزلێنان بووە، لەبواری مۆسیقای شانۆشدا لەفێستیڤاڵی فەجر خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە، جگە لەوەی چەندین خەڵاتی بۆ کاری وێنەگرتن وەرگرتووە، لەچاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ هانادا وتی: ئەلبومێکی گۆرانیم لەلایەن دەزگای خاکەوە بڵاودەبێتەوە، وەك کاری سینەمایش تاوەکو ئێستا سێ کورتە فیلمی بەرهەمهێناوە بەناوەکانی (سەگێك کەعاشق دەبێت، شەهرەزاد، ئارام)سەرەرای ئەوەی حاڵی حازر سەرقاڵی مونتاژکردنی فیلمێکی بەڵگەنامەییە لەسەر گروپێکی مۆسیقا لەئێران.

**هەریەکە لەمۆسیقا، فۆتۆ، فیلم، گۆرانی بەتەنیا کاری جیدی و بەردەوامیان دەوێت، تۆ چۆن دەتوانیت هارمۆنیایەک لەنێوان ئەو ئیشانەدا دروست بکەیت؟ لەهەمووو ئەمانەدا وەک خۆت دەتەوێت کام لەو هونەرانە هەڵدەبژێریت؟**

بەدڵنیاییەوە زیاتر حەزم لەگۆرانی وتنە، بەڵام چێژ لەوێنەگرتنیش وەردەگرم، کات و وزەیەکی باشم هەیە، دەتوانم لەو بوارانەی کەباستکردن، کاربکەم، دیارە بەشێوەیەکی زۆر یاخیانە لەم هونەرەوە بۆ ئەو هونەرە کاردەکەم ، لەجوڵەیەکی بەردەوامدام، ناتوانم لەسەر یەك جۆر کار بەبەردەوامی بمێنمەوە، دەبێت کارێکی تر بکەم، دیارە ئەمەشم لەباوکمەوە بۆ ماوەتەوە.

**لەو کارانەی دەیکەیت کاتێک بیرۆکەیەکت لا دروستدەبێت، دەتوانیت ئەو بیرۆکەیە هەم لەفۆتۆ و هەم لەمۆسیقاو فیلم و گۆرانیشدا نیشانی بدەیت؟**

بەڵی دەتوانم ئەو بیرۆکەیە لەهەریەکە لەوانەدا نمایش بکەم و مەرج نییە هەریەکەو بیرۆکەی خۆی هەبێت، کاتێك کە لەسینەمادا کاردەکەیت بەتێروانیی من دەبێت شارەزایت لەهەموو هونەرەکانی تردا هەبێت، چونکە سینەما هونەری حەوتەمە، دەبێت مرۆڤ بەتەواوی لەو شەش هونەرەی تردا قاڵ ببێت، ئینجا دەتوانێت فیلمێك بەرهەم بهێنێت، من نامەوێت ببمە دەرهێنەرێك لەبواری سینەمادا، بەڵام حەزدەکەم فیلم بەرهەم بهێنم بۆ ئایندەش بەنیازی بەرهەمهێنانی فیلمی درێژم، بەڵام ئەرکی ئێمە بەرەوپێشبردنی مۆسیقایە نەك هونەرێکی دیکە، دەبێت ئێمە نەوە بەنەوە مۆسیقا بەرەو گەشەسەندن بەرین، منیش حەزدەکەم ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆی خۆم.

**کەواتە ئەوەی تۆ دەیکەیت لەو بوارانەدا هەموویان ئەزمونێکن و دوا ئەنجام و هەڵبژاردنی خۆت نییە؟**

بەڵی هەمان ئەزمونە کە باسی دەکەیت، لەبەرئەوەی من تەمەنم کەمە هێشتا نەگەیشتومەتە ئەو ئاستەی یەکێك لەمانە هەڵبژێرم و دەمەوێت ئەزمونی هەمویان بکەم، چونکە کاتێکی باشمدەوێت تا هونەرێك لەو هونەرانە هەڵبژێرم، ئەگەر ئێستا من ئەوانە هەڵبژێرم دەڵێم گۆرانی وتن و وێنەگرتن.

**بۆ دەتەوێت ئەو ئەزمونانە بکەیت؟**

لەڕێگەی ئەو ئەزمونانەوە دەمەوێت ببم بەگۆرانیبێژێك و فۆتۆگرافەرێکی باش، هەموو مەبەسیەتی ئەو ئەزمونانە هەر ئەوەیەو هیچی تر، بەڕاستی من تەماعم زۆرە هەردووکیانم دەوێت نەك یەکێکیان، ئیتر نازانم ئەمە وادەبێت یان نا، رەنگە دوای بەردەوام بوون لەو ئەزمونانە ببم بەدەرهێنەرێك لەبواری سینەمادا، ئێستا ئەو قسانە دەکەم، بەڵام لەدواجار لەوانەیە بەو شێوەیە نەبێت کە ئێستا باسی دەکەم، وەك خۆم ناتوانم هێڵێك بکێشم ئیتر هەر لەسەر ئەو هێڵە بەردەوام بم لەوە زیاتر نەیەمە دەرەوە، هەرگیز ناتوانم ئەوە بکەم.

**سەرکێشیی و یاخیبوونێکی زۆرت تێدایە، ئایا هەر ئەمە نییە وات لێدەکات ئەو ئەزمونانە بکەیت؟**

زۆر یارمەتیم دەدات، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لەهەر بوارێکدا کاربکات دەبێت بەتەواوی تەرکیز بخاتەسەر ئەو شتەی کەدەیکات، بەڵام من ناتوانم ئەوە بکەم، لەژیانی رۆژانەشمدا هەر بەو شێوەیەم کە لەبواری هونەردا دەمبینیت، ئێستا لای تۆوە دانیشتوم و چا دەخۆمەوە تۆزێکی تر دەچم بۆ شوێنێکی تر لەوێش ناوەستم ، ئەوە لەرۆحی مندا نییە لەسەرو هێڵێکەوە بجوڵێم، حەزدەکەم لەسەروو چوار پێنج هێڵەوە بێموبچم، ئەوە نەبێت ئاگاداری ئەوە نەبم ئەگەر کەسێك لەسەروو ئەو هەموو هێڵەوە ئیش بکات درەنگتر دەگاتە شوێنی مەبەست، من ئەمەم بەلاوە گرنگ نییە درەنگتر بگەمە ئەو شوێنەی دەمەوێت، ئێستا کۆمەڵێك هاوڕێم هەیە هاوتەمەنی خۆمن لەبواری هونەردا گەیشتونەتە شوێنێك، من هەر خەریکی گەڕانم و هێشتا شوێنی خۆم نەدۆزیوەتەوە، پێم باشە من١٠ ساڵی تر لەیەك کاتدابگەمە چوار شوێنی جیاواز.

**ئەمە ئەو میراتە نییە کە لە باوکتەوە بۆت ماوەتەوە؟**

باوکم لەگروپی کامکاران هەم گۆرانی دەڵێت، هەم دەف دەژەنێت، هەم رەبابیش، ئەو ئەم سی کارە لەیەك کاتدا دەکات، جگە لەوەی خۆی حەزی لەسینەمادەکردو عاشقی دارتاشیش بوو، لەگروپی کامکارەکاندا زیاتر ئەو ناسراوە، چونکە ئەو زۆرترین کاردەکات، مامیشم (ئەرسەلان) هەر وایە گۆرانی دەڵێت، سازدەژەنێت، هەم لەئۆرکسترای سەمفۆنی ئێراندا عازف کەمانەو هەم ئاهەنگسازیشە، بۆ خاڵشم (دکتۆر قوتبەدینی سادقی) پەیوەستم بەشانۆوە لەوەوە وەرگرتووە، (بە پێکەنییەوە) لەناو ئەو

هەمووەدا ئیتر بزانە من چیم لێدێت، ئێمە وەك گروپی کامکارەکان هەموو شەممانێك لەپەیمانگاکەمان راهێنانمان هەیە، من وەك خۆم لەماڵەوە زیاتر راهێنان لەسەر گۆرانی وتن دەکەم، لەئێراندا ژن مافی گۆرانی وتنی نییەو قەدەغەیە، بەڵام ئەوە هاتووم بۆ ئێرە واخەریکی ئەلبومەکەمم، بەڵام بۆ کارەکانی تر کێشەیان نییە وەك گروپی کامکارەکان زۆر رێزمان لێدەگرن، مانگێك لەمەوپێش لەفێستیڤاڵێکی خانەی مۆسیقا بەوە رێزیان لێناین کە گروپی کامکاران تەنیا گروپێکی نەمرن کە لەئێراندا کاردەکەن، بۆ گۆرانی وتنیش کێشەیەکمان نییە لەدەرەوەی ئێران ئەگەر ویستم کاری گۆرانی دەکەم و دواتر دەگەڕێمەوە ئێران چونکە ئەوێ شوێنی ژیانمە.

**سەبارەت بەهونەری فۆتۆ، وەک لەپێشانگاکەدا بینیمان، شێوەیەکی کۆمیدیت داوە بەو وێنەیەی کە گرتووتە، ئایا ئەمە شێوەی ئیشکردنی تۆیە؟**

من لەکاری فۆتۆدا حەزدەکەم بەشێوەیەکی کۆمیدی بابەتەکان نیشاندەم، زیاتر وێنەگرتنی ئەو شتانەم پێخۆشە کە لیوڕێژن لەدژیەکی، لەبەرئەوەی کەسیەتی خۆشم هەر بەو شێوەیەیە وەك لەو فۆتۆیەدا دەردەکەوت کەلە مۆزەخانەی سلێمانی نمایش کرا، فۆتۆکە خۆی قسەی دەکرد، کچێکی موحاجەبە، لەبەردەم دوکانێك وەستا بوو سەیری مایۆی مەلەکردنی دەکرد، دیارە ئەو ناتوانێت ئەو بەرگە لەبەر بکات، چونکە دەبێت بە زۆر لەچك بپۆشێت، لەلایەکی تری فۆتۆکەشەوە نوسرابوو ئاودەرمانە بۆ پیاوەکان، دەبینیت وێنەکانی ئەو فۆتۆیە پڕن لەدژیەکی، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە من وێنەی تر ناگرم، وێنەی هونەریی دەگرم بۆ ئەوەش زۆر چێژ لەوێنەگرتنی ئاو، شوشەو ئاوێنە وەردەگرم ئەمە لەفۆتۆی هونەریی، بەڵام لەوێنەی بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی پێمخۆشە وێنەکە خۆی قسەیەکی هەبێت و شتێك بەبینەران بڵێت، دواتر بینەر بتوانێت رەخنەییەکی خۆی هەبێت لەسەر ئەو فۆتۆیە.

## عەلی لەتیف:

# لەشاری سلێمانیدا هۆڵێکی شێوەکاریی نییە پێی بڵێین گەلەری



هونەرمەند عەلی لەتیف-ی شێوەکار، لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی منداڵییەوە خولیای وەرزش بووەو یاریزانێکی باش بووە، بەردەوامیش لەسەردەمی لاویدا ئارەزووی وێنەکێشانی لەخەیاڵدا بووەو لەسەردەمی خوێندنی سەرەتاییەوە بەهرەی وێنەکێشانی لێ بەدی کراوە، سەرەنجام توانیویەتی لەدنیای هونەریی شێوەکاریدا باڵابکات، کە ئێستا خۆشبەختانە لەسەر ئاستی کوردستان و جیهانیش وەك هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و شارەزا ناسراوەو لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستانیش بەئاستێکی بەرز چەندین پیشانگەی کردووەتەوە کە دواترینییان لەسەرەتای گەڕانەوەیدا لەشاری سلێمانی لەگەلەری سەردەم بوو، زۆرترین بینەری هەبوو، بەبەشمانزانی بەچەند پرسیارێك بیدوێنین.

دیداری: ڕێبواری ئازادی

**بەرواری کردنەوەی یەکەم پیشانگەت بۆ کەی دەگەڕێتەوەو تائێستا چەند پیشانگەت کردووەتەوە، لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان؟**

یەکەم پیشانگە کە بۆم کرایەوە ساڵی ١٩٦٤ بوو لەهۆڵی پەیمانگەی مامۆستایان، من هەر لەشاری سلێمانیدا (١١) پیشانگەی تایبەتیم کردووەتەوەو بەشداریی زۆریشم هەبووە، لەدەرەوەی کوردستانیش (١٢) پیشانگەی تایبەتی و بەشداریشبووم لەزۆر پیشانگای وڵاتانی ئەوروپاو کەنەداو ژاپۆن و یەکێکم لەدامەزرێنەری گروپی (پرد) یان بەئەڵمانی (viadukt) لەتەك (٦) هونەرمەندی بەناوبانگی ئەوروپی (پۆڵەندی، ئەڵمانی، یۆگسلاڤ، فەرەنسی، نەمسایی)دا.

**جگە لەکردنەوەی پیشانگە کاری دیکەی هونەریت کردووە وەک (مۆتیڤ، کاریکاتێر) لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا؟**

وەکو باسمکرد جگە لەو پیشانگەیانەی کە بەتەنیاو بەهاوبەشی کردوومەتەوە، هەروەها دروستکردنی ئەو گروپە هونەرییە، چەند کتێبێکیشم لەگەڵ شاعیرو نووسەرە ئەڵمانییەکان بەهاوبەشی بەرهەمهێناوە، یەکەم بەرهەم لەگەڵ شاعیرێکدا بوو کە ئەو شاعیرە (١٢) شیعری بەسەر خۆم و تابلۆکانمدا نووسیبوو، پاشان داوایلێکردم کە منیش (١٠) سکێچ بۆ (١٠) شیعری ئەو ئەنجامبدەم و کردمانە کتێبێك بەناوی (خۆشەویستی سەدە) (hundertjahr liebe) کە دیزاینەکەی خۆی کردم و پێشەکییەکەی پارێزگاری شاری دارمشتاد (دکتۆر پێتەر بێنز) بۆی نووسین، ئینجا دوو کتێبی دیکە کە سەرجەم تابلۆکانی خۆم کێشابووم و لەگەڵ دیزاینەکەیدا کە بۆ تەمەنی (١٢–١٥) ساڵان بەزمانی ئەڵمانی چاپکرابوو، بەردەوام لەکۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارە هونەرییەکان و پیشانگەکاندا ئامادەبوونم هەبووەو یان بانگهێشت دەکرام.

**تا چەند توانیوتە پێناسەی خۆتان و هونەرەکەتان بەگەلی ئەڵمانی یان ئەوروپی بگەیەنن؟**

لەڕاستیدا هەر لەسەرەتاوە هەوڵمدەدا کە خۆم و هونەرەکەم بەوان بناسێنم، بۆیە زوو هەوڵمدا فێری زمان ببم و سەردانی ئەو قوتابخانە هونەرییانە بکەم و بخوێنم تاوەکو کۆنتاکتی هونەرمەندانی دیکە بکەم و لەو روانگەیەوە بچمە پێشەوەو دەستمکرد بەبەشداریکردن لەپیشانگە هونەرییە گرنگەکانداو پیشانگە تایبەتی خۆم، لەهەموو دەلیل و ریکلامەکاندا ئاماژەم بەوەداوە کە کوردم و خەڵکی کوردستانم، هەروەها زیاتر لە(٩)

جار سیمینار لەسەرکارەکانم و ژیانی هونەریم کراوەو زۆرجار نەخشەی کوردستان پیشاندراوەو شوێنی من و نەتەوەکەم دەستنیشانکراوە، زۆری ئەڵمانەکانی ئامادەبوو دەیانوت بۆیەکەمجارە بزانین کوردستان کە (٤) پارچەیەو کەوتووەتە کوێوە، زۆر رۆژنامە لەسەر منیان نووسیوەو هەموو نوسخەکانم وەکو دۆکیۆمێنت پاراستووە، هەروەها کتێبێکی هونەریی (٥٥) لاپەڕەیی لەسەر ژیانی خۆم و هونەریم بەزمانی ئەڵمانی چاپکراوە، زۆریش لەشارەزایانی هونەر نووسین و بۆچونیانی تێدایەو تەلەفزیۆنی فرانکفۆرت–NTV بۆ ماوەی (٣٠) دەقیقە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازداوم و (٣) جار لەدوو رۆژدا لەهەمان کەناڵ پەخشکراوەو نوسخەی ئەسڵییان بۆ ناردووم و لامە.

**ئایا ژیانی ئەوروپا هیچ کاریگەریی هەبووە لەسەر هونەرەکەت؟**

بەڵێ بێگومان، هیچ نکوولی لێناکەم و خۆشم بەقەرزاری ئەوێ دەزانم، چونکە لەڕاستیدا لەکوردستان زۆری ئەزموون و بۆچوون و تێگەیشتنی هونەریم لەسەر بنەمایەکی راست و رۆشنبیریی هونەریی نەبوو، بەڵام لەوێ دەرگایەکی باشم بۆ کرایەوە کە ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیریی هونەریم لەسەر ئاستێکی هونەریی سەردەمانە پەرەیسەند، دیارە ئەوەش بەکۆشش و هەوڵدانی خۆم بوو کە بەردەوام لەسۆراخ و گەڕاندابووم و کارکردن و پارەپەیداکردنم خستەلاوە لەپێناو سوودوەرگرتن لەئەزموونی هونەری ئەوێ و هەر لەسەرەتاوە هەوڵمدا کە بخوێنم و فێری شتی زیاتر ببم بەتایبەتی لەو بوارە هونەرییانەی کە خۆم ئارەزوومەدکردو شارەزاییم تێدا هەبوو، هەوڵمدەدا لەنهێنییەکان و تەکنیك و کەرەستەی هونەریی زیاتر شارەزا بم، چونکە هونەرمەند ئەگەر بەباشی شارەزایی باشی لەماتریاڵەکاندا نەبێت و تێیاننەگات ناتوانێت بەباشی مامەڵەیان لەتەکدا بکات، کە هۆیەکە بۆ پێشکەوتن و گۆڕانی هونەرمەند.

**لەکارەکانتدا دەردەکەوێت شارەزاییەکی بەرچاو و لێهاتووت لەبەکارهێنانی رەنگی ئاوییدا هەیە، وەک ئەوەی لەهونەرەکەتدا تەنیا لەگەڵ ئەو رەنگانە ئاشنایەتیت هەبێت؟**

ئەو هونەرمەندانەی من دەناسن دەزانن من ئاشنایەتییەکی باشم لەتەك رەنگی ئاوییدا هەبووەو هەیە، تا ئەمڕۆش هەر هەوڵمداوە بەباشی لەنهێنییەکانی ئەو هونەرە تێبگەم لەسەر ئاستێکی راست، هەروەها ناسینی ماتریاڵ و پێداویستییەکانی و بەکارهێنانیان

بەشێوەیەکی هونەریی راست، دیارە هونەری رەنگی ئاوی لەخۆیدا دەریایەکەو کەسانێکی کەم دەتوانن درك بەنهێنییەکانی بکەن، هەر لەجۆری فڵچەکانەوە تا جۆری کاغەزەکانی کە دەیان جۆری زبریان هەیەو دەیان جۆری کێشیان هەیە کەبەگرامەو چ جۆرە مارکەیەك باشەو سەرکەوتووە، یان چۆن پێداویستییەکان ئامادە دەکەیت و چۆ کاردەکەیت، کە هەریەکەیان نهێنیی خۆی هەیەو هونەرمەند پێویستە پێشئەوەی کاری ئاویی بکات دەبێت ئەو زانیارییانەی هەبێت، شارەزا بێت لەناسینی ماتریاڵەکاندا، چونکە نەشارەزابوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت بەباشی مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت.

**هونەرمەند لەئەوروپا بەچ چاوێک سەیردەکرێت؟**

واباوە کە هونەرمەندی بەتواناو نادار مرۆڤێکی جیاوازن و نۆرماڵ نین و بەچاوی بەرزو رێز سەیردەکرێن لەناو کۆمەڵداو هونەریش دادەنرێت بەڕادەی پێشکەوتنی هەموو نەتەوەیەك و پێناسەی هەمیشەییەتی.

**تۆ لەوێ، چۆن رێزت لێگیراوە؟**

لەڕاستیدا لەوێ رێزێکی زۆر لەخۆم و هونەرەکەم گیراوە کە هەرگیز لەخاکی خۆم (کوردستان)، لێم نەگیرەوە بەوەی کە وەك هونەرمەندێکی نەمر منیان خستە ئەرشیفی هونەرمەندانی ئەڵمانیاوە لەتەك کەڵە هونەرمەندە جیهانییەکان، کە ئەو فەرمانگەی ئەرشیفە یەکێکە لەتەلارە گەورەو بەرزەکان و چەندەها کەسی پسپۆڕ لەبواری هونەردا کاری تێدادەکەن، هەروەها زۆر شتی باشم لەسەر نووسراوە لەگۆڤارو رۆژنامە گرنگەکاندا لەلایەن رەخنەگرو نووسەرانەوەو پارێزگاری شاری دارمشتاد (Darmstadt) پێشەکی کتێبی هونەریی یەکەمی بۆ نووسیوم و د.کلاوس ڤۆڵبرت (D. Klauswolbert) سەرۆکی یەکێتیی هونەرمەندان پارەی بۆ ناردووم و تابلۆی لێکڕیوم و شوێنی تایبەتی لەگەڵەری (Kunstimzelt) بۆ تەرخانکردووم و هەموو ساڵێك لەتەك زۆر هونەرمەندی بەناوبانگدا پێشانگەی هاوبەش دەکەینەوە، لەهەمووی گرنگتر بینایەکی گەورەیان بەبێ بەرامبەر پێشکەشکردووم کە وەك گەلەری و ستۆدیۆ بۆ کاری هونەری خۆم بەکاری دەهێنم و زیاتر لە (٧٠٠) تابلۆی منی تێدایە، کە هەندێکیان گەورەن و بەهیوابووم هەموویان بهێنمەوە کوردستان و نزیکەی (٨) مانگە هاتوومەتەوە بەخۆشی ئەوەی بتوانم سەرلەنوێ خزمەتی هونەری کوردیمان و ئەو لاوە خوێنگەرمانە بکەم کە ئارەزووی

هونەری شێوەکارییان هەیەو ئەو شارەزایی و تێگەیشتنەی کە لەوێ بەدەستمهێناوە پێشکەشیان بکەم، بەڵام بەدرێژایی ئەم ماوە زۆرە لایەنێك نەبووە، یان کەسێك لەوانەی کۆن هاوڕێی هونەرم بوون و یان ئەوانەی کەشتیان بەدەستەو کۆن خۆم پەیوەندییم پێوەکردوون کە بێنە ناو یەکێتیی هونەرمەندانەوە، کە خۆم یەکێك بووم لەو سێ کەسەی کە بەشی شێوەکارییمان لەڕێکخراوی هونەرمەنداندا دروستکرد، لەسەرەتای هەشتاکانەوە پێم بڵێن ئەرێ مامۆستا چی دەکەیت؟ تاکو تەرا یان دەیانوت بەخوا مامۆستا پەیوەندیت بەیەکێك لەحزبەکانەوە نەبێت کارت دەستناکەوێت و کەس لێت ناپرسێتەوە، منیش دەموت ئەگەر یەکێك بیەوێت خزمەتی نەتەوەکەی بکات مەرجە حزبیی بێت؟، ئایا کوردایەتی تەنیا بەحزبایەتیی دەکرێت؟، رۆژێك من حزبایەتیم کردووە کە نەتەوەکەم پێویستی پێم هەبووە، ئەو سەردەمانەی رۆژی رەش بوون کەم کەس وێراویانە توخنی بکەون، ئەمڕۆ کە جادە پانەو سەدەها خۆفرۆش بوونەتە حزبیی، ئایا حزبایەتی ئەو نرخ و تام و رێزەی جارانی ماوە؟، بۆیە حەزدەکەم هەر بەو یادانەی جارانەوە بژیم بەسەربەستی.

**هونەری شێوەکاری ئەمڕۆ چۆن دەبینیت؟**

بەوەی زیاتر لە (٨) مانگە گەڕاومەتەوە کوردستان بەتایبەت شاری سلێمانی، زۆر کاری هونەری هونەرمەندانم بینیوەو دیراسەم کردوون، کە زۆر بەداخەوە هیچ کارێکی تازەی نوێخوازیی داهێنەرم نەبینیوە، جگە لەوەی کە زۆربەی هونەرمەندەکان چاولێکەری و لاسایی ستایلی هونەمەندە ئەوروپییەکان دەکەنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر لاوازو دڵەڕاوکێیەکی ناشارەزاییانە کارەکانیان ئەنجامدەدەن و وای دەردەخەن کە کارەکانیان داهێنانەو سەر بەخۆیانە، بەڵام ئەوانەی کە هەردەم سۆراخی هونەری ئەوروپیان کردووە بەئاسانی لایان ئاشکراو روونە کە هەڵەن و لەخۆخەڵەتاندن و بینەرخەڵەتاندن و چەواشەکردن نەبێت هیچی دیکە نییەو لەهەمووی هەڵەتر ئەو نووسینانەیە کە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەناشارەزاییانەو ناهۆشیارانە دەنووسرێن، چونکە ئەوانەی بەو کارانە هەڵدەستن ئەو شارەزایی و رۆشنبیرییانەیان لەبواری هونەری سەردەمدا نییە کە پێویست دەکات رۆژانە فەرامۆش نەکرێن و بەردەوام هونەر لەگۆڕانکاری و داهێناندایە، بۆیە پێویست دەکات نووسەرانی رەخنەی هونەریی هەوڵبدەن

لەنهێنییەکانی هونەری ئەمڕۆ تێبگەن، ئینجا بڵاوی بکەنەوە ئەگینا کێشەی هونەریمان زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت و راستییەکان چەواشەدەبن و هونەری کوردیمان داهێنان بەخۆیەوە نابینێت، واز لەو بۆچوونە کۆنانە بهێنن کە لەکتێبە رەخنەییە کۆنەکاندا نووسراون بۆ سەردەمانێکی هونەری شێوەکاری و ناشێن و ناگونجێن بۆ هەڵسەنگاندنی هونەریی ئەمڕۆ.

**تا چەند ئەو هۆڵانەی پێیاندەوترێت گەلەری مەرجەکانی گەلەرییان تێدا دەبینرێت؟**

لەڕاستیدا لەشاری سلێمانیدا هۆڵێکی هونەری شێوەکاری نییە کە مەرج یان شایستەی ئەوەی هەبێت پێی بڵێین گەلەری، چونکە هەموویان کەموکوڕییان زۆرەو ناشێن کە نمایشگەی باشی تێدابکرێتەوەو پێویستە ئەو کەموکورییانە نەهێڵرێن، یان ئەو هۆڵانەی کە دروستدەکرێن لەسەر بنەمایەکی باش دروستبکرێن و لەو کەسانە بپرسن کە شارەزاییان هەیەو لەئەوروپا ژیاون، بۆئەوەی ئەو خەرجییەی تێدا سەرفدەکرێت بەهەدەر نەڕوات، زۆرجۆری گەلەری هەیەو دەگۆڕدرێت لەناوەوە بەگوێرەی خواستی ئەو هونەرمەندە پارتیشنەکان لەسەر رۆڵەن و بەئاسانی دەگوێزرێنەوە، دیسانەوە رووناکی زۆر گرنگەو بڵێم بەشێکە لەکارە هونەرییەکەو شێوەی هەڵواسینی مەرجی خۆی هەیەو ناکرێت هەموو پێشانگەیەك دیوارەکان بکرێنە بێژنگ بەهۆی بزمارداکوتانەوە کە رایەڵی خۆی هەیە بۆ هەڵواسین و زۆر هەرزانە دەکرێت لەتورکیاوە بهێنرێت، هەموو گەلەرییەك پرسگەی خۆی هەیەو لێپرسراوی لێدانیشتووەو شوێنی دانیشتنی میوان و پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە لەڕۆژی کردنەوەداو شوێنی تایبەتی بۆ پیشاندانی فیلم و سلایدو سیمینارگرتن کە شوێنی ئەو کەسانە بێتەوە کە دێنە ئەو کۆڕانەو لەگەڵ شوێنێك بۆ کتێبخانەو کوراسە فرۆشتن لەو رۆژانەداو هەندێك شتی دیکە، کە مەرجە لەگەلەریدا هەبێت.

## دەرهێنەری کورد مانۆ خەلیل

## دەربارەی (داڤید تولهەلدان)

**پەیوەنـــدیکردنی دایڤیـــد بەجـــەنگاوەرە کوردەکانـــەوە، هـــیچ پەیوەندیی بەدروستکردنی فیلمەکەوە نییە.**

**چـیرۆکەکە مرۆڤایەتییـەو دەشـکرا لەگـەڵ ڤێتنامییـەکان یـان ڕەشپێستەکاندا بوایە**

ن: ریما المسمار

و.: بژار



پێشتر دەرهێنـەر مـانۆ خـەلیل، هـیچ کـام لەفیلمـەکانی لـەوڵاتێکی عەرەبیـدا نمایش نـەکردووە، (دەترسـام) بێـدوودڵی پرسـاری هۆکارەکـەییم لێبکـات، بـەڵام ئەمجارە فیلمی (داڤید تولهـەدان)ی بـردە پێـشبڕکێی فـیلم لـەئیمارات، چـونکە پێیوابـوو ئـەم کـارەی تایبـەت نییـە بەڕەگەزێك یان گەلێك، یان ئەزموونێکی مرۆڤایەتی لەشوێن و کاتێکی دیاریکراودا، بەپێچەوانەی فیلمەکانی دیکەیەوە، کە دەربارەی تاوانەکانی ئەنفال، یان پـەروەردەی بەعسی بـوو بـۆ منـداڵانی کـورد لەسـنووری نێـوان سـوریاو تورکیادا، کاری ئەمجارەی چیرۆکێکی لەخۆگرتووە، کەدەکرێت ناشوێنکاتی بەسەردا ببڕێت، ئەم هەسـتکردنە لەنمایـشی بەشـە لاوەکییـەکانی پێشبڕکێکەدا، زیـاتر بەرجەسـتەبوو، کەئـەمجارە فێستیڤاڵەکە ناونرابوو (سینەمای رێگا).

فیلمەکە کەشێکی فرەڕەهەندو ئاراستەیە، راستە نمایشکردنی بـەهۆی نـاڕەزایی سـەفارەتی تورکیا لەئیمارات نەکرا، کە زۆربەی گرتەکانی لەکوردستانی تورکیا وێنەگیراوە، بەڵام ئەمـە رێـی لەوەرنـەگرتووە دەرهێنـەر لەچـەندین فێـستیڤاڵی بیانیـدا قـسە لەسـەر فیلمەکـەی بکـات، کـە تائێـستاش لەهۆڵـەکانی سویـسرا نمایـشکردنی بەردەوامـەو پێدەچـێت لەچـەندین فێـستیڤاڵی دیکەشدا نمایشبکرێت.

(پێش دووساڵ و نیو لەلۆزان بووم، بەمەبەستی ئامادەبوونم لەکاتی پیشاندانی فیلمەکەم بەناوی (خەونی رەنگاوڕەنگ). دەرهێنەر دەڵێت: دوای نمایشکردنی فیلمەکە، خانمێکی بەساڵاچوو لێم نزیکبووەوەو دەستیکرد بەقسەکردن و وتی: (من دایکی دافیدم)، سەرەتا زۆر جێی بایەخ نەبوو لەلام، چونکە وامزانی کە دافید یەکێکە لەڕێکخەرەکانی فێستیڤاڵەکە یان نمایشەکە، بەڵام کاتێك هەستیکرد کە من نایناسم، زیاتر روونیکردەوە کە (دافید) کوڕیەتی و بەر لەچوارساڵ ونبووە، کە بەم دواییانە زانیویانە پەیوەندییکردووە بەپارتی کرێکارانی کوردستانەوە، تا لەپێناوی سەربەستی کوردەکان بجەنگێت لەتورکیادا، لەوکاتەدا بیرۆکەیەك بروسکە ئاسا لێیدام).

بەدڵنیاییەوە ئەوەی وای لەم خانمەکرد کە چیرۆکەکە بۆ خلیل بگێڕێتەوە، ئەو هەستە بوو کە خەلیل پەیوەندیدارە پێیەوە، چونکە دەیزانی لەڕەچەڵەکدا کوردە، لەوانەیە هەستێکی ناهۆشیارانە بێت کە بتوانێت ئەم بیگەیەنێتە کوڕەکەی.

کوڕەکەی لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠١ەوە ونبووە، پاشئەوەی خێزانەکەی ئاگادارکردووەتەوە کە بەگەشتێك دەڕوات بەرەو پاریس، کە پاش ئەوە نەگەڕاوەتەوە.

پێشتر ئەم گەنجە (دافید) گرنگی بەبابەتە رامیارییەکان دەداو هەواداری کەمایەتییە چەوساوەکان بوو، بەهۆی ئەم چالاکیانەوە، داڤید لەکۆمەڵە کوردییەکانی سویسرا نزیکبووەوە لەساڵی ١٩٩٨، لەگەڵیاندا سەفەری کرد بۆ رۆما بەمەبەستی پشتگیریکردن لەکێشەکەیان، پاشان بووە هەڵسوڕاوێکی هەمیشەیی لەگشت بزووتنەوە کوردییەکاندا، هەواڵی داڤید لەگەڵ خێزانەکەیدا تا ئابی ٢٠٠٤ پچڕابوو، کاتێك بۆ یەکەمجار لەدوای ونبوونەکەیەوە پەیوەندییەکی تەلەفونی بەخێزانەکەیەوە کرد، هەرچەندە پێشتر خێزانەکەی بەدوایدا گەڕابوون و زانیبوویان کەوا لەشاخەکانی کوردستانە، بەڵام ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییەی داڤید ئەو راستییەی بۆسەلماندن و زیاتر دڵنیاییکردن، بۆیە (ئورسولا)ی دایکی پێیوابوو کە خەلیل تەنیا رێگەچارەیە بۆ کوڕەکەی.

خەلیل دەڵێت: (زۆر خەمبار دیاربوو، هەموو ئاواتی ئەوەبوو کە تەنیا جارێکی دی کوڕەکەی ببینێتەوە، کەڕاستەوخۆ بووە هۆی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی فیلمێك لەمێشکمدا، بەڵام هەر بیرۆکەی گەنجێکی جەنگاوەر نا، بەڵکو بیرۆکەی ئەوەی هیوای ئەم خانمە بهێنمە دی، بۆیە بیرۆکەی دروستکرنی فیلمەکەم بۆ خستەڕوو).

بەو شێوەیە بنەماڵەی ئەم گەنجە (داڤید) رازیی بوون لەسەر دروستکردنی فیلمەکە، خەلیل سیناریۆکەی پێشکەش بەتەلەفزیۆنی سویسرا کردو پشتگیریی بەدەستهێنا.

ئەم فیلمە، بەتەنیا تایبەت نییە بەگەنجێکی سویسری، بەڵکو تایبەتە بەکوڕی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی لەسویسرا. قۆناغی گەڕان دەستیپێکرد، سەرەتا پشتم بەهاوکاری هەندێك لەو کەسایەتییە مەدەنی و حزبییانە بەست کە دەمناسین، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی دەربارەی ئەو کوڕە (داڤید).

(بەڵگەی یەکەمم هەواڵێکی بچووك بوو لەڕۆژنامەی (ذي ئیندیپندیت) کە گەنجە سویسرییەکەی بەشۆڕشگێڕی جیهانی ناوزەدکربوو، دوای ئەوەی بیرۆکەی دروستکردنی فیلمەکەم خستە بەردەم حزب، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەوان لەگەڵ پێداگیرتنم لەسەر ئەوەی فیلمەکە گرنگیی دەدات بەژیانی داڤید نەك کێشەی کورد).

قۆناغی دووەم بەچاوپێکەوتنی (خەلیل) لەگەڵ گەنجەکەدا دەستیپێکرد لە (نیسانی ٢٠٠٦). (لەسەرەتادا دەترساو دوودڵ بوو لەوەی لەفیلمەکەدا ببێتە شۆڕشگێڕێکی پاڵەوان، بەلام دوودڵییەکەییم بەوە ڕەواندەوە کە ئەم فیلمە پرسیارێکی تەوەرەیی دەوروژێنێت، کە هەوڵدەدات وەلامەکەی بەدەستبێنێت، ئەویش: بۆچی بەهەشتی سویسرات بەجێهێشت و چویت بۆ دۆزەخی کوردستان).

کاری فیلمەکە دەستپێکرد کە بەشێکی زۆری پێکهاتبوو لەو چاوپێکەوتنە دوورو درێژانەی لەگەڵ داڤیدی تەمەن (٣٤) ساڵدا ئەنجامدرابوو، (چاوپێکەوتنی دووروودرێژم لەگەڵدا ئەنجامدا بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ، وێنەی ژیانی ڕۆژانەییم گرت، پاشان سەفەرم کرد بۆ سویسرا، تاوێنەی دایك و باوك و براکەی بگرم، پاشان بەنامەیەکی ڤیدیۆیی کەسوکارییەوە گەڕامەوە لای کە ئەم نامەیەی لەبەردەم چاوی کامێرای فیلمەکەدا بینی، پاشان ئەویش نامەیەکی تۆمارکرد بۆ کەسوکارەکەی).

قۆناغی سێیەم، بەبیرۆکەی بردنی دایکەکە بۆ دیداری کوڕەکەی دەستیپێکرد دوای (٥) ساڵ دابڕان، (ئەمە مرۆڤانەترین بەشی فیلمەکەیە، کاتێك کامێرا دەست دەکات بەگرتنی دیمەنی دایکە (٧٠) ساڵییەکە لەماوەی سەفەری دروودرێژیدا بۆ دیداری کوڕەکەی، کە چەندین شاخ و ڕێگەی سەخت دەبڕێت پێشئەوەی پێیبگات).

بەپێچەوانەی بۆچوونەکان، دایکەکە هەوڵی نەدا بڕوای گەڕانەوە بەکوڕەکەی بهێنێت، بەڵکو تەنیا بینینەکەی مەبەست بوو، وەك ئەوکەسەی کە هەلی بینینی کەسێکی خۆشەویستی بۆ بڕەخسێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە وای هەستکردبێت مردووە.

ئەوەی کە گومانی تێدا نییە پاش بینینی داڤیدو دڵنیابوون لەوەی کە زیندووەو بەئارەزووی خۆی لەوێیە، بارگرانییەکی لەسەر خێزانەکەی سووك کرد.

گەورەترین بەڵگەش کە ئەو (داڤید) ئارەزوومەندانە لەوێیە، ئەوەبوو کە ئاماژەی بۆ کوردەکان بە (ئەوان) نەدەکرد، بەڵکو بە(ئێمە) دەکرد، دەیوت (کێشەکەمان) و (ئامانجەکەمان).

بۆیە کاتێك لەیەکێك لەو شوێنانەی کە بەهۆی (ڤیدیۆ)وە باوك و براکەی دەدوێنێت بۆچوونەکانی خۆیان بۆ رووندەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو بنەماو باوەڕانەی کە ئەوان رۆژانە لەکارە یاساییەکانیاندا پیادەی دەکەن، کە ئەویش داکۆکیکردنە لەمافی گەلێکی ستەمدیدە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان کە وەك مرۆڤ مافی خۆیانە.

باوکی وەڵامی ئەم قسانەی بەشێوەیەك دایەوە کەبووە مایەی نیگەرانی ناحەزانی کورد کاتێك وتی: (ئەگەر کوڕەکەم بەو کارەی کە دەیکات واتایەکی بۆ ژیانی خۆی دۆزیوەتەوە، ئەوا من دڵخۆشترین کەسم لەسەر رووی زەمین، پێیدەڵێم: هەرچەندە دەزانم کە کەسانێك بێزار دەکات، من شانازیت پێوەدەکەم).



دەرهێنەر جیاکاریی دەکات لەنێوان هەواداری داڤید بۆ جەنگاوەرە کوردەکان و لەنێوان چیرۆکە مرۆییەکەیدا، (ئەمە رێککەوتە کە داڤید جەنگاوەرە لەگەڵ کوردەکاندا، ئەگەر ئەو لەهەر شوێنێکی دیکە بوایەو هاوکاری هەر گەلێکی دیکەی ستەمدیدەی بکردایە ئەوا هیچ گرنگیی منی بۆ چیرۆکە کەم نەدەکردەوە، تەنانەت کاتێك من لەکۆتایی فیلمەکەدا پرسیاری لێدەکەم، کەچی

دەکات ئەگەر کوردەکان ئازادییان بەدەستهێنا، وەڵامم دەداتەوە بەوەی کە دەگەڕێت بەدوای کێشەیەکی رەوای دیکەدا، بۆ ئەوەی هاوکاریی سەرکەوتنی گەلەکەی بکات).

دوای (٤) مانگ لەکۆتاییهاتنی فیلمەکە دەستکرا بەپیشاندانی لەفێستیڤاڵەکاندا، لەوانە لەلەندەن و سولوتورن–ی سویسرا، تادەگاتە پیشاندانە جەماوەرییەکان لەهۆڵەکانی سویسرادا، دوابەدوای پیشاندانە سەرەتاییەکەی لەشاری (بێرن)ی سویسری، فیلمەکە پانتاییەکی مەزنی راگەیاندنی بەدەستهێنا کەتورکەکانی هەراسانکرد، بەوەی کە دەرهێنەر هەوڵی وروژاندنی کێشەی کوردی داوە لەتورکیادا.

یەکێك لەرۆژنامە تورکییەکان بەنووسینێك باوکی داڤید تاوانبار دەکات بەوەی کە دەڵێت: شانازی بەکوڕەکەیەوە دەکات کە دژی تورکەکان دەجەنگێت، بەڵام دوورە لەڕاستییەوە.

دەرهێنەر روونیدەکاتەوەو دەڵێت: ئێمە باس لەسەرۆکی دادگای فیدرالی سویسرا دەکەین کە بەبێلایەن و بابەتییانە ناسراوە، ئەوەی ئەو پیاوە وتویەتی تەنیا ئەوەیە کە ئەو شانازی بەکوڕەکەیەوە دەکات، کە ئەوەی دەیکات دڵخۆشی دەکات.

مانۆ خەلیل دەرهێنەرێکی کوردە لەکوردستانی سوریا، مێژوو و یاسای لەزانکۆی دیمەشق خوێندووە لەنێوان ساڵانی ١٩٨١–١٩٨٦، پاشان چووەتە چیکۆسلۆڤاکیاو لەوێ سینەمای خوێندووە لەساڵی ١٩٩٤دا تەواوی کردووە، کاری دەرهێنانی کردووە لەتەلەفزیۆنی چیکوسلۆڤاکیا، پێشئەوەی بڕوات بۆ سویسرا لەساڵی ١٩٩٦ وەك دەرهێنەرێکی بێلایەن دەستی بەکاری فیلمی دۆکیۆمێنتی و روائی کردووە.

گرنگترین فیلمەکان:

لەوێ کە خواوەند دەنوێت، ١٩٩٣.

سەرکەوتنی ئاسن، ١٩٩٨.

خەونە رەنگاوڕەنگەکان،٢٠٠٣.

ئەنفال: بەناوی خوا، بەعس و سەدام، ٢٠٠٥.

سەرچاوە: المستقبل–العدد ٢٥٥٩

# دیدار لەگەڵ ئالان فەتاح

سازدانی: زانا رەسول





**وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوبەرایەتی هونەری شێوەکاریی/ سلێمانی، یەکەمین پێشانگای (ئالان فتاح) ی لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٨، لەگەلەری مۆزەخانەی سلێمانی کردەووە.**

**ئالان فتاح لەدایکبووی ١٩٧٧، ساڵی ١٩٩٨ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠٣ کۆلێژی هونەر- بەشی شێوەکاریی لەزانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. ئالان بەتابلۆ ناوازەکانی دەمانباتەوە بۆ لای سێویک، سادە لەفۆرمدا، لەهەمانکاتدا ئێستاتیکایەکی شاراوەی سێومان بۆ ئاشکرادەکات. کاتێک لەگەڵ ئەم هونەرمەندا گفتوگۆ دەکەیت، هەست بەم نهێنیانە دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە لەدیدارێکی تایبەت بەگۆڤاری هەناردا دواندمان.**

**یەکەم دەستپێکردنی هونەری وێنەکێشان بۆ هونەرمەند لە(ستیلایڤ) وە دەستپێدەکات، تا ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەنگ و هێڵ و پانتایدا دروستبکات. بەڵام تۆ دوای ئەزموونێکی زۆری ئەکادمیی دەمانبەیتەوە بۆ لای ئەم جۆرە لەوێنەکێشان، پەیامی تۆ چییە لەپشت ئەم جۆرە کارکردنەوە؟**

وەك پەیامی هونەریی، من دەمەوێت باس لەیەکێك لەلایەنەکانی هونەریی بکەم، ئەویش ڕاستگۆییە. دەکرێت ئێمە ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆمان و کارەکەماندا. بەپێی ئاشنابوونی من کە چەند ئەزموونێکی سەربەستم بینیوە لەکاتی خوێنکاریی و دوای تەواوکردنی خوێندن، زۆرترین ئەو ئەزموونانە بەڕەنگی ڕەش و سپی ئەنجامدراوەو بەدەربوون لەشێوەی واقعیی.

پاش ئەوەی زانیم وەك پێوستییەکی ڕۆحیی و ڕاستگۆییەك لەگەڵ خۆمدا دەبێت بەم جۆرە کار بکەم، وەڵامی ئەو ڕیتمەم دایەوە کە ناخی خۆم و پێوستییە دەروونییەکانی خۆم لێم دەخوازن بۆ کاری وێنەکێشان و هونەر بەگشتی.

ئەوەی کە ئێستا لەئەوروپادا بەرچاوە، ئەوەیە کە یەك ستایل و یەك ئایدیا پەیڕەو ناکرێت، بەڵکو چەندین جۆر لەئەکادمیاو خوێندنی جیاواز هەیە. کە هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە بۆ کاری هونەریی و تاقیکردنەوەی تایبەتیان هەیە بۆ بوارەکانی خۆیان.

دەمەوێت لەم ڕێگەیەوە ئەوە بڵێم لەئێستادا جۆرێك هونەر نییە جوانییەکانی خۆی لەدەستدابێت و هونەرێکی تر جێگەی ئەوی گرتبێتەوە، بەڵکو ئەوە هونەرمەندە کاتێك هەستدەکات لەتەك شێوازێکدا دەگونجێت، کاریپێدەکات و هەڵیدەبژێرت. لەئێستادا لەوە تێگەیشتوم وێنەکێشانی سێوێك بەشێوازی واقعیی تا ئاستێکی زۆر باش گوزارشت لەهەستی من دەکات .

**پەیوەندیەکی بەهێز بەدیدەکرێت لەنێوان کارەکانی ئەم پێشانگایەت و کاری هونەرمەندە ئینتباعییەکاندا، تۆ ئەم لێکنزیکییە چۆن دەبینیت؟ چی وات لێدەکات لەئێستادا بەم شێوازە کار بکەیت؟**

تەنها حاڵەتەکە ئەوەیە کە شارەزایی و نزیکیم لەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی خوێنکاریم لەپەیمانگا، ئەم قوتابخانەیە چێژێکی زۆری بەمن بەخشیوەو سەرسامم بەڕەنگەکانیان. هەندێکجار هەوڵمداوە لەتابلۆکانی سرووشتدا کەشێك هەڵبژێرم کە خۆری تیدا بێت و ڕەنگی ڕۆشن بەکاربێنم لەتابلۆکانمدا. ئەمانە کەشێکی ئنتباعییان داوە

بەتابلۆکانم لەکاتی خوێنکاریمدا. ئەم هۆکارە کاریگەریی هەبوو لەسەر نەستی من و بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەکارەکانمدا. بەڵام ئەمە بەرنامە بۆ دارێژراو نییە تا ویستبێتم بەم شێوازە کار بکەم. ئەو پەیوەندییە تەنها لێکچونی بابەت و دووبارەبوونەوەی شێوەیی سێوە. ئەگەر نا وەك تەکنیکی کارکردن زۆر جیاوازە لەقوتابخانەی ئینتباعی. لەهەمانکاتدا هیچ لێکنزیکیەك لەنێوان کارەکانی خۆم و تابلۆکانی هونەرمەندێکی وەك (پۆل سیزان) نابینم کە یەکێکە لەپایە بەهێزەکانی ئەم قوتابخانەیە. بەڵام من پێشانگاکەم پێشکەشی (پۆل سیزان) کردوە لەبەرئەوەی کاتێك باسی ئنتباعییەکان دەکەیت ناتوانیت ناوی سیزان نەهێنیت، ئەو کایگەریەی ئەم هونەرمەندە تا ئەمرۆمان درێژبووەتەوە. یەکێك لەڕاکانی ئەم هونەرمەندە زۆر جوانە لام کە دەڵێت: ( وێنەکێشانی سێوێك هێندەی وێنەکێشانی حەزرەتی مەسیح لەلام گرنگە.) ئەم وتەیەی سیزان پێماندەڵێت وێنەکێشانی سێوێك لەو سەردەمەدا هێندەی تابلۆکانی سەردەمی کلاسیك و سەردەمی بوژاندنەوە گرنگبووە. ئەمەیە کە وا لەمن دەکات پێشانگاکەم پێشکەش بکەم بە (پۆل سیزان) و کاریگەریی ئنتباعییەکان لەنمایشەکەمدا بەدەربکەوێت.

**لەدوای تەواوکردنی خوێندن، ماوەیەکی زۆرە کار دەکەیت، بەڵام تا ئەم پێشانگایە هیچ کارێکت پیشاننەداوە. ئەم ترسە لەنمایش ، یان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

هەست ناکەم جۆرێك لەترسی تیابێت، بەڵام جۆرێك لەبەئاگابوونی تیایە لەسەر کارکردنی خۆم. بوونی پێشانگای زۆر بەبێجیاکردنەوەی کاری هونەریی لە کاری ناهونەریی کەشێکی وای خوڵقاندوە کە جۆرێك لەبێزاریی لای بینەر دروستکردووە. مەبەستم بینەری گشتییە. ئەمە وای کردووە نەتوانم خۆم بخەمە ئەو دۆخەوەو هەموو کارێکی کەئەنجامی دەدەم نمایشی نەکەم . هەر پرۆسەیەکی نمایش بۆ من خۆ ئامادەکردنێکی باشی پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانم چێژێك ببەخشم بەبینەرەکەم. بەمە ئێمە دەتوانین بواری شێوەکاریی و کاری هونەریی لای بینەر بەرینە ئاستێکی تر.

هونەر لەوڵاتی ئێمەدا پێویستی بەپەیوەندی توندوتۆڵە لەگەڵ سەرجەم کایەکانی تردا، ئەم هەوڵەش لەڕێگەی نمایشی سەرکەوتووەوە دێتە بوون.

هەموو ئەمانە ئەو حاڵەتەی لا دروستکردم کە کارێك نمایش بکەم بۆ ساتێکیش بێت چێژێك ببەخشم بەبینەرەکەم، تا بتوانێت (٣٠) تابلۆ تەماشا بکات، ئەگەر من پێشینەیەك

بۆ کارەکانم نەکەم، بینەر ناتوانێت بەردەوام بێت لەتەماشاکردنی کارەکان. زۆر گرنگە لەلایەنی تەکنیکی کارەکانەوە جیاوازی دروستبکەیت و دانانی کارەکان بەجۆرێك بێت کە بینەر بێزار نەکات.

رەچاو کردنی ئەم تێبینیانەیە کەوای لەمن کردووە دوای تەواوکردنی خوێندن لەکۆلێژی هونەر، تا ئەم نمایشە کاری خۆم نمایش نەکەم.

**سەرجەم تابلۆکانت خۆیان لەیەک بابەتدا دەبیننەوە، بەڵام لەکارکردنی تۆدا چەند هێڵێکی جیاواز بە دیدەکرێت کە هەر یەکێک لەم هێڵانە بۆ خۆی ئێستاتیکایەکی تایبەت دەبەخشێت بەبینەر. لای خۆت کام لەم هێڵانە دەبێتە داهاتووی کارکردنت؟**

سەرەتا دەمەوێت بەوتەیەکی (پۆل گوگان) دەست پێبکەم کە دەڵێت: (راکێشانی هێڵێك لەتابلۆکانمدا تەمەنی چل ساڵە).

ئەو سێ ئاراستەیەی کە دروستبووە لەکارەکانمدا، وەك کارە پاستیلەکان یان گواشەکان هەریەکەیان بۆ خۆی چێژێکی تایبەتی دەبەخشێت بەبینەر. لەهەمانکاتدا جۆرێك لەسەربەخۆیی بەدیدەکەیت لەکارەکاندا.

لە ئێستادا هێڵکم بەتایبەت هەڵنەبژاردووە لەداهاتوودا کاری لەسەر بکەم. ئارەزووی ئەوە ناکەم بەسیستماتیك کاربکەم. کارەکانی داهاتووم بۆ خۆیان شێوازێك دەدۆزنەوەو ئامادەییان دەبێت، ئەو حاڵەتە خۆی درێژدەکاتەوە لەناو ناخی مندا. بەتایبەت کارە گواشە رەش و سپیەکان لەتەکنیکی (مۆنۆ تایپ) لەباکگراوەندەکەیانەوە هەیە، ئەم جۆرەیان خۆم پێی ئاسودەم لەکاتی کارکردندا. ئەنجامی ئەم کارانە لەدوای هەندێك تابلۆی پێشوترەوە هاتووەو گۆڕانکاریی تێیدا رویداوە، ئەمە وەکو خاڵێك ویستوومە بەسەریدا تێنەپەڕم و جێگەی بایەخبووە لەلام. بۆ هونەرمەند گرنگە بزانێت لەقۆناغێك لەکارکردنیدا چ لایەنێك جێگەی گرنگی پێدانەو چ لایەنێکی کارەکەی فەرامۆش دەکات.

بەڵام کاتێك قسە لەسەر شێوازدەکەین، نا توانین سادەو راگوزەر قسەی لەسەر بکەین، ئەمە خۆی قسەی زیاتر هەڵدەگرێت. دەتوانین بڵێین کارەکانم یەك هەناسەی پێوەدیارە، یەك هەناسە ! من بەو شێوەیە دەیبینم کاتێك بەڕاستگۆیی کارێك دەکەیت و لەتەك ناوەوەی خۆت راستگۆبیت، ئەو کاتە شێواز یان تایبەتمەندی خۆیان رێچکەیەك دەگرێت. بەبڕوای من هونەرمەند پێویست ناکات بیر لەوە بکاتەوە بەشێوازێك کار بکات تا

تابلۆکانی بناسرێتەوە. بەڵکو هونەرمەندەکە لەئەنجامی ئەو کارکردنەی خۆیدا دەبێت خاوەن شێوازی تایبەتی خۆی.

**لەهەندێک لەکارەکانتدا فۆرمێکی تەواو بەرجەستە ئامەدەیی هەیە لەناو کەشێکی رەنگی تەواو ئەبستراکدا. ئەم پەیوەندییە لای تۆ بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ لەو بڕوایەدا نیت ئێمە هەمیشە دوانەیی لەدنیا دەڕوانین، لەیەک کاتدا تەواو فۆرمالیستین و لەهەمانکاتیشدا سادەو تەواو ئەبستراک؟**

ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونەکانی خوێنکاریم لەپەیمانگاو کۆلێژ، کاتێك ئەم فۆرمانەم وێنەدەکێشا، دواتر هەندێك کاری سەربەستم بەئەنجامگەیاند. بۆیە رێگە بەخۆت دەدەیت سەربەستر لەتابلۆکاندا کاربکەیت. دوا بەدوای ئەم کارانە کاتێك دەگەڕێیتەوە بۆ تابلۆیەکی لەم جۆرە کەفۆرمی بەرجەستەی تێدایە، دیارە هەموو ئەو ئەزموونانەی پێشووتر لەبینین و خوێندنەوەو دنیا بینینت بۆ هونەر و ژیان رەنگدەداتەوە لەناو تابلۆکەتدا.

کاتێك سەیری سێوێك دەکەیت لەناو باکگراوندێکی سادەیی نزیك لەئەبستراك ئەمە یارمەتیت دەدات کە تۆ بەکاربهێنیتەوە لەکارەکنتدا. سێوێك بەهەموو وردەکارییەکانیەوە لەناو پانتاییەکی ئەبستراکدا.

کاتێك کارێك دەکەم لەناخمدا حاڵەتێك دروستدەبێت، کەدەمەوێت ئەو حاڵەتە بەرجەستەبکەم کە زۆرجار پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەتابلۆکەوە نییە کە دروستیدەکەم، بەڵکو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەحاڵەتە دەروونییەکەی ئەو ساتەوەختەوە هەیە کە کارەکەی تێدا ئەنجامدەدەم. ئەمە وا دەکات پەیوەندییەك دروستبکەیت لەنێوان رۆحی خۆت و سێوێك و باکگراوندێکی ئەبستراکدا، لەهەمانکاتدا هیچ کام لەمانە بەهای خۆیان لەناو تابلۆکەدا لەدەست نەدەن. بێگومان کاتێك من وێنەی سێوێك دەکێشم لەهەمانکاتدا دەتوانم چێژ لەکارێکی ڤیدیۆئارت و ئنیستلەیشن وەربگرم، هەستدەکەم تینوم بۆ ئەو جۆرە لەکارکردن.

**لەدنیای شێوەکاریی ئێمەدا حەزێکی زۆر هەیە بۆ تەماشاکردنی هونەری فۆرمالیستی واقعیی، لەو بڕوایەدانیت کارکردن لەم ستایلەدا بینەر چێژی زۆری لێوەردەگرێت؟**

ئەو حاڵەتەی لەهونەری شێوەکاریدا دروستدەبێت، هونەرمەند بینەر رازی بکات. یاخود هونەرمەند فۆرمێك دروستبکات کەبینەری ئێمە چێژی لێوەربگرێت، ئەمە ئەرکی

هونەرمەند بێت کەجارێکیتر هونەر بەرەو فۆرمالیستی بەرێتەوە، من لەکارکردنەکانمدا ئەوەم مەبەست نییە. مەبەستی من لەکارێکی واقعیدا ئەوەیە کەچەند ساڵێکی زۆرە بەئەزموونێکی زۆری ئەکادمیا تێپەڕیوم، کاتێك کوپێك دروستدەکەم ئەوە ئەزموونی چەندین ساڵەمە لەسەر هێڵ و رەنگ و پانتایی، بۆیە بەلێپرسراوییەوە ئەم کارانە پیشانی بینەرەکەم دەدەم.

هەموو ئەم ئەنجامانە لەیەك کاتدا دەکەیتە کارێکی هونەریی و پیشانی بینەری دەدەین، ئەم هۆیە وا دەکات ئاستی ئیستاتیکایی بینەر بەرزبکەینەوە. بەبڕوای من ئەمە حاڵەتێکی ئیجابیە کەئێمە چۆن وا بکەین بینەری ئێمە جیاوازی بکات لەنێوان کارێکی ئۆرجینال و کارێکی کۆپیکراودا. تا بتوانێت چێژ لەتابلۆیەکی (مۆنالیزا) وەربگرێت و بەهاو نرخی هونەریی بزانێت.

لەمەش گرنگتر لەسەر هونەرمەند پێویستە لەپشت وێنەکێشانی فۆرمێکی واقعییەوە ئایدیاو بینینی خۆی گوزارشت لێبکات.

لەهەمانکاتدا، دەزانم کارێکی قورسە وێنەیەکی واقعی بکێشیت و بتوانیت لایەنە تایبەتییەکانی خۆشت پارێزگاری لێبکەیت و گوزارشت لەهەستە تایبەتیەکانی خۆت بکەیت.

بەبڕوای من هونەرمەندی ئێمە لەئێستادا بەشێکی کارەکانی ئەوەیە ئاستی ئێستاتیکایی هونەریی بەهەموو جۆرەکانیەوە لای بینەر بەرزبکاتەوە، چونکە بەداخەوە لەم بارودۆخەی ئێمەدا لایەنەکانی تری ژیان وا لەتاکی ئێمە ناکات ئاستی ئێستاتیکایی بەرزبێتەوە بەگشتی. سەرجەم ئەمانە وایکردووە کە چاوی بینەری ئێمە بەریتمی نارێك و نەگونجاو گۆشبکرێت، ئەمەش کاتێك دەکرێت کە ئێمە کەشێکی کۆنتراس لەگەڵ دەرەوەی نمایش دروستبکەین. من بەئەرکی هونەرمەندی دەزانم ریتمێکی گونجاو بۆ حاڵەتی ئێمە بدۆزیتەوەو بینەریش رزگاربکات لەو قەیرانەی کەتێیکەوتووە، بەوەی کەتابلۆیەکی هونەریی لەتابلۆیەکی ناهونەریی جیابکاتەوە.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.dengekan.com
www.chrakan.com